
رامان


Raman

- خاوەن ئیمتیاز
  **شەوکەت شێخ یەزدین**
- سەرنووسەر
  **ئازاد عەبدولواحید**
- بەڕێوەبەری هونەری
  **سەرکەوت وەلی**
- مۆتیڤ و پۆرترێت
  **قەرەنی جەمیل**

# ڕامان

126

خولی سێیەم/ ساڵی دوازدە/ تشرینی دووەم ٢٠٠٧



**ناوونیشان/ هەولێر ـ تەنیشت دادنووسیی هەولێر**
**بەرامبەر فەرمانگەی تەندروستی هەولێر**
**ئەدرێسی ئەلیکترۆنی /** www.raman-media.net
**تەلەفۆنی نۆرماڵ / ٢٢٣٠٥٨٢**
**تەلەفۆن و مۆبایلی سەرنووسەر (ناوەوە)/ ٢٢٢٨٥٠٦–٤٤٩٤٦٦٢**
**(دەرەوە)/ ٤٤٩٤٦٦٢ – ٠٠٣٢٤٨**
**پۆستی ڕامان:**
azad_abdulwahid@yahoo.com
sarkautw@yahoo.com



**نرخ/ ٧٥٠ دینار**

# ناوەرۆکی ڕامان

## دەق


– هەلوەسەییێن زینێ/ د. عارف حیتۆ/ 3
– سۆناتای باڵندە/ دڵشاد عەبدوڵڵا/ 8
– چراخان/ ئازاد دڵزار/ 14
– خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم/ چنوور نامیق حەسەن/ 16
– چەپکێ شیعری هاوچەرخی ئەڵمانی/ لە ئەڵمانییەوە: زانا خەلیل/ 18
– خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر/ جەلیل کاکەوەیس/ 22
– هەموو شوێنێک، شوێنی ماسییە/ فەڕۆخ نیعمەتپوور/ 27
– ل شەرمۆلا/ حەلیم یووسف/ 30
– بەرەبەیانێکی تەزیو/ سالار ئیسماعیل سەمین/ 32
– شووتی گەرم، لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی/ 35


## هەڤپەیڤین


– هەڤپەیڤینێک لەگەڵ (ناڵە حەسەن)ی شاعیر/ ئا: ڕامان/ 38
– دیالۆگێک لەگەڵ (ئەدۆنیس)ی شاعیر و داهێنەر/ لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا/ 48


## ڕەخنە و لێکۆڵینەوە


– ڕەهەندەکانی «ئانیما» و «ئانیموس» لە «شازده احتجاب»دا/ سەعید سلێمانی/ 54
– ڕۆڵی نالبەند لە پەرەسەندنی شیعری دیداکتیکی کوردیدا/ ئەحمەد قەرەنی/ 68
– لەدایک بوونەوەی دووبارەی هونەرمەند/ لە ئینگلیزییەوە: محەمەد ڕەمەزانی/ 78


## وتار


– شوکور مستەفا لە ماڵی زماندا دەژی، دەبێ مێوانی بین/ هەندرێن/ 87
– دووریس لێسینگ بووە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ/ ئا: ڕزگار شێخانی/ 91
– هەندێ لە بەرهەمەی عارەبییەکانی مەسعوود محەمەد/ لە عەرەبییەوە: حەکیم کاکەوەیس/ 95


## هزر و فەلسەفە


– تیۆری زانین لەنێوان فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتیدا/ د. حەمید عەزیز/ 101
– کەسێتی منداڵ لە تیۆری گەشەی سیگمۆند فرۆیددا/ سەعید محەمەد نووری/ 105


## ڕۆژنامەڤانی


– جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ۲۲ی نیسانی هەموو ساڵێکە/ د. مارف خەزنەدار/ 119


## مێژوو


– دوو بەڵگەنامەی «کۆمەڵەی کورد و کوردستان» لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسادا/ لە فرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵڵا/ 127


## هونەر


– میبیرهۆڵد دەدوێ.. گوزارشتەکانی میبیرهۆڵد لە پرۆڤەکانیدا/ لە ڕووسییەوە: د. فازیل جاف/ 130
– گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆبە/ وریا ئەحمەد/ 135
– گۆرانی سێ قۆڵی لە دەڤەری هەوراماندا/ دارا محەمەد عوسمان/ 140


## خوێندنەوەی کتێب


– کێوی پێنجەم و چاوەکانی ئیزابیل/ هاشم سەڕاج/ 146
– گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی/ مەغدید حاجی/ 153


## نامە


– نامەیەکی ڕیلکە بۆ شاعیرێکی گەنج/ لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا/ 157


## ئێستێتیک


– ئاسانباوەڕی/ سەلاح حەسەن پاڵەوان/ 160

# هەلوەسەیێن زینێ

## «عشق ب ئەنیا وەلاتیڤە عارە»

د.عارف حیتۆ
(دهۆک)

ئەز برێڤە دچم و کفنێ من ژی دێ گەهتە من
خەریبیەکێ رەشمالێن خوە.
دناڤ گەردێن حەزا من یا نیڤ ڤەهووسیایدا چاندن و.
دێ دەنگەکی کەتە بەر من
دەنگ.. دێ خەریبیێ دچاڤێن مندا ڤەکەت
بارەکێ ژڤان و هیڤی یێن رویت
دێ ژ مژویلانکان ڤەکەت
ئەز ب رێڤە دچم و خەون خوهەکە.
ب لاما منڤە دبیتە جۆبار
دبیابانا ڤیانێدا دبیتە رووبار
لاما خەونێ.. بریندار بوو
برینا لامێ دوڕپیەکە، یا دبیتە کەف
ئەز حەز ژ کەفا بیرێ دکەم
یا شیری ژی!
ئوو ئەز مرۆڤان دحەبینم
چ قەومییە؟!
ئەڤ مرۆڤە ل من خرڤە بووین!
کەفن
کەفن
کەف..
من زینێ دزی. ددلێ مندا بوو
من راستی گەزی ب دەنگێ منڤە بوو
دەنگێ من یێ ژمن کەفتی
نە رۆژا سپێدەهییان بر. نە یا ئێڤارییان
نە سەرگویفکێ گوندییان بر. نە گلێشێ باژێرییان
پەیڤا من.. ئەوا ب وێرەکی زای و ب ترسنۆکی
فرشککری
ئەوا دتوورکێ دیرۆکێدا مای و ل ئاسمانێ سامال فڕی
ب سترینا بلبلەکێ چەنگ شکەستی بوو
ل سەر لێڤێن ئەوێ کچا ژ بێدەنگیێ بوویی
گلیزانکێن بای ڤەدکر و.



هەوا ب عشقێ یێ دووجان بوویی
پستە- پستێن عشقا وی یێن شەیدایی و کەل
گلیزێ بەستیێ ب دەڤێ لاوانڤە مایە هەل
ل بەر دەرگەهێ دادگەهێ چوارگاڤانێ دکەن
لەشێن سار، ب دیوارانڤە دیکۆرن
پەیکەر.. بەربوونە ئێکودوو
جاددە گریان
شوستەیێن ژڤانان حەلیان
ئوو بەلگێن کالیپتۆسێن خوەراگر ژی، وەریان
کەڤا دەریایێ خوریانێ دئێختە پێنگاڤان
پێنگاڤا رەسەن. شەرمێ دکەت و پێ دهەرمیت
ئەز حەز ژ کەڤێ دکەم..
کەڤا بیرێ
یا شیری ژی!
دێمێ زینێ یێ دوەرمیت.
زینێ رەڤی بوو
رەبەنێ زینێ
رەڤی بوو ژ مالا
چوو بوو سەر ئاڤێ
رەبەنێ زینێ
ئاڤا ل بەر مالا
ئاڤا رابی بوو
چپکەکا خوینێ
کەفت ژ لەشێ زینێ
رەبەنێ زینێ
پێ نەزانی بوو
زینێ دزی بوو
چ نە دزی بوو
رەبەنێ زینێ
گەرمێ گەزی بوو
دوو سێڤێن بچووک ب سینگیڤە بوون
یا ژ خەلکی هەمیێ هەردوو دزی بوون
گونەهێ شەرمکر ژ روندکێن زینێ
چاڤێن خوە گرتن ژبەر چپکا خوینێ
سوار هاتن و چوون
کەربێن وان ڤەبوون
قەیدێن وان قەتبوون
ب وەروەرە بوون
زینێ نەدیتن
رەبەنێ زینێ
زین یا ب تنێیە.

زینێ.. بەلگەکا کەسکا جەمبلەعشقەکێ بوو
دچاڤێن مندا، تراخۆما
ئەز برێڤەدچم و کفنێ من ژێ دچیت
خەرییێ.. سترانەکا حەملە ب خوشیێ کرە بەر من
ئەز ب خۆشیێڤە سەقەت بووم
من پێناسەیا فرینێ هلگرت و چووم
سترانا من، ئەوا ب زەنگل
ئەوا سەما
ئەوا بارکری ب فیغان و خەما
کرە دپاخلا گەرما رۆژێدا. رۆژا چاڤ زل
خەونان هێلامە چاڤەرێ و هلاویستی
خەونن.. خەون
ما دێ چ بیت ئەگەر خەونان ببینم و
پێکهاتنەکا دوو قۆلی دگەل کفنی مۆرکەم
کفن..
بێژەنکارێ دادئێختە گەورێ و بێدەنگیێ چێ دکەت
دەنگ
دەنگێ وەروەرێ!
زینێ ژ خەوا بەنجدای هشیار دکەت
زینێ خەونەکە، د خەونا من یا خەونۆکیدا
زینێ خەمەکە، دچاڤێن من یێن خەمۆکیدا
من خەمێن خوە بارکرن
هەسپێن کەحێل صنگەهێ بوون و مانگرتن
برومیتۆس ب ئاگرڤە هاتە گرتن
ب تنێ ل بەر دەرگەهێ پەرسگەهێ
تێهنی ل شەرگەهێ
وەزێ چ بکەم. ژبۆ رێژگەهێ!!

زینێ، خەمەک هلگرت و ئێک دانا.. خەونەک دیت و ئێکا دی دا بەر ددانا. گولەکا بهاری ژ باخێ میری چنی، کۆلکەک ژ خوەهـ و خوینێ هونی. مەمۆ دیت ب شاپەڕڤە ل ئاسمانا، بەکۆ دیت یێ بوویە قافکێ ژڤانا. دەست کرە فریزێ بەر حەوشا مالێ، ستری یێن تیژ تبلێن وێ هنجنین، شەربەتەکا سۆر، وەکو خوینا تبلێن وێ سۆر، دا سەردەڤی و قەنەقوین بوو ل سەر ئەزمانی بوویە سنۆر. دلبۆرینەکا دلسۆژ گرت و ب ئەنییڤە خوەهـ بوو خوناڤ، حوری یێن بەهەشتێ و پەری یێن ئاسمانی، هەموو هاتن و کەفتن هنداڤ. بێهنا بارووتا وەروەرێ، ژ دفنا وێ نەهات دەرێ.
زین ب تنێ، دناڤبەرا چوار دیواران.. سەرێ خوە توند

ل دیواری دا و ڤێژییەک بلند، هەرچوار کنارێن جیهانێ
هشیارکرن. دەنگەکێ دلۆڤان ژ بۆشاییێ کەفتە بەر
گوها:
زینێ.. نەکە گری، نە یا جوانە، مخابنی وان چاڤانە
ئەو چاڤ بۆ گرییێ نەدانە، نەکە گری.. نەکە گری.
ئەزێ پەپووک دەمبێژا زینێ دا، ئەو زینا هلوەشیایی،
ئەوا ل سەر تەختەکێ داری رازایی و ئاگر ل بن
دانایی. ئەوا ب گونەهان رادایی و خودێ و پێغەمبەران
هێلایی...

وەزێ هەلچوویی و ژ هەموو تشتان کەربڤەبوویی
دێ کاروانەکێ پەیڤان برێکم...
وەزێ گلوازەکێ نێرگزان ژ کەزیکێن دایکان چێکم
وەزێ حەزێن ئازراندی یێن هلگرتی
ئەیۆنێن گەرمێ گرتی و لاپەرمێن درێژێن تەبگرتی
کەمە عشق و هەناسەیێن وەستیایی یێن خاتوونا فەخرا
لێکم
وەزێ تەرتیلەکا ئەبەدی یا نابۆیی بێژم
وەزێ هەستەکا سەرمەدی یا فیرهایی
ل بەر دەرێ پەرسگەها ئیزیداڤە نێژم
وەزێ سلاڤەکا سەماکەرا مشتی ئاشتی.
ژبۆ سەماڤانێن جزیرا بۆتان ڤرێکم
وەزێ دەنگرا خەمان
ل سەر شینوارێن مزگەفتا سۆر پێکم
خەمێن هاژۆتی
تاناتوسێن ل بەر جووتی
هیڤی یێن ئەلند نەدیتی یێن دۆتی و
دیتنێن خۆشێن ژ گەرما سۆتی
وەزێ پلنگەکێ ل سەر کارتۆنەکا سپی یا هاڤێتی.
نەخشینم و عونفێ پێ کم
عونفێ.. خەونێن نازک رەڤاندن
پەیڤێن وێرمک و بانگێن ئازاد خەوخاندن
برینێن خەریبی یا زینێ، ب دژواری ئاراندن.

زینێ رەڤی بوو
قەت نە رەڤی بوو
ل بەر گورزێن عونفێ
رەبەنێ زینێ
هەر یا نەڤی بوو.

مەمۆ دیدارێن خوە یێن پاش ئێخستی، هەموو شەرێن
خوە یێن تێدا شکەستی... کرنە دتوورکێ نەهشێدا و
گۆپالێ مفرەقێ هلگرت. هەلبەستا وی یا نیڤەک ژێ
مایی و گیانێ پرت برتێ زینێ، ل سەر رووبارێ
تەهارەتێ خوە تافیل دکر... ژ گونەهێن کری و یێن
نەکری، ژ عشقا بوویە دەنگ و د مۆزەخانێدا ژبیر
کری، کەفا سابوونێ، مینا کەفا شیری یان یا بیرێ،
دناڤ لاتێن هشکبوویێدا مەلسی. تەبەقەکا ئاسمانی
ژبەر خەریبی یا وێ یا چەندین سالان فەتسی.
خورتەک ژ کەفێ چێبوو
خاتوونەک ژ کەفێ چێبوو
کەفێ، کەف دا و ژ کەفێ.. لەشکەرەکێ مرۆڤان چێبوو
لەشکەرەک ژ کەفێ. ژ کەفا بیرێ. یان یا شیری..
ب کوباری
ب تەییسۆکی
کەفتە بەر دەرگەهێ میری.

* * *

لێڤێن زینێ شەکر ژێ دباری و
ژ نەئێن وێ، گوللە یێن تفەنگان
دناڤبەرا شەکرا رشتی و گوللەیاندا
سترانێن کەسک
یێن بێ سەرناڤ
کەهی دبن و دزێن و ڤەدزێن
دبنە تانجا سەرێ عشقێ و دبنە چوگان
روندکەکا کەل و بێ روو. یا بێ ژڤان
ب دزیکیڤە چاڤێن وێ کرنە رەشمال و،
تێدا نهی. وەک دوتمیران
ئەی رۆندکا مەست و جوان
ئەی ئەوا تە سترانێن ڤەگەرێ دگۆتن و،
تو نە دهاتی!
ئەی ئەوا چەندین جاران سل دبوویی و،
هەر رۆژ دهاتی!
ئەی رۆندک..
ماتو خەونرۆژکی، یان لەشەکێ گەرم
ما تو هێزەکا گەرمی، یان پەیڤەکا نەرم
ما تو ئەزی، یان ژی تەرم
د چاڤێن مندا دنڤی
د دەستێن مندا دلڤی
ئوو.. مشتی شەرم.

زینێ ب شەرمینی هێڤ دکرە دێمێ مەمۆی، ب
شەرمینی دەست دکرە سینگێ خوە یێ تا نەقەبا

جووتێ مەمکان خویا بوویی دئینا خوار. ما پارچەیەک
ژ لەشێ وێ مایە لێڤێن مەمۆی نە دادایێ.. ما حەزەکا
سار و هلگرتی دسینگێ وێدا مایە، مەمۆی ئاگر
نەبەردایێ. لێڤێن مەمۆی خەریتەیە و کراسێ زینێ یا
ڤەشارتی. ئەنیا زینێ دورپییەکی چیایی پێڤە بوو،
سالێن درێژێن خوە جەماندنێ یا گوهارتی.
هەر ژ رۆژا لێڤا زینێ لەرزاندی و دناڤ خوها ترشا
لەشێ خوەدا بوهژاندی. مەمۆیەکێ پاشەرۆژی
دهناڤێن وێ یێن برسیدا چاندی و ئەڤ ئۆیالا خۆش و
ب لەززەت حەواندی... ل سەر دیوارێ بورجا بەلەک
سەربازەکێ کۆک، قیت یێ راوەستایی. سترانا ترسێ
و برسێ و بێدادیێ بۆ چەمێ دیجلە دبێژیت، بیرهوەری
یێن کەسک درێژیت. ئوو زینێ گازنێن خوە یێن کپکری
ددلدا دنێژیت..

سوپاسی یا من نەکە!
کو من تو حەباندی و.
دچاڤێن خوە یێن ب بەرچاڤکدا چاندی
رێکێن درێژ و پڕ مەینەت
شەڤێن سار و ب چریسەت
ئایەتا عشقا پیرۆز
دناڤ بەرپەڕێن تەدا خواندی
سوپاسی یا من نەکە!
کوگول، من ژ باخێ تە نە چنین
ستێر ژ ئەنیاتە یا کەڤەر، نە ڤەکرن
ئوو، دەمێ کێلبێن برسا کۆژمەک
دگوشتێ من یێ نەرمدا چووین
چ نانێن گەرم. من ژ مالا تە نەبرن
سوپاسی یا من نەکە!
کو من خیانەتەکا چیلاق دگەل تە نەکر
خەونا تەیا تازی بەر ب توخیبێن دوور نەبر
دۆزا تە...
هەگبەیەک بوو، ل سەر پشتا من
ڤەخوارنا تە ژ خوینا من
کوپالێ تە ژ نڤێژا من
ئوو، بوونا تە ژی... ژ مرنا من
سوپاسی یا من نەکە!
نە هەوجەمە
پەیڤێن شرین و درهوین. ژ من را بێژی
ئاڤروو یا من یا پەپووک و بێوار
ژ دیتنێ برێژی و سترانەکا دی یا خۆش داڕێژی

سوپاسی یا من نەکە!
کو سوارێن مەغۆلان هەموو رەڤین
ژ بەر من یا پەیادە
لێ..
چ خەنجەرێن ژهەرکری و پێڤە هنگڤین
ژ پشتڤە. ل پشتا من یا چەمیایی نەدە!

های دمدمە های دمدمە
هاوارە ل خانێ دمدمە
های دمدمە های دمدمە
هاوارە ل خانێ دمدمە

من..
هەموو خەونێن خوە/ خەونێن خوە یێن هلاویستی
ل پەی هەڤگرێدان و کرنە ددەستێ بایدا
ئوو. حەزێن خوە/ ئەوێن هەموو خۆشەویستی
متکرن و ڤەشارتن کرنە دگوهێ گایدا
خەونان/ نەفی کرمە دناڤ زەنگێن کەتواریدا
حەزان/ ب گرانی ئێخستمە دبن باریدا
دەمێ خەریبی یا ڤەگەرێ
مەژیێ من یێ نیڤ نڤستی. هشیار کری
نە خەون، خەونێن من بوون
نە حەز، حەزێن من بوون
ئەزمک ڤالا ژ حەز و خەونان
دێ ماچەکێ ل روویێ کێ دەم!!

خورتەک جوان، چاڤ ڤەکری، هێشتا مووزەرکان
بەرکەپێ وی ماچ نەکری، چ تۆرینان خەونا وی یا
سەرخۆش تەخت نەکری... گیانێ خوە ژ دلی ڤەکر و ب
ئەنیا وەلاتیڤە نووساند، شتلەکا ئورجوانێ دحەوشێدا
چاند، ستران بۆ دلێ دنیایێ دگۆتن و تبلێن وی ب
نەرمی دوکمێن کیبۆردی درامۆساند، شاشە ڤەبوو،
چیایەکێ تابۆ یێن سۆر، تبلێن وی هشککرن، ئاسۆیێن
روهن مژدار کرن، بەرزەکرن.

چیا پالدا
چیا
چیایێ تابۆ یێن سۆر
هەموو حەز و خەون و هیڤی یێن هلگرتی
د پانکا دەستێ ویدا دخەوچوون
ئوو..

چیا پالدا
چیایێ تابۆیێن سۆر
نە مەلەکێ عەرشی ل هزرێ بوو
نە منارە یا چ مزگەفتان
نە زەنگا ئێکشەمبێ ل هزرێ بوو
نە رەنگێ بەهتی یێ پولیتیشییان
تنێ وەلات- ئەڤ وەلاتێ هێتیم- دچاڤێن ویدا
گولەک گەش بوو
دندکێن ئاخێ..
دخوینا ویدا دکەلی و مسحەفا رەش بوو
چیا پالدا
چیا
چیایێ تابۆ یێن سۆر
کەڤرێن رەق. دلرەق و بێ دلۆڤانن
لەش گرانن..
تێشکێن دەهبەییێن ئاشۆپی و هۆڤانن
نە هەلچوونێن دلسۆژ هەنە
نە هەستێن نازک و ساکار
ئەو خورتێ هێژ بەرکەپێ وی رەش نە بوویی
ئەوێ ژ عشقا ڤی وەلاتی هێژ تێر نە بوویی
چۆکێن وی سست بوون. قەرمین
حەزێن گەش قەرمین
خەونێن خۆش قەرمین
هیڤی.. قەرمین.
چیا
چیایێ تابۆ یێن سۆر
ژجە نەلڤی.. نەچوو
ئەوێ گەنج چوو
ئوو، بوو مشەخت!!
سلاڤێن خەونان خاڤبوون و رووبار هشکبوون
دەنگبێژێن دەنگ خورت لالبوون و نڤێژێن سبەهێ
متبوون
زینێ...
خاچێ خوە دانا سەر ملی و قیت دا رێ
رۆندکەکا ئێکانە ژی ژ چاڤێن وێ نەهات خوارێ

های زینێ زینێ زینێ
زینێ چوو بوو ئاقاری
گورکەک دیت بزنا خواری
بزنا د زکێ گورگیدا
یا بوویە رەوشا واری.

زین، ب تنێ ل سەر رووباری
پرچا خوە یا درێژ شەدکر
تەهارەتێ خوە بۆ لەشێ وێ چەماند و
رووباری بۆ تەرتیلەکا گونەهان خواند
ل پشت چناران
هندەک چاڤێن زیق و برسی
سەرێن ل بەر درهوێ شکەستی
خشخشەکا وەک یا ماران
پەردا گوهێ وێ ماچکر و جرفەک ڤێ کەفت
مرۆڤ بوون... مرۆڤ
زینێ، حەز ژ مرۆڤان دکەت
حەز ژ چیرۆکێن ئەڤینێ و مێرانیێ و ژیانێ دکەت
وێ نە دزانی، یان نزانیت
کەرب و کەنینا مرۆڤان
خوینەکە دناڤ پیستێ هۆڤان.

زینێ دەستێن خوە ب سینگێ خوە یێ روویس ڤەنان و
خوە کرە قورمچک ل بەر لێڤا رووباری، کەڤا ئاڤێ و یا
سابوونێ ژ لەشێ وێ یێ سپی دزان و رازەکا دی- یا
ب ترس و خۆش- بەردا ددلێ رووباریدا و مرۆڤێن کەڤا
وی ل دۆر لەشێ زینێ بوونە ستوون و رەڤدەکا
گورگان. من حەز ژ کەڤا بیرێ دکر، یا شیری ژی..
ئەز حەز ژ کەڤا زینێ دکەم، دناڤ گورگاندا!!

شەڤێ دادا و
بێدەنگیێ کوونێ خوە ل سەر زویران ڤەدا
شنەبایەکێ هوون. خوە ب ئەنیێڤە تەزاند
پشێن وەستیایی ژ کوخکێ و دووکێلا جگارا
موویەک ژ وژدانێ نە هژاند
پێنگاڤا ل پەی
متکر
کپکر
مراند.
من ب تنێ، ئەڤ هەلبەستا ئاگر پێڤە
ژبۆ دلێ خۆدیکان خواند
خۆدیک بێ وەفانە، بێ شەرم و بێ ژڤانن
چ ژ هەستێ شاعرێن عاشق نزانن.

گولان- تەباخ ٢٠٠٧

# سۆناتای باڵندە

## (دۆناودۆنی دەق)

دڵشاد عەبدوڵڵا

بۆ گۆرگیس وەردە



ئەم سۆناتانە دەستنووسی بزربووی فەقێی تەیرانن
کەس هیچیان دەربارە نازانێ
هەندە هەیە، باڵندەیەک
کە پێشتر پەڕی بووە لە پەڕیەکانی (مۆکس)
لە سووتان ڕزگاری کردوون
چیلکە بە چیلکە هێناونی
لەبن میچی ژووری شیعرێکم دایناون
پاشان هێلکە ترووکاوە
ئەوەی باڵەفرە دەکا
زەڕنەقووتەی منن لە هێلانەی فەقێ

ئاوازی تۆراون لە مۆسیقا
قورینگی دابڕاو لە قەتار
فڕیون بۆ دوورترین کەنار
تووکی نەرمیان فڕێ داوە
پەڕی تیژیان لێ ڕوواوە
نەوە دوای نەوە شێوەیان گۆڕاوە
نەغمەی شیرین و
گەرمای سینەیان هەر ماوە
ماڵم پڕ بووە لێیان
وڵاتم پڕ بووە لێیان
دنیام پڕ بووە لێیان

لە کۆنەوە
هەر باڵندە چۆتە ناو خەون و
هەر ئەو ئیلهامی بەخشیوە
بە میر و شاعیران
سپی بووبێ بۆتە مایەی ئاوەدانی
ڕەش بووبێ هی ماڵوێرانی
ئەشقیاو سیحرباز لە فڕیندا گرتوویانن

هەریەکە و بۆ مەبەستێک لە قەفەس داینراون
شاعیران قافیەی باڵیان کردۆتەوە
کێشیان ئازاد کردوون
جریوەو چریکەیان هێناون
دەنکە مرواری مەغزایان چاندووە تێیاندا
هەندێک جاریش لە جێی ئەواندا گریاون
یان هەر بوون بەیەک
بەیەکتر ناسراون
وەکی فەقێ و فەریدەدین

دەنگیان بەرۆژ جۆرێکە بەشەو هەزار
برۆ گۆرانی خۆتیان لێ بچڕە
مەرگی خۆتیان پێ بفرە
ڕەنگین بە بەتووکیان
سەنگین بە بە ئاهی گەرمیان
ئەوانیش چەشنی مە غەریب و گرفتار
لەبەر ڕاوچی و ئەغیار

(منم فەقێی تەیران
قوببەی شیعرم هەڵدەتەکێنن مەلەکان
ئێوارەم پڕە لە پەڕی شکاویان
شەوم پڕە لە ئاوازی خنکاویان
نیشانەی عەشقی ناکامن ئەوانە
خەیاڵم لەسەد جێ شکاوە لەگەڵیان)
ماندووە سۆناتام بەدەستی فلووتێکەوە
ماندووە کتێبم بەدەستی ڕستەیەکەوە
ماندووە زمانم
ماندووە جەستەم
ماندووە ڕۆحم بەدەستی شیعرەوە

خوێنیان لێ دەچۆڕێ باڵندە
گوڵاویان لێ دەچۆڕێ
هەندێکیان هی سەردەمی منداڵین
ئەوانی تر بەپیری هاتوون
لەگەڵمدا ڕاهاتوون
خەونیشم لەگەڵدا دەبینن
ئاخۆ لەگەڵ منیش دەمرن؟
سیحریان لێ کردووم
سیحری شین مۆر خەنەیی

ئەو هەموو تەلیسمە چی لێ دێ
کێ بەتاڵیان کا
چریکەم یەکجاری ئازادکە

کۆت و پێوەند دەشکێنم
هەر دەخوێنم و دەخوێنم
سنگی خۆمیان بۆ دەکەمەوە
ڕقی خۆمیان دەدەمێ بیخەنە دەم ئاوەوە
کەمن ئەو هەموو عاشقە غەمگین و
ئەو هەموو مۆم و بخوورە میوانم بن
تاریکیم بۆ چییە
لە کوێی دانێم؟
شیر لە چی بسووم
تیر لە کێ بگرم
نیشانە کێ بێ؟

بە پەپووە سلێمانە دەست پێ دەکەم
کتێبی نەغمەی جیلوەدار
سوناتای بێ سومار
مەنتیقی باڵندەش ئاوەهایە
مەنتیقی ڕووبار و بایە
ئەو باڵندە حیکمەتخوانە
پەپوو سەری دەلەقێنێ بۆ ئەو جۆرە قسانە
ئاگر دەچێ بۆ لای پووش و
ئەویش ئاگر ڕادەکێشێ
(ئەو ئاگرە منم فەقێی تەیرانم
هەر زمانی بڵێسە دەزانم)

پەپوو ئاوی دیت لەژێر زەویدا
دنیا لە شێوەی خەمێکی گەورە
چۆکی دادابوو بەسەریدا
بەرسیسی عابد بانگی ئاوی کرد
ئاو شۆڕشی بەرپا دەکرد
لە کەندو جۆگان جێگەی نەدەبووەوە
لە زەوی و تخووبان تێپەڕ دەبوو
بیستووتە ئاو وڵاتی هەبێ
یان مەملەکەت و میرنشین
ئاو هەر ئاوە
لە شاخ هەڵبقووڵێ یان لە چاوی منی غەمگین

ئەی ئاو
ئاو و ئاو بمبە لەگەڵ خۆت
من و تۆ لەسەر یەک دینین
هەردووکمان لە سەرچاوەوە کە بەشیرینی هاتین
تاڵ نابین بەدەستی ئەم و ئەو
هەردووکمان حیکمەتمان لەسەرەتادایە
کۆتاییمان هەرگیز نایە
هەردووکمان
لەژێر ئاسمانی شیندا ئارام و لەسەرخۆین
بێ ئامانین
لە تاریکی و شەبەیخوون

ئاو لە هەر شوێنێک بێ
ڕۆژ لەوێ هەڵدێ
نەخۆرهەڵاتە ئەو شوێنە نەخۆرئاوا
هەر ئاوە هەر ئاوە هەر ئاوا
پەپوو ڕاست دەکا
ئاو تامی منداڵی لێ دێ
تا دەمرم دەستم بە دامێنی ئەو تامەوەیە
(زیندان لەبیری نەبردمەوە
برادەرەکانی لەبیر نەبردمەوە
کۆت و پێوەندیان خستە پێم
کەچی من هەردێم
هەورو بارانم
من فەقێم فەقێی تەیرانم)

دارسمەی خاڵدار سنگم کون دەکا
دێنە ژووری
دندوک گەورە و هی بچووک
پێ لووس و تووکدار
کاکۆڵ قیت و بەرزگ خەتدار
نەشئەمە هەناسەیان
جەستەمە سفرەیان
لەژێر زمان و لە بەینی ددان و
ژێر برژانگم دەبریسکێنەوە
هەر ئەوانن
هەتا مردن لەگەڵم دەمێننەوە

سڵاوتان لێ بێ باڵندەی بەیانی
سڵاوتان لێ بێ باڵندەی نیوەڕۆ
سڵاوتان لێ بێ باڵندەی ئێوارە
سڵاوتان لێ بێ باڵندەی شەوان
سڵاوتان لێ بێ باڵندەی وشکایی
سڵاوتان لێ بێ باڵندەی ئاوی
خوداش سێبوری پێتان دێتەوە
دەوری عەرشی پڕکردووە لێتان
لێم بیستووە
ئاسمانی بۆ ئێوە دروست کردووە
تا ئارامتر بێ جێتان

وتم کۆتر فریام کەوە
هەر لەوەی نووح هەتا گەردن شەڕابییەکەی گۆنای یار
گەیشتنە کەناری خەیاڵ
گۆم پڕ بوو لێی دەڕژا سەرخۆشی
دڵ پڕبوو
دەستم لەناو هەوای سارد ڕاگرتبوو
فریاد ڕەسێک کوانێ؟
پووش و پەڵاشی ئومێدی لەسەر دانێ
دەستم بەچڵ شووبهاند ئەمما چڵی پایزانە
کێ دەنیشێ لەو شوێنانە؟
وەکی با لاشەی گەڵام ڕادەکێشا
وەکی سەبا هەر ئاهم هەڵدەکێشا

بە هەویای قومری چوومە سەر هەردێک
کەوتمە داویەوە
شەڕابی لاملی دامێ خواردمەوە
شینایی باڵی دامێ کردمەوە
لەوساوە هەر دەفڕم
شینایی تەواو نابێ
گەروو شینەی کلک باریک بە تەمای چییە؟
ئەو هەموو هێلکەی داناوە
دنیا تاسەر بۆ کێ ماوە
بستە خاکێک کوانێ
مانگ تریفەی لەلا دانێ؟

پەڕەسێلکەی پاشەڵ سپی
لە نامەیەکدا دەنووسێ:

متمانە دەکەم بە فەقێ!
گەنجینەی خۆمی لەلا دادەنێم
پاش من ئازادە دەیدا بەهەرکێ
ئارام بە ئەی دۆست
ئەی دۆست ئارام بە
ئەو سەروەت و سامانە
شاعیران پاراستوویانە
نە بە هەوەنتە کۆ دەکرێتەوە
نە هەموو کەسیش پێی هەڵدەگیرێ

فەقێ هەتا مرد ڕاوی نە دەزانی
متمانەی نەبوو بە گەنم کە دەخرێتە ناو داوەوە
خووی باڵندەی هەڵگرتبوو
مەرایی نەدەکرد بۆ پاشا و میران
لەگەڵ ڕووبار دەیکرد تەگبیران
چۆن بگەڕێمەوە مۆکس و
جێی ئەو هەموو باڵندەیەش بکەمەوە
لە گیرفان و
لەسەرشان و
ناو جەمەدانی و فەقیانە
لەگەڵ خۆم بیانبەمەوە بۆ لای منداڵی

فەقێ دەگێڕێتەوە:
لە باخێکدا دووبەدوو دانیشتبووین
من و بووکە سوورەی مەیلەو نارنجی
هەورە تریشقەی ناحەزێک
ژووانی لێ تێک داین
ڕەنگی خەت و خاڵی ڕژاند
سنگی پژاند
باڵی پژاند
دنیا هەمووی بوو بە نارنجی
کەس نەبوو خڕی کاتەوە
خۆم پڕ کرد لێی
لەوساوە فەقێی نارنجیم

فەرهەنگی شیعرم پڕ بوو لە وشە
هەمووی نارنجی
سروشت داخرابوو بەسەریەک ڕەنگدا
ماڵ داخرابوو بە دەرگای نارنجی

سوخمە داخرابوو لەسەر نارنجی
بۆ هەر کوێ دەچووم هەر نارنجی
هەر نارنجی و هەر نارنجی
هەر من و نارنجی
خزم و کەسە ڕەنگەکان لە کوێن؟
برادەرە ڕەنگەکان لە کوێن؟
باڵندە ڕەنگەکان لە کوێن؟

تاوسێک بە ئاگای هێنام
چووبوومە خەونێکی قووڵەوە
شێخی سەنعان بووم بە دیار کچە ئەرمەنەوە
بێ ئاگر دەسووتام
بێ تیغ دەکوژرام
ئەی تاوسی بەیانی
ئەو هەموو ڕەنگەت لە کوێ هانی؟
لێرەوە تا مەملەکەتی ڕەنگەکان چەند دوورە
لێرەوە تا ئەوێ
چەند ڕەنگ لە دایک دەبێ چەند دەمرێ؟
هەر ڕەنگە و چەند قوربانی دەوێ؟

قورینگی شینی تەنیا لە گوێ ئاوێکدا
دیمەنێکی پێشتری هێنامەوە یاد:
ژنێک لەو شوێنە خۆی دەشوات
چەند بە بریسکەن دڵۆپی
سەر لەشی هەردووکیان
ئەو قورینگە شین نەبا ئەو ژنە نەدەچوو
شین هەردووکیانی خڕکردبووەوە
کە شین نەما
هەردووکیان نەمان
ڕەنگ ئەو شوێنەی نیشان دام
ڕەنگ قورینگ و
ڕەنگ ئەو ژنە بە بریسکەی نیشان دام

باڵندەی لە دڵی خوا دەگا
دەزانێ حەزناکا تەماشای خوارەوە بکا
نەبادا مەخلوقاتی خۆی ببینێ
زەلیل و تێکشکاو
بە جلێکی شڕی دڕاو
کە بارانی شەرمەزاری لێی دابێ

پێچ و پەنای لەشی تێیدا دیاری دابێ
هەر کەندو لەندێکی
بە هەزار پینەوپەرۆی ڕۆح چارە نابێ
یان پێچەوانە ڕوویدابێ
ڕۆح شکابێ و لەش بۆی تیمار نەکرابێ

شەریکی خۆشی و ناخۆشیمانن
شەریکی شەڕو ئاشتیمانن
زیقاولەیەکی بەر زگ بۆر ببووە میوانم
کاکۆڵی قیتی بادەداو
دەیگێڕایەوە: جەنگێکم بەرپاکرد
ئەو کاتەی
خەیاڵی گەچراوی دوژمنێک
لێم نزیک بووەوە
خەریک بوو هێلانەی خاڵخاڵم تێک بدا
زیقاولە وتی:
هێلانەی من و نیشتمانی تۆ فەرقیان چییە؟

ئەوسا تێگەیشتم لەبەرچی فەقێیان
خستبووە زیندان
دەفتەر و قەڵەمیان لێ سەندبوو
ئەو باڵندەی فێری یاخی بوون کردبوو
کردبووی بەگژی سروشتەوە
هێنابوویە ناو هەوای ئازادی کتێبەوە
ئەگینا زیقاولەیەک
کە هەر هێندەی لەپی دەستێک بوو
ئیلهامی ئەو هەموو متمانەو
چریکەی ئەو هەموو باوەڕەی
لە کوێ هێنابوو؟
کێ فێری کردبوو؟

پەڕەسێلکەی منداڵی
قووڕولیتەی لە ئەرزی کۆدەکردەوە
ماڵێکی لێ دروست دەکرد بۆ تەنیایی
کە لەشکرێکی گەورە هات
ویستی ئاوایی داگیر کات
پەڕەسێلکەش لەگەڵ خەڵکی ئاوایی هەڵات
چووە ناو تیش و ڕەوەزان
لەو ساوە نەگەڕایەوە

قبووڵی نەکرد ژیانی ئەسیری
هەتا مرد بە پیری

سۆفیلکەیەک سەری پاک تاشیبوو
کاکۆڵێکی باریکی هێشتبووەوە
نە پارەی هەبوو نە موڵک و ماڵ
کەچی نازدارێک دۆستی بوو
پەیمانیان بەیەکتر دابوو
ئەو زێڕی خۆری بداتێ
تا ئەمیش شووی پێ بکات
ئەو سەردەمە هی جۆرە عەشقێکە
ئەدگارو ڕەوشتێکی تازە
باڵندە لەسەر تەختی دادەنیشێ و
ئاشتییەکی سەرتاسەری بەرپا دەکا

لەقلەق دنیا وەکی کرمێک دەبینێ
دندووکی لێ دەدا
بێ ترس قووتی دەدا
کە دنیا گەورە بوو
لە قورگی لەقلەق عاسێ بوو
لاقی باریکی لێک دا
ئەو لاسکانەی لە زەوی هەڵقەناند
کە گوڵی سپی لەشێکی گەورەیان گرتبوو
حاجی بێزاربوو لە ئەرزی
هێلانەی بردە بەرزی

ئەوانە هەندێکن لە شیعری فەقێ
مەلی ئەون من دەرگای قەفەسم لێ کردوونەوە
بورجی باڵندە کرێوەو تۆرانە
هەموو تۆرانێکیش ئاشت بوونەوەی بەدوادا دێ
ئەوان هەمیشە توورەنین
هەمیشەش تەباو گونجاو نین
نەشەڕە و نە ئاشتی و پێکەوە ژیانیان
گۆڕیان لەناو بایە
فڕینیان هەتا هەتایە
لەشیان لە ئاو
ڕۆحیان هەوایە
سروشت هەر بۆ ئەوان مایە

که سیمرخ باڵی لێکدا
سیحر کەوتە سەر ئەرزی
ئەو ڕۆژە یەکەم ڕۆژی ساڵی باڵندەیە
کەلووی بولبول دەکەوێتە سەرووی مەست بوون
بیانوویەک هەر دەبێ بۆ خوێندن
کوکوختی لە هەموو کەلووەکاندا هەر شەرمنەو هەر شەرمن
قەقنەس لە کەلووی ئاگرە
دڵسۆزانە تا ماوە دەسووتێ
کەس گوێی لێ ناگرێ
جا کەسی بۆ چییە؟
خۆی کەسی هەموو بێکەسانە

ئەو عاشقە بێ ئامانە
شەوو ڕۆژی نییە
گەرماو سەرما
هەموو کاتێک ئامادەیە بۆ ژیان
هەموو کاتێک ئامادەیە بۆ مردن
لە شوێنێکدا سووتابێ
لەسەد شوێن زیندوو بۆتەوە
ئەو جۆرە عەشقانە شێت بوونە
ئەو جۆرە مەلانە هی شێتن
بورجی باڵندە بەو شێت بوونە دەست پێ دەکا
هەتا ئەبەدی ئابدین

سینگ سپیلکەی ناو ئاوێ
گەردن ئاقیقی
تیری خۆیم بۆ دەهاوێ
پەڕی شێداری لە چیلکە و چێوان دەچەقێ
هەموو جارێک دێتە لام بەخوێنی نزارەوە
ژوورم پڕ دەبێ لە بۆنیان
لەشم تەڕ دەبێ
ناو جێگای نووستنم
تەڕبوون هێمایە بۆ جووتبوون
شەو شایەدە لە بەینماندا
خودا وەستاوە بە دیارمانەوە
هەموو جارێ هەموو جارێ هەموو جارێ

فەقێ پەلاسی قەقنەسی کردۆتە بەری
هەردووکیان لەسەر یەک دێن
کوندەپەپوو دڵڕەقانە
تەماشای مردنیان دەکا
تا کوێربوون
هوما چاوەڕێ دەکا
لەسەر شانی کامەیان بنیشێ
کێ ئەوی دیکە دەکوژێ
پێستی دەکاتە بەری
باڵی ئەو لەخۆی دەدوورێ
بە دەنگی ئەو بانگ دەکا:

خڕبنەوە گەلی باڵندان
دۆستانی دوورونزیک
گەورەو بچیک
نەفخی لێ دا فەقێ
پەڕوباڵیان فڕێ دا
تووکیان لەخۆیان کردەوە
دوو دوو چوونەوە ناو نووح
گەڕانەوە بۆ پێش تۆفان
بەهەشتیان دروست کردەوە
وەک جاران
ئاگرێک کەوتەوە هەموویان سووتان

لە خۆڵەمێشی باڵندە
جیهانی نوێ دروست بوو.

# چراخان

ئازاد دڵزار

### گوڵەداودی

بەم پایزە گوڵەداودی،
بەو هەموو زمانە ناسکانە
چەند جوان بۆ ڕۆژێ دەپەیڤی.
بە زمانی ئەرخەوانی و سووری تاری و وەنەوشەیی.
زەردی تێر و سپیلکەی ئاماڵ پەمەیی،
هەموو ئەو ڕەنگە گەرمانە
هەڵدەبژێرێ
بۆ قردێلە و تاجی سەری
تەنیا زمانی ڕەش نازانێ
بۆ پایز ئازییەت بارنییە و
هەرگیز ڕەش ناکاتە بەری.
٢٠٠٧/١/٢



### کەنار

لەو بەستێن و کەناراوە
پانکە ماسی وەک کێردی ساو
لەبەر هەتاوێ دەدرەوشێ.
ئێوارانیش لە هەمان جێ،
مانگ بەتەنیا
دێت و ڕووت ڕووت دەبێتەوە
لەبەر لۆکسێکی سەوزا
بە بێباکی لێی ڕادەکشێ.
٢٠٠٧/٣/٦

### پێشوازی

ئەمشەو مەست بووم
(ماڵی شیعر)م ون کردبوو
خۆم بە کۆڵی عوودەکەم دادا و بردمی...

# خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم

چنوور نامیق حەسەن
(کەرکووک)



خەتام کرد
لەتەکانی شکانمانم نەدۆزییەوە و
خەونم بە ئاوی گۆزەوە دی
گوناهم کرد
لە چاوی شەوێکتا وەنەوزم دا و
نیوە مردوو پێئەکەنیم
نووستن لە سایەی توورەییت
ژیانێکی نیوە چڵە
خەتام کرد خەونم بەگەرمکەکانی
ڕێکەوتەوە دی
خەتایەکی جوان
وەک ڕۆشنیت
شەوانم وەکو برژانگی
خەوێکی ڕەووزن وەرین
مەراقێکی لاسار
سەلاریم لێ ئەکاتەوە و
هەناسەکانم ئەنێژێ
بمبوورە
گەر بۆنی گوڵێکی دەستی جارانم کرد و
ئێستاکە و تۆم بیرچووەوە
دەینی بووم و ئاسمانێک هەرەسم
لێ کەوتەوە
هەر هەموو لە نەسلی تۆ بوون
خەتام کرد شوێن ئادەم کەوتم
لەوەتەی موریدی بەر پێیەکانتم
سەلاریم لێ جێئەمێنێ
هێمنیم لە بێئارامیت
ورک ئەیکوژێ
بمبوورە
گەر ڕەشە ڕەیحانەیەکی جارانم
لە خەمەکانی ئێستاکەم
موتوربە کرد

خەتا بوو
لە نووسینەوەت نەبوومەوە و
بەسەر لێوی حەرفێکی
قەتیسەوە
ڕژام
قەتیسی چاوەکانی تۆ
خەتا بوو خەتا
کە سەما تووڕەکانم
لە ناو قەدم ئەبوونەوە و
ڕەوانەی تەماشات ئەبوون
ڕۆحم نەزری تاوانە حەواییەکانە
دیدەنیم کۆسالآنێکی
پڕ گوناهە
نابینایانە
خەتام کرد
خەتایەک لە جۆگەلەکانی ئەوینەوە
هەڵئەقوڵێ
گوناهێک
لە ڕۆشنیت ئەچێ
خەتا بوو
شوێن ئاسمانە دەیمەکانی
عیشقت کەوتم
تۆش خەونێکی ئادەمی بوویت
سێوە حەرامەکانی
سینگمت لێ ئەکردەوە
گوناهێکی جوان بوو
خەتایەکی بێ تەریقەت
لە نەسلی باو باران و سروشت
وەکو لە دایک بوونی ئاخێکت
لەسەر دەستی حەسرەتێکم
خەتام کرد
تا ئاوس بووم
بە خەتای جوان
بە هێمنیت
وەکو بووکێکی نابەڵەد
جێماو لە عورفی ساتەکان
دەستەکانم
بێ گوڵ
بێ ئەڵقە
بێ پەنجە
خەتای جوانی
وەک ڕۆشنیت
لێوەی ئەڕژا

# چەپکێ شیعری هاوچەرخی ئەڵمانی

ئێریش فرید
لە ئەڵمانییەوە: زانا خەلیل



گەرماو

من شانازی
بە بێدەنگی خۆمەوە دەکەم:
من وام لێدێ
لەنێو بەردەکاندا خۆم بشۆم.

بەردێک

خۆی ڕووت دەکاتەوە
بۆ ئەوەی
لەناوە مندا خۆی بشوا.

بێ گاڵتە

گەنجەکان بۆ گاڵتە
بەرد لە بۆقەکان دەگرن..
بۆقەکان
بە جددی
دەمرن.

زەمەنی بەردەکان

زەمەنی ڕووەکەکان
دواتر زەمەنی مرۆڤەکان هات
ئێستا زەمەنی بەردەکان دێ

ئەوەی گوێبیستی قسەی بەردەکان بێ
دەزانێ
هەر بەتەنیا بەردەکان دەمێننەوە.

ئەوەی گوێبیستی دوانی مرۆڤەکان بێ
دەزانێ
هەر بە تەنیا بەردەکان دەمێننەوە.

### گۆڕینەوە

دارستانەکە دێ
(کتێبێکی بەتاڵی درەختم پێشکەش دەکا)
من لەسەر لاپەڕەی یەکەم دەنووسم:
کەسک.

من لەسەر لاپەڕەی دووەم دەنووسم:
کەسکێکی تاریک.
لەسەر لاپەڕەی سێیەم:
تاریک.

ئێستا «شەو» دێ
لەسەر لاپەڕەی چوارەم و
پێنجەم و
دەیەم
دارستانەکە دەنووسێ.

### ئەوە چییە؟

عەقڵ دەڵێ:
ئەوەیان بێ عەقڵییە.
خۆشەویستی دەڵێ:
ئەوە هەر ئەوەیە کە هەیە.

حیسابکردن دەڵێ:
ئەوە بەدبەختییە
ترس دەڵێ:
ئەوە زیاتر نییە لە ژان
ڕوانین دەڵێ:
ئەوە بێڕوانینییە
خۆشەویستی دەڵێ:
ئەوە هەر ئەوەیە کە هەیە

شانازی دەڵێ:
ئەوە پێکەنیناوییە
ئاگاداری دەڵێ:
ئەوە کاڵ عەقڵییە
ئەزموون دەڵێ:
ئەوە مومکین نییە
خۆشەویستی دەڵێ:
ئەوە هەر ئەوەیە کە هەیە.

### لەجیاتی پاشەکی

هەروەها ئەو شتانەیش
کە من دژ بە ژیان نووسیومن
بۆ ژیان نووسراون

هەروەها ئەو شتانەیش
کە من بۆ مردن نووسیومن
دژ بە مردن نووسراون.

### هاووڵاتیبوون

دەستی سپی
پرچی سوور
چاوانی شین

بەردی سپی
خوێنی سوور
لێوانی شین

ئێسکی سپی
لمی سوور
ئاسمانی شین.

### نادیار

من لەژیاندا
بەنێو شیعرەکاندا تێپەڕیم

من لە شیعرەکاندا
بەنێو ژیاندا تێپەڕیم

ئایە لەکۆتاییدا
کامە ڕێگا
باشتر دەبێ؟

### ترس و گومان

گومان مەکە
لەوەی
کە پێت دەڵێ:

**«ئەو» ترسی هەیە.**

**بەڵام ترست هەبێ**
**لەوەی**
**کە پێت دەڵێ:**
**«ئەو» گومانی نییە.**

**پرسیاری بچووک**

**باوەڕ دەکەی کە تۆ**
**هێشتا بچووکی**
**تا پرسیاری ئاوا**
**گەورە بکەیت؟**
**دواتر گەورەکان**
**تۆیان دەبێ، بچووکەکە**
**بەرلەوەی**
**تۆ تەواو گەورە بووبی.**

**وەڵام**

**یەکێک بە بەردەکانی گوت:**
**مرۆڤانە بن.**

**بەردەکان گوتیان**
**ئێمە هێشتا ئەوەندە ڕەق نین.**

**بەڵام**

**لە دەسپێکدا لەنێو درەوشانەوەی**
**چاوەکانی تۆدا خۆمم خۆشویست.**
**لەپێکەنینت**
**لەخۆشییەکانی ژیاندا.**

**ئێستا لە چاوەکانتا**
**گریان و**
**ترسی ژیان و**
**هاوکارییەکانتم خۆشدەوێ.**
**بەڵام من دەمەوێ دژ بەترس**
**یارمەتیت بدەم**
**چونکە خۆشیی ژیانم**
**هێشتا هەر لە درەوشانەوەی**
**چاوەکانی تۆدایە.**

١٩٢١- لە ٥/٦ ئێریش فرید وەک تاکە منداڵی (هۆگۆ فرید)ی بریکاری گواستنەوە (نێلی فرید)ی وێنەکێش لە شاری ڤیەننا لە نەمسا لە دایک دەبێ.

١٩٢٦- «پەرجووی سەردەمی منداڵی».. فرید تا ساڵی ١٩٢٧ لەسەر زۆربەی شانۆکانی شاری ڤیەننا و دەوروبەری لەگەڵ گرووپێکی شانۆیی منداڵان ڕۆڵ دەگێڕێ.

١٩٣٧- فریدی ١٦ ساڵانەی قوتابی ئامادەیی خۆی بە داهێنانی زانستی خەریک دەکا.

١٩٣٨- ٣/١٢ گرووپێکی ڕاپەڕین دوای داگیرکردنی نەمسا لەلایەن ئەڵمانیاوە دروست دەکا.

٤/٢٤ باوک و دایکی دەستگیر دەکرێن و ئامادەیان دەکەن بۆ دوورخستنەوە و ڕاگواستنێکی زۆرەملێ، بۆ دەرەوەی نەمسا.

٥/٢٤ هۆگۆ فریدی باوکی دەمرێ.

٨/٤ ئێریش فرید ڕادەکاتە بەلجیکا و لەوێش بۆ ئینگلتەرا.

١٩٣٩- گرووپێک بەناوی «گرووپی یارمەتیدانی خۆ» دادەمەزرێنێ.

١٩٤٠- شیعرەکانی خۆی لەگۆڤارەکانی مەنفا بڵاودەکاتەوە.

١٩٤١- لەمانگی ئۆکتۆبەردا لە شانۆی ئیکزیلی نەمساوی ڕۆڵ دەگێڕێ.

١٩٤٣- «ماڵی ڤینە» شاعیری نەمساوی و برادەری هەرە نزیکی فرید لە لەندەن خۆی دەکوژێ.

فرید لەیەکێتی لاوانی کۆمەنیستی نەمساوی دێتە دەرێ.

١٩٤٤- ١/١٤ ژنی یەکەمی دەهێنێ «ماریا ماربورگ».

٥/٣١ کوڕێکی دەبێ و ناوی دەنێ «هانز».

١٩٤٥- دەبێتە کارمەند لە گۆڤاری «نیگایەک بۆ جیهان»

١٩٤٦- کار لەناو ڕۆمانی (سەربازێک و کچێک) دەکا.

لەماریا ماربورگ جیادەبێتەوە و لەساڵی ١٩٥٢ تەڵاقی دەدا.

١٩٤٧- فرید دەستپێشخەری دەکا بۆ یەکگرتنی هەندێ لەنووسەرە یەهودییەکان لەئێکزیل.

١٩٤٩- دەبێتە بەڕێوەبەری گۆڤاری «نیگایەک بۆ جیهان» تاکو ساڵی ١٩٥٠.

١٩٥٠- بەجێگیری وەکو کارمەندێکی ئازاد لە «سێرڤسی ئەڵمان- German service» لە بی بی سی کاردەکا.

١٩٥٢- وەکو کارمەندێکی جێگیر لە بی بی سی وەردەگیرێ.

١٠/١٧ ژنی دووەمی دەهێنێ «نان سپێنسە- ئایشنە».

١٩٥٥- دەبێتە کارمەند لە گۆڤاری «تێکست و وێنە».

١٩٥٦- شانۆی «شیللە» لەبەرلین شانۆگەری «لەژێر دارستانی شیر»ی «دیلان تۆماس»ی نیشاندا کە لەوەرگێڕانی فرید بوو.

١٩٥٨- ٨/٤ داڤیدی کوڕی لە دایک دەبێ.

١٩٦٠- ڕۆمانی «سەربازێک و کچێک» بڵاودەکاتەوە.
١٩٦١- ٥/١٦ کاترینی کچی لە دایک دەبێ.
١٩٦٢- «نان فرید» هاوسەرەکەی خۆی «ئێریش فرید» بەجێ دەهێڵێ و لە ساڵی ١٩٦٥ بە یەکجاری لە یەک جیادەبنەوە. لەمانگی ئەپریل دوای ڕاکردنەکەی بۆ یەکەمین جار دەگەڕێتەوە ڤیەننا.
١٩٦٤- مانگی ٩، بەشداری لە کۆنگرەی (٢٦)ەمی گرووپی (٤٧) دەکا لەسیکتونا لە سوێد.
١٩٦٥- ٨/١٠ کاتەرینا بۆسڤێلی دەهێنێ.
١٠/٢٨ پیترای کچی لە دایک دەبێ.
لەمانگی (١١)دا، بەشداری لە کۆنگرەی گرووپی (٤٧) دەکا لە بەرلین.
١١/١٣، خەڵاتی (شیلە)ی لەبادن ڤیرتن بێرگ لە شتوتگارت پێدرا.
١٩٦٦- لەمانگی (٤)دا بەشداری کۆبوونەوەی (٢٨)ەمی گرووپی (٤٧) دەکا لە (پرینسیتون) لە ئەمەریکا.
١٩٦٧- دیوانی (ململانێکان) بڵاودەکاتەوە.
لە کۆنگرەی (٢٩)، کە دواترەمین کۆنگرەی گرووپی (٤٧) بوو، بەشداری دەکا.
١٩٦٨- مانگی (١) واز لە کارکردن لە بی بی سی دەهێنێ.
لە ١٧-٢/١٨ بەشداری لە «کۆنگرەی ڤیتنام» دەکا، لە بەرلین.
١٩٦٩- ١٢/٢١ جمکێکیان بوو، ناویان نا (کلاوز و تۆم).
١٩٧١- بەشداری لە فیستیڤاڵی «پۆیتری ئینتەرناسیونال» کرد.
١٩٧٨- بەشداری لە چوارەمین «دوانی ئەدەبی» لەبریمن سەبارەت بە تێمەی (توندوتیژی وەکو تەحەداکاری ئەدەبی) کرد.
١٩٨٠- بەشداری کرد لە ناشتنی (رودی دوتشکێز) لەبەرلین.
لەمانگی سێدا: بەشداری کرد لە گفتوگۆی- نەمساوی بۆ نووسین و خوێندنەوە.
لەمانگی نۆدا: خەڵاتی شاری ڤیەننای بۆ ئەدەب وەرگرت.
١٩٨١- بەشداری کرد لە یەکەمین کۆنفراسی نووسەرانی نەمسا.
١٩٨٢- یەکەمین نەشتەرگەری شێرپەنجەی بۆ کرا لە لەندەن.
٦/٦ دایکی مرد.
لەمانگی ١٢: بەشداری کرد لە حەوتەمین سیمیناری نووسەران سەبارەت بە (ئێریش فرید) لە ڤیەننا.
١٩٨٣- ١/٢٦: خەڵاتی ئەدەبی بریمەری وەرگرت.
لەمانگی پێنجدا: بەشداری کرد لە کۆڕی «ئەدەب و دەسەڵات» لە زانکۆی ڤیەننا لەژێر ناوونیشانی «ئەدەب پێویستە چی بکا و دەتوانێ چی بگۆڕێ؟»
١٩٨٤- لەمانگی ١٠دا، سەفەرێکی خوێندنەوەی نووسینەکانی بەنێو نەمسادا کرد.
١٩٨٥- لەمانگی ٧دا: دووەمین نەشتەرگەری شێرپەنجەی کرد لە لەندەن.
لەمانگی ١٠دا: خەڵاتی شەرەفی وڵاتی نەمسای وەرگرت.
١٩٨٦- گەشتێکی خوێندنەوە بەنێو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا دەکا.
٤/٢٩: خەڵاتی نەمسای پێدرا کە تایبەت بوو بە پڕ بەرهەمترین نووسەری نەمساوی لە ئێکزیل.
١٢/١٤: لە بەرلین مەدالیای «کارل- فۆن- ئوسیتیچکی» پێدرا.
١٩٨٧- خەڵاتی کلیلی زێڕینی شاری سمەدەرێڤۆی یوگسلافیای پێدرا.
مانگی ٣: گەشتێکی خوێندنەوە بەنێو ئەڵمانیای ڕۆژهەڵاتدا دەکا.
١٩٨٨- مانگی ١: دکتۆرای شەرەفی پێدرا، لە زانکۆی ئۆسنەبروکی ئەڵمانی لە «زمان و زانستی ئەدەب»
١١/٤: نەشتەرگەری سەرەتان لە شاری بادن بادن دەکات.
١١/٢٢ ئێریش فرید مرد.
١٢/٩ مەراسیمی بەخاک سپاردنی لە گۆڕستانی (کێنسال گرین) لە لەندەن بۆ کرا.

- هەندێ لە بەرهەمە بڵاوکراوەکانی شاعیر:
* سەربازێک و کچێک.. (ڕۆمان)
* خۆ دەربازکردن لەدەست ڕاکردن (شیعر)
* ئازادی، کردنەوەی دەم (شیعر)
* شیعری زوو (شیعر)
* ١٠٠ شیعر، بێ وڵاتی باوک (شیعر)
* مەملەکەتی بەردەکان (شیعر)
* شیعرەکانی ئێریش فرید (شیعر)

**سەرچاوە:**

**Von Bis nach Seit**

**Reich der Steine**

*** ئینتەرنێت.**

# خەوننامەکەی دانیال پێغەمبەر

**جەلیل کاکەوەیس**



ماوەیەک بوو کەوتبوومە خولیای ئەو خەونە زۆرانەی کە دەمبینین، هەر خەونێکیشم دەبینی بەدوای خەوننامەیەکدا دەگەڕام، تا خەونەکەم لێک بدەمەوە و لە نوقڵانەی شووم ڕزگارم بێت.

ئەو ڕۆژەی بەدەم عەسرەپیاسەیەکی عەرەفەوە پێڕستی خەونەکانم دەهێنایە بەرچاوی خۆم و دەمژماردن. وام بە خەیاڵدا دەهات تێکڕای ئەم خەونانەی من ڕۆمانێکی ئاڵۆزن و شاکەسی ڕۆمانەکەش پتر لە خەون بینین ناپەڕژێتە سەر هیچ شتێکی دی. لەنکاو گوێم بە دەنگێکی سۆزناکی ئافرەتانە زرنگایەوە؛ «میران، فریام بکەوە، چەندین ڕۆژە کچە تاقانەکەم لێ ون بووە و بۆم نادۆزرێتەوە!». کە بەلای دەنگەکەدا لام کردەوە پیرێژنە دیانێکی پرچ چەرمووم دی، زەمیلەیەکی پڕ میوەی بەدەستەوە بوو لۆژەلۆژ بەرەو ماڵ دەگەڕایەوە. پرسیم؛ «ئەوە تۆ بوویت بانگت کردم!؟» بە زۆر لە خۆکردنەوە ئاوڕێکی لێدامەوە؛ «لا.. کاکە..لا». بەدەم ڕێوە بیرم لەوە دەکردەوە، کە خەڵکی ئەم شارە زمانی جنۆکانیش دەزانن، بەهەر زمانێک پرسیار بکەیت، وەڵامێکی تێکەڵەت هەر دەست دەکەوێت. دووبارە دەنگەکەم ژنەوتەوە؛ «میران، وادیارە تۆ بە هاواری کەسەوە ناچیت، دیارە پەتای نەژنەوی تۆیشی گرتووەتەوە!». چوار دەوری خۆم بە نیگا بێژا و کەسێکم نەدی ڕووی لەمن بێت و بانگم بکات، بۆیە پیاسەکەم بە دڵەوە نەنووسا و ڕووەو کارگەی کۆلا بەرەو ماڵ بوومەوە، وەلێ دەنگەکە بە پێداگرییەوە هەڵوەستەی پێکردم.

من هەر بە سروشت دەنگی ئافرەت کەمەنکێشم دەکات، بەتایبەتی گەر هەست بکەم لە دەنگەکەدا ڕیتمێکی داواکاری هەیە، بۆیە لەو ساتەدا وام بە خەیاڵدا هات هەموو گەردوون ڕووی شوێنەکەی لەمنە و

هەمان داواکاری هەیە. بێدەسەڵاتانە لە شوێنەکەی خۆم وێستام، ئیدی وەک ئەوەی ڕووم لە بۆشاییەکی بێ کۆتایی بێت، بە هەموو گەرووم بانگم هەڵدا؛ «هۆو تۆ لە کوێیت؟ هەر بانگم دەکەیت و خۆتم پیشان نادەیت!».

ماوەیەک وای بۆچووم دیسان خەونم بینیوە، بۆیە لەبەرخۆوە کەوتمە لێکدانەوەی خەونێکی ئاوها؛ «ئافرەتێکی دەنگ پڕ لە سۆز لە شوێنێکی نادیار و دوور لە چاوی خەڵکی بانگت بکات، دیارە، یان حەزێکی مێیانەی دەیبزوێنێت و هێشتا شەرم ڕێگەی نادات ئاوها لە نەدی و نەناس بێتە ئامێزتەوە، بۆیە بەرەو شوێنێکی خەڵوەت بانگت دەکات، یان بێوەژنێکی مێرد مردە کۆشێ منداڵی بەسەردا کەوتبێت و بۆ بژێوی منداڵەکانی پەنا بۆ شتە حەرام کراوەکان دەبات، یان کچێکی عاشق و بە مراز نەگەیشتوو ئاوەزی شێوا بێت و هەموو نێرینەیەکی لێ بووبێتە دلدارەکەی..». من خەریکی لێکدانەوەیەکی ئاوها بووم، دووبارە دەنگە ناسک و ئافرەتانەکە ڕایچڵەکاندم؛ «واز لەو لێکدانەوە هەلەق و مەلەقانە بێنە، تۆ خۆ نەنووستوویت، تا خەون ببینیت، دەنگی من دەنگێکی ڕاستەقینەیە، دەی بە دووی دەنگەکەمدا وەرە...»

بێ خوایشتی خۆم بە شەقامی باوەگوڕگوڕ و ئینجا بە کارەبای کۆندا بە دووی دەنگەکەدا پێم هەڵگرت و لە پردی یەکەم پەڕیمەوە. لێرە بە دەنگێکی فەرماندارانە بانگی کردمەوە؛ «میران، لە حەناس ئەم چاڵە گەورەیەی بەردەمت مەوەستە، دەزانم ئەمنیش بە خەونێکی ناخۆش تێدەگەیت. بێ دواکەوتن وەرە بان قەڵا، لەوێ حەکایەتی ئەو چاڵەت بۆ دەگێڕمەوە..».

وتەکانی خاوەن دەنگەکە ئەوەندەی دی دیمەنی چاڵەکەی بەردەمی لێمکرد بە مەراق. بە وردی بە دەوروبەری خۆمدا هەڵمڕوانی؛ «ئەوە پردەکەیە و لە شوێنی خۆیەتی، ئەوە هەوارگەی خەیامە، ئا ئەمەش شەقامەکەی جارانە و دەچێتەوە سەر گوزەری مامرفرۆش و قازانچییەکان». لەوەبوو دەنگ و خاوەن دەنگەکەم لەبیر بچنەوە، چونکە بیروهۆشم ئاڵکانە دیمەنی ئەو چاڵەوە کە تەواو لە شوێنەواری جەنگ دەچوو، بە جۆرێ دیمەنە هۆگرەکانی ئەو شوێنەی گۆڕی بوو، بنیادەم نەیدەناسییەوە. ئەمجارە دەنگەکە بە شێوەیەکی قیژەئاسا و ترسناک بێداری کردمەوە؛ «خۆت خەریک مەکە. حەکایەتی ئەو چاڵە دووردرێژە..». نیگام لەسەر چاڵەکە کەلاخست و لە کلکەی باکووری قەڵاوە سەرکەوتم. ویستم زار هەڵێنم و بڵێم؛ «تۆ لە کوێیت؟ ئەمە چ گەمەیەکە تۆ دەیکەیت!»، وەلێ بەر لەوەی دەم هەڵێنم دەنگەکەم لەبەردەم خۆمەوە بیست؛ «میران، کە دەمبینی مەشڵەژێ، ڕاستە من گۆڕاوم، بەڵام هەر میناکەی جارانم....».

بەر لەوەی هەوڵی بینینی خاوەن دەنگەکە بدەم، زەینم کەوتە وێناکردنی ئەو ڕۆژگارەی کە مینای دراوسێمان بووبوو بە ڕووگەی هەموو جحێڵانی گەڕەکەکەمان، ئەو مینایەی لەبەرجوانی و جەستەی تەڕی مێیانەی ناومان نابوو مینا کافرۆش. من خەریکی وێناکردنی ڕوخساری مینا بووم لەپڕ هەستم بە ختووکەی پێیەکانم کرد. ختووکەکە وەک ئەوە بوو کۆترێک، یان کەوێکی ماڵی بە ئاستەم دەنووک لە پێیەکانم بدات. کاتێ سەرم خوارکردەوە، بوونەوەرێکی بچکۆلەی قیرماڵکم لەبەر پێیەکانم دی. بوونەوەرەکە هەر بەقەد قولاپچێک دەبوو. بە واق ورماوییەوە داچەمیمەوە و خستمە نێو لەپم. بوونەوەرەکە لە بنیادەمێک دەچوو کە لە قاڵب درابێت و بچووک کرابێتەوە. چاوەکانی چون دوو دەنکە زەنگیانەی چکۆلە لەنێو هەردوو چاڵی چاوی دەبریسکانەوە. هزرم بە چەندین لادا پەرت بوو؛ «ڕەنگە ئەمە لە ڕەگەزێکی ئەو جنۆکانە بێت، کە بەردەوام تێکەڵی ئێمەی مرۆڤ دەبن، یان بوونەوەرێکی سەر یەکێ لە ئەستێرەکانە و بۆ ئەوە هاتووە، تا بزانێت بۆچی خەڵکی ئەم شارە لەگەڵ ئەو هەموو کانزا زۆرەی هەیانە، کەچی نانیان بە دۆیان ناگات، بێگومان بە سیخوڕی ڕووی کردۆتە ئێرە!».

من ئاوها بیرم دەکردەوە و لەنێو لەپمدا ئەم دیو و ئەو دیوم دەکرد و لێی ورد دەبوومەوە. لەنکاو لەنێو لەپم هەڵپلکا و لەسەر پێیە وردیلەکانی قیت وەستا؛ «من بۆ ئەوە بانگم نەکردیت، تا مەزندەی خراپم بۆ ببەیت و سووکایەتیم پێ بکەیت. من تۆ ئاسا بنیادەمێکم و هەروەک تۆش خەونی زۆرم بینی و وەک هەر کەسێکی ئەم شارە خووم بە ژمارە و ژماردنەوە گرتبوو. سەردەمێکی زێڕینم لەم شارە هەیە و هەموو جحێڵان وا لحم بووبوون. دەزانم سەرت لەوە سووڕماوە، کە تۆ دەنگێکی ئافرەتانەی ناسک و پڕ زەمزەمەت لە من بیست و ئەمێستا باوەڕ ناکەیت ئەوە دەنگی من بێت.

میران، لەوە زیاتر خۆت گێل مەکە، تۆ لای خۆت وابێ تەمەنێکت بە مامۆستایی بەسەربرد، ئیدی چۆن ئاگات لەوە نییە لەم گەردوونەدا دەنگ هەر دەمێنێت و ناگۆڕێت، ئەوەی بیستت دەنگی منە، دەنگی منی مینا کافرۆش. ئاخر من لە ئەنجامی ئاگرکەوتنەوەیەک، ئەو گرمە و ئاگرەی ئەو چاڵەی لێکەوتەوە منیشی ئاوها بچووک کردەوە. ئاه! میران چەند بێ ئاگایت!».

بەم قسانە کەوتمە دۆخێکی ترس و گومانەوە، چونکە هێشتا بڕوام نەدەکرد، کە بوونەوەرێکی بچکۆلەی ئاوها مینا کافرۆش بێت! ڕەنگە بوونیشی لەنێو لەپم تووشی ڤایرۆسێک، یان نەخۆشییەکی ناباوی ئەم سەردەمەم بکات، بۆیە وەک ئەوەی شتێکی نامۆ، یان گەزندەیەک لە دەستی خۆم هەڵوەرێنم، بە توندی دەستم ڕاوەشاند، ئیدی بێ ئەوەی گوێم لە ترپەی کەوتنی بێت، شتەکەی نێو لەپم چەشنی پەڕێک بە سووکی کەوتە سەر زەوی. نەمدەویست دیمەنی ڕابردووی مینا کافرۆشی شاجوان لە زەینی خۆم بسڕمەوە و بەم دەعبا ناکردەنی و قێزەونەی ببەخشم. وەلێ ئەم چەشنی منداڵێکی گرینۆک و وڕکاوی پێیە وردیلەکانی بە عاردەکەدا دەکوتا و دەنگێکی ناهۆگر و زیکەزیک ئاسای لێ پەیدا دەبوو. نەمدەزانی لەم ڕەفتارەیدا دەگری، یان تووڕەیی پیشان دەدات. بەزەییم بۆی جووڵا و جارێکی دی هەڵم گرتەوە و تا حەناس نیگای خۆم بەرز کردەوە. چاوم بڕیبە نێو چاوە زەنگیانە ئاساکانی. بەڕواڵەت ئەوم دەدواند، وەلێ لەبەرخۆوە ورە ورم دەکرد؛ «با وای دابنێین ئەمە مینا کافرۆشە و لە سۆنگەی گرمە و ئاگرێکی بێ ئامان سووتاوە و بچووک بووەتەوە، دەی کەوابێ سەردەمێکی تر هەموو خەڵکی شار ئاوها بچووک دەبنەوە و شار دەبێتە عاجباتییەکانی دنیا. ئاخر مینا کافرۆش لەگەڵ ئەوەی شاجوان بوو، وەلێ گێل و حۆل بوو، ئەی کەواتە چۆن لە پڕێکدا ئاوها دەم لە نهێنییەکانی گەردوون دەکوتێت، چۆن وەک زانایەک دیاردە فیزیکییەکان دەزانێت! ئەوێک وەک هەر کەسێکی ئەم شارە خەریکی ژماردنی شتێ بوو، بێ ئەوەی سەربردەی ژمارەکان بزانێت، دڵنیام سەدان جار لەبەر خۆوە ئەم ژمارانەی دووبارە وتووەتەوە: شەست و سێ، حەفتا و پێنج، هەشتا، هەشتا و هەشت، نەوەت و یەک، سەد و چل.

ئاه! کارێکی نەکردەنییە مینا کافرۆشێک ختووکەی حەزی هەموو نێرینەیەکی دابێت و ئەمێستا جانەوەرێکی ئاوها نەفرین بێت!».

هینەکەی نێو لەپم بە دەنگێکی جریوە ئاسا وتی:

– تۆ ڕووت لە منە و بۆخۆت دەدوێیت! ئاخر من داوام لێکردیت کچەکەم بۆ بدۆزیتەوە، چۆن دەبێت هەموو سووتاوێک، هەموو کوژراوێک، هەموو ئەوانەی بە دەردی خودا دەمرن گۆڕیان هەبێت تەنها کچەکەی من بێ گۆڕ و ناوونیشان بێت! «ئای سارای جگەرگۆشەم، ئێستا تۆش مناسا لە جەستەی کۆترێکی سپی جێگیر بوویت.»

هێشتا مینا کافرۆش لەنێو لەپم بوو، ڕووەو هەوارگەی دانیال پێغەمبەر پێم هەڵگرت. ئەمێستا بەرانبەر ئەو کوختە پیر و داتەپیوە وەستابووم، کە سەدان ساڵەی دانیال پێغەمبەر تێیدا لە خەڵوەتدایە و ڕووداوەکانی شار لەلای خۆی ئەرشیف دەکات. ئیدی وەک یەکێک لە باری نزا و پاڕانەوەدا بێت، بە بوونەوەرەکەی نێو دەستمەوە، هەردوو دەستم بەرەو کوختەکە هەڵبڕی. ئەوەی لەو ساتەدا لە دڵمدا بوو هەڵم ڕشت؛ «هۆ دانیال پێغەمبەری خۆڕاگر و نهێنی پۆش، دڵنیام هەر تۆیت بەرگەی ئەم هەموو حەکایەتە سامناکەی شارت گرتووە. هەر تۆ توانیوتە لەگەڵ ئەو هەموو مەزەب و زمان گۆڕینەی ئەم شارە هەڵبکەیت، هەر تۆ دەزانیت چەندین جار ناوی شار گۆڕاوە، تەنها تۆ ئاگات لە غایلەکانی من و خەونە ناخۆشەکانی منە، دەزانیت تەمەنێکە بە دووی خەوننامەیەکی باوەڕپێکراودا وێڵ و سەرگەردانم و هەر دەستم نەکەوت. ئاخر لە خەونەکانی مندا بنیادەمەکانی ئەم شارە دەمیان کلیل و کڵۆم کراوە و چ قسەیەک ناکەن، کەسێک سەربردەی خۆی ناگێڕێتەوە، چ حەکایەتێک نازانن، لە کاتی تووڕەبوون و هەڵچووندا هاوارێکیان لێ هەڵناسێت و تەنیا کەمەکێک چارەیان تێک دەنێن. دایکەکان کاتێ منداڵەکانیان ژێر دەکەنەوە لەبری لایلایەیەکی بەسۆز لەبەرخۆوە ژمارە دەڵێنەوە؛ (شەست و سێ، حەفتا و پێنج، هەشتا، هەشتا و هەشت، نەوەت و یەک، سەد و چل...). هۆ دانیال پێغەمبەری غەریب، خەونەکانی من پڕن لە بنیادەمی کەڕ و لاڵ، بە بێدەنگی دەمرن و حەکایەت و سەربردەکانی خۆیان بۆ کەسێک ناگێڕنەوە، ئەوەی لە دووی خۆیان جێی دەهێڵن تەنها ئەو ژمارانەیە کە بە درێژایی تەمەنیان دووبارەیان کردووەتەوە. بنیادەمی نێو

خـەونەکـانی من، کـە لە دایک دەبن بەر لەوەی ناوی خۆیان فـێـر بن، فـێـری ژمـارە دەبن؛ (شـەست و سێ، حەفتاوپێنج، هەشتا، هەشتا و هەشت، نەوەت و یەک، سەد و چل...)

گـەورەم دانیـال پێـغـەمـبـەر، هەوڵی زۆری دا خۆم لەو ژمـارانە ببوێرم، بەڵام ئێسـتـا مـەژگی منیش پڕ بووە لەو ژمارانە. ئاخر من هەر بە بیستنیان وەڕس و دەهری دەبم، چونکە حەکـایەتە ناخۆشـەکـانم دێننەوە بیـر، لێکدابڕانە هەتا هەتاییەکانم بیـر دەخەنەوە، ئەو چاوە چاوەڕوانانەم دێننەوە یاد، کـە بوونە کـوێرەکـانی و چکـیـان کـرد. هۆ پێغەمبەرە هەژارەکە، دڵنیام ئەو ژمارانە لە زەینی تۆدان یەکجار لەو ژمارانە زۆرترن، کە شارییەکانی من چەشنی نزا دەیانڵێنەوە. تۆ ژمارەی ئەو یەخسیرانەت لەبەرە کە ئەم هەوارەی تۆیان تـوورەکــە ڕێژکــرد، ژمـــارەی ئـەو سـەربازانەت لەیادە کـە چوونە نێـو گـەرمـاوەکـەی ژنان و چێژیان لە جەستەی ڕووتی ئەو ئافرەتانە وەردەگرت، کە شـەرمـیـان لە مێـردی خۆشـیـان دەکرد. دڵنـیـام ئەو کچـە ناباڵقانەشت لەبیـرە، کـە چەشنی ڕەوە ئاسکێکی سرک ڕاوکران و هەمێزی ئەو میرانەیان پێ گەرم کرایەوە کە لە بیـابانە چۆڵەکـەیان خێـوەتی ناجسنیـان هەڵدابوو. هەر تۆی ژمـارەی تەواوی گـرمـە تۆقـێنەرەکـان دەزانیت. هۆ پێغەمبەری خەڵوەتنشین، من خەریکە گومان دەمکوژێت، گومانی بچووکبوونەوەی مینا کافرۆش و گومان و ترسی ئەوەی هەمـوو خەڵکی شار ئاوها بچووک ببنەوە، ئاوها ببنە بوونەوەری ناکردەنی و شاریش ببێـتە مـەملەکـەتی عـــاجـــبـــاتـــیـــەکـــان! ئاخـر ئەوسـا من چۆن لەگـەڵ بوونەوەرگـەلێکی ئاوها هەڵبکەم، ئەی تۆ چۆن پەیامی خـۆتیـان پێدەگـەیەنیت؟! ڕەنگە گوێ لە پەیامـەکـەتیش نەگرن، هۆ پێغەمبەرە ڕەنج بە خەسارەکە!».

لە کاتێکدا دەمهەویست پتر دەردی دڵی خۆم بۆ دانیال پێـغـەمـبـەر هەڵڕێژم، لەنکاو هەسـتم کـرد مـینا کـافـرۆش لەنێـو لەپم نەمـاوە. بڕێ گـوێ تەقـێم کـرد، لە کـپی و خامۆشی دەوروبەری خۆم پتر هەستم بە هیچ شتێکی دی نەکرد؛ نە ژاوە ژاوی شـەقـامـەکـانی شـارم دەژنەوت و نە ئەو تـەم و دووکـەڵە ئەزەلیـیـەی ئاسـمـانی شـارم دەدی (ئۆخەی ئەوە خـوێنە ڕەشـەکـەی بن زەوی شـاریش چکی کـرد و ئـیـدی لەبیـر هەمـوو دنیـا دەچینەوە؛ ئۆخـەی!) بەڕاسـتی وام بە خەیاڵدا دەهات لە شـوێنکاتی ئێـسـتـا نەمـاوم و چەندین سـەدە پێش ئێـسـتـا دەژیم. بە وردی دیقـەتی دەوروبەری خـۆم دا؛ تەنهـا خـانووی داتەپیـوم دەدی، تەنها لێرە و لەوێ لادیوارێک بەپێوە مابوون.

لەپڕ نیگام لەسـەر لادیوارێک گـیـرسـایەوە، لێی نووسرابوو؛ «هەرچی خەوننامە هەیە بیسـووتێنن، تەنها خـەوننامـەکـەی دانیـال پێـغـەمـبـەر بکەنە سـەرچاوەی لێکدانەوەی خەونەکانتان».

ویستم بەتەکـانێک بچمە نێـو کـوختـە هەژارانەکـەی دانیـال پێـغـەمـبـەرەوە و داوای خەوننامـەکـەی خۆی لێ بکەم، کـەچی دەنگێکی بەسام و شکۆ لە دوور دوورەوە بێداری کردمەوە؛ «نا.. نا میران، سنوور مەبەزێنە، ئاخر من لە دارای دنیادا تەنیا ئەم کوختە چەپەک و بێ نموودەم بە دەسـتـەوە مـاوە و لێم تێک مـەدە، بۆنوبەرامی تەلارە بەرزەکـانی خۆتانم بەگژدا مەکە، جەستـەی تۆ بۆنی ئەو تەلارانەی لێدێت و سەغڵەتم دەکات. میران، لێم تێک مەدە، ئێـسـتـا مینا کـافرۆشی شـۆخ و شـەنگ بەرانبەرم دانیشتووە و باسی تۆ و خەڵکی شارم بۆ دەکات، باسی ئەو ژمارانەم بۆ دەکات، کە بوونەتە وێردی سەر زاراتان و لە واتاکـانیـشـیـان ناگـەن، دەی مـیـران، واز لە خـــەوننامــــەکــــەی من بێنە، چونکە بۆ لێکدانەوەی خەونەکانی سـەردەمی تۆ ناشێت، خـەونی سـەردەمی تۆ شـوومن و من ناتوانم نوقڵانەی باشیـان لێبدەم. بڕۆ لە دەرەوەی تەلارە بەرزەکان خەون ببینە میران!»

کـەمـەکێک بە خۆمدا شکامـەوە بەوەی چۆن تا ئێـسـتـا پەیم بە خـەونەکـانی خـۆم نەبردووە، وەلێ ئەم جـارەش شەیتانەکەی نێو سەرم هانی دام بڵێم؛ «هۆ پێغەمبەری خەڵوەتنشین، ڕێگەم بدە بێمە خاک و پات، ئاخر تۆش لێم نەبوویتـە خـاوەن تەلارە بەرزەکـان، کـە بە ڕۆژەوە لە بڵندگـۆکـانەوە پەیمانمان لەگـەڵ دەبەستن و بە شـەویش کچێنی کچە ناباڵقەکانی شار دەدزن!). من خەریک بووم زاتێکی وا بکەم، لەنکاو لەوسـەری بان قـەڵاوە هەمـان دەنگە ئافرەتانەکەی پێشووم بیستەوە؛ «میران، بەردەم کـوختـەکـەی ئەو پێـغـەمـبـەرە بێکەسـە بەردە، ئێ ئەوەی پێویست بوو پێی وتیت، دەی وەرە با تاقیبێکی کچە ونبووەکەم بکەین.». لێ برام بەرەو شوێنی دەنگەکە بچم. هەڵوەستەیەکم کرد و هەستم بە ختوکەی پێیەکانم کرد، ئـیـدی زانیم ئەوە مـینا کـافـرۆشـیـە، چونکە لەتەک ڕەفتارەکانی ڕاهاتبووم. داچەمیمەوە خستمە نێو لەپم.

چاوی تێ بڕیم و وتی:
– میران، لەگەڵ هەر گرمەیەکی شاردا چەندین کەسی وەک من بچووک دەبنەوە و دەبنە کۆتر و پشیلە و سەگ و کوکوختی، ئەوانە لەگەڵ ئەوەی شێوەیان دەگۆڕێت، بەڵام بەردەوام لەگەڵتانن و جێتان ناهێڵن، کەچی ئێوە زوو لەبیرمان دەکەن وەکو وەی هەر نەبووبێتین و نەکرابێتین. وەی لەبێ وەفایی ئێوە!
– مینا کافرۆش، تۆ جاران جوان و ڕووگەی جحێڵان بوویت، هەرچەندە دەکەم بڕوا ناکەم تۆ مینا کافرۆش بیت.
– واز لە ڕابردووی من بێنە، بیر لەوە بکەوە، کە بۆچی من و کەسانی وەک من بەم دەردەچووین! «ئاخ سارا گیان تۆش وەکو من لەبیر چوویتەوە، تۆ ئێستا کۆتریکی سپیت، ئاخۆ لەسەربانی چ ماڵێکی ئەم شارە دەگمێنیت!».
– مینا کافرۆش، تۆ وتت ونبووە!
– ئەوە پارچەیەک لە جەستەی سارا لە ولاتەوە کەوتووە، بچۆ بەڕێزەوە هەڵی بگرە و بە بێدەنگێ بینێژە.. ئا با ئەوەشت پێ بڵێم، پێش ئەوەی هەر ئێستا جێت بهێڵم، داوات لێدەکەم زوو زوو سەردانی ئێرە بکە و گوێ لە چیرۆکەکانی دانیال پێغەمبەر بگرە، چونکە پڕن لەسەر بردەی ئەو پیاوە گێلانەی بەردەوام ژمارەکانیان وتەوە و لەمانای ژمارەکانیش نەگەیشتن.
– نا، مینا کافرۆش جێم مەهێڵە، دەمهەوێ پتر گوێت لێ بگرم، چونکە پەندت لێ وەردەگرم.
– میران، من بەیەکجاری جێت دەهێڵم، بیرت نەچێت ئەو لەتە جەستەیەی سارای کچم بنێژە.
لە حەژمەتان چاوەکانم نووقاند، لەوساتە کەمەدا شار لەزەینمدا بوو بە کتێبێکی یەکجار گەورە، دەستم بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی کرد، لە هەر لاپەڕەیەکدا قەوماوێکم خوێندەوە، هەر قەوماوێکیش پیاوێکی گێل بەرپای کردبوو و جێی هێشتبوو.

**مانگی ٨ و ٩ی ٢٠٠٧ هەولێر**

# هەموو شوێنێک، شوێنی ماسییە

فەڕۆخ نیعمەتپوور
(نەرویج)



سەمای ئاو لەسەر شووشەکان دەیگوت لە دەرەوە، لەو دیو شووشە نیوە تەماوییەکانەوە باران دەبارێ. ئاە باران! بۆ جارێکیش بێت، چاوی هەڵنەبڕی تا ئەو دیوی سەمای دڵۆپەکان بکەوێ و شایی باران لە خەڵوەتی حەوشەکەی پشتەوەیان ببینێ. هەموو شتێک تێکچڕژاوی دڵۆپەکان و خەملین و لارولەنجەی جۆبارە گچکەکانی سەر تەمی شووشەکان بوو!

ساڵی پەنجاوشەشە ناوەڕاستی پایزێکی تووش. پایزی ئەمساڵ بەس بە زمانی باران دووا! نە هەتاو بینرا و نە هەورەکانیش بۆ ساتێک لە چپە کەوتن. گەڵا زەرد و پیرەکان تەنیا بەدەم بارانەوە و لەگەڵ باران نیشتنە سەر زەوی.

دوای چەندین ڕۆژ لێخوردبوونەوە لە سەمای ئاو، تامەزرۆی بینینی ئاسمانی کرد. سەما نەیدەهێشت سەر هەڵبڕێ و لە پشت پەنجەرەکانەوە سەیری ئاسمان بکا. دەستی برد بۆ بارانییەکەی و پێڵاوی هەڵکێشا. دایکی دەنگی دا:

– بارانێکی بەخوڕە، نەچیتە دەرەوە، نەخۆش دەکەوی!

پاسکیلەکە لەژێر خان چاوەڕوانی دەکرد. بەدەم هەڵکێشانی زیپی بارانییەکەیەوە، گوتی:

– باران کێی نەخۆش خستووە تا من نەخۆش بخات؟

– دەرەوە ساردە، کە تەڕبووی نەخۆش دەکەوی.

حەزی بە سەمای دڵۆپەکان بوو لەسەر ڕوخساری لەسەر جەستەی، حەزی لە پیاسەی ناو گەڵا بوو.

– خۆم گەرم داپۆشیوە، نە تەڕ دەبم و نە سەرمام دەبێ... زوو دێمەوە.

ڕۆیشت. گوێی لە دایکی بوو...

– لانیکەم پاسکیلەکەت نەبەی، زۆریش دوور مەکەرەوە!

چەند مانگێک لە کڕینی پاسکیلەکە تێنەدەپەڕی. پاسکیل، مەودای کۆڵانەکەی پێبڕیبوو. ئاودیوی سنووری کۆڵانەکەی خۆیانی کردبوو. ڕۆژانەوە کە لە قوتابخانە دەهاتەوە، سواری دەبوو و دەگەڕا. سەرەتا نەیدەوێرا زۆر دوور کەوێتەوە. هەر جارە و کۆڵانێک واوەتر... دواتر گەڕەکێک ئێستا ئیتر دەیزانی گەڕەکەی سەر تەپۆڵکەکەی ئەوبەری شار چۆنە و چییە. لەوێوە هەموو شار دیار بوو. لەوێوە دنیا چەند جوان بوو! ئەم چەند بەرز ڕادەوەستا و شاریش چەند نزم ڕادەکشا! تەنانەت کێوەکانی دەوروبەری شاریش چەند ڕوونتر و بەهەیبەتتر خۆیان دەنواند. دەڵێی سینگی بە سینگی وانەوە دەنا و لێک دەگرژان و مۆڕ دەبوونەوە.

حەزی لە بینینی شاری نوقمی باران لە گردەکەوە بوو. ئارام دەرگای کردەوە. خۆی دایە ژێر گوێسوانەکە. چ بارانێکی بە لێزمە! کۆڵان چۆڵ بوو. کەس ڕانەدەبرد.

پلووسکەکانیش بە گەروویان ئاوازی ئاویان دەچڕی.

سەرەتا باران تەگەری پێشەوەی پاسکیلەکەی تەڕ کرد، ئەوجار خۆی. کە یەکەم ڕکابی لێدا، گوێی لە دەنگی خوساوی باڵەکوتەی کەڵەشێرێک بوو. لای نەکردەوە، بەڵام زانی ئەو کەڵەشێرە خەریکە بە لاچاو تاقە ڕێبواری ناو کۆڵانەکە بەڕێ دەکا. ڕۆیشت. کۆڵانی یەکەم و دووهەمی بڕی، گەیشتە ڕیزە دارەبی و دارچنارەکانی کۆڵانی سێهەم، کۆڵانێکی تەژی لە گەڵا. دابەزی و پاسکیل بە دەستەوە ئارام بە ناویاندا هەنگاوی هەڵگرت.

هەورە تریشقەی دەدا. دار دەلەرزی و گەڵا دەوەری. چەند بارانێکی بەلەزەت! نە ڕێبوارێک دیار بوو و نە سرتە و چپەیەک لە ماڵانەوە. تەنیا باران و ئەم، یان ئەم و باران!

بە گوێی گچکە چۆمەکەدا داگەڕا. درەختەکان بەجوانی مەودای بینینی ئاوەکەیان نەدەدا. تەنیا جار جارە لێرە و لەوێ لە ناو لق و گەڵاکانەوە کەفوکوڵی لێڵی ئاوەکەی دەبینی. ئاو دەڕۆیشت و ڕێبوارانی گەڵای لەگەڵ خۆی کۆڵکێش دەکرد. کتوپڕ لە ناو لق و پۆپەکانەوە بزاوتنی شتێک سەرنجی ڕاکێشا. ڕاوەستا. ڕاما. شتەکە بۆ جارێکی تریش جوولا. جووڵەکە دەڵێی سپی بوو. ڕەنگ سپی. بچێ، نەچێ! سەیرێکی ئەمسەراوسەری کۆڵانەکەی کرد. کەس بە دەرەوە نەبوو. پاسکیلەکەی دانا و ئارام بەرەو ناو دارەکان ڕێی کرد. کە نزیک کەوتەوە، جووڵە نەما. بترسێ، یان نەترسێ؟ حەزی زانینی ئەودیوی دیواری درەختەکانی کرد. ئاه چ جەستەیەکی زەڵام! ماسییەک بە قەدەر زەلامێک! ڕاوەستا. زیاتر بچێتە پێشەوە، یان نا؟ ماسییەکە چاوی لێکنابوو، بەڵام هەستی کرد هەناسە دەدا. نە گچکە چۆمێکی وا ماسی وای هەڵدەگرت و نە... خەونیشی دەبینی. هەنگاوێکی دی نزیک کەوتەوە. کلکی ماسییەکە ئارام جوولا. ئەوسا چاوی هەڵێنا. چاوێکی غەمگین و تەڕ و گەش لێکڕامان. کتوپڕ دەنگێک:

– ڕێگایەکی دوورم بڕیوە، ماندووم!

باوەڕی نەکرد، بەڵام چەند خێرا باوەڕی گۆڕا.

– لە کوێوە هاتووی، لە دەریاوە؟

– ئا، لە دەریاوە.

– ئاوی ئەم چۆمە ئەوەندە زۆر نییە تۆ هەڵگرێ و بتهێنێ.

– لەگەڵ باران هاتووم.

– لەگەڵ باران؟

– لەگەڵ باران.

پێی سەیر بوو. وەکی بڵێی ماسییەکە بەمەی زانیبێ. بۆیە گوتی:

– ئەمساڵ ئەوەندە باران دەبارێ کە ماسییەکان دەتوانن تێیدا هەناسە بکێشن و سەفەر بکەن!

سەری هەڵبڕی و سەیری ئاسمانی کرد. ئەوسا بیری گچکە جۆگەکانی سەر شووشەی پەنجەرەکان کەوتەوە. سەیرێکی ئەم لاولای خۆی کرد.

– هەر تۆی، یان ماسی ترت لەگەڵدان؟

ماسییەکە زەردەخەنەیەکی لێدا و گوتی:

– نازانی ماسییە گەورەکان بە تەنیا سەفەر دەکەن؟

بیری کردەوە گەر قەرار بێ ماسییە گچکەکان لەگەڵ جۆگەی باران بێن شار پڕ دەبێ لە ماسی. ماسییەکە گوتی:

– خەفەت مەخۆ، ماسییە گچکەکان جارێکە لەگەڵ باران سەفەر ناکەن.

– بەڵام گەر وا بڕوا، ئەوانیش دەیکەن، ئەوسا خوا دەزانێ چ دەقەومێ. لە پایزەکانی دی دەترسم!

– ئا، ڕەنگە لە ساڵێکی ترەوە مرۆ و ماسی پێکەوە بژین.

– ئا، ئەجار ڕەنگە چۆن ئێوە لەگەڵ باران دێن، ئاوا ئێمەیش لەگەڵ باران بڕۆین.

بێدەنگی. ماسییەکە چاوی لێکنا. ئەم گوتی:

– دوای ئەوەی باران تەواو بوو چ دەکەی؟

– نازانم، ڕەنگە بەقەد تەمەنی باران بژیم.

ئەمیش بیری کردەوە: «ڕەنگە ئەو مرۆڤانەش کە لەگەڵ باران دەڕۆن.» ئەوسا گوتی:

– دەمویست بچم بۆ تەپۆڵکەکەی ئەوبەر شار، بۆ بینینی شاری نوقمی باران.

– ئا، بێگومان لەوێوە باشتر چاوت بە جۆگە و چۆمی باران دەکەوێت.

شتێک لە دەروونیدا تا دەهات پتر بێ ئۆقرەی دەکرد. دایکی گوتبووی زوو وەرەوە، هەر ئەو کاتیش ئەم زانیبووی کە باران ناهێڵێ. ماسییەکە گوتی:

– ئیتر بڕۆ، من، یان لەگەڵ تەواو بوونی باران لێرە دەمرم، یان دیسان لەگەڵ باران سەفەر دەکەمەوە. خەمی منت نەبێ. ئێستا ئیتر هەموو شوێنێک شوێنی ماسییە. بڕۆ!

کە لە درەختەکان هاتە دەرەوە و سواری پاسکیلەکەی بوو، هەستی کرد شار زیاتر لە هەر کاتێکی دی بێدەنگ و کپی بارانە. بە پەلە ڕکابی لێدا و بەرەو گردەکەی شار بەڕێ کەوت. ماندوویی و ئارەقە و باران. قەت ئەوەندە تامەزرۆی ئەو تەپۆڵکەیە نەبىوو.

گەیشت. پاسکیلەکەی لە شوێنێ ڕاگرت. خۆی گەیاندە قەراغ، ئەو شوێنەی کە حەزی فڕین، یاخود ترس جەستەی مرۆ لێوڕێژ دەکا. ئەوسا کتوپڕ وێنەیەکی بینی، وێنەیەک کە لەناو مژ و تۆزی باراندا بزر دەبوو و نەدەبوو، وێنەی هەزاران مرۆڤ کە لەگەڵ باران هەڵدەکشان و هەزاران ماسی کە لەگەڵ باران دادەکشان.

**٢٠٠٧/٨/١٢**

# ل شەرمۆلا

حەلیم یووسف
(عاموودا)



**شەرمۆلا:**

نەبێژن ئەز کۆمەکە ئاخم و هەو. ئەز شتلەک ژ ئاخا هەرڤی مە. زەمان ئەز دڤر دە چاندم مینا گوهەکی مە. گوهەکی مەزنم، تەڤ کو ئەز پێچایی مە بگۆر و هەستێن مریان. ئەز ژ جی نالڤم. نارم جەم تو کەسی. خەلک یەکۆ یەکۆ کۆچا خوە باردکن و دبن مێڤانێ ئاخا من. هەڤال و هۆگرێن وی ب دەستێن خوە وی دسپێرن رەشت و دژوارییا ئاخا من. دەنگێ دییان خوەش تێ من دەما ژ زارۆکێن خوە هێرس دبن، وەی ئەز تە ساخ د شەرمۆلا دە ڤەشێرم لاوۆ. «ب لاشێن وە ئاخا من دخەملە لێ هەر لاشەکی نوو تە ب هەزاران کول و دەردان ب دوو خوە دە دوەشینە. ئەرێ هوونێ بێن جەم من، ئەز نایێم جەم وە.

هوون ژی ل من ناپرسن. کالە مێرەک هەبوو دناڤ وە دە بەری سەدێ سالان، ل چوون و هاتنێ دگۆت «کەربەش دڤێت کەرێ رەش، قەدرێ گولێ چ زانی.» گول دبە کو ئەز بم یان مرن بە.

هوون د گوهێ گێ دە نە. هوون مرییێن خوە دسپێرن من و وان ژبیر دکن بێ کو هوون زانبن کو جارنا جڤاتێ مرییان دگەرینم ب وان رە گۆڤەندێ دکم. پێکەنۆکێن ل سەر وە زیندییان دبێژم.

ب هەڤ رە ئەم ب رەوشا وە دکەنن. گەه ژ ب پەرگەها وە دگریم. پرسەکێ تەنێ د دلێ من دە زیل دایە. کی ژ وە دمرە وی یان وێ د سینگا من دە ڤەدشێرم لێ گەلۆ وە تو جاری پرسییا. ئەگەر کو شەرمۆلا بخوە بمرە وی کی سینگا خوە ژ جەندەکێ وێ رە ڤەکە. وێ کی من د هەمبیزا خوە دە ڤەشێرە؟

**نڤیسکارەکی مری:**

شەرمۆلا ئەڤە. گەه ب هەزکرنەکە مەزن ل سەر خەلکێن هاویردۆرا خوە دپەیڤن. گەه ب هێرسەکە خورت

و بێسەری ڕەوشا وان تینە زمێن. لێ تو جاری شەرمۆلا خوە ژ پالا باژارێ عاموودێ نەدانەیە ئالی. ب هەزار سالان ئەڤ گرێ پیرۆز بوویە بالیف.

عاموودێ ژی وەک ژنەکی، سپەهی. لێ د پاییزا تەمەنێ خوە دە، پشتا خوە دایە ڤێ بالیفا نەرم. نفشەکی ژ خەلکێن خوە ڤەدشێرم هەتا دۆرا نفشێ دن بێ. وسا عەورێن ئێشێن گران خوە نەددان کێلەکێ ژ زک ئەزمانێ عاموودا کۆر. عاموودا شەوتی. شەرمۆلا بلندتر دبوون.

سەرێ وی تم دناڤ عەوران دە قەرلشێن درێژ ڤەدکرن.

ب سەد سالانە کو ئەو ل مە گوهداری دکە. دە کا ئەم گوهێ خوە هنەکی دەینن سەر سینگا شەرمۆلا، بێ کا وێ چ ژ مە ڕە بێژە ل سەر ڕەوشا زندی و مرییێن مە. ژ بەر کو تشتێن کو ئەو بێژە نایێ گۆتن. تشتێ کو دیتیە تو کەسی نەدیتیە. نها وێ مە ببە جیهانەکە نوو. نە یا زیندییانە نە ژی یا مرییانە. هەر تشت تەڤلیهەڤە. مرن و ژیان، شین و کێف، هەبوون و تونەبوون تەڤ دە وەکی هەڤن. جیهانا خەلکێن شەرمۆلا دۆژەهی یە. ڕەنگینە، ڕەش د کەسک دە وندا دبە. سۆر تەڤلی شینە. سپی د زەر دە شین تێ. ڕەنگ هەڤدوو دخون، خەلک هەڤدوو دخون. لاور ل هەڤدوو سوار دبن. زارۆک پۆرسپینە. پیر و کال دبن مێر ژ قیزێن شەش هەفت سالی ڕە. دنیا خەرا دبە. خەلک ل بەندی بارانێ نە لێ زمان و پەنج و دران ژ ئەزمان دبارن هەر تشتی ددن بەر خوە و دەست ب دەرەو و گەز و کەن و کوشتن و داوەتان دکن و کی مێرە کو نەکەڤە ڤێ خەلەکێ. ڤێ چەرخا کو بەرەڤاژی و ڤالا دگەڕە.

**ئەڤ کورتە چیرۆکە ژ پەرتووکا «مری رانازن» هاتیە وەرگرتن رووپەلێن (٥١- ٥٤) و ئەڤ کۆمەلا کورتە چیرۆکان ژ ئالیێ وەشانخانەیا ئاڤەستا- ستەنبۆل ل سالا (١٩٩٦)ێ هاتبوو بەلاڤکرن. ناڤێ کورتە چیرۆکا شەرمۆلا ژ ناڤێ گۆرستانەکێ هاتیە وەرگرتن، کو هەمدیسان ناڤێ گرەکی هەرفی یە ل کێلەکا مەزەلێ عاموودێ ل کوردستانا رۆژئاڤا..**

**دمینیت بێژین کو حەلیم یووسڤ نڤیسکارەکی کوردە و ب هەردوو زمانان عەرەبی و کوردی دنڤیسیە و، د سالا (١٩٦٧)ێ ل باژارێ عاموودێ ژ دایکبوویە و، ژ بەرهەمێن وی یێن ب زمانێ عەرەبی ژی ژوانا ئەڤن:**

**- مێرێ ئاڤس، چیرۆک، ل سالا ١٩٩١ ل شامێ چاپبوویە.**

**- ژنێن ڤاتێن بلند، چیرۆک، ل سالا (١٩٩٥)ێ ل بەیرووت چاپبوویە.**

# بەرەبەیانێکی تەزیو

**سالار ئیسماعیل سەمین**
**(خورماتوو)**



ئەو ڕۆژە دایکت دەیان جار دەهاتە بەردەرگای حەوشەو دەگەڕایەوە ژوور. هەستی شەشەم بوو بە بەهارە برووسکە لە نێو شانەکانی مێشکیدا. دەیان بیرۆکە وەک ئازیز مردوویەک. دەلکایە بنمیچی کاسەی سەریەوە. شەو لە نیوە لای دابوو. لەگەڵ زەنگی دەرگای حەوشەکەتاندا. دایکت. ڕاچڵەکا. ویستی بەرەو دەرگای حەوشەکە بڕوا. لە ناوەڕاستی حەوشەکەدا. ڕاوەستاو دۆش داما.

– بەم نیوە شەوە دەرگا کردنەوە بۆ ئافرەتێکی وەک من نەهاتووە– ئەگەر دراوسێ بێ، یان ناسیاو. لەگەڵ زەنگ لێ دانەکەدا. دەیگوت من فلانم دەرگاکە بکەرەوە.

دایکت چووە ژوورەوە گڵۆپەکەی هەڵکرد. ماوەیەک چاوەکانی بەرەو بنمیچی ژوورەکە هەڵڕوانی. مێشک و هزر و خەیاڵی بەلای زەنگە ناوەختەکەوە بوو. جار جارێکیش لەگەڵ خەیاڵبازییەکەیدا. خۆی لەگەڵ خۆیدا دەدوا.

– لە ڕاستیدا ئەوەی لەگەڵ خەیاڵبازیدا زۆر تێکەڵ بێ. دەپەڕێتە سەری و تێک دەچێ. لەم تەمەنەشدا توانای حەیزەرانی شێخ و سەید و مەلاشم نەماوە. ئەوەی هاتەوە یاد. کە چۆن کاتی خۆی نەنکت تێک چووە و بردوویانە بۆ ماڵی سەید نیعمەتوڵڵا و بیست و یەک ڕۆژ لەنێو حەمامەکەیاندا پێوەنی کردووە. تۆ زۆر منداڵ بوویت نەنکت تەمەنی پەنجا ساڵێک دەبوو، بەڵام جوانێک بوو بۆ خۆی لە کچێکی بیست ساڵان جوانتر بوو. شێتییەکەی نەنکت لەوەدا نەبوو. ڕۆژانە چەند کراسێکی لەبەر خۆیدا ونجڕ ونجڕ دەکرد. هەموو لەشی دەردەکەوت.

سەید نیعمەتوڵڵا هەموو ڕۆژێ لە نێو حەمامەکەدا دارکاری دەکرد:

ئەو ڕۆژە بە قامچییە ڕەشەکەی دەستی سەرووی پەراسووەکانی هەڵترۆپاندبوو. خوێنێکی ڕەشی مەییو لە

نێو پۆسەی لەشییەوە دەبینرا. لە چەند شوێنێکەوە ژێر دەمی قەمچییەکان خوێنی دەدەڵاند. زۆری لێ دەکرد ناوی جنۆکەکانی بۆ بژمێرێ.

نەنکت هیچی نەبوو ئەوە نەبێ چەند ڕۆژێک تووشی گرانەتا ببوو.

جار جارێکیش بزە خەنە دەکەوتە سەر لێوەکانی، ئەو ڕۆژە نێو حەمامەکە تاریک بوو نیعمەتوڵڵا چووە ژوورەوە. قامچییە سێ پەلەکەی بە دەستەوە بوو، هاواری کرد بۆ نەنکت:

– ئەمڕۆ ئەگەر ناوی جنۆکەکانت نەژمێری هەلا هەلات دەکەم.

نەنکت جلوبەرگی لەبەردا نەمابوو، هەموو جەستەی بەدەشتەوە بوو.

لەگەڵ یەکەم قامچیدا هاواری کرد:

مرمرۆکە.. ئەوانی تر..؟ پشیلەی سەر ئاسنین. فاتە زلف شۆڕ. شوکە قاپ قاپ. مینە جنجێر. نوورە بیبسی. ئەحە لفکەشۆر. قالە دۆمیلسی... ئەوکاتە سەید نیعمەتوڵڵا بەرانبەری چیچکەی کردبوو، نەنکت بەهەردوو دەستی نێوگەڵی خۆی داپۆشی.

لە کاتی ئەم بیرکردنەوەیەدا دایکت چاوەکانی لە بنمیچەکە نەدەگوێزایەوە. زۆر لە سەرخۆ دەستی ڕاستی درێژ کردەوە و گڵۆپەکەی کوژاندەوە. دەرگای ژوورەکەی کردەوە. هەستی کرد دنیا زۆر ساردە بەرەبەیانێکی تەزیوە. تفەکت هەڵدایە دەیبەست. جارێکی تر گەڕایەوە نێو جێگاکەی.

بەڵام چاوەکانی لە پەردەی کلاوڕۆژنەکە نەدەگوێزایەوە.

هەر لەوکاتەدا دایکت باوکی کەوتەوەیاد:

– ئەوە بۆ ساڵ و نیوێک دەچێ هیچ سۆراخێکی نازانم. تەنیا ئاواتێکم ئەوەیە بە زیندوویەتی مابێ.

هەر لە شوێنەکەی خۆیدا ئەزنەقێکی داو ڕاستەپێ ڕاوەستا. دەرگای ژوورەکەی کردەوە. کرێوە بەفرێکی تێکەڵ بە بارانێکی لەسەرخۆ بەسەر شووشەی پەنجەرەکەی بەرانبەریەوە سەرنجی ڕاکێشا. دایکت دەرگای حەوشەکەی کردەوە گونییەکی میل سووری بەدەم بەستراوی لەبەر دەرگای حەوشەکەدا بینی. یەکسەر هەستی بە بۆنێکی گەنیو کرد. گونییە دەم بەستراوەکە دوو درزی تێدابوو.

دایکت نووشتایەوە. تەماشای درزەکانی کرد. خوێنێکی ڕەشی مەییو لەنێو دوو درزەکەوە شۆڕابوو.

چەند هەنگاوێک خوێن لەژێر گونییەکەوە ڕێچکەی بەستبوو. بەسەر چیمەنتۆی بەردەرگاکەدا قەتماغەی گرتبوو. ئەوکاتەی دایکت وەک هەڵۆیەکی ڕاوکەر تەماشای گونییە پڕ لە ترسەکەی دەکرد. لە شوێنەکەی خۆیدا سڵەمایەوە. دەرگای حەوشەکەی بەجێ هێشت و هاتەوە لای تۆو هاواری کرد:

– کچێ فریام کەوە. زەنگەکەی ئەم شەو زەنگێکی پڕ لە تاوانە.

جارێکی تر دایکت گەڕایەوە بەرەو دەرگای حەوشە و هاواری کرد: دراوسێکان و خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوە. ئەو خەڵکە لە بۆنی نێو گونییەکە لووتی خۆیان دەگرت، دوو زەلام یەکێکیان تەمەن مامناوەندی و ئەوی تریان هەرزەکار.

گەورەکەیان هاواری کرد بۆ ئەوی تریان. ویستیان دەمی گونییەکە بکەنەوە. بەشێکیان بە بۆچوونەکەی دوو زەلامەکە قایل بوون بەشەکەی تر بڕیاریان دا دەسەڵات و پۆلیسی لێ ئاگادار بکەنەوە.

تۆو دایکت بەسەر گونییەکەوە ڕوومەتی خۆتان دەڕنی و هاوارتان دەکرد. لەسەر بڕیارەکەی دایکت دوو زەلامەکە گونییەکەیان کردەوە. یەکەم تەنیا باڵێکیان دەرهێنا. دوو زەلامەکە چەند هەنگاوێک کشانەوە. تۆو دایکت لەبەر دیواری دەرگاکەدا ڕاوەستابوون. خەڵکی گەڕەکەکە بەرەو ماڵی ئێوە هەڵدەکشان. بەرەبەیانە تەزیوەکەش سەرماکەی لەوەدا نەبوو.

بەشێک لە پیاوانی گەڕەک سەرو پاڵتۆی ئەستووریان لەبەردابوو. لەگەڵ ئەوەش هەر دەلەرزین. خەڵکەکە هەتا دەهات زۆرتر دەبوون. ئەم گەڕەکی لای ئێوە لە مێژەوە دەست و پێیان دەخرێتە نێو کەلەپچە و پێوەندەوە و سەرنگوم دەکرێن.

هەر ئەو خەڵکە بۆ پێناسەی نێوەخنی گونییەکە بە پەرۆشەوە بوون. لەبەر ئەوەی کەسانێکی زۆری ئەو گەڕەکە لەمێژە سەرنگوون کرابوون. خەڵکەکە بەرەو شوێنەکە شەپۆلیان دەدا یەکێ لە بەساڵاچووەکان هاواری کرد بۆ دوو زەلامەکە.

– کاکە برا گونییەکە هەڵڕێژن هەموو شتێک خۆی دەردەکەوێ.

لەبەر ئەوەی بەردەرگاکەی ئێوە زۆر تەسک بوو. بەسەر دەستی ڕاستی دەرگاکەتانیشەوە. گەنکاوێکی زۆر ڕاوەستابوو.

کوڕە گەنجەکە گونییەکەی بۆسەر شەقامەکە ڕاکێشاو و هەڵیڕشت. ئەوکاتەی ئەندامی لەشی لەت و پەتکراوی کەسی نێو گونییەکە وەدەرکەوت. چەند کەسێک هەر لەوێدا بوورانەوە. زۆرتر کەللەسەرەکە بووە مایەی سەرنج ڕاکێشانی خەڵکەکە، چونکە ڕوومەتیان زۆر تێکدابوو کەس بە تەواوی نەیدەناسییەوە.

جەستە ونجڕ ونجڕ کراوەکەیان داپۆشی. بەشێک لەو خەڵکە هاواریان دەکرد:

– ئاگادارکردنەوەی دەسەڵات باشترە. بەشەکەی تریان پێدەکەنین و بە چپە. دەیانگوت.. دەسەڵات.. دەسەڵات.

تەرمە داپۆشراوەکە بەسەر شەقامەکەوە مایەوە. زۆربەی ئەو خەڵکە ڕاوەستاوەش تەماشای تۆو دایکتیان دەکرد.

لە ناو خەڵکەکەشدا بوو بە مقۆ مقۆو گەڕەلاوژێ. چەند بە ساڵاچوویەک لە خەڵکەکە دوورکەوتنەوە و لە پاڵ کەلەبەری دیوارەکەی بەرانبەر تەرمەکە دانشتبوون. بەدەم ڕەشەبای بەرەبەیانە تەزیوەکەوە هەڵدەلەرزین. ئەوەی کە ترس داپۆشیبوو چەقەی دگانەکانی بەرد هاوێژێ دەڕۆیشت، وتی:

– خەڵکینە ئەم تەرمە هی ئەم ماڵەیە. ئەی بۆ ئەوکەسەی تەرمەکەی هێنا لە زەنگی ماڵێکی تری نەدا. هەر هەموویان وتیان:

– ئەشهەدو... ڕاست دەکا.

ڕوومەتی تەرمەکەیان بە تەواوی تێکدابوو. چاوەکانیان هەڵکۆڵیبوو. هەردوو لا لغاوەیان هەڵتلێشاندبوو. گوێیەکانیان بڕیبوو. سەرەوەی لووتیان شکاندبوو. بەهیچ شێوەیەک نەدەناسرایەوە.

بەساڵاچووەکان هۆشمەندبوون. بڕیاریان دا عەقڵ بەکاربێنن.

یەکەم جار تەرمەکەیان هێناو لەسەر پشت درێژیان کرد.

کەللەسەرەکەیان دانا دواجاریش هەردوو باڵی و هەردوو لاقی– هەموو خەڵکە ڕاوەستاوەکە وتیان

– ئەم زەلامە کوژراوە زەلامێکی کورتە باڵایە.

هەر هەموویان بەسەر تەرمەکەوە. ڕاوەستابوون دۆش دامابوون.

بە ساڵاچووەکە جارێکی تر بەسەر تەرمەکەدا نووشتایەوە و بە تاسووقەوە. تەماشای کرد. بە کلکی دار گارەکەی دەستی، بازنەیەکی بەسەر زەوییەکەی بەردەمیدا دروست کرد. بەسەر سەنتەری بازنەکەدا خەتێکی ڕاکێشا. تەماشایەکی تۆو دایکتی کرد.

دایکت قریشقاندی. تۆ چەند هەنگاوێک بەرەو تەرمەکە ڕۆیشتیت. دایکت بە توندی لە ئامێزی گرتی. دەیویست لە تەرمە پارچە کراوەکە دوورت خاتەوە. لەوکاتەدا مەرگ ئەمەندە لێتەوە نزیک بوو دەیتوانی بە چرپە لە گەڵتدا بدوێ.

خەڵکانی ئەو گەڕەکە هەر هەموویان تەماشای تەرمەکەیان دەکرد و دەگەڕانەوە. دراوسێی دەستی چەپتان ژن و پیاوێکی زۆر ئاقڵ و ژیربوون. هەردووکیانیش مامۆستای قوتابخانە بوون.

بە توندی دەستیان گرتی و لەسەر تەرمەکە هەڵیانساندی، وتیان:

– باڵای باوکی تۆ دوو بەقەد باڵای ئەم تەرمەبوو.

مامۆستاکە بە دایکتی وت:

– هەرچەندی ڕوومەتی ئەم تەرمە تێکدراوە. کەس نایناسێتەوە، بەڵام بەو خوایە ئەمە مێردەکەی تۆ نییە. مێردەکەی تۆ نێوشانی دوو بەقەد ناوشانی ئەم تەرمەبوو.

– ئەی زەنگی دەرگاکەمان..؟

– زەنگی دەرگا گرنگ نییە. لای تاوانبار ئەوەیە تاوانەکەیان بۆ ئەو خەڵکە ئاشکراکەن.

– ئایا دەزانن من هەرچەندێ تەماشای باڵاو کەللەسەری ئەم تەرمە دەکەم دەیشوبهێنم بە دوکاندارەکەی تەنیشت کارگەی سەهۆڵەکەی بەرانبەرمانەوە

– ئەوە کەی گیراوە..؟

– بۆ دوو مانگ دەچێ

دایکت ژیر و ئازا و جەسوور بوو بە هاوارێکی پڕ لە قریشقەوە وتی:

– هەستە ئەمە تەرمی باوکی تۆ نییە. پتر لە پەنجا کەس لەم گەڕەکەی لای ئێمەدا بۆ ساڵێک دەچێ سەرنگوون کراون.

کێ دەڵێ ئەم زەلامە بستە باڵایە باوکی تۆیە..؟

تۆ و دایکت هاتنە ژوورەوە و دەرگاکەتان پێوەدا. بۆگەنی تەرمەکەش بەسەر شەقام و ئەو ناوە بەجێ ما.

# شووتی گەرم

**عەلی ئەشرەف دەروێشیان**
**لە فارسییەوە: ئارەزوو مەحموودی**
**(مهاباد)**



بە نینۆکم نێوە جوانەکەی تۆ لەسەرەوەی نێوی خۆم هەڵدەقەنم. هەوڵ دەدەم وەک تۆ جوان بنووسم. دەنووسم شۆهرە. ئێستا شۆهرە و سیاوەش لەکن یەک دانیشتوون.

کە شەودادێ و بێ دەنگی هەموو وڵات دادەگرێ، ڕادەکشێم و وەک باڵنج لەژێر سەرم دایدەنێم. گۆنام بە نێوە خۆشەویستەکەوە دەنێم و بە فرمێسکەکانم تەڕی دەکەم. فرمێسکەکان پێیدا دێنە خوارێ و دەڕژێنە سەر زەوی. نازانم تاکەی دەتوانم لەگەڵ خۆم هەڵی گرم، نازانم تاکەی دەتوانم دڵمی پێ خۆش بکەم، هاودەمم بێت و دەردی دڵی لەگەڵدا بکەم و تەنیاییەکەمی لەگەڵ دابەش کەم و باسی یادەوەرییەکانی ڕابردوومی بۆ بکەم. دوو هەفتەیە لەگەڵمە چاردە شەوی ڕێکە. مێهران کە لەلای من دەخەوێ، جار جار بە گاڵتەوە دەڵێ: «توخوا کەی بۆمان لەت دەکەی؟ دەترسێم ئاخری بڕزێ و تۆش ناچاربی دیاری دەزگیرانەکەت فڕێ بدەی.»

نا. فڕێی نادەم. هیچ کات. تا ئەو جێگایەی بۆم بکرێ، ڕایدەگرم. ئاخر دەستی خۆشەویستی تۆی وێ کەوتووە، تۆ کڕیوتە. لە باوەشت کردووە. بۆنی تۆی لێ دێ. بۆنی دڵڕفێنی تۆی لێ دێ. لەلای تۆ بووە. لەوانەیە لەسەر لاقەکانت دات نابێ. وەک منداڵێک. وەک منداڵی داهاتوومان کە بە تەماین نێوی سپێدە، یان سۆهرابی لەسەر دابنێین. لەوانەیە لە باوەشت کردبێ و بە سینگتەوە نووساندبێتت. وەک ئەو کاتەی کە بتەوێ مەمک بدەی بە سۆهراب، یان سپێدە. ماندووبووی و لەلای خۆت لەسەر کورسی ئەو ئۆتۆمبێلەی بۆ دیتنی من پێی هاتووی دات ناوە. لەلات دانیشتووە و پێستی لەگەڵ دەنگی ناسکی تۆ ئاشنا بووە. ئاخت هەڵکێشاوە. ناڵاندووتە و هەناسەی ماندووت، لەسەر توێکڵەکەی تۆمار کراوە. دڵنیام تۆمار کراوە. کاتێک گوێی پێوە

دەنێم، هەموو شتێک دەبیسم. دەڵێن ئەو گۆزانەی کە هی چەند هەزار ساڵ لەمەوپێشن، ئاوازی کرێکارانی گۆزەچییان لەسەر ماوەتەوە. منیش بە تەواوی ماناوە بە گیانێکی شێتانەوە دەنگی تۆ لەسەر توێکڵی شووتییەکە دەبیستم. دەنگی تۆ شۆهرەی خۆشەویستم.

شەوی ڕابردوو، خەونم پێوە دی. هەردووکمان لەسەر دوورگەیەکی بچووک دانیشتبووین. داوێنی (تەنوورە) شینەکەت ببوو بە دەریایەکی بەرین و دەوروبەری داگرتبووین. شەپۆلی داوێنە چیندارەکەت زۆر دوور ڕۆیشتبوو. قەراغ دەریا نەدەبینرا. پێم گوتی: شۆهرە نەکەی داوێنەکەت کۆکەیەوە و ئەم دەریا جوانە تێک دەی. کە سەیرم کردی، خەمناک بووی. ئەوەندە خەمناک بووی کە نەم توانی ڕوخساری شینت ماچ کەم.

شوتی لەبەردەممان بوو. ویستم قاشی بکەم. کە چەقۆکەم لەسەر توێکڵەکەی دانا، دەنگێک لەنێو شووتییەکەوە گوتی: «ئاخ ئێرە نا». ترسام و نووکی چەقۆکەم لەسەر شوێنێکی دیکە دانا. شووتی گوتی: «ئاخ ئێرەش نا». لە شوێنێکی ترم دانا، دەنگی لێ نەهات. دوو لەتم کرد. لەناکاو کچێک و کوڕێک لە شووتیەکە هاتنە دەرێ. یەکیان گوتی: «سڵاو دایە، من سۆهرابم» ئەوی دیکەیان گووتی «سڵاو بابە من سپێدەم». هەردووکیانمان لەباوەش کرد. سپێدە لەباوەش مندا بوو. سۆهرابیش لەباوەشی تۆدا. نازانم چۆناوچۆن بوو کە سپێدە و سۆهراب چوونە نێو توێکڵی شووتییەکە و لەسەر شەپۆلەکان دانیشتن و دوورکەوتنەوە. تۆ گریای و بۆ ئەوەی شەپۆلەکان نزیک کەیەوە، داوێنت کۆ دەکردەوە. من و تۆ هەوڵمان دەدا داوێنە شینەکەت نەمابوو و من تەنیا بووم. خەریک بوو بخنکێم. پرخەپرخم دەهات. وەخەبەر هاتم. شووتی لەژێر سەرمدا بوو. مێهران لە خەودا پرخەی دەهات. وەبیرم هاتەوە لە زیندانم و هەرچی خەمە ڕژایە نێو دڵم. من و مێهران بەیەکەوەین. ئەویش وەک من هیوادارە بەم زووانە ئازاد بکرێت. دۆسیەی ئەویش وەک دۆسیەی من شتێکی گرینگی تێدا نییە. دوێنی شەو، دە نەفەریان لە ژوورەکەی ئێمە بردە دەرەوە لای بەیانی، دەنگی گوللە و کوشتن دەهات. بەڵێ شەوی ڕابردوو.

مێهرانیش وەک من خاوەن دەزگیرانە و بە تەمایە دوای ئازادبوونی، زەماوەند بکات. وەک من. ئەو دەڵێ: دۆسیەکەم شتێکی گرنگی تێدا نییە. هاوڕێیەکم بوو کە ئێستا ڕای کردووە. لەبارەی ئەودا زانیاریان لێم دەوێ. هاوڕێی سەردەمی قوتابخانەم بووە. ماوەیەکی زۆرە هەواڵێکم لێی نییە. بۆ ئەوەی شوێنەکەی بدۆزنەوە گوشاری زۆریان خستە سەرم. ئێستاش کە هیچ زانیارییەکیان دەست نەکەوتووە داوام لێ دەکەن چەند وشەیەک بنووسم. بۆ ئەوەی ئازادم بکەن. من هیچ تاوانێکم نەکردووە، چ بنووسم؟

سەرم لەسەر شووتی دادەنێم و بیر لەو ڕۆژانە دەکەمەوە کە لەگەڵ تۆ بووم. وەبیر ڕۆژانی ڕابردوو دەکەمەوە. ئەو ڕۆژانەی بەیەکەوە دەچووینە سینەما. بژی زاپاتا، گڕەکانی ئاگر، لەبەندەر، بەفیڕۆ چوو، پاشان تۆ تا چەند ڕۆژ وەک ژنە ئەکتەرەکانی نێو فلیمەکانت لێ دەهات و دەوری ئەوانت بۆمن دەگێڕا. دەست بە نێوەکەت دادەنێم. چاوەکانم دەنووقێنم. فرمێسکەکانم بەسەر توێکڵەکەیدا دەبارێن و لەوێوە دەتکێنە سەر زەوی.

مێهران دەڵێ: «نازانم بۆچی ئازادم ناکەن. ئەوە شەش مانگە لەم بارودۆخەدام. تەنیا تاوانی من هاوپۆل بوون لەگەڵ کەسێکە کە سەردەمایەک بەیەکەوە لەپشت مێزێک دادەنیشتین. وێنەمان بەیەکەوە بووە. وەک هەموو هاوپۆلییەک. لە ڕووی ئەو وێنەیە منیان دۆزیەوە. ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە من زۆر لەمێژە هیچ هەواڵێکم لێی نەبوو. نازانم بۆ کوێ ڕۆیشتووە. چی بەسەرهاتووە. دەڵێن، بنووسە کە پەشیمانی. لەچی پەشیمان بم؟! لەوەی کە لەگەڵی هاوپۆل بووم. لەوەی کە وێنەم لەگەڵی هەیە. لەوەی کە لە پشت مێزێک دانیشتووین و کەسێک وێنەی گرتووین. لەوە پەشیمان بم؟ من لە کوێوە زانیبام ئەو بە تەمای چی بووە. نا.نا. من هیچ نانووسم.»

سەردەخەمە سەر شووتییەکەم. لەگەڵی دەدوێم. ئەویش لەگەڵم دەدوێ. بە مێهران دەڵێم کە منیش بێ تاوانم. ڕۆژێک بڕیاربوو لەگەڵ دەزگیرانەکەم بەیەکەوە بچینە سینەما.لە ماڵەوە کە هاتمە دەرەوە، دیتم چەند کەسێک دەیانەوێ کاوەی دراوسێمان بە زۆر بەرن. ئەو نەیدەهێشت بیبەن. نەدەچوو. هەرچواریان لە پشتەوە، یەخە و پیلیان گرتبوو و پچڕ پچڕ بۆلای ئۆتۆمبێلێک لە جۆری پەیکان کە لەولاترەوە بوو دەیانبرد. من ڕاوەستا بووم و سەیرم دەکردن. کاوە دووچڵ ئێسقان بوو. زۆر لاواز بوو. سپی هەڵگەڕابوو. ئەوان هاتن و منیشیان برد

و له ئۆتۆمبێلەکەیان خستم. چاویان بەستم و ئێستا، ساڵێکە کە ڕایان گرتووم. تاوانم چی بوو؟ سەیرکردن. دەڵێن بۆ لەوێ وەستابووی و سەیرت دەکردین؟ بۆچی لە نیگاتاشتێکی نالەبار دەبینرا؟ دەبێ پێمان بڵێ کە نیگات چی دەگوت؟ ئاخ لەو شتە نالەبارەی کە لە نیگامدا بوو، تاوانباری کردم و منی تووشی ئەو چارە ڕەشییە کرد.

ئەمشەو پازدە شەوە شووتییەکەم لەژێر سەرم دادەنێم. مێهران ڕاست دەکات. ئەگەر لەتی نەکەم دەڕزێ. بە دڵنیاییەوە سبەی بۆخواردنی نیوەڕۆ لەتی دەکەم. جۆرێک لەتی دەکەم کە نیوی من و تۆ وەک خۆی بمێنێتەوە. دەتوانم ئەو بەشەی بۆماوەیەکی زۆر هەڵگرم. لەژێر سەرم دایدەنێم. وەک یادگارییەکی پڕ بەها. سەرەتای شەو دوونیگابان دێن و نیوی دەکەس دەخوێننەوە. نیوی من و مێهرانیشی تێدایە. دەڵێن خۆتان بۆ سبەی ئامادەکەن. دڵنیام بڕیاریان داوە، شوێنەکەمان بگۆڕن. شتێکی دیکە بە زەینم ناگا. دڵەکوتەمە. سەیری مێهران دەکەم. بێ دەنگە بیر دەکاتەوە. چاوی لە شوێنێکی دوور بڕیوە. خەمێکی قووڵ لە ڕوخساریدایە. دەستێک بەسەر شووتیەکە دادێنێ و بە ئارامی دەڵێت: «ئەو زیاتر لە ئێمە دەژی». بە دەنگی پێکدادانی دەرکە ئاسنەکە ڕادەچەنم. هەموو سی کەسی دانیشتووی ژوورەکە وەخەبەر دێن و لەسەر جێگاکانیان دادەنیشن. دیسان نێوەکان دەخوێننەوە. دەکەس بەدوای یەکدا لە ژوورەکە دەچنە دەرەوە. شووتییەکەم لە بن هەنگڵم گرتووە. بۆ هەر شوێنێک بچم، لەگەڵ خۆم دەیبەم. بەجێی ناهێڵم. ناهێڵم تەنیابێ. لەبەر ئەو نێوە خۆشەویستەی لەسەرم هەڵکەندووە، خۆشم دەوێ. دوای یەک ساڵ ئەمە تەنیا یادگاری شۆهرەیە. وەرێ دەکەوین. مێهران لە پێشەوەی منە. سەری هەڵێناوە. شنەبایەک یاری بە قژی دەکات.

بۆوەی نەلەرزێم، شووتییەکە بە خۆمەوە دەکوشم، گەرماکەی ناهێڵێ بلەرزێم. هێشتا خەواڵووم. نازانم چە کاتە. هەموو بێ دەنگن. دەنگی پێ و هەناسە، دەوروبەرمانی داگرتووە. چەند جار لاقم وەبەردێک دەکەوێ و هەڵدەنگوێم. خەریکە شووتییەکەم لێ بەربێتەوە. توند دەیگرم و وەک گیانی شیرین بە سینگمەوەی دەنووسێنم..

– ڕاوەستە!

ڕووناکاییەک، لەپشت کێوەکان ئارام ئارام، وەدەردەکەوێ. ڕەنگی ئاسمان، وەک ڕەنگی خۆڵەمێشی لێ هاتووە کە سەیری پێشەوەی دەکەم، بەرپرسی لێکۆڵینەوەم بەباڵا کورتەکەیەوە بەرانبەرمان ڕاوەستاوە، بە نیگابانە تفەنگ بە دەستەکان دەڵێ کە بەرانبەر بە ئێمە چۆک دادەن.

نازانم ئەوە دڵی منە وە کوتەکوت کەوتووە، یان دڵی شووتییە!

لە ناکاو بەرپرسەکە چاوی بەمن دەکەوێ:

«هۆی ... ئەو ... ئەو شووتییە بۆ کوێ دەبەی بێ ئاقڵ!»

ئەوەی دەڵێ و قاقا لەسەر قاقا پێدەکەنێ. پێکەنینێک کە خەریکە لە پشتەوەڕا لێک بێتەوە، بەڵام هەروا پێدەکەنێ و دەڵێ: «بێچارە، ئەو شووتییە بۆ کوێ دەبەی!»

پێکەنینەکەی، زگە زەلامەکەی وەلەرزە دەخات. بە دەستەکانی، فرمێسک و لیکاوی زاری دەسڕێتەوە.

بە یەکێک لە نیگابانەکان دەستوور دەدات: «بیگرن، بیخەنە دەرەوە.»

بە قاقاوە دەڵێ: «شادمانی کردین، بێچارە!»

نیگابانێک دێتە پێشەوە. بن هەنگڵیم دەگرێت و لە ڕیزەکە دەمخاتە دەرەوە. واز لە شووتییەکە ناهێنم.

بەرپرسەکە دەڵێ: «برۆ، ون بە لەبەرچاوم. برۆ مەلعوون، لێی گەڕێن بڕوا.»

بە ترس و لەرزەوە، بە دڵە کوتەوە، دەکەوتم و هەڵدەستامەوە. نیگابان لەوێ دوورم دەخاتەوە. لە دوورەوە دەنگی گوللە دەبیسم. هاوژوورەکانم لەسەر زەوی، پەلەقاژەیانە. لەنێوان مێهران و ئەوانی دیکەدا جێی من بەتاڵە. مێهران کەوتۆتە سەر زەوی و پەلەقاژەیەتی.

شووتییەکەم هۆڕە هۆڕ دەگری.

**سەرچاوە:**

**نقد نو، سال دوم– شماره (۱۱) ویژه نوروز/ ۱۳۸۵.**

ناڵە حەسەن لە شیعری کوردیدا دەکەوێتە قۆناغی دوای ڕاپەڕین. ئەم قۆناغە بۆ ئەم نەوەیە ئاسۆیەکی بە پیت و بێ تەگەرە بوو، چونکە کێڵگەی نوێکردنەوەی شیعری کوردی باش کێڵدرا بوو، ئەوان دەبوایە تۆوی نوێکردنەوەیان بە پیت و ڕسکاوتر تێدا بوەشاندبووایە، چونکە هەموو نەوەیەکی چالاک دەبێت مەشخەڵی نوێکردنەوەی لە نەوەی پێش خۆی گەشاوەتر بێت.

ئەگەرچی ئەم شاعیرە لە ناو گرووپێکی سیاسی توند کاری سیاسی بەڕێوە دەبرد، بەڵام خۆشبەختانە شیعرەکانی پێچەوانەی ئاراستەی سیاسی لە ناو خودێکی ئازار دراو و تا ڕادەیەک بێهوودە خاڵێکی جوانی پێکهێناوە.

ماوەیەکە لە دەرەوەی کوردستان دەژی، غوربەت کاریگەری خۆی لە پێکهاتەی شاعیریەتی کردووە و زەمینەیەکی گەرموگوڕی ڕۆمانسی غەمباری داوەتێ تا تۆوی بەهرە و لێهاتوویی خۆی تێدا بوەشێنێ.



## ناڵە حەسەن:
## ئەو شاعیرانەی ئایدیۆلۆژیا دەیانجووڵێنێ کۆیلەن.. هەموو شتەکانی شیعریش لە جیهانی منداڵییەوە چرۆ دەکەن

**رامان:** کەشوهەوای (گەڕەکی تەیراوە) و سەردەمی منداڵیت چ کاریگەرییەکی لەسەر خۆدۆزینەوەتدا هەبووە، لە بواری شیعردا. ئایا ژینگەی ئەوکاتەی زاگە، کاریگەرییەکی هەبووە لە دروستکردنی توانا و بەهرەی شیعر لای ئێوە؟

**ناڵە حەسەن:** بەو پێیەی خەیاڵ ڕووبەرێکی بەرفراوان لە شیعردا داگیر دەکات. خەیاڵیش بەبێ ئاوڕدانەوە لە ڕۆژگارەکانی دوێنێ و بەبێ ئاوڕدانەوە لە خەون و خەیاڵە شیرینەکانی منداڵی، ناتوانێ بگاتە ئاستی قوڵبوونەوە و ئاستەکانی بێئاگایی و وڕێنەیی. خەیاڵ بەبێ ئاوڕدانەوە لە یادەوەرییەکانی منداڵی، ناتوانێ زمانی ناوەوەی مرۆڤ بهێنێتە گۆ، زمانی غەریزەکان و حەزەکان و ئارەزووەکان، ناتوانێ بوخچەی چەپێندراوی خەون و ئومێدەکان بکاتەوە. «سارتر» لە کتێبی (لە سوکراتەوە بۆ سارتر) کە لە نووسینی (تی. زێت. لاڤین)دا دەڵێ: من ڕقم لە منداڵی خۆم دەبێتەوە، چونکە هەموو شتێک لەوێدا دەمێنێتەوە. واتە هەموو شتەکان دەگەڕێنەوە بۆ ئەو وێستگەیە. واتە هەموو خەیاڵەکان و خەونەکان و خۆزگەکان، بە بارانی یادەوەرییەکانی منداڵی چرۆ دەردەکەن و بەبێ ئاوڕدانەوە لەم تەمەنە نەک هەر نووسین، بەڵکو ژیان مانایەکی نییە. (فرۆید) یش یاساکان و قەیدوبەندەکان و بیرکردنەوە تەقلیدییەکانی نێو کەڵچەرێکی پارێزگاری ئەوسای خۆی، لە بیناکردنی کەسایەتی خۆیدا ڕەنگدانەوەی هەبووە، هەڵسوکەوت و یاساکانی باوک و دایک ڕەنگدانەوەی بووە بە سەر تیۆر و بیرکردنەوەی فەلسەفە دەروونییەکەیدا. لە بەرئەنجامەکانی توندوتیژی باوک بوو«گرێی ئۆدیب»ی داهێنا. لە ڕێگەی تیۆرییەکانییەوە، ترس و تۆقین و خەونە چەپێندراوەکانی منداڵی و هەرزەیی خۆی نووسیوە. پێداگرتنی فرۆید لە سەر هەستە نەستییەکان و غەریزە کپبووەکان، ڕاستەوخۆ پێوەندی بەو باکگراوندەی سەردەمی منداڵی و هەرزەییەوە هەیە. کاریگەری یادەوەرییەکانی منداڵی لە نێو شیعرەکانی (ڕامبۆ، شاملو، ئەدۆنیس، ئەزرا پاوەند،... تاد) زۆر بە ڕۆشنی دەبیندرێ، بەڵام من بە پێچەوانەی سارتر یادەوەرییەکانی منداڵی خۆم خۆش دەوێ، بە هەموو خۆش و ناخۆشیەکانییەوە، بە هەموو مردن و لە دایکبوونەکانییەوە، یادەوەرییەکانی منداڵی من پڕاوپڕ بوو لە کارەسات و لە مردن و لە فڕین. من هێندە منداڵێکی چەتوون و بزێو بووم، بیرمە ڕۆژ نەبوو چەند جارێک نەمرم. ڕۆژنەبوو خەون و ئارەزووەکانم سەر نەبڕدرێ. منداڵیم پڕاوپڕ بوو لە نائومێدی و مردن. لەگەڵ ئەوەش باڵندەیەک بووم هەرگیز لە فڕین نەدەکەوتم. من ئێستاش درێژکراوەی تەمەنی منداڵیمم. ڕەنگە هەر بۆیە شیعرم نووسیبێ، تا لە نێو خەیاڵە جوانەکانی شیعر، خەون و ئارەزووە چەپێندراوەکانی منداڵی خۆم نمایش بکەمەوە. من لە نێو شیعرەکانمدا هاوار و گریان و فڕینەکانی سەردەمی منداڵی خۆم دەنووسمەوە.شوێن ئەو ڕۆژانە هەڵدەگرم کە لە نێو هاوارەکانی دوێنێمەوە خۆزگە و خەونەکانی ئێستام ڕووت دەکەمەوە و وەقسەیان دەهێنم. «شاملو» دەڵێ: (خۆزگە عەشق زمانی با وەقسە هاتبا)، بەڵام من ئەو خۆزگەیە لە نێو خەیاڵی شیعریم تێدەپەڕێنم و عەشق وەقسە دەهێنم. خەونەکان و غەریزە کپبووەکانم وەقسە دەهێنم. لە ژێر کاریگەری فرۆید دا بە زمانەکانی عەشق غەریزەکان و خەونەکانم دەنووسمەوە. هەندێک جاریش بە زمانەکانی گەردەلوول و برووسکە وەک مرۆڤێکی یاخی و ئەشقیایەکی سەرشێت: یاخی لە بازنەکانی حەرام و حەڵاڵ لە سنووربەندییەکانی کولتوور و ئایین و ئایدیۆلۆژیا. هەر بەم ڕۆحە یاخییەوە، جوانییەکانی ئەودیو مەراقەکان و خەونەکان و هاوارەکانم دەنووسمەوە. بەڵێ ئەو ڕۆژانە گەلێک کاریگەریان لە سەر بیرکردنەوە و دۆزینەوەی خودی مندا بووە کاتێک خەیاڵەکانی ئەو ڕۆژگارانەم دەنووسمەوە، دەچمەوە نێو دنیایەکی تر و هەموو شتەکان هێمن و ڕەنگین و جوان دێنەوە بەرچاو.منیش ڕۆدەچم و لە هەموو شتێک دادەبڕێم. «تەیراوە»ش ئەو بەهەشتەیە لەوێدا، منداڵیم و عەشق و شیعر چاویان هەڵێناوە. زاگەی ئاشنابوونمە بە جوانییەکانی گوڵەگەنم و پەپوولە و باران و زەردەخەنەکانی سەر گۆنای دایکم. تەیراوە بۆ من مەملەکەتێکە پڕ لە سیحر و نهێنی و پڕ لە پەلکەزێڕینەی بەرائەتی دوای بارانی عەشق و سۆز و میهر... بەهرەش شتێک نییە لە ئاسمانەوە بێتەخوار. شتێک نییە لە نێو

**لەنێو شیعرەکانمدا هاوار و گریان و فڕینەکانی سەردەمی منداڵی خۆم دەنووسمەوە**

دەریای وەهم بێتە بوون. لە نێو خەیاڵە شیعرییەکانی مندا، بەبێ ئاوڕدانەوە لە وەرزە پایزە بەهارییەکانی منداڵیم، بەبێ پیاسەکردن لە نێو کۆڵانەکانی شوێنی لە دایکبوونم نە عەشق مانایەکی هەیە نە میلۆدییە ڕۆمانسییەکانی جوانی.

**ڕامان:** ئێوە لە خوێندندا بواری زانستیتان هەڵبژاردووە، دەرچووی پەیمانگەی تەندروستین، لە هەمان کاتیشدا بۆ ماوەیەکی درێژ باوەڕێکی ماددیتان هەبووە. ئایا کەسێکی کۆمۆنیست لە ڕووی ئایدیۆلۆژییەوە، دەتوانێ هێندە بە ناسکی و بەو شێوە پڕ لە عاتیفەیە شیعر بنووسێ. شیعرەکانی تۆ پڕن لە لاواندنەوەیەکی خۆرهەڵاتیانەی ڕووت، هەمیشە فرمێسک بە چاوی وشەکانتەوە دیارن. (بە تایبەت لەو شیعرەی کە بۆ خولیای هاوسەرت نووسیوە)، کەچی کەسانی ئایدیۆلۆژی تاکباوەڕ، ڕەق و لۆژیکیانە و بە پێوەرەکانی عەقڵ و هاوکێشە ماتماتیکییەکان بیر دەکەنەوە. تۆ چۆن لەم هاوکێشەیە دەڕوانی؟

**ناڵە حەسەن:** بە بڕوای من لە نێو پانتایی دنیای هێمنی شیعر، هێندەی ئەوە کاریگەری هەیە کەوا ئەو شاعیرە، چۆن لە خەیاڵی شیعری و وێنەی شیعری و زمانی شیعر دەڕوانێ و چ بیرکردنەوەیەکی هەیە بۆ دنیای ئیستێتیکی شیعر، هێندە پێوەندی بەوەوە نییە کەوا ئەم شاعیرە چۆن بیردەکاتەوە و چ ڕوانینێکی هەیە بۆ دەسەڵات و سەر بە چ ئایدیۆلۆژیایەکە و لە چ ڕشتەیەکدا کاردەکات، چونکە لە سۆنگەی ڕوانینەکانی منەوە ئەو شاعیرانەی شەپۆلەکانی ئایدیۆلۆژیا فاکتەر و بزوێنەری بەلەمەکانی خەیاڵ و وشە و پێکهاتە شیعرییەکانیانە، زۆر بە قەناعەتەوە دەڵێم ئەو شاعیرانە (کۆیلەن)، چونکە ئەو خەیاڵەی بە ڕەنگە ئایدیۆلۆژییەکان ڕەنگڕێژ دەکرێ خەیاڵێکی مردووە، هەرگیز هێندە بڕناکات بگاتە ئاستی پێگەی سووتان و لە نێو نیشتیمانە بەرینەکەی خەیاڵ و جوانی جێگەی نابێتەوە. زمانی شیعر لەلای ئەم جۆرە شاعیرانە ناتواندرێ لە نێو بازنەی ڕووتی وشە دەربچێ. دەقێکیش لە دایک دەبێ دڵنیام خوێنەر لە جارێک زیاتر نایانخوێنێتەوە، چونکە بە بڕوای من برووسکە و هەورە تریشقەی نێو ئاسمانی شیعر، ئەوە هاتنە گۆی خەون و خەیاڵ و خۆزگە و سووتان و عەشق و جوانی و پاکی و ڕاستگۆیی مرۆڤە نەک زمانی ئایدیۆلۆژی و تاکباوەڕی و پێوەرەکانی عەقڵ و هاوکێشەی ماتماتیک و شتی تر. شیعر خۆ شلکردنە بۆ دەست حاڵەتی بێئاگایی. نووسینەوەی هەناسەکانی وڕێنەیە لە بنار هەورازەکانی مەعریفەدا. من کە بە نێو قووڵایی خەیاڵەکانم ڕۆدەچم بێئاگا دەبم لە خۆم و لە کاریگەرییەکانی ئایدیۆلۆژیا، هێندە ڕۆدەچم تا ئاستی فڕین و مەستبوون. لەوێوە دەتوانم بچمەوە نێو قووڵایی دەریا بێ بنەکانی خەون، ئارەزوو، عەشق، جوانی، سۆز، بەرائەت،...تاد لەوێوە دەتوانم بگەڕێمەوە نێو یادەوەری ڕۆژەکانی نێو منداڵدانی دایکم. نووسینەوەی ئەو چرکەساتانەی بۆ یەکەم جار هەستم بە جوانییەکانی تریفەی مانگ و سەوزایی سنەوبەر و خامۆشی پاییز و ڕەنگە ئاڵەکانی باخچە کرد. من کە وڕێنەکانم دەنووسمەوە هێندە بێئاگا دەبم لە خۆم و لە ئاوەدانی، تا ئاستی ئەوەی: نازانم من کێم و چیم، سەر بە چ نەژادێکم ، نێرم، یان مێ. منداڵم، هەرزەم، یان پیر. لە سەرەتای ساڵەکانی شیعر نووسینم، کاتێک کە سەرساامییەکانی خۆم بۆ عەشق و بۆ جوانییەکانی مەمک دەنووسییەوە، زۆرێک لە خوێنەرەکانم وایان دەزانی من ژنە شاعیرێکم نەک پیاو. مرۆڤ پێکهاتەیەکە پڕاوپڕ لە سۆز و عاتیفە و خەونی ڕەنگاوڕەنگ.لە دیوی ناوەوەیدا ڕەنگی تر و خەونی تر و سروشتێکی تر هەیە. نووسینەوەی شیعر نمایشکردن و بە کاراکتەرکردنی ئەم سروشت و دنیا نەبیندراوەیە. ئەوەتا (کارل مارکس) کە دامەزرێنەری ماتریالیزمی دیالێکتیکە لە نامەیەکدا کە بۆ ژنەکەی دەنووسێ: داوای ئەوە لە هونەرمەندە تەشکیلییەکان دەکات، کە تابلۆیەک بکێشن ئەم چەمابێتەوە و کڕنوشی لە بەردەم ژنەکەیدا بردبێ. ئایا چ خوێندنەوەیەک بۆ خەیاڵی ئەم تابلۆیە دەکرێ. ئایا ئەمە زمانی ئایدیۆلۆژیایە، یان زمانی عەشق و بەها و سووتان و سۆز و خەونە جوانەکانی مرۆڤە. من دەمەوێ ڕاستگۆ بم لەگەڵ خۆم و خوێنەرەکان و لەگەڵ ئێوەدا. لە سەرەتای شیعر نووسینمدا ڕوانینەکانم بۆ ئەدەب و هونەر جیا بوو. لە سەرەتا (شیعر لای من هۆکار بوو نەک ئامانج)، بەڵام خۆشبەختانە هەر زوو بەوە گەیشتم کە دنیای شیعر زۆر بەرینتر و فراوانترە لە دنیای پڕاوپڕ لە پەیام و لە کلێشە و لە هەراوزەنای ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت، بۆیە هەر زوو شیعرەکانی خۆمم ڕزگارکرد لە دەست هوتاف لێدان و لە خەیاڵە وشک و نەزۆکەکانی کۆیلەتی. ئەو شیعرەش کە ئێوە باسی دەکەن بۆ بزە گەرمەکانی خولیام نووسیوە،

ئەوە لە کاتێکدا بوو هێندە تەنیا بووم تا ئاستی مردن و ونبوون. بەڵێ لە زۆرێک لە شیعرەکانمدا لاواندنەوەی رۆژهەڵاتیانە دەبیندرێ. بەتایبەتی لەو شیعرەی کە بەرێزتان باستان کردووە. رەنگە ئەوەش پێوەندی بە مانەوەی تەمەنێکی درێژەوە هەبێ لە نێو کۆڵانەکانی غوربەت و تامەزرۆیی هەستی گەڕانەوەم بۆ نیشتیمانە سپییەکەی لە دایکبوونم، یان پێوەندی هەبێ بە بوونی من و کەسایەتی من و بیرکردنەوەکانی من، بەڵام هەرچۆنێک بێت، ئەوە منم. رۆحێکی خۆرهەڵاتیانەی شەقار شەقار بووی نێو مەملەکەتی غوربەتم. بە هەموو رەنگ و ڕوانینەکانمەوە، بە هەموو هاوار و مردنەکانمەوە. وام لە نێو شیعرەکانمدام، بەڵام من هێندە دەزانم، ئێستا ئایدیۆلۆژیا و بیرکردنەوەی رەهایی لە نێو بوون و خەیاڵەکانی مندا مانایەک و ئەو کاریگەرییە تۆخەیان نییە. ئێستا (حەقیقەت بە تەنیا لەلای من نییە). من ئێستا هەورێکی گوماناویم لە نێو ئاسمانی خەون و بیرکردنەوەکانمدا، من بەشێکم لە گومان و گومانیش هەناسە گەرمەکانی نێو ڕۆحی منە.

**ڕامان:** سەرەتای دەیەی کۆتایی سەدەی ڕابردوو ساردەمەنیەکت لە بەرامبەر مزگەوتی سپی لە هەولێر هەبوو. لە نێو ئەو غەلبەغەلب و هاوار هاوارەدا تۆ لەگەڵ برادەرەکانت لە شیعر دەدوای، ئایا ئەو بەردەوامییەی تۆ لە شیعردا ئەوپەڕی عاشق بوون نییە بۆ شیعر. بە واتایەکی دی تا کوێ و تا چ ئاستێ عاشقی شیعریت.. بۆچی؟

**ناڵە حەسەن:** لە نێو هەناوی ئەم پرسیارەتاندا، لاپەڕەی رۆژانێکم بۆ هەڵدەدەنەوە کە ڕۆژانێکی بەرچاو و دیارە لە نێو یادەوەرییەکانی مندا. بەڵێ لەو ڕۆژگارەی ئەوسادا کە تەمەنێک لەو شوێنەدا کارم کرد. سەردەمانێک بوو، خۆشی و لەزەتم لە هەموو شتێک دەبینی. بە عەشقەوە دەمخوێندەوە و بە عەشقەوە دەمنووسی. سەرەتای ساڵەکانی سەردەرهێنان و دەرکەوتنم بوو. سەرەتای ئاشنابوونم بوو بە مەعریفەی دەق و مەعریفەی زمان. لەگەڵ هات و هاوار و بەزم و سەفای هەرزەکارانی ئەو شوێنەدا، من لەگەڵ برادەرەکانم بە تایبەتی (زانا خەلیلی شاعیر و بەختیار محەمەد عیسای نووسەر) و چەند برادەرێکی تر باسی شیعرمان دەکرد، باسی ئەدەب و هونەر بە گشتی و زۆر شتی تر. من ئەو کاتە لە گەرمەی کارکردندا بووم لە نێو جیهانی



سیاسەت و ئەدەب و هونەردا. لەگەڵ ئەوەشدا لە خەمی ئەوە دابووین، چۆن ببین بە خاوەنی دەنگی خۆمان. لە خەمی ئەوەدا بووین چۆن شەپۆلەکانی ئایدیۆلۆژیا و سیاسەت لەگەڵ خۆیدا نەمان بات و ونمان نەکات. چۆن سیاسەت جوانی و خەیاڵە ڕۆمانسییەکان لە نێو شیعرەکانمان دا نەخنکێنێ. چۆن بە ئازادی بیربکەینەوە و ئازادانەش بنووسین. بەهەرحاڵ ئەم ڕۆژانە ڕۆژە گەرمەکانی تەمەنی منن. لەو سەردەمانە عەشق بە هەموو مانا فەلسەفییەکەیەوە مانایەکی هەبوو لە نێو شیعرەکان و نووسینەکانی مندا. هەتا ئەمڕۆش بە هەمان جۆش و خرۆشەوە و هەمان ڕوانینم هەیە بۆ عەشق و بۆ دنیا سیحریاوییەکەی نووسین و شیعر. من تا سەرئێسقان عاشقی شیعرم. ئەم عاشقبوونەم بۆ شیعر پێم وایە بەردەوامی بەبوونم داوە، کاریگەری زۆری لە سەر خۆدۆزینەوە و ناسینی خود و خەون و خولیاکانمدا بووە.

**ڕامان:** تا چ ئاستێ هێڵی بەیانی دیوانێک لەگەڵ دیوانێکی ترت ڕوو لە بەرزبوونەوەیە، ئایا کارت لەسەر ئەوە کردووە دیوانی ئەمڕۆت لە هی دوێنێ نەچێ. چۆن؟

**ناڵە حەسەن:** من پێم وایە ئەو نووسەرانەی کە هەمیشە خۆیان دووبارە دەکەنەوە، ئەو نووسەرانەن خەمی داهێنانیان نییە، یان تەنیا خۆیان دەخوێننەوە. ئەگینا بۆ نووسەرانێک کە خەمی داهێنانیان لە بەر بێ وا پێویست

دەکات هەمیشە لە نوێبوونەوەدا بن. ئەمەش کارێکە بە ئیرادەگەری ناکرێ، بەڵکو کارێکە بەرچاو ڕۆشنی دەوێ، بەهرە و توانای دەوێ، شەونخوونی و ماندوبوونی دەوێ. مەبەستمە بڵێم: دەبێ ڕوئیایەکی ڕۆشنمان بۆ نووسین و داهێنان هەبێ. هەزاران ساڵە «ئەرستۆ» وتوویەتی: (کردەی شیعر نووسین کردەیەکی لاسایی کەرانەوەیە). دەبێ چی بکەین خۆمان لە بازنەی لاسایی کردنەوە بهێنینە دەرێ و داهێنانی خۆمان هەبێ. دەبێ چی بکەین تاکو بتوانین خوێنەرانمان سەرسام بکەین و پرسیاری تازەیان لەلا بوروژێنین. دیارە بۆ هەر شاعیرێک و نووسەرێک دیاری کردنی هێڵی بەیانی نێوان دیوانەکان و دەقەکانی ئەمە کارێکی زۆر گرینگ و پێویستە. ئەمەش زیاتر خوێنەران دەتوانن بریاردەری بن ئەگینا وەک دەڵێن: (کەس بە دۆی خۆی ناڵێت ترشە)، بەڵام تا ئەو جێگایەی بۆ خودی خۆم دەگەڕێتەوە، دەتوانم بڵێم زۆر بە ئاگاهانەوە ئەم مەسەلەیەم لە بەرچاو گرتووە و کاریشم بۆ کردووە. من پێم وایە جیاوازی زۆر هەیە لە نێوان (مۆمێکی نوێی تەمەنم) و (ڕەشبەڵەکی ڕۆح)، یان لە نێوان (ڕەشبەڵەکی ڕۆح) و (عەشق و بەرائەتی ئاو)، یان لەگەڵ (ڕەنگە ئیرۆسییەکانی ئاگر) دا، یان لەگەڵ (نیگایەک بەسە بۆ مردن) کە تازەترین دیوانی شیعریمە. چ لە ڕووی ناوەرۆکەوە چ لە ڕووی زمان و ستایلەوە ئاڵوگۆڕی زۆر لە نێوانیاندا دەبینم، پێشم وایە ئاڵوگۆڕەکان ڕوو لەسەرەوەن. من زۆرجار لە شیعرێکەوە بۆ شیعرێک ئەم جیاییە لە خۆمدا دەبینم. بە خۆشحاڵییەوەش زۆر جاران لە دەمی ڕەخنەگران و نووسەران و خوێنەرەکانمەوە ئەمەم بیستووە و پێم گەیشتۆتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا من پێم وایە نووسین کارێکی ئاسان نییە، تا نووسەر ئاستی توانای فیکری و مەعریفی بچێتە سەر، کردەی داهێنان قورس و قورستر دەبێت. دوای تەمەنێکی دوورودرێژ لە نووسین لە چاوپێکەوتنێکدا لە «گابریل گاریسیا مارکیز»یان پرسی (ئێستا کاری نووسین ئاسانترە، یان پێشتر) لە وەڵامدا وتی: ئێستا زۆر بە زەحمەتتر دەنووسم.

**ڕامان:** کە کوردستان جێ دەهێڵیت و ڕوو لە کۆڵان و گەڕەک و شار و وڵات و کیشوەرێکی نوێ دەکەیت، ئاستەنگەکانی ئەو ژیان و ئەو دەسپێکە بۆ شاعیرێکی کورد لە کەنەدا چییە؟

**ناڵە حەسەن:** دیارە بۆ هەرکەسێک کە نیشتیمانی خۆی جێ دەهێڵێ و ڕوو لە وڵاتێکی تر و کیشوەرێکی تر دەکات، لە سەرەتاوە وەک کەسێکی نامۆ و لاڵ و لاتەریک و دوورەپەرێز دەبێ لە هەموو شتێک.وەک باڵندەیەکی باڵشکاو، یان گەڵایەکی هەڵوەریوی دەم شۆستەکان دێتە بەرچاو. کاریگەرترین ئاستەنگیش نەزانینی زمانی ئەو وڵاتەیە، چونکە بە تایبەتی لە سەرەتادا فێربوونی زمان کلیلێکە بۆ کردنەوەی زۆربەی دەرگاکان. لە پاڵ فێربوونی زمانیش ئاستەنگی ژیان و گوزەران و بەرپرسیەتی خێزانداری و منداڵ و هەموو ئەمانەش کاریگەری خۆیان دەبێ . ئاستەنگێکی تر چۆن بتوانی (ئەگەر بکرێ) بەخێرایی خۆت لەگەڵ دابونەریت و کەلچەری ئەم وڵاتە تازەیە ڕابێنێ، ڕەنگە لە دوو ئاستی زۆر جیاوازدا بن لەگەڵ کولتوور و دابونەریت و باری کۆمەڵایەتی وڵاتی خۆتدا. دیارە خۆ گونجاندن لەگەڵ کولتووری وڵاتێکی تر کارێکی وا ئاسان نییە. ڕەنگە مرۆڤی وا هەبێت کە دڵنیام زۆریشن تا تەمەنێکی زۆر هەر نەتوانن لەگەڵ ئەم کەشوهەوا تازەیەدا ڕابێن، ڕەنگە لە ناخی ناخەوەیان لە کێشەیەکی قووڵ و لە مەینەتدا بن. ئەمەش لەسەر خودی کەسەکان دەوەستێ. کە تا چەند توانای ئەم گۆڕانە لەو کەسەدا هەیە.ڕەنگە پێوەندیشی بە ئاستی بیرکردنەوە و ئەو پاشخانە مەعریفی و ئاستی کرانەوەی ئەو کەسەوە هەبێ. فێربوونی زمان و تێکەڵبوون بە دابونەریتی ئەم وڵاتە و سوود وەرگرتن لە مێژوو و لە ئاستی ڕۆشنبیری و مەعریفی ئەم وڵاتە کارێکی سەرەکی و زۆر پێویستە بە تایبەتی بۆ کەسی نووسەر و شاعیر.

**ڕامان:** لە کۆڕی شیعری ٢٠٠٧/٥/٢٣ لە هۆڵی یەکێتی نووسەرانی کورد لە هەولێر هەندێ شیعری نوێی خۆتت خوێندەوە، هەندێ لە وەرگران لایان وابوو شیعرەکانی تۆ پێدەچێ لە کوردستان نووسرابن. بە واتایەکی تر هیچ سیما و خاسیەتێکی شیعری نوێی ئێستای ئۆرۆ - ئەمریکی بە شیعرەکانتەوە دیار نەبوو. بۆچوونی تۆ لەم بارەیەوە چییە؟

**ناڵە حەسەن:** بەر لە هەر شتێک دەمەوێ ئەوە بڵێم کە بریاردان و هەڵسەنگاندنی شیعر بە یەک خوێندنەوەی خێرا نەک هەر گوناهێکی گەورەیە، بەڵکو تاوانێکە بەرانبەر بەم دەقە دەکرێ. لەگەڵ ئەوەشدا دیارە من تەمەنێکە لە وڵاتی کەنەدا دەژیم، کەم تا زۆر شیعری کەنەدی و ئەمریکیم خوێندۆتەوە، پێشم وایە توانیومە

سوود لە ڕەوتی تازەی ئەم کیشوەرە وەربگرم، بەڵام هێندەی پێم کرابێ خۆم لە کاری لاسایی کردنەوە پاراستووە، چونکە لای من لاسایی کردنەوە شتێکە و داهێنان شتێکی ترە. بە پێی ئەزموونێک کە لەگەڵ شیعر و نووسیندا هەمە من پێم وایە خاوەن ڕێچکە و شێواز و ستایلی خۆمم. ناشتوانم وا بە ئاسانی دەستبەرداری ئەم شێوازەی خۆم ببم. دەربارەی شیعرە تازەکانیشم کە لەم کۆڕەدا خوێندمنەوە، من پێم وایە زۆر شتی تازەی تێدا بوو، بە تایبەتی لە ڕووی ستایل و زمانەوە. هەر ئەم وەرگرە بەڕێزانە کە زۆربەیان نووسەر و شاعیر بوون ئەو قسەو هەڵسەنگاندنانەی هەیانبوو لە سەر شیعرەکان و کۆڕەکەم ئەو قسانەی لەوێدا پێیان وتم ڕەنگە خۆشترینی ئەو قسانە بن کە لە هەموو تەمەنی نووسینم بیستبێتم. ڕەنگە ئەگەر قسەکان لێرەدا دووبارە بکەمەوە بچێتە خانەی ستایش و بە خۆدا هەڵدان کە منیش پێویستم بەوە نییە. دیارە زۆریش ئاساییە لە کۆڕێکی ئاواهیدا کە خەڵکانێکی زۆر ئامادەی بن، ڕا و بۆچوونی جیاوازیش هەبێ.من پێم وایە دەقی زیندوو دەبێ خوێندنەوەی جۆراوجۆر لە خۆ بگرێ، ئەمەش بەڵگەی سەرکەوتنی کۆڕەکە و شیعرەکان بوو. دەربارەی ئەوەی کە تا چەند ڕەنگدانەوەی شیعری ئەمریکیم پێوە دیار بوو، ڕەنگە ئەوەم بەلاوە زۆر گرینگ نەبێت.

**ڕامان:** ئەگەر شیعر بە زمانی ئینگلیزی دەخوێنیتەوە، کێن ئەو شاعیرانەی دەیانخوێنییەوە. بۆچی؟

**ناڵە حەسەن:** زۆرن ئەو شاعیرانەی کە بە زمانی ئینگلیزی دەیانخوێنمەوە لەوانە: (ئەزرا پاوەند، ڕۆبەرت کریلی، ئیلیەت،ئیمیلی دیکنسۆن، ویلیەم ستافۆرد، ڕۆبێن سارا، جۆنی ئارنۆد.... زۆرانی تر) ڕەنگە هۆکارەکەی ئەوە بێت، من بە دەقە شیعرییەکانیان سەرسام بم. بۆ نێو قوولایی خەیاڵەکانیان بمگێڕن و سەفەرم پێ بکەن، یان لەوانەیە لە دنیا و خەون و مەینەتییەکانی خۆمەوە نزیک بن. بە کورتی من ئەو نووسەرانە دەخوێنمەوە، کە تووشی ڕامان و سەرسامیم دەکەن.

**ڕامان:** کێن ئەو شاعیرە کوردانەی کە چێژ لە تێکستەکانیان وەردەگری. بۆچی؟

**ناڵە حەسەن:** بە هەمان شێوەی پرسیاری پێشوو، لە نێو کوردانیشدا زۆرن ئەو شاعیرانەی من چێژ لە تێکستەکانیان وەردەگرم. ڕەنگە نەتوانم لێرەدا ناوی هەموویان بهێنم، بەڵام لەوانە: (شێرکۆ بێکەس، بەختیار عەلی، کەریم دەشتی، دڵشاد عەبدوڵلا، ئەنوەر مەسیفی، هاشم سەڕاج، کەژاڵ ئەحمەد، سەباح ڕەنجدەر...... زۆرانی تر) هۆکارەکەش هەر ئەوەیە کە لە پرسیاری پێشوو وەڵامم داوەتەوە.

**ڕامان:** سەفەر و دنیای دیتن و گەشت تا چەند زەمینە بۆ ئافەریدەکردنی تێکستی نوێ دروست دەکا. ئایا مەعریفەی چاو گرینگییەکەی وەک سەفەری نێو کتێبەکانی نییە؟

**ناڵە حەسەن:** من پێم وایە سەفەر و غوربەت چەند دەرگایەک بە ڕووی مرۆڤەکان دادەخات و لە هەمان کاتدا چەند دەرگایەکی تر بە ڕوویاندا دەکاتەوە.کردنەوەی ئەم دەرگا تازانە بە تایبەتی بە ڕووی نووسەران، بە مانای تێکەڵبوونە بە نێو دنیایەکی تازە و خۆبینینەوەیە لە نێو خەون و خەیاڵ و بیرکردنەوەی تازە. ئاشنابوونە بە کولتوور و ڕەنگ و ڕوخسار و سروشتێکی تازە. واتە لە دایکبوونەوەیەکی ترە بە هەناسەیەکی تازە. لە هەمان کاتیشدا خۆدۆزینەوەیە لە نێو مەعریفە و هۆشیارییەکی تازەدا. بێگومان مەعریفەی چاویش بەشێکە لە مەعریفە گشتییەکە. هەروەک لە یەکێک لە پرسیارەکانی پێشوو وتووم، ڕەنگە هەندێک لە مرۆڤەکان نەتوانن لەگەڵ ئەم دنیا تازەیەدا هەڵبکەن و ڕابێن، بۆیە دەنگ و ڕەنگ و بوونیان بەرەو کپبوون و سڕبوون دەچێ.هەندێکیشیان بە پێچەوانەوە قەڵەمەکانیان بە بڕشتتر دەبێت. بیریان فراوانتر و خەیاڵەکانیان قووڵتر و چاوەکانیان ڕۆشنتر دەبینێت، چونکە دنیای سەفەر و غوربەت خۆی لەخۆیدا دنیایەکی کاریگەرە بەسەر ڕۆحی مرۆڤ. بینینی کەڤاڵ و نیگارە جوانەکانی سروشتێکی تر و باخچەی ڕەنگاوڕەنگ و شەقامی بەرین و ڕووناک ڕووناک و میترۆکان و ئاپارتمانە بەرز و سیحراوییەکان، خۆی لە خۆیدا چێژێکی هونەری و سەرسامی بە مرۆڤ دەبەخشێ. شیعری (سەحەر و دوای نیوەڕۆیەکی کەنار دەریا)م خەیاڵە فەنتازییەکەی ئەم شیعرە لە ڕوانینی جوانییەکانی ئاو و نهێنییە دڵڕفێنییەکانی شەپۆلەکان و ئارامییەکانی کەنار دەریایەک لە دایک بوو، بۆیە منیش

**دەقی زیندوو، دەبێ لە مانادا قووڵ بێت و لە شێوەشدا نوێبوونەوە و تازەگەری پێوە دیار بێت.**

رازیم بەوەی کەوا مەعریفەی چاو بە ئەندازەی مەعریفەی نێو کتێبەکان گرینگ و کاریگەرە بۆ وەبەرهەمهێنانی تێکستی جوان.

**رامان:** رەخنەی کوردی و خوێندنەوەی کوردی بۆ شیعری کوردی زۆر زۆر کەمە، تا ئێستا نووسینەکانی کێ لەو بوارەدا سەرنجی راکێشاوی. ئایا رەخنە و خوێندنەوە بۆ شیعر هۆکارێک نییە بۆ زیندووبوونەوەی شیعر؟

**ناڵە حەسەن:** دیارە بۆ هەموو لایەکمان رۆشنە، رەخنەی کوردی و خوێندنەوە بۆ شیعری کوردی لە چ ئاستێکدایە. من پێم وایە ئەوەش بەشێکی پێوەندی بە زرووفە مەوزووعیەکەیەوە هەیە، بە مانای پێوەندی بە حاڵ و وەزعی رەخنەگران و رۆشنبیرانمانەوە هەیە کە خاوەنی چ فیکرەیەک و زەخیرەیەکی مەعریفین. بەشەکەی تری پێوەندی بەو ئەخلاقە کولتوورییە خێڵەکییەوە هەیە کەوای کردووە هۆکاری سیاسی و حیزبی لەم راستایەدا رۆڵی کاریگەری خۆی ببینێ، بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا ناکرێ نووسینەکانی: (عەلائەدین سەجادی و محەمەدی مەلا کەریم...) لە بیر بکەین. بە تایبەت خوێندنەوەیان بۆ شیعری کلاسیک، یان نووسینەکانی «ئازاد عەبدولواحید» فەرامۆش بکەین. هەر چۆنێک بێت رەخنە نەک هەر بۆ کۆمەڵگەی ئێمە، یان بۆ نوێبوونەوەی دەق، بگرە لە هەموو قۆناغ و دەورانە مێژووییەکان کاریگەری خۆی بەسەر کولتوور و باری کۆمەڵایەتیدا بووە. لە سەردەمی بووژانەوە لە ئەورووپا رەخنەگرەکان پێشەنگ بوون، ئەگەر رەخنەگرەکان نەبوونایە ئەورووپا و ئەمریکا بەو مەدەنیەتەی ئێستایان نەدەگەیشتن. ئەوە رەخنەگرە جدییەکانن دەرگای جیهانێکی تازەمان لێ دەکەنەوە. نەک تەنیا هۆکارێک بن بۆ نوێبوونەوەی دەقێکی شیعری.خوێندنەوە و رەخنە کاریگەری زۆری هەیە بەسەر لە دایکبوون و نوێبوونەوەی دەقدا، چونکە خوێندنەوە و روئیاکانی رەخنەگرێکی جدی و راستگۆ زۆر قووڵتر و فراوانترە لە خوێندنەوەی خوێنەرێکی ئاسایی. خوێندنەوەی رەخنەگرێکی جدی و راستگۆ نەک هەر کاریگەری دەبێ بەسەر نوێبوونەوەی دەق جگە لەوەی دەقێکی تازەش لە دایک دەبێ، بەڵکو تەکانێکیش بە خاوەنی دەقەکە دەدا و چێژێکی زیاتریش بە خوێنەر دەبەخشێ.

**رامان:** لەو ماوانەی دواییدا کۆمەڵە شیعرێکت لە زمانی ئینگلیزییەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی، ئایا ئەو ئاستەنگانە چین کە لە کاتی وەرگێڕانی تێکستێکی شیعری رووبەڕووت دەبنەوە؟

**ناڵە حەسەن:** بەر لەهەر شتێک دەمەوێ ئەوە بڵێم من نە وەرگێڕم و نە خەمی وەرگێڕانم هەیە. هێندە نەبێت چ لە وەرگێڕانی شیعرەکان و چ لە وەرگێڕانی بابەتەکانی تر تەنیا هەوڵدانێکە و هیچی تر، بەڵام ئەو ئاستەنگانەی دەهاتنە بەردەمم لە چەند خاڵێک خۆیان دەبینییەوە یەکێکیان ئەوە بوو، زۆر لە خەمی ئەوەدا بووم کە بە ئەمانەتەوە شیعرەکان وەربگێڕم و ناوەرۆک و خەیاڵ و وێنە شیعرییەکان نەشێوێنم. لە هەندێ شوێن هەستت بەوە دەکرد زمانی ئینگلیزی پێشکەوتنی زۆری بە خۆیەوە بینیوە، بۆ هەندێ وشە و دەستەواژە بە زەحمەت مانای پڕ بە پێستت دەست دەکەوت. یەکێکی تر فەرهەنگە کوردییەکانە، هەندێک لە ماناکانی نێو فەرهەنگە کوردییەکان ئێستا لە زمانی ئینگلیزی ئەو مانایانە هەر بەکار ناهێندرێن و کۆن بووینە هەستت بەوە دەکرد کەوا فەرهەنگە کوردییەکان پشتیان بە سەرچاوە زۆر کۆنەکانی فەرهەنگە ئینگلیزییەکان بەستووە، هەروەها نەبوونی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی کوردی، ئەمەش یەکێک بوو لە ئاستەنگەکان، ئەمەیان زیاتر پێوەندی بە کاتەوە هەیە.

**رامان:** ئایا لە وەرگێڕانی شیعردا لە زمانێک بۆ زمانێکی دی شاعیربوون و شاعیرنەبوونی وەرگێڕەکە چ رۆڵێک دەبینێ ؟

**ناڵە حەسەن:** بە بڕوای من لە وەرگێڕانی شیعردا لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی تر شاعیر بوونی وەرگێڕەکە رۆڵ و کاریگەری زۆر بەرچاو دەبینێ.وەک ئەوە وایە هونەرمەندێکی شێوەکاری کوردی کاتێک سەیری تابلۆکانی هونەرمەندە بیانییەکانی وەک: (بیکاسۆ، لیۆناردۆ داڤنشی، سلفادۆر دالی، ڤانکوخ، گاگوین، گۆیا ،مەنچ،... تاد) بکات خوێندنەوەکانی بۆ تابلۆکان چەند هونەریانەتر و رۆشنتر دەبێ لە خوێندنەوەی کەسێکی ئاسایی، یان شاعیرێک، یان رۆماننووسێک. هۆکارەکەشی ئەوەیە هونەرمەندە شێوەکارییەکە خۆی لە نێو ئەو جیهانەدا دەژێ و لە نێو ئەم جیهانەدا بەهرەیەک و توانایەکی هەیە، ئەم زیاتر بە مەعریفەی رەنگ و هێڵکاری و فیگەر و هونەرەکانی تر ئاشناترە. شیعر و وەرگێڕانی شیعر و شاعیربوونیش بە هەمان ئەندازە. من

پێم وایە شاعیران زیاتر ئاشناترن بە مەعریفەی وشە و زمان و خەیاڵ لە شیعردا. ڕەنگە ئەگەر وەرگێڕەکە شاعیر نەبێت هەندێ جار مانای وشەکان و خەیاڵەکان بشێوێنێ، هەرچەندە ئەگەر زمانزانێکی باشیش بێ. ڕەنگە لە پشتی وشەکانەوە دنیایەکی تر نەبینێ، چونکە لە پشتی وشەکانەوە مانای تر و جووڵەی تر و ڕەنگی تر هەیە. بەڵگەشم بۆ ئەمە، من شیعری وەرگێڕدراوم خوێندۆتەوە توانای ئەوەم نەبووە تا کۆتایی شیعرەکە بخوێنمەوە،هێندە بە نارێکی شیعرەکە وەرگێڕدراوە. ڕەنگە جاری واش هەبێ وەرگێڕەکە شاعیریش بێ و ئەم حاڵەتانە هەر ڕووبدەن، بەڵام من پێم وایە ئەم حاڵەتانە لە وەرگێڕی شاعیر دەبێ کەمتر بێ بەو مەرجەی شاعیرەکە زمانزانێکی باش بێت.

**ڕامان:** بە گوێرەی زانیارییەکانی تۆ لە بواری وەرگێڕاندا، کێن ئەو وەرگێڕە کوردانەی کە تەواو سەرکەوتوون لە کارەکانیان. بۆچی؟

**ناڵە حەسەن:** من بۆ خۆم (عەزیز گەردی و عەبدوڵڵا حەسەن زادە و شوکور مستەفا) لە کارە وەرگێڕدراوەکانیاندا سەرکەوتوویان دەبینم، بە دوای ئەمانەش «ئازاد حەمە شەریف و کەریم سۆفی» جێگای پەنجە و قەڵەمەکانیان لە بواری وەرگێڕاندا دیارە. هۆکارەکەش ئەوەیە بە زمانێکی پاراو و بە ئەمانەتەوە دەقەکانیان وەرگێڕاوە و لە کاتی خوێندنەوەیاندا ئارامی و دڵخۆشیت پێدەبەخشن.

**ڕامان:** چین ئەو خاسیەت و سیمایانەی پێویستە لە شیعرێکدا هەبن بۆ کۆن نەبوونی ئەو شیعرە. بە شێوەیەکی دیکە، ئەو شیعرانەی کە چێژیان لێوەر دەگریت دەبێ خاوەنی چ جۆرە خاسیەت و سیمایەک بن؟

**ناڵە حەسەن:** هەوڵ دەدەم بە کورتی ئەنجام و مەبەستێک بەدەستەوە بدەم. بە بڕوای من شیعر نووسین کردەیەکی ئیستێتیکییە لە نێو بازنەی کایە مەعریفیەکاندا، دیارە مەعریفەی نووسەر بۆ زمان و دەق و ڕەگەزە شیعرییەکان کاریگەری زۆر دەبینێ بۆ وەبەرهەم هێنانی دەقێکی زیندوو. دەقی زیندووش بە مانای دەقەکە هەڵگری دەلالەت و هێما و فۆرم و سیمایەک بێت کە خوێنەر سەرسام بکات و چێژیان پێ ببەخشێ. لە پاڵ ئەمەش وا پێویست دەکا دەقی زیندوو

**نووسین کارێکی ئاسان نییە، تا نووسەر ئاستی توانا و فیکری مەعریفی بچێتە سەر، کردەی داهێنان قورس و قورستر دەبێت.**

خوێندنەوەیەک زیاتر لەخۆ بگرێت. بە مانای شاعیر لە ئاقاری دەقدا تا چ ئاستێک شۆڕدەبێتەوە بۆ نێو دنیای خەون و خەیاڵە ڕەنگاڵەییەکانی مرۆڤ. بە چ زمانێک کۆد و نهێنییەکانی نێو ڕۆحی مرۆڤ و نێو غەریزە و بوخچە نەکراوەکانی ئومێدە کپبووەکان، لە وێنەیەکی ئیستێتیکیدا دەنووسێتەوە. دەمەوێ ئەوە بڵێم دەقی زیندوو، دەبێ لە ماناد‌ا قووڵ بێت و لە شێوەشدا نوێبوونەوە و تازەگەری پێوەدیار بێت. «دۆناڵد هۆل» شاعیر و نووسەری ئەمریکی دەڵێ: (هیچ پاساوێک نابینم، بۆ بە خەرجدانی ژیانی خۆت بۆ نووسینی شیعر مەگەر شیعری جوان و نایاب نەبێت).

**ڕامان:** کێشەی گەورەی ڕۆشنبیرانی کورد لە دەرەوەی وڵات کە هەر تەنیا بە جەستە لە دەرەوەی وڵاتن، بە هیچ شێوەیەک ناتوانن لەگەڵ کولتووری ئەم وڵاتە بەریەککەوتنێکی جدی دروست بکەن. تۆ لەم ڕووەوە چۆنی، ئایا توانیوتە پێوەندییەکی ڕۆحی لە نێوان خۆت و کولتووری کەنەدی دروست بکەیت؟

**ناڵە حەسەن:** ئەم بەریەککەوتن و حاڵەتە ڕۆحیانە یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی وەزعی مرۆڤی پەناهەندە وکۆچبەرە. ئەو مرۆڤانەی کە لە نیشتیمانی خۆیان دابڕاون، وەک «بەختیار عەلی» لە بەشی دووەمی نووسینی (کۆچ بەرەو ناشوێن) دا دەڵێ: کەسی کۆچبەر، کێشەی گەورەی ئەوکات دەست پێدەکا کە کۆچبەر لە هیچ یەکێک لەم دوو دنیایەدا شوێنی ڕاستەقینەی خۆی نادۆزێتەوە، یان هەر لەو نووسینە لە شوێنێکی تردا دەڵێ: «غوربەت کۆمەڵێک هەل و ئەفسوون پێشکەش بە کۆچبەر دەکات نیشتیمانی خۆی پێشکەشیان ناکات، نیشتیمانیش کۆمەڵێک ویستی ڕۆحی و دەروونی و عاتیفی تێردەکا، غوربەت تێریان ناکات، کۆچبەر لە هەر جێگایەک بژی لە هەریەکێک لەم دوو نیشتەجێیەدا شتێکی گرینگ دەدۆڕێنێت.» ئەم حاڵەتە نامۆبییە زیاتر لەلای کەسی خۆرهەڵاتی ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەرییەکان تۆخترن، چونکە کەسی خۆرهەڵاتی لە کۆمەڵگەیەکی داخراوەوە هاتوون. ئەوان لە ژیانی پێکەوەیی و خێڵەکی و لە نێو ئامێزی سۆزە گەرمەکەی دایکەوە ڕاهاتوون.لەلای ئێمە سۆز و ویژدان پیوەرن بۆ شتەکان. ئێمەی خۆرهەڵاتییەکان لە نێو ڕووبارەکانی

یادگاری و رووبارەکانی سۆز و ویژدانەوە مەلە دەکەین. بیرکردنەوەکانمان زیاتر خەیاڵئامیز و ڕۆمانسین، ئەم پاشخانە مەعریفیە خێڵەکییە وا لە مرۆڤی خۆرهەڵاتی دەکا بە ئاسانی نەتوانێ تێکەڵ بە کەلچەری کراوەی ڕۆژئاوایی و ئەمریکی ببێ، یان لەگەڵ پێشکەوتنەکانی نێو دنیای سەرمایەداری و دنیای تەکنەلۆژیادا بە نامۆیی بمێنێتەوە . چونکە لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریدا، مرۆڤ وەک ئامێریکی ڕووت مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێ. ئامێریکی بێ جوولە و بێ ڕۆح و غەریزە و هەستەکانی مرۆڤایەتییان تێدا کپ دەکرێ و دەخنکێندرێ. لەم دنیایەدا مادده سەرچاوەی هەموو شتێکە نەک سۆز و ویژدان و هەستەکانی مرۆڤایەتی. دوو دنیای تەواو لە یەکتری جیاواز، دنیای ئامێر و دنیای سۆز و ویژدان. تا منی خۆرهەڵاتیش دەگرێتەوە، منیش کەسێکم بە هەمان پێکهاتە و بیرکردنەوەوە ڕەنگە لەوان زیاتریش لە ژێر کاریگەری پێوەرەکانی سۆز و ویژداندابم. من کە کوردستانم جێهێشت تەمەنم سی و دوو ساڵ بوو، بە مانای سی و دوو ساڵ بیرەوەری پڕ لە کارەسات و مەینەت و پڕ لە سۆز و ویژدان و عەشق و سووتان و بیرکردنەوەی خۆرهەڵاتییانە، ژیان لە نێو بازنە و بەربەستەکانی حەرام و حەڵاڵ. دیارە بۆ منیش کارێکی وا ئاسان نییە کە وەک پێویست بتوانم ئەم بەریەککەوتنە دروست بکەم بە خێرایی بیرکردنەوەکانم بگۆڕم. زۆر بە ئاگاهانە تا بۆم کرابێ هەوڵی جدیم بۆ داوە، زۆر جاران لەگەڵ خۆمدا لە ناوەوە کەوتوومەتە مشتومڕ و زۆر جاران بە ئاکامێکی دەروونی ناخۆش گەیشتووم، یان دوو حاڵەتی دژ بەیەک لە مندا دروست بوون، هەندێ جار بە ترۆپکی نائومێدی و یاخیبوون گەیشتووم. هەندێ جاریش دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر زەردەخەنەیەک هاتۆتە سەرسیمام و هیچی تر. من پێم وایە هەنگاو دەنێم بۆ پێشەوە و چاوێکیشم بۆ هەمیشە هەر لە دواوەیە. خۆشم هەست بەم بارە دەروونییەی خۆم دەکەم. زۆر بە ئاسایی هەست بەوە دەکەم کە تەنیا بە جەستە لە دەرەوەم، وا هەست دەکەم زەمەن منی فڕێ داوەتە نێو ئەم کیشوەرە، یان قەدەر غەدری لێ کردووم. من چی بکەم من کوڕی کۆڵانێکی تر و کیشوەرێکی ترم، بە لایلایە و بیرکردنەوەیەکی تر پێگەیەندراوم. مەبەستم پاساو هێنانەوە نییە، بەڵام ئەمە حەقیقەت و پێکهاتە و تواناکانی منە.

**ڕامان:** بەر لە بڵاو کردنەوەی شیعرێکی نوێ، یەکەمین جار ئەم شیعرە بۆ کێ دەخوێنیتەوە بۆچی؟

**ناڵە حەسەن:** لە ڕاستیدا هەر شیعرێکی نوێم کە لە دایک دەبێ و یەکەمین جار بۆ خۆمی دەخوێنمەوە، چونکە خۆم یەکەمین خوێنەر و ڕەخنەگری شیعرەکانی خۆمم. من شیعرە تازە وەبەرهەم هاتووەکانی خۆم زۆر دەخوێنمەوە. بۆ ماوەیەک حەزناکەم بڵاویان بکەمەوە، حەز دەکەم هەر لە نێو ئەو کەشوهەوایەدا بمێنمەوە کە شیعرەکەی تێدا لە دایک بووە. لە نێو خەیاڵەکاندا بۆ ماوەیەکی زۆر دەمێنمەوە. شیعرەکانم هێندە دەخوێنمەوە تا ئاستی ئەوەی ئیرەیی بە بڵاوکردنەوەیان دەبەم. حەزناکەم شیعرەکانم لە من دابڕێن و ویڵداشەکانیان لە ناوک و ڕۆحی مندا جیا ببنەوە. بیرمە جارێکیان دوای تەواو بوونی شیعرێکم وا بزانم (خۆڵەمێش و خەونەکانی مێیینەی شیعر) بوو، لە پێوەندییەکی تەلەفۆنیم لەگەڵ بەرپرسی یەکێک لە ماڵپەڕە کوردییەکان پێم گوت: شیعرێکم تەواو کردووە، بەڵام دڵم نایێ بڵاوی بکەمەوە. ڕەنگە ئەمەش حاڵەتێکی نەرگسی بێت لە مندا.

**ڕامان:** دوای ئەو دابڕانە دە ساڵییە هەولێر چۆن دەبینی بە تایبەتی و لە ڕووی ڕۆشنبیرییەوە بە گشتی. ئایا بیرۆکەی ئەوەت نییە بەیەکجاری بگەڕێیتەوە؟

**ناڵە حەسەن:** من بە حوکمی ئەوەی تەمەنێکی درێژبوو نەگەڕابوومەوە، هەروەک لە چاوپێکەوتنی تریشدا باسم کردووە، کەوا (تەنیایی و غوربەت) هاتبوونە نێو ژوورەکەم و لەوێوەش بۆ نێو ڕۆحم. دوای ئەم ماوە دوور و درێژەش کە هاتمەوە ماوەکەم تەنیا یەک مانگ بوو. لەم مانگەشدا زۆر سەرقاڵ و پڕکار بووم، بە (چاپکردنی دوو کتێب و گێڕانی کۆڕێکی شیعری و دەرکردنی دوو سیدی شیعری، یەکێکیان بە دەنگی خۆم و ئەوی تریان بۆ شیعرەکانی خولیا بە دەنگی کەسێکی ترەوە، هەروەها گرتنی چەندین چاوپێکەوتنی تەلەفزیۆنی و ڕادیۆیی و ڕۆژنامە و گۆڤار،... تاد)، بۆیە من وەک پێویست بڕی تێنوێتی و تامەزرۆییم نەشکا. لە بەرئەوە من لەزەت و چێژم لە هەموو شتێک دەبینی. لە ڕاستیشدا کوردستان و شارە ڕەنگینەکەی هەولێرم ئاڵوگۆڕی زۆری بەسەردا هاتبوو، ئاڵوگۆڕەکانیش زۆربەیان دڵخۆشکەر بوون. لە نێو هەناسە ماندووەکانی شەقامەکانی ئەو شارەدا هەستم بە ئارامییەکی زۆر و بە شاگەشکەییەکی بێ وێنە دەکرد. ئاڵوگۆڕەکان جوان بوون شیرین بوون، ڕووەو پێشەوە

بوون. لەپاڵ گۆڕانی دیمەنەکان، ئاڵوگۆڕی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیشم بەرچاو دەکەوت. لە نێو ڕامان و زەردەخەنەکانی سیما و ڕوخساری خەڵکەکانیش هەستم بە ماندوبوون و خەمێکی قووڵ دەکرد، خەمی نان هێشتا هەر بە ڕوخساریانەوە مابوو. لە نێو زەردەخەنەو لە نێو قووڵایی چاوەکانیان پرسیاری زۆرم دەخوێندەوە. لە پاڵ پرسیارەکانیش هەستم بە نیگەرانی و ترسیش دەکرد. ترس لە بوون و لە ئایندەیان. مەبەستمە ئەوە بڵێم: دیمەنەکان و ڕوخسارەکان و زەردەخەنەکان، زۆر شیرین و جوان بوون، پرسیارەکان و ترس و نیگەرانیەکانیش، جەرگبڕ، بەڵام لە بارەی ڕۆشنبیرییەوە ڕەنگە بۆچوون و بینینەکانم زۆر دڵخۆشکەر نەبن. من وام دەبینی ڕۆشنبیرەکانی ئێمە «زۆربەیان» لە دەرەوەی پێکهاتەکانی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و سیاسی و ئابووری و کولتوورین. بەمانایەک کاریگەرییەک و ڕەنگدانەوەیەکی ئەوتۆیان بەسەر ڕەوشەکەدا نەبوو. زۆربەی زۆریان کۆیلەی ئایدیۆلۆژیا و حیزبەکانن، من وام دەبینی کەوا ڕۆشنبیرانمان زۆربەیان لە دەرەوەی بازنەی بەرهەمهێنانی فیکر و مەعریفەن بۆ پێگەیاندن و بەرەو پێشەوە بردنی کۆمەڵگەی کوردەواریمان، بێخەم و بێئاگا لە ڕەوشی سیاسی و کولتووری و کۆمەڵایەتیمان زیاتر وەک توێژێکی مشەخۆر دەمبینین. کشومات و بێدەنگ، دوور لە داهێنانی بەرهەمی فیکری و داهێنانی دەقی زیندوو و ڕەخنەی جدی.

دەربارەی گەڕانەوەشم بە یەکجاری، من ئەو بیرۆکەیە و ئەو پرۆژەیەم هەیە. پڕ بەدڵیش حەزم لێیەتی، بەڵام وەک دەڵێن: (حەز و ئارەزوو شتێکەو واقیعیش شتێکی تر)، بۆیە من پێموایە درەنگ، یان زوو ڕۆژێک دادێ بەیەکجاری دەگەڕێمەوە نێو باوەشی نیشتیمانە ئازیزەکەی خۆم و خەونیش بەو ڕۆژەوە دەبینم.

**ئا: ڕامان**



# ئەدۆنیس:

# داهێنان ڕستێک سەرەتای بێ کۆتاییە

**لە عەرەبییەوە: عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا**

* تۆ هەمیشە قسە لە نوێبوونەوە و گۆڕانکاری لە زمان، لە جووڵە و بڕینی شێوەکان دەکەیت، دەتوانیت بڵێیت شیعرەکانم خۆیان لەو قەسیدانەی کە بە کلاسیکی، یان بە نوێ ناسراون دابڕیوە، یان تۆ بەردەوام لە کوێ دابڕان دروست دەکەیت؟

– لێرەدا دەبێ جیاوازی لە نێوان گوتن و زماندا بکەین، زمان موڵکی هەموو کەسێکە، بەڵام گوتن موڵکی تایبەتە. قەسیدەی ناسراو چ کلاسیکی بێت، یان نوێ، گوتنە. گوتنێکی دیاریکراوی شاعیرێکی دیاریکراوە. پێم وایە شیعری من هیچ پێوەندییەکی بەو گوتنەوە نییە، یان بەلای کەمی هەوڵدەدات هەرچی پێوەندی هەیە ببیرێت. ئەگەر شاعیرێک گوتنی تایبەت بەخۆی نەبێت، ناتوانێت بڵێت شیعرم لایە. کەمترین هەوڵی شاعیر ئەوەیە گوتنی تایبەت بەخۆی دابمەزرێنێت.

* لە کتێبەکەتدا (زەمەنی شیعر) ڕەنگە لە بەرانبەر (٥٦) پێناسەدا بوەستین، یان ئەوانەی لە پێناسەکردنی شیعر دەچن، هەندێک جاریش بە یەک ناکۆک دەکەونەوە. ئایا دوای ئەو ئەزموونە درێژەی خۆت نزیکایەتییەکت بۆ دوا تێگەیشتنی شیعر وەک وەزیفە، وەک پێوەندییەکانی بە شاعیرەوە لەلا دەست دەکەوێت؟

– ناشێ زانستێک بۆ شیعر دامەزرێنین بەو مانایەی کە وشەی زانست دەینوێنێ، بە دەستەواژەیەکی دیکە ناتوانیت لە ڕێگەی زانستەوە لە شیعر نزیک بکەویتەوە، تا ڕادەیەک دەشێ ڕەخنەی شیعری زانستی بکەویتەوە، چونکە ڕەخنە جۆرێکە لە تیۆریزەکردن، بەڵام ئەوە شتێکە و کردەی ئیبداعی شتێکی دیکە. لە کردەی ئیبداعیدا زۆر شت دەمێنێ، بەڵام لە (زانست)دا هەموو شتەکان دەکەونە ژێر (یاسا) و (ڕێسا)وە.

ئەوەی تۆ لە زەمەنی شیعر بە پێناسە ناوی دەبەیت، پێناسە نین بۆ دیاریکردنی شیعر وەک خۆی، یان دیاریکردنی زانست وەک ئەوەی هەیە. ئەوەی کە من لەو پێناسانەدا هەوڵیان بۆ دەدەم گرتنی چرکەساتی شیعرییە،

یان ئەو حاڵەتە شیعرییەی کە منی تێدام، ئەو چرکەساتانەش تەنیا یەک حاڵەت نین، ناشکرێ لە ژمارەیەکی دیاریکراودا قەتیسیان بکەین، بۆیە زۆر ناویان هەیە، کۆمەڵێک ناو کە سات دوای سات دەگۆڕێن.

کردەی ئیبداعی هەڵقوڵانە و لە ڕەهەندی کەشفکردندا دەجووڵێتەوە، واتە لە ڕەهەندێک کە کۆتایی نایەت، بۆیە دیاری ناکرێت، هەر لێرەشەوە نێودژی نەفی دەکاتەوە.

هەندێ جار دەڵێیت شیعر وەک کردەیەکی ئیبداعی مەرگە، لە ڕۆژێکی دیکەدا دەڵێیت ژیانە، ئەوە مانای نێودژی ناگەیەنێت، بەڵکو لە حاڵەتی گرتنی شتێکدایت کە توانای گرتنیت نییە، نێودژی دەکەوێتە بەرەی زانستەوە نەک بەرەی شیعر.

هەموو ئەوەی مرۆڤ بەرهەمی دێنێت جگە لە هۆیەک بۆ زێتر کەشفکردنی خۆی و دنیا و دەست بەسەراگرتنی ماددە و سروشت شتێکی دیکە نییە، تەنیا مەبەست هەر مرۆڤە، وەک چۆن لێرەدا لێکجیابوونەوەیەک لە نێوان هۆیەکاندا دەبینرێت، هەروەها جیاوازییەکیش لە نێوان ڕۆڵی هۆیەکاندا ، یان وەزیفەکانیاندا هەیە.

کەواتە بۆ نموونە لە گۆڕەپانی (ئەلکۆرنۆدی پاریسی گەشتیاریدا) تۆ سەیری (بەعلەبەک، یان تەدمر، یان ئەهرام، یان ئەکرۆبۆل، یان کۆڵەکەکانی فیرعەون) بکە، ئەگەر وەک هونەر سەیریان بکەیت ئەوە وەزیفەیەک لە وەزیفەکانی هونەریان پێدەبەخشیت، ئەگەر نا وەزیفەی دیکەیان پێدەبەخشیت، لە سەیرکردنی دووەمدا دوای ئەوەی کە هونەر دەشێوێنیت، ئینجا دەیکوژیت و دەیشاریتەوە، بەڵام کە وەک هونەر سەیری دەکەیت، ئەگەر ئامادەیی کردەی ئیبداعی ئەو شوێنەت تێدا بێت کە لێی هاتووەتە بەرهەم ئیتر لەگەڵی دەژیت و تێکەڵی دەبیت، وەک چۆن لە پێناو زێتر کەشفکردن، ڕووبەڕووی زۆرترین تەقینەوەی وزەی ئیبداعی دەبیتەوە.

لە دووتوێی ئەو بۆچوونەی کە تۆ دەستنیشانت کرد، وەک من تێیگەیشتبم، نزمترین ئاستی ئەو وەزیفەیە بە مانا بڵاو و باوەکەی ئاستی کۆمەڵایەتی و سیاسی ڕاستەوخۆیە، ئەوەش ئاستی (گەشتیارانەیە)، بەڵام بەرزترین ئاستی ئەو وەزیفەیە ئەو ئاستەیە کە ئارەزووی مرۆڤ بۆ بەردەوامی و تەجاوزکردنی پێدراوە هەنووکەییەکان بێدار دەکاتەوە و دەبێتە پاڵنەرێک بۆ دۆزینەوە، ئەوەش ژیان وا لێدەکات کە بڵێسەی هەمیشە لە جووڵە، قەڵەمباز، پەی پێبردندا بێت، لەو ڕووەوە شیعر (ئەگەرچی من نایناسم) لە پێناو تەعبیرکردن لە نادیار دەرگا لە قووڵاییەکانی ناخ دەکاتەوە، واتە بۆ ئەوەی زێتر بڕوا بە مرۆڤ، بهێنیت بەوەی کە خۆی سەنتەری گەردوون و خاوەنی گەردوونە، بڕوا هێنان بەوەی کە مرۆڤ، نادیار دەبڕێت و کۆنترۆڵی دەکات.

* هەمیشە ئاماژە سەرەتاییەکانی تۆ بە (سفر/ سپێتی) بە مانا دوالیزمییەکەی دەکەوێتەوە، ئەو دوالیزمییەش دەبێتە دوو بەش، یەکەم: لێوردبوونەوە لە زاراوەی پەیامبەری. کە پێویستی بە ڕەتکردنەوە و دامەزراندن هەیە، ئەوەش بە ناوەوەی خۆتەوە بەندە، واتە دەکەوێتە دووتوێی باکگراوەندی ئایینیتەوە.

دووەم: لێوردبوونەوە لە عەدەمیەتی سەر بە ئەورووپای مۆدێرن، کە خودی ئەو نێودژییەش دوو نێودژی دیکەی بەدوادا دێت.

یەکەم: ئەوەی کە پەیامبەری ئایینییە لە بیرکردنەوەدا ئاماژە بە میسالیەت دەدات و پێی وایە فیکر پێش وجوود دەکەوێت.

دووەم:میتۆدێک لە شیعردا هەیە پێی وایە کە ئەوە فۆرمە دەبێتە هەڵگری ناوەڕۆک.

ئایا ئەوەی کە هەمیشە مەسەلە ئەدۆنیسییەکان دەورووژێنن، ئەو نێودژییانەن (ئەو پرسانەن کە تایبەتن بە ئەدۆنیس-و:ک)، یان ئەو مەسەلانە هۆی دیکەیان هەیە؟

– ئەو پرسیارە ئیشکالیەتی زۆر دەورووژێنێ، بۆیە نامەوێت بچمە نێو وردەکارییەکانییەوە، چونکە چوونە نێو وردەکارییەکان پێویستی بە ڕوونکردنەوەی درێژ هەیە، جگە لەوەش ئەو پرسیارە گفتوگۆیەکی مەعریفی دەسەپێنێت، بۆیە ئەمڕۆ دەمەوێت بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ هەر تەنیا دەست بۆ ناوکۆی پرسیارەکان بەرم و بەوە واز بێنم.

قۆناغی ئاسمانی لە پەیامبەری، وەک دەزانین دواتر هات. لە بنەڕەتدا پەیامبەری بۆخۆی بتپەرستی و سروشتییە، ئەگەر پەیامبەری دەلالەتێکی شیعری هەبێت ئەوە بەو پەیامبەرەی یەکەمەوە دەلکێت: واتە ڕاستەوخۆ قسەکردنە لەگەڵ نادیاری گەردوونی بە شێوەیەکی سروشتی، بێ ئەوەی ناوەندیارێک لە ئارادابێت، ئەوەش پێویستی بە زمانێکە کە دەکەوێتە نێو شتەکانەوە نەک دەرەوەی شتەکان.

لێرەدا نەبوونی (میسالیەت) واتە نەبوونی فیکر، جا

چ ئەو فـیکرە بکەوێتـە پێش، یان دوا (واتە فـیکر چ پێش بوون بکەوێت، یان لە دوای بوون دروست بێت- و:ک) بەڵام بوون لە ڕووی دووەمەوە (پێشتر بێت، یان پاشـتـر)، یان بە دەسـتـەواژەیەک کـە بە مـانا هاوچەرخـیـیـەکـەیەوە زۆر لە زمـانی عـەرەبی نزیکە: مـانایەک نیـیـە پێش (وێنە) بـکەوێت، بەڵکو لێـرە لە بنەڕەتدا (مانا/وێنە) و (وێنە/مانا) هەن.

سەرەتاکان هەمیشە لە (سفر/سپێتی)یەوەیە، ئەوەش لە لایەک جەختکردنە لە کردەی سەرەتاکان، لە لایەکی دیکەوە جەختکردنە لە کردەی ئیبداعی، هەر لە ڕێگەی ئەو دیدەشـەوە بە گـێـمـێـک (- گـێم لە بری وشـەی (شوط)ی عەرەبی بەکارهاتووە - و:ک) دەژمێردرێت کە دەکـرێ داهێنەر لە گـۆڕەپانی دنیـادا بۆ کـەشـفکردنی نادیارەکـانی (مـانا/ وێنە) ئەنجـامی بدات، هەمـوو گێمـێکیش دەبێتە سەرەتا. کەواتە ئیبداع زنجیرەیەک گێمی بێ کۆتاییە، زنجیرەیەک سەرەتای بێ کۆتاییە. تۆ ناتوانیت داهێنەر بیت ئەگەر وەڵامی ئامادەت بۆ پرسیارە تەرح کراوەکان هەبێت، بەڵکو ئەو کاتە دەبیتە داهێنەر، کە هەڵگری پرسـیـاری خۆت بیت و پرسـیـاری تایبـەت بەخۆت بخـەیتـەوە. ئەو کاتەی کە سەرەتاکـانت دەست پێدەکـات، بەڵام ئەگـەر هیـچت بۆ گـوتن نەبێت کـەواتە هیچ پرسیاریشت بۆ خستنە ڕوو نابێت. پرسیارکردنیش هەمیشە سەرەتایە، لەو دیدەوە شیعر (کە لێرە من نازانم چییە) پرسیارە، نەک وەڵام.

ئەو ماوەیەی کە دەکەوێتە نێوان خستنە ڕووی پرسیار و وەڵامدانەوەی پرسیار ماوەیەکی عـەدەمییـە، چونکە عـەدەمـیـیـەت واتای ونبـوونی وەڵام دەگـەیەنێت، عەدەمییەتی (ئەورووپی) کە (نیتشە) بانگەشەی بۆ کرد، نەبوونی وەڵامی ئەورووپی بوو لە بەرانبەر پرسیارە تازەکاندا، بە مانایەکی دیکە عەدەمییەت هەرەسهێنانی بەهای ئەورووپی (یەهودی - مەسیحی) دەگەیەنێت. کەواتە عەدەمییەت لەو ساتەدا بە ئیجابی دەکەوێتەوە کە لە ڕێگەی پەی بردن بە پرسـیـاری نوێ دوای وەڵامی تازە دەکەوێت.

بەڵام ژیاری عـــەرەبی وەک ئاست و وەک بنیـــادە باوەکەی کامەیە؟ هەڵبەتە ژیارییەکە لە وەڵام، وەڵامی یەکلاکەرەوە و بنبڕ، دەمەوێت بڵێم ژیاری عەرەبی نەک هەر تەنیـا نکۆڵی لە پرسـیـار دەکـات، بەڵکو دووبارە هەمان وەڵامە ئامادەکراوەکان دەسەپێنێت. تەفسیرێک دەسەپێنێت کە بە زۆر دەگشتێنرێت و هەندێک جاریش لقی لێدەکاتەوە، بەڵام وەک دەزانین واقـیـعی نوێ لەو وەڵامـانەی تێپـەڕاندووە، بەو مـانایەش ئەگـەر ئێـمـە پرسـیـاری نوێمـان پێ نەبێت، کەواتە شتی نوێشمـان بۆ گـوتن نییـە، لێرەوە هەندێکمـان بە هێـزی ئەو ڕووداوانە دەژین کـە وەڵامـە کـۆتایی ئامـێـزەکـان دەوریان داون. هەروەها گێمەکانی ئەوانی دیکەش دووچاری ناجۆرییەک دەبێـتـەوە، وەک چۆن لە هەمـان کـاتدا پرسـیـار و وەڵامەکانیشیان دووچاری ئەو ناجۆرییە دەبنەوە، ئێمە لە ئاسـتـی ژیاریدا بەم جـۆرە دەژین، لە عـەدەمـیـیـەتێکی دوالیـزم ئامـێـزداین، ئەویش نەبوونی وەڵامی تایبـەت و ناجۆری پرسیاری ئەوانی دیکەیە.

من لە شـیـعـرەکـانمدا هەوڵ دەدەم ئەو عـەدەمـیـیـەتە دوالیـزمـەییـە عـەرەبییـە تێپـەڕێنم، بۆ ئەوەی پرسـیـاری تایبـەت بەخـۆم دروست بکەم و لەوێوە بگەمـە وەڵامی تایبەت بەخۆمان. لێرە لەگەڵ تۆ یەک دەگرمەوە کە شیعرم نوێنەرایەتی سـاتەوەختـێکی عـەدەمی عـەرەبی دەکـات، ئەویش کـۆتایی هێنانە بە دنیـای کـۆن و دامـەزراندنی دنیای نوێ، بەڵام نەک عـەدەمێکی پووچگەرایانە، بەڵکو عـەدەمـیـەتێک کـە بە دوای دنیـای نوێ و بەهای نوێدا دەگەڕێت.

ئایا لەوەدا نێـودژی هەیە؟ هەر چۆنێ بێت لەوەی کـە پێشکەشم کرد دەبێ ئەو نێودژییە ببینین ئەگەر بەڕاستی لـە ئارادا بـێت. لـەو چوارچێـــــوەیەدا دەبێ چاو بـەو چەمکانەدا بگێـڕینەوە کـە لە ڕێگەی وەڵامـە کـۆنەکـانەوە هاتوونەتە ئاراوە، ئەوە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە (فۆرم) بە بوون لەخۆدا ناوزەد کراوە، ئەوەش نییە کە (ناوەرۆک) بە بوون لەخۆدا ناودەبرێت. ئەگەر ئەمڕۆ بشێ ئەو چەمکانە بەکـار بهـێنین هەر دەبێ لە ناوەرۆکـە کـۆنەکـە بەتاڵـیـان بکەینەوە، باشـتـر بڵـێم نابێ هەر تەنیـا وەک فـۆرم، یان ناوەرۆک بۆ شیعر بگەڕێینەوە، چونکە قەسیدە بونیادێکە بۆ تەعـبـیـرکـردن، جـەسـتـەیەکـە. بەم جـۆرە قـەسـیـدە ناوەرۆکـێـک نیـیـــە کـە فـۆرمی بۆ زیاد بکرێت، بە شـێـوەیەکی باشـتـر بڵـێم قـەسـیـدە هەر تەنیـا فـۆرم، یان ناوەرۆک نییە، بەڵکو وەک سەرەتا بونیادێکە بۆ تەعبیر کردن: (مانا/وێنە)، (وێنە/مانا) یەک جەستەیە. بەم جۆرە ناتوانین (مـانا)ی قـەسـیـدە، یان (ناوەرۆک) وەک شـتـێکی سـەربەخـۆ، جیـا، دیاریکراو، عـەقـڵی، ڕوون، دەربهـێنین. بەڵکو قـەسـیـدە ئاسـۆیەکـە بە نێـویدا گـوزەر دەکـەین: لەخـۆمـانی ناگرین، بەڵکو ڕەهەندەکانی کەشف دەکـەین، ئەگـەر لەم بارەوە پێکچـوونێکم هەبێ دەڵێم

پێوەندی مانا بە وێنەوە، یان ناوەڕۆک بە فۆرمەوە وەک پێوەندی ڕووی کاغەزی سپییە بە ڕووەکەی دیکەی کە ئەویش هەر سپییە.

ئەوەی دەشێ لە نێوان فۆرم و ناوەڕۆک لەمەودوا نکۆڵی لێبکەین خودی ئەو پێوەندییە جەدەلییەی نێوانیانە. چونکە ئەو پێوەندییە وامان لێدەکات بۆ ئەو تێگەیشتنە کۆنە بگەڕێینەوە، ئەوەش لە بەر ئەوەیە کە دوو ئاست، یان دوو لایەنی سەربەخۆ و دیار و جیاواز دەسەپێنێت.

✱ لە قەسیدەی (تاک بەشێوەی کۆ) قسە لەو مەسافەیە دەکەیت کە (دوو عاشق)ی پیاو و ژن ئەگەرچی لەوپەڕی یەکگرتنیشدابن لێک جیا دەکاتەوە. ئەوە مەیلی خۆدانە پاڵ ئافرەتت لا دەردەخات، ئایا ژن لای تۆ تاکە، یان چەندانێکە؟ هەروەها لە بارەی خۆشەویستی و ئافرەت چی دیکە هەیە؟

– یەک جەستە نین، بۆیە ئافرەت یەک نییە. (هەروەها پیاویش، بەڵام بە نیسبەت من ژن یەکە). هەموو جەستەیەک کیشوەرێکە لە ڕێگەی پێوەندی ئێمە و بە گوێرەی ئەو پێوەندییە گەورە و بچووک دەبێتەوە. گفتوگۆ لە نێوان جەستە و جەستە، دۆزینەوەی ئارەزووە خەفەکراوە سۆزئامێزەکان، ئەوانە و هی دیکەی نێوان دوو جەستەی دی بۆ خۆی نهێنی (خۆشەویستی/ سێکس)ییە و سەرەتایەکی هەمیشەییە کە دووبارە نابێتەوە. ئەوە بۆ خۆی شیعرێکی دیکەیە کە (مادده/ سروشت) دەینووسێتەوە. دەشێ بەرزترین شیعر بێت، ڕەنگە لە ئاستی مواکەبەکردن، یان یەکگرتن ئاواتی ئەو شیعرە بێت کە زمان دەینووسێت.

دوو ئاشقەکە لەو دیدەدا دووبارە هەردووکیان (مانا/وێنە) و (وێنە/مانا)ن.

✱ جیاوازی نێوان کلاسیکی و نوێ چییە؟

– لە نێوانیاندا کۆمەڵێک جیاوازی هەیە، هەر لە بۆچوونیان بۆ دنیا، چۆنێتی تەعبیرکردن لەو بۆچوونە، ئەو جیاوازییانە لە کتێبی ڕەخنەی شیعریدا خراونەتە ڕوو، لێرەدا هیچ شتێک بۆ دووبارەکردنەوەیان شک نابەم، بەڵام لە نێویاندا یەکەیەکی قووڵیش هەیە، ئەویش یەکەی ئیبداع و دواتر بەهای شیعرییە لە ئاستی ئیبداع، جا بە هەر فۆرمێک تەعبیری لێکرابێت.

کلاسیکییەت کۆمەڵێک خەسڵەتە کە شیعرێکی پێ وەسف دەکرێت. تازەگەرێتیش هەروەک کلاسیکییەت کۆمەڵێک خەسڵەتە کە شیعرێکی پێ وەسف دەکرێت.

کەواتە کلاسیکییەت و تازەگەری دوو سیفەتن دواتر دراونەتە پاڵ شیعر. واتە لە سەر شیعر هەڵنراون، شیعر لە سەر ئەوان ڕۆنەنراوە. شیعرانێک هەن هەندێک لە خەسڵەتی کلاسیکیان بەجێ هێناوە دەشێ بە کلاسیکی ناویان بەرین، بەڵام ئەوە بەو مانایە نییە، کە شیعرێکی گەورە نییە. لێرە هەندێک بەرهەمی شیعری هەن کە هەندێک لە خەسڵەتەکانی تازەگەرییان لەخۆدا هەڵگرتووە بەو پێیە دەبێ بە تازە وەسفیان بکەین، بەڵام ئەوە دەلالەت لەوە ناکات کە شیعرێکی گەورەیە.

✱ کەواتە بەهای شیعری لە کوێدایە؟

– لە ئاستی ئیبداعیدایە.

✱ بەڵام لێرەدا دەستەواژەی (ئاستی ئیبداعی) تەمومژاوییە و ئاماژە بە دنیابینی و شێوەی هونەری واتە (ناوەڕۆک) و بنیادی هونەری، ئەو دنیابینییە دەکات، ئەوانەش یەکەیەکن لێک جیا ناکرێنەوە. وەک زانراوە تۆ لەو یەکەمانەی کە تێڕوانینت بۆ تازەگەری بە دەرچوون لە کلاسیکییەت دەکەوێتەوە. ئەگەر کلاسیکییەت سەر بە ئیبداعی شیعری بێت باشە بۆ دەرچوون، یان بە سەردا تێپەڕین؟

– ئەو پرسیارە وام لێدەکات بە جوانی هەندێک خاڵی گرنگ کە تاکو ئێستا جێی بەد تێگەیشتن و بەدحاڵیبوونن بخەمە ڕوو:

**یەکەم:** من هیچ جارێک لە سەر ئاستی ئیبداعی نەمگوتووە با لە کلاسیکییەت دەرچین، یان بەسەریدا تێپەڕین، چونکە ئەوە کلاسیکییەتە دەبێتە ئاوگی درەختی شیعر، یان بەشێکە لە فەزای شیعری، باشە چۆن لەو فەزایە دەردەچین؟ چۆن (ئەمروئەلقەیس)، یان (ئەبو نەواس)، یان (ئەبو تەمام)، یان (گلگامێش)، یان (شێکسپیر) ڕەت بکەینەوە؟ ئەگەر ڕەتیان بکەینەوە کەواتە شیعرییەتی خۆمان ڕەت دەکەینەوە.

**دووەم:** هیچ جارێک نەمگوتووە تازەگەری شیعرییەت دەسڕێتەوە.

**سێیەم:** ئەوکاتەی کلاسیکییەت ڕەت دەکرێتەوە کە هەڵگری شیعرییەتێکی وەرگیراو بێت، واتە کاتێ شاعیرێک خۆی لە تایبەتمەندییەکان ڕووت کردەوە و هانای بۆ دەرەوە برد. ئەوە بۆ خۆی بە سەر تازەگەریشدا جێبەجێ دەبێت.

**چوارەم:** ئەو کاتەی کە کلاسیکییەت دەبێتە کلاسیکییەتێکی وەرگیراو، واتە کاتێ بە هۆی بێ توانایی ئیبداعی گەلێک، لە قۆناغێکی مێژوویی،

کلاسیکییەت دەبێتە کۆمەڵێک تایبەتمەندی ڕووت. دەبێتە کارێک بۆ سیخوڕی کردن و گشتاندنێک کە سیستەمێکی باو بۆ هەژموون و چەسپاندنی خۆی مومارەسەی دەکات. ئیتر لەوێوە شیعریش نموونەئامێز دەکەوێتەوە و بۆ شێوازگیری و ڕێسا دەگۆڕێت. شێوازگیری و ڕێساش دەبنە یاسا و فێرکاری. بەم جۆرە ئەوەی کە شێوازگیری و لاساییکردنەوە دەستی بەسەردا دەگرێت، بە دەستەواژەیەکی دیکە هۆنراوە دەستی بەسەردا دەگرێت و شیعر ون دەکات.

ئەوەی بۆ کلاسیکییەت ڕاست دەکەوێتەوە بۆ تازەگەریش ڕاستە.

**پێنجەم:** کاتێ قسەت لە تێپەڕاندنی ڕابردووی شیعری کرد، من ویستم وزەی ئیبداعی کە ئەو تەعبیرەی هەڵگرتووە لە شێوازگیری، یان نموونەگیری کە هۆیەکە بۆ بەرهەمهێنان، جیا بکەمەوە. بزاڤی شێوازگیری، بزاڤێکە لە سەرکوتکردن، ئەو بزاڤە لە هەموو سەردەمەکان و هەتا ئێستاش دەستی بە سەر ڕۆشنبیری ئێمەدا گرتووە، ئەوەیە کە تۆ بانگەشەی بۆ دەکەیت و من بانگەشەی تێپەڕاندن و ڕووخانی بونیادەکانی دەکەم.

* کەواتە بزاڤی تازەگەری بە لای تۆوە چ دەگەیەنێت؟

– زۆر شت، بە تایبەتی لەو چوارچێوەیەدا بۆ من دوو شت دەگەیەنێت: یەکەم، ئیبداع. دەبێ شاعیر دوور لە لاساییکردنەوە و شێوازگیری، قەسیدەکەی وا بنووسێت کە یەکەم جار ئەو ئیبداعی دەکات. دووەم، جەختکردنە لە سەر ئەوەی کە بە ڕاستی لێرەدا توانای زۆر هەن لە دەرەوەی (بەحرەکانی خەلیلی فەراهیدی) شیعری عەرەبی دەنووسن. ئەو بەحرانە بێ ئەوەی لە شیعرییەتی عەرەبی تێبگەن، چۆن دەتوانن ئیقاعی شیعری عەرەبی ڕەتکەنەوە،.

تازەگەری وەک پێویست مانای ڕەتکردنەوەی بەحرەکان نییە، ئەگەر ئەوە بێت، کەواتە وەک ئەوە وایە بۆ نموونە مۆسیقای (شتوکهاوزن، یان مۆسیقای ئەلکترۆنی بە گشتی) بە بیانووی ئەوەی کە نوێیە، جێگای مۆسیقای (بیتهۆڤن، یان باخ) بگرێتەوە. ئەوە هەر تازەگەری جاهیلەکانی مۆسیقا ناگرێتەوە، بەڵکو دەلالەت لە تازەگەری ئەو پەککەوتانە دەکات کە ناتوانن ئیبداع بکەن. ئەگەر بەهای شیعری گەورەی عەرەبی لە بەحرەکانەوە بێت، ئەوە وەک ئەو تازەگەرییە دەکەوێتەوە. لەو حاڵەتە دەبێ شیعری (ئەمروئلقەیس و زی ئەلڕەمە و ئەبو نەواس و ئەبو تەمام و موتەنەبی) ڕەت بکەینەوە.

ئەوەش واتە ڕەتکردنەوەی ڕوویەکی دنیابینی لە شیعری عەرەبی ئەو ڕووەی کە کەسێتی عەرەبی کەشف دەکات، هەروەها دەبێتە ڕەتکردنەوەی بەشێک لە دنیابینی شیعری داهێنەرانەی تەواوی چاخەکان.

* ئەگەر ئەوە پێکچواندنی کۆن و نوێ بێت، باشە چەمکی تازەگەری دەکەوێتە کوێوە؟

– دەکەوێتە دووتوێی ئەو بزاڤە کۆششئامێز و بەردەوامەی فەزای ناوەوە، فەزا باڵا بەرزەکەوە، دەشێ ئەو گەڕان و کۆششکردنەش بە شێوەی جۆراوجۆر پراکتیزە بکرێت، بۆیە لێرەدا ناچارین جەخت لە سەر ئەوە بکەین کە شیعر و هونەر بەگشتی شێوەی ڕەها لەخۆ ناگرێت، هەموو قەسیدەیەک شێوەی تایبەت بەخۆی هەیە و ئەو شێوەیەش وەک ئیبداع دووبارە نابێتەوە، بەڵکو وەک تەقلید و شێوازگەری دووبارە دەبێتەوە.

بۆیە (فۆرم)، یان شێوە یەکەمین نیشانەیە بۆ جیاکردنەوەی داهێنەر لە لاساییکەرەوە. لەو ئاستەدا جیاوازی نێوان داهێنەر و لاساییکەرەوە ئەوەیە کە داهێنەر فۆرم دادەهێنێ، بەڵام لاساییکەرەوە بەکاری دەهێنێت.

* بەڵام ئایا بە شێوەیەکی پراکتیکی و واقیعی، شیعری کلاسیکی کۆتایی نەهاتووە؟

– شیعر کۆتایی نایەت، بەڵکو بە ڕێگەکانی تەعبیرکردندا دەچێتەوە و ڕێگەیەکی نوێ بۆ تەعبیرکردن دەدۆزێتەوە. کە دەڵێین: (شیعری کلاسیکی کۆتایی هاتووە) ئەوە پێوەندی بە کەوتنی زانستییەوە دەکات. وەک ئەوەی کلاسیکییەت حەقیقەتێکی زانستی بێت و حەقیقەتی تازەگەری بەتاڵی کردبێتەوە. وەک چۆن لە ڕووی زانستییەوە دەڵێین: ماکینە حەقیقەتێکی زانستییە و فڕۆکە، یان بۆ نموونە مووکێت وەک حەقیقەتێکی زانستی بەتاڵی کردووەتەوە، ئەگەر ئەوە ڕاست بکەوێتەوە ئەو کاتە شیعری کۆن هیچ بەهایەکی نامێنێت و بەتاڵ دەبێتەوە وەک چۆن چرای زەیتی لە لایەن گڵۆپی کارەباییەوە بەتاڵ کرایەوە.

شیعری کلاسیکی، یان ڕۆمانتیکی....تاد، شتێک نییە لەگەڵ تازەکردنەوەی زەمەنەکان کۆن بکەوێتەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە لەگەڵیدا نوێ دەبێتەوە.

زانست یاساکانی ڕاستبێژی خۆی لە ڕێگەی ئەزموون و گریمانەکانەوە دادەمەزرێنێ. ڕەنگە حەقیقەتی ئەمڕۆ لە چاو دوێنێ هەڵە بێتەوە. هەروەها حەقیقەتی زانستی بەردەوام پێویستی بە چاو پێداگێڕانەوە هەیە، بەڵام شتی

وا لە شیعردا نییە. شیعرێکی گەورەی ئەمڕۆ کاری ئەوە نییە بێت قەسیدەیەکی کۆن ڕەش بکاتەوە. هەروەها بۆ نموونە یاسای کێشکردن ئەگەر (نیوتن)یش نەیدۆزیبایەوە ئەوە یەکێکی دیکە دەیدۆزییەوە، بەڵام مەحاڵە یەکێکی دیکەی جگە لە (دانتی) بێت (کۆمیدیای خواوەند) بنووسێتەوە، یان شیعری (موتەنەبی) یەکێکی دیکە بینووسێتەوە. ئەوەش یەکەم بەو مانایەیە کە ئیتر شیعر شیعرە، نەک بەوەی کە کلاسیکییە، یان ناکلاسیکی. هەروەها لە شیعردا تاکی داهێنەر هەمیشە لە سەرەتادایە. کارە شیعرییەکانی پێشووش ئەوە ناگەیەنن کە دوا حەقیقەتیان پێیە، بەڵکو وەک ناکۆتایی دەردەکەون. هەروەها داهێنەری ئەمڕۆ لە (گلگامێش، یان سۆفۆکلیس، یان ئەمروئلقەیس) پێشکەوتوو تر نین، چونکە قەسیدەکانیان لە ڕەگەزە کۆنەکانەوە دەرنەهێناوە، بەڵکو وەک ئەوەی یەکەم جار بێت ئەوان دایانهێناوە. پێویستە داهێنەری ئەمڕۆ هەموو شتێک بکات وەک ئەوەی هیچ کەسێکی تری لە پێش نەبێت، ئەوەش پێچەوانەی پیاوانی زانستە.

* شاعیرێکی گەورەی وەک تۆ چ بە شاعیرە بەرزەکان دەڵێت؟

– ئەگەر بشێ ئەو ڕۆڵە وازی بکەم، پێیان دەڵێم پرسیارە تایبەتییەکانی خۆتان بەرەو ڕووی دنیا و شتەکانی بکەنەوە، بۆ ئەوەی گوتنی تایبەت بەخۆتان دابمەزرێنن.

**تێبینی:** ئەو گفتوگۆیە لە لایەن (محەمەد عەبدوڵڵا)وە سازکراوە، لە بنەڕەتدا دوو چاوپێکەوتن بوو، کە بۆ ڕۆژنامەی (ئەلسەفیر) بە ئەنجامی گەیاندووە، بەڵام من هەردووکیانم بە یەکەوە بەستەوە و هەندێک پرسیارم لێ لابردووە کە کەمتر پێوەندییان بە ئیبداعی شیعرەوە هەبووە، وەک چۆن بە پێی پێویست، هەندێک لە پرسیارەکانم پاش و پێش کردووە.

**سەرچاوە:**

**ادونیس، الحوارات الکاملة، الجزء الاول، بدایات للطباعة و النشر و التوزیع، سوریا – دیمشق، ط١، ٢٠٠٥، ل١٤٥ – ١٥٣.**

# ڕەهەندەکانی «ئانیما» و «ئانیموس» لە «شازدە احتجاب»دا

سەعید سلێمانی
(تاران)

شازدە ئیحتجاب سەرەڕای ئەوەی کە وەک سەرکەوتووترین بەرهەمی نووسەری ئێرانی «هوشەنگ گوڵشیری» ناوزەد دەکرێت، بە یەکێک لە گرینگترین دەقەکانی ئەدەبیاتی هاوچەرخی فارسی دێتە ئەژمار. دەقێکی فرەڕەهەند کە خوێندنەوەیەکی زۆر لە خۆ دەگرێت. ئەو ڕۆمانە جگە لەوەی کە بە درێژایی کەوتووەتە بەر سەرنج و تێبینی ڕەخنەگران، لە پاڵ «بوف کور»ی سادقی هیدایەتدا هەمیشە وەک دەقێکی جیاواز سەیر کراوە. جیاواز لە بابەت شێوازی گێڕانەوە و چۆنیەتی پێوەندی نێوان ڕووداوەکان و گەڕان بە دوای هۆکارەکانیاندا.

پێوەندی نێوان کەسایەتییەکانی ناو شازدە ئیحتجاب سەرەڕای ئەوەی کە پێوەندییەکی ئاڵۆزە، لە هەمان کاتیشدا پێوەندییەکی قووڵە کە هۆکارەکانی بە ئاسانی خۆیان بە دەستەوە نادەن، بەو مانایە کە کارتێکەری کەسایەتییەکان لەسەر یەکتر ڕەوتێکی ئاسایی و ڕاستەوخۆی نییە، بەڵکو زۆر جار ئەنجامێکی وای لێ دەکەوێتەوە کە تەواو بە پێچەوانەی ئەوەوەیە کە چاوەڕوان دەکرێت. واتە بۆ دۆزینەوە و لێکدانەوەی ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی ڕووداوەکان دەبێ بە دیوی ناوەوەی پێوەندییەکاندا ڕۆبچیت کە تەواو شاراوە و داپۆشراون، تا ئەو جێیەی کە هۆکارەکان زۆر جار شێوەیەکی وەهمی و ئینتزاعی بە خۆوە دەگرن.

لە ڕاستیدا هەڵوێستی کەسایەتییەکان لە ئاست یەکتردا و کێشمەکێش و ململانێی ئەوان بۆ ناسین و مامەڵەکردن لەگەڵ یەکدا لەسەر بنەمای وێنە و ڕەنگدانەوەی هەر یەکیان لە زەینی ئەوی دیکەدا ڕۆنراوە

و چەقی بەستووە کە ئەمەش دۆخێکی وەهای دروست کردووە کە هۆکارەکان بە ڕوونی خۆیان دەرنەخەن و ئیتر ڕەخنەگریش بە ئاسانی نەتوانێت خوێندنەوەیەکی ورد و پتەوی لێ بە دەستەوە بدات.

زۆربەی ڕەخنەگرانی ئێرانی لە خوێندنەوەی ئەو دەقەدا سەرنجیان بۆ لای ڕواڵەت و دیوی دەرەوەی کارتێکەری ڕووداوەکان و پێوەندییەکان لەسەر یەکتر چووە، هەربۆیەش زۆربەیان لە دیوی ناوەوەی خودی دەقەکە بێ ئاگا بوون.

شازدە ئیحتجاب چیرۆکی دوایین شەوی ژیانی پیاوێکە بە ناوی خوسرەو کە لە هەمان کاتیشدا دوایین پاشماوەی بنەماڵەیەکی شایانەیە و هەر بۆیەش لە ڕۆمانەکەدا پێی دەڵێن: شازدە. گوڵشیری بە هۆی تەکنیکی ڕۆمانەکەوە و بۆ باشتر دەرخستنی کەسایەتی شازدە، ئاوەڵناوی «احتجاب»یشی - بە مانای شاراوە، داپۆشراو، یان پڕنهێنی - بەسەردا بریوە. شازدە ئیحتجاب لە دوایین شەوی ژیانیدا لە ناو ژوورەکەی خۆیدا لەسەر سەندەڵییە ڕاحەتییەکەی خۆی دانیشتووە و تەواوی ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە بە زەینیدا تێپەڕ دەبن کە بریتییە لە مێژووی چوار پشتی بنەماڵەکەی تا دەگاتە خۆی و هەروەها پێوەندی خۆی لەگەڵ «فخر النساء»دا کە ژنیەتی. گوڵشیری بە کەڵک وەرگرتن لە تەکنیکی «خورینی زەین»* بە باشترین شێوە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە لە گۆشەنیگای زەینی شازدەوە دەگێڕێتەوە و بۆ خوێنەر ڕوونیان دەکاتەوە. شازدە لەو شەوەدا مێژووی بنەماڵەکەی لە چوارپشت پێش خۆیەوە دەگێڕێتەوە کە شتێک نییە، جگە لە چیرۆکی یەک لەدوای یەکی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە کە دواجاریش بە مەرگی خودی شازدە کۆتایی دێت. لە ڕاستیدا شازدە چیرۆکی لەناوچوون و نوشوستی باب و باپیرانی تا دەگاتە خۆی، دەگێڕێتەوە کە چیرۆکێکی پڕکارەسات و ئاڵۆزە و نیشاندەری هەرەسهێنانی بەردەوام و بێ پسانەوەی ئەو بنەماڵەیە کە بە خودی شازدە کۆتایی دێت.

کەشوهەوای ناو ئەو ڕۆمانە کەشوهەوایەکی ئاڵۆزە، چونکە ڕووداوەکان یەک بەدوای یەکدا و بێ پسانەوە، بە شێوەیەکی پچڕپچڕ لە زەینی شازدەوە سەرەڕێژ دەکەن (لە ڕاستیدا ئەوە پێویستی ئەو شێوە تەکنیکەیە کە گوڵشیری ڕۆمانەکەی پێ دەگێڕێتەوە). هەربۆیەش خوێنەر دەبێ بە وردی دەست بە هەودای زەینی شازدەوە بگرێت بۆ ئەوەی لە ناو ڕووداوەکاندا سەری لێ نەشێوێت و ون نەبێت.

شازدە ئیحتجاب کوڕی سەرهەنگ ئیحتجاب کوڕی بابەگەورە کوڕی باپیرەگەورەیە. فەخرونیسا کە ژنی شازدەیە، پوورزای خۆیەتی (لە باوکەوە) و سەرەڕای ئەویش ئافرەتێکی دیکە بە ناوی «فەخری» کە قەرەواشی فەخرونیسایە لە ڕۆمانەکەدا ئامادەیە. لە ڕاستیدا سەرجەمی ڕووداوە سەرەکییەکانی ڕۆمانەکە بە دەوری پێوەندی نێوان شازدە و فەخرونیسادا دەسووڕێنەوە کە لەو ناوەدا فەخریش وەک ژنی دووەمی ڕۆمانەکە دەورێکی کاریگەری هەیە. کە ئەم نووسینەش هەوڵێکە بۆ خوێندنەوەی دیوی ناوەوەی پێوەندی نێوان ئەو دوو کەسە و تا ڕادەیەکیش پێوەندی فەخری بە ئەوانەوە، یان باشتر بڵێین: هەوڵێکە بۆ دەرخستنی هۆکارەکانی پێوەندی نائاسایی و ئاڵۆزی نێوان شازدە و فەخرونیسا لە دید و ڕەهەندێکی دەروونناسیانەوە.

### ئانیما (Anima) و ئانیموس (Animus)

بە پێی لێکۆڵینەوەکانی یۆنگ هەر پیاوێک لە ناو زەینی ناوشیاری خۆیدا هەڵگری ژنێکە کە بەشێک لە پێکهاتەی سروشتی ناوشیاری ئەو پێک دێنێت. واتە هەر پیاوێک لە ناو ڕۆحی خۆیدا خاوەنی ژنێکی زەینییە کە خۆی ئاگاداری لێی نییە، بەڵام زۆر لە ئاکار و هەڵسوکەوتی ئەو دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە. یۆنگ ئەم بەشە ژنانەیەی زەینی ناوشیاری پیاو ناو دەنێت: «ئانیما».

هەروەها هەر ژنێکیش لە ناو زەینی ناوشیاریدا هەڵگری پیاوێکە کە بەشێک لە پێکهاتەی سروشتی ناوشیاری پێک دێنێت و ئەم بەشەش ڕۆڵێکی هەروەک ئانیما دەگێڕێت و بەمەش دەگوترێ «ئانیموس».

لە ڕاستیدا ئانیما نیشاندەری سروشتی ژنانەی یەک پیاوە و ئانیموسیش نیشاندەری سروشتی پیاوانەی یەک ژنە.

ئەم بەشە هەڵگری ژن، یان پیاوێکی تایبەت نییە، بەڵکو دیمەن و هێمای ژن، یان پیاوێکی ئەزەلییە کە لە ناو زەیندا جێگیر بووە و مرۆڤیش بێ ئاگایە لێی و بەسەریدا زاڵ نییە. لەگەڵ ئەوەشدا ڕەنگدانەوە و

کاریگەرییەکی زۆری هەیە لە پێکهێنان و شکڵ گرتنی کەسایەتی یەک مرۆڤدا و سەرجەمی ژیان و پێوەندییەکانی ئەو دەخاتە ژێر کارتێکەری خۆیەوە. هەڵبەت دەکرێ ئەم هەستە نامۆیە ڕام و دەستەمۆ بکرێت و بە شێوەیەکی پۆزەتیڤ کەڵکی لێ وەربگیرێت.

هەروەک گوتمان ئانیما بەشی ژنانەی ناو زەینی یەک پیاوە کە هەڵگری خوو و خەسڵەت و هەستی ژنانەیە و ئەمەش لە ئاکار و هەڵسوکەوتی پیاودا ڕەنگ دەداتەوە بەو مانایە کە پیاو زۆر جار هەندێک ئاکار و کردەوە و حەز و خولیا لە خۆی نیشان دەدات کە سروشت و ماهیەتێکی تەواو ژنانەیان هەیە و ئەمەش بۆ هەمان ئانیما دەگەڕێتەوە کە باسمان لێکرد. هەر بەو پێیەش ئانیموس بەشی پیاوانەی ناو زەینی یەک ژنە کە هەڵگری سیفات و تایبەتمەندی و حەز و خولیای پیاوانەیە و ژنان زۆر جار ئەو خەسڵەتە پیاوانەیە لە هەست و نەستیاندا ڕەنگ دەداتەوە کە هەروەک ئاماژەمان پێدا، سەرچاوەکەی هەمان ئانیموسە.

ئەو ماهیەتەی ڕەگەزی بەرانبەر لە ناو پێکهاتەی ناوشیاری زەینی یەک مرۆڤدا زۆر جار ڕەخنە دەکاتە ناو داهێنان و بەرهەمەکانی مرۆڤەوە. بۆ وێنە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان هەمیشە شوێنێک بوون بۆ دەرکەوتنی ئەو بەشە جیاوازەی زەینی مرۆڤ بەو مانایە کە ئانیما، یان ئانیموس زۆر جار لە ناو کارە ئەدەبی و هونەرییەکاندا ڕەنگ دەداتەوە و سروشت و ماهیەتی داهێنەری بەرهەمەکە وەدەردەخەن. لە ڕاستیدا ئەو بەرهەمانە ئاماژەیەکن بۆ چۆنیەتی پێکهاتەی زەینی داهێنەری ئەو بەرهەمە، یان بە واتەیەکی دیکە تەعبیر لە چۆنیەتی و ستراکتۆری ئەو زەینە داهێنەرە دەکات.

زەقترین نموونەی ناو مێژووی هونەر لەم بوارەدا، تابلۆی «ژێکۆند»ی هونەرمەندی ئیتالی «داڤنشی»یە کە دیمەنی ژنێکە کە لە هەمان کاتدا ڕوخسارێکی پیاوانەشی لە خۆیدا هەڵگرتووە، یان بۆ نموونە لە زۆربەی کتێبە ئاسمانییەکاندا باس لە بوونی ڕەگەزی بەرانبەر لە ناو جەستە و ڕۆحی ئەوی دیکەدا کراوە. هەروەها لە زۆربەی تابلۆ و ڕەسمە مێژووییەکانی ڕۆژئاوادا، یان لە نیگارەکانی ناو پەرستگاکانی هیند و ڕۆژهەڵاتدا ئەم دیاردەیە بەرچاو دەکەوێت.

بوونی ئەم بەشە نادیارە لە ناو زەینی یەک مرۆڤدا دەبێتە هۆی ئەوە کە ئەو مرۆڤە هەڵگری سیفات و تایبەتمەندی ڕەگەزی بەرانبەر بێت و زۆر جار کردەوەیەک لە خۆی نیشان بدات کە تەواو بە پێچەوانەی سروشت و ماهیەتی ئاسایی خۆی بێت. یۆنگ بە دەرخستن و خستنەڕووی ئەم حەقیقەتە دەروونییە توانی پەردە لەسەر زۆر لە سیفات و هەڵسوکەوت و چالاکییەکانی مرۆڤ لابدات کە تا ئەو کاتە هۆکارێکی دەروونی تایبەتیان بۆ دەستنیشان نەدەکرا. هەروەها توانی لەو ڕێیەوە دەست بداتە تەفسیر و لێکدانەوەی زۆر لە خەونەکانی مرۆڤ کە هەندێک جار وەک ناکۆکییەکی دەروونی دەهاتنە بەرچاو. هەر لەسەر ئەم بنەمایەش زۆر لە بەرهەمە هونەری و ئەدەبییەکان شرۆڤە کران و دیوە نادیارەکەیان خرایە ڕوو.

بەو پێیە ئانیما و ئانیموس دەورێکی کاریگەر لە پێکهێنان و شکڵ گرتنی کەسایەتی دەروونی یەک مرۆڤدا دەگێڕن بە چەشنێک کە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو حەقیقەتە دەروونییە، زۆر جار دەگەینە بنبەست و لە بابەت هەندێک ئاکار و هەڵسوکەوت و سیفاتی مرۆڤەکان هیچ وەڵامێکمان بۆ نادۆزرێتەوە.

ئەوەی لە درێژەی ئەم باسەدا دەکەوێتە بەر باس و لێکۆڵینەوە، ڕەنگدانەوەی ڕەهەندەکانی ئانیما و ئانیموسە لە پێکهاتەی کەسایەتی و زەینی دوو کەسی ناو ڕۆمانی شازدە ئیحتجاب واتە شازدە و فەخرونیسا، بە جۆرێک کە بە بێ خوێندنەوە و سەرنجدان بە ئەم ڕەهەندە زەینییەی ئەوان، ئێمە ناتوانین لێکدانەوە و خوێندنەوەیەکی دروستمان هەبێت لە چۆنیەتی پێکهاتەی تەواوەتی ڕۆمانەکە و چۆنیەتی پێوەندییەکان و هۆکارەکانیان و هەروەها هەڵوێست و بۆچوونی ئەو کەسانە بەرانبەر بە یەکتر، بە چەشنێک کە ڕۆمانەکە لەسەر ئەم بنەمایە چەقی بەستووە.

لە درێژەی باسەکەدا بە وردی باس لە چۆنیەتی و لایەن و تایبەتمەندییەکانی ئانیما و ئانیموس دەکەین و ڕەهەندەکانی دەخەینە بەر باس و شیکردنەوە.

* * *

خوێندنەوە و لێکدانەوەی شازدە ئیحتجاب و هەوڵدان بۆ سەردەرهێنان لە دیوە شاراوەکەی نەک هەر لە ڕێی خوێندنەوەیەکی مێژووییانە یان خوێندنەوەیەکی کۆمەڵناسیانە دەستەبەر نابێت، بەڵکو خوێنەر یان

ڕەخنەگر تەواو لە جەوهەری دەقەکە دوور دەخاتەوە و تەنانەت ئاڵۆزیشی لەلا دروست دەکات، هەربۆیەش ئەوەی کە ئێمە دەمانەوێ باسی لێ بکەین و بیخەینە بەر سەرنج و تێبینییەوە، بەرجەستەبوونەوە و خۆدەرخستنی ئانیما و ئانیموسە لە پێکهاتەی کەسایەتی و ستراکتۆری زەینی دوو کەسایەتی یان قارەمانی ناو ڕۆمانەکە واتە شازدە و فەخرونیسا. ئەم لایەنەی کەسایەتی شازدە و فەخرونیسا بە جۆرێک زەق و بەرجەستەیە کە تەواوی ڕووداوەکان و هەڵسوکەوتی کەسایەتییەکان دەخاتە ژێر کاریگەری خۆیەوە بە جۆرێک کە نەک هەر دەتوانین تەواوی پێوەندی و هەڵوێستەکان لە ژێر سێبەری ئەم چەمکەدا بخوێنینەوە، بەڵکو تەنانەت هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەشمان بۆ نامێنێتەوە تاکو لە ڕێیەوە بتوانین قامک بخەینە سەر هۆکاری ڕەفتار و هەڵسوکەوتەکانی ئەو دوو کەسە. واتە هاندەری تەواوی ئاکار و ڕەفتاری ئەو دوو کەسە لە ژێر سێبەری ئەم چەمکەدایە. لە ڕاستیدا بۆ ئەوەی تێگەیشتنێکی دروست و خوێندنەوەیەکی ڕاستەقینەمان لە شازدە ئیحتجاب هەبێت و بۆ ئەوەی بتوانین لە چۆنیەتی و هۆکاری تەواوی ڕووداوەکان و لە سەرجەمی وردەکارییەکانی پێوەندی نێوان شازدە و فەخرونیسا تێبگەین و لە چەند و چۆنیان ئاگادار بین، دەبێ دەست بەم تیۆرییەی یۆنگەوە بگرین و لە ژێر سێبەری ئەم تێزەیەدا شرۆڤەیان بکەین.

هەر بە چاوخشاندنێک بە دەقی ڕۆمانەکەدا، لە ڕێوە بۆمان دەردەکەوێت کە شازدە و فەخرونیسا خاوەن کەسایەتییەکی ئاسایی نین، بەڵکو لە هەڵسوکەوت و دژکردەوەکانیاندا ناکۆکی و ناتەباییەک هەست پێ دەکرێت. ئەم ناکۆکی و ناتەباییە خوێنەر، یان ڕەخنەگر هان دەدات کە بە شوێن هۆکارەکانیدا بڕوات و هاندەرە ناوەکییەکانی ئاشکرا بکات. بێگومان خوێنەری ئاسایی واتە خوێنەرێک کە ئاگادارییەکی ئەوتۆی لە تیۆرییە دەروونناسییەکان نییە ناتوانێت هاندەری سەرەکی ئەو شێوە ڕەفتارە و ئەو جۆرە هەڵوێست و دژکردەوانە ئاشکرا بکات هەربۆیەش دووچاری جۆرە سەرسوڕمان و تێنەگەیشتن دەبێت یان زەینی بە لایەکدا دەڕوات کە لە خوێندنەوە و تەفسیری ڕاستەقینەی دەقەکە دووری دەخاتەوە.

زۆربەی ڕەخنەگرانی فارس بۆ دۆزینەوەی هۆکارەکانی ئەم ناکۆکی و ناتەباییەی کەسایەتی شازدە و فەخرونیسا، قامکیان ناوەتە سەر هەندێک خاڵی دیکە کە هیچ پێوەندییەکیان بەو بابەتەوە نییە کە ئێمە باسی لێ دەکەین. بۆ وێنە هەندێکیان ئاماژەیان بە پێگەی ژن لە کۆمەڵگەی ئێرانیدا کردووە، یان قامکیان بۆ ئەو شێوە ڕوانینە پیاوسالارانەیە ڕاداشتووە کە لە کۆمەڵگە ڕۆژهەڵاتییەکاندا باوە کە ئەمەش تەواو دوورە لەو دۆخەی کە شازدە و فەخرونیسا لە ئاست یەکتردا هەڵوێست دەگرن. بە واتەیەکی دیکە دەتوانین بڵێین کە هیچ یەک لەو ڕەخنەگرانە هەستیان بەو ناکۆکییە دەروونییەی شازدە و فەخرونیسا نەکردووە و چۆنیەتی پێکهاتەی زەینی ئەوانیان بۆ دەرک نەکراوە، یان نەیانتوانیوە هۆکارەکانی ئاشکرا بکەن. جا لەبەر ئەمە زۆربەیان بۆ هۆکارە دەرەکییەکان گەڕاون و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەیان بە هەندێک لایەنی دیکەوە بەستووەتەوە کە پێوەندی بە هیچ ڕەهەندێکی کەسایەتی دەروونی ئەم دوو کەسەی ناو ڕۆمانەکەوە نییە. تەنانەت ئەم گەڕان و هەڵوەدابوونە لە ناو ڕۆمانەکەشدا ڕەنگدانەوەی هەیە و بەر چاو دەکەوێت. واتە ئەم پرۆسەیە شازدە و فەخرونیساشی گرتووەتەوە بەتایبەت شازدە کە بۆ دۆزینەوە و ناسینی ئەم ناتەباییە دەروونییە دەکەوێتە کار. بۆ وێنە سەرەتا دەیەوێ لە ڕێی شتەکانی دەوروبەرییەوە سەر لە کەسایەتی خۆی دەربێنێت و خۆی پێناسە بکات، بەڵام بە هیچ ئەنجامێک ناگات و تا کۆتایی ڕۆمانەکەش هەر لەو دۆخەدا دەمێنێتەوە. جا هەر ئەمەش وا ویدەچێت کە هۆکارێک بێت بۆ ئەوەی ڕەخنەگرانیش بە لاڕێدا چووبن.

* * *

بە ڕای یۆنگ تایبەتمەندییەکانی ئانیما لە یەک پیاودا بریتین لە: هەست و حەز و تاسە و بۆچوونی ژنانە، هەڵسوکەوتی ئاڵۆز، دژکردەوەی بێ هۆ و ناعەقڵانی و پێوەندی لەگەڵ ناوشیاری خوددا کە بەرجەستەترینیانن. یۆنگ لای وایە کە هەریەک لە ئانیما و ئانیموس دەتوانن کاریگەری پۆزەتیف، یان نێگەتیڤیان هەبێت کە زۆر جار لە شێوەی نێگەتیڤدا خۆ دەردەخەن، واتە کاتێک کە دەورێکی پۆزەتیف دەگێڕن لە هەڵسوکەوتی مرۆڤدا زۆر ڕەنگ ناداتەوە، بەڵام کاتێک دەورێکی

نێگەتیڤیان هەبێت ناتەبایی و ناکۆکی لە ئاکار و بۆچوون و هەڵسوکەوتی ئەو کەسەدا خۆ دەردەخات.

بە بۆچوونی یۆنگ ئانیما کاتێک دەورێکی نێگەتیڤی هەبێت پیاو ئەو وەهمەی لە لا دروست دەبێت کە لە هیچ شتێک لەزەت نابات، هەربۆیەش ئانیما دەبێتە هۆی ناکۆکی دەروونی، ترس لە نەخۆشی، بێ توانایی و کارەسات کە لە ئەنجامدا ژیان بە تەواوەتی دڵتەزێن و خەمگین دەبێت و ماندوێتی سەرانسەری ژیان دادەپۆشێ و شەکەتی و بێ وازی سەراپای مرۆڤ دەتەنێتەوە. لە ئاکامیشدا لەوانەیە ببێتە هۆی خۆکوشتن، یان ڕۆچوون و هەرەسهێنان، کە ئالێرەدا ئانیما دەبێتە هۆی لەناوچوون. هەڵبەت هەروەک گوتمان ئەمە بەشێکە لە دەرکەوتەکانی ئانیما کە چۆنیەتی و چەندایەتی ئەو دیاردەیە لەوانەیە خوار و ژووری هەبێت.

لە لایەکی دیکەوە ئانیما زۆر جار دەبێتە هۆی ئەوە کە پیاو، ژن سیفەتی لێ دەربێت واتە بە تەواوی تایبەتمەندی ژنانە لە خۆ بگرێت یان ئەوە کە ببێتە گەمەی دەستی ژن و بەرانبەر بە هەر کێشەیەکی ژیان بێ توانا بێت.

ئەگەر سەرنج و چاوخشاندنێکمان بەسەر هەڵسوکەوت و باری کەسایەتی شازدە ئیحتجابدا هەبێت، هەر لە یەکەم ڕوانینیدا بۆمان دەردەکەوێت کە شازدە هەڵگری تەواوی ئەو سیفات و تایبەتمەندیانەیە کە بۆ ئانیما دەستنیشان کراون واتە دەتوانین بڵێین کە دیاردەی ئانیما لە ناو کەسایەتی شازدەدا بە تەواوی زەق و بەرچاوە و هەربۆیەش سەرەڕای ئەوە کە ڕەنگدانەوەیەکی تۆخی هەیە، تەواوی هەڵسوکەوت و ڕەفتاری ئەوی خستووەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە، بە چەشنێک کە ئێمە بە بێ لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕەهەندەی کەسایەتی ئەو ناتوانین پاساوێکمان هەبێت بۆ پێوەندی و هەڵوێست و دژکردەوەکانی ئەو لەگەڵ فەخرونیسادا. کە لە درێژەی باسەکەدا بە وردی دەیخەینە بەر سەرنج و تێبینی و لایەنەکانی شی دەکەینەوە.

هەروەها بە ڕای یۆنگ سیفات و تایبەتمەندییەکانی ئانیموس بەم شێوەیەن: ئانیموس زۆر لە شێوەی بۆچوونێکی شاراوە و نادیاری «پیرۆز»دا دەردەکەوێت. کاتێک ژنێک بە شێوەیەکی ڕاشکاوانە پێداگری لەسەر بیروبۆچوونی پیاوانە دەکات، یان هەوڵ دەدات بە هەڵسوکەتێکی توندوتیژەوە بیروبۆچوونی خۆی بەیان بکات، بە جوانی دەروون و سروشتی پیاوانەی شاراوە و نادیاری خۆی دەردەخات. ئانیموس تەنانەت لەو ژنانەدا کە بە ڕواڵەت سروشتێکی تەواو ژنانەیان هەیە، وێدەچێت بە شێوەیەکی توند و بێ بەزەییانە سەر هەڵبدات. یان دەکرێ ئینسان لە دەروونی ژندا لەگەڵ شتێک بەرەوڕوو بێت کە تەواو سارد و بێ تەفاوەتە و بۆ دەست پێڕاگەیشتن نابێت و بەدەر لە کۆنترۆڵە.

هەروەها یۆنگ لای وایە کە ئانیموس دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن لە تەواوی پێوەندییە کۆمەڵایەتی و ئینسانییەکان دوورەپەرێز بێت و بەتایبەت خۆی لە پیاوان بەدوور بگرێت و هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژن لە واقیعیەت بێ ئاگا بێت و لە ژیانی ئاسایی و چالاکانە دووری بخاتەوە.

بە بۆچوونی یۆنگ ئانیموسیش لە شێوەی نێگەتیڤی خۆیدا هەروەک ئانیما دەبێتە هۆی مەرگ و لەناوچوون و مرۆڤ بەرەو ئەو لایە دەکێشێت، جگە لەوەش هەندێک جار وەک خولیا و تاسەیەکی سارد و ڕووخێنەر بەسەر سروشتی ژندا زاڵ دەبێت، بەتایبەت کاتێک کە ژن نەتوانێت لە قەیدی هەست و خولیای خۆی ڕزگاری بێت. هەربۆیەش لەوکاتەدا دەکەوێتە بیری میرات و پاشماوەی بنەماڵەی خۆی و هەندێک شتی دیکەی لەو چەشنە و هەربۆیەش پلان دارشتن و ڕق هەڵگرتن لەودا پەرە دەستێنێ و لە بواری دەروونییەوە دەگاتە ئاستێک کە وێدەچێ تەنانەت ئارەزووی مەرگی ئەم و ئەویش بکات.

ئێستا ئەگەر دیسان چاوخشاندنێکمان بەسەر هەڵسوکەوت و بیروبۆچوون و کەڵکەڵە زەینییەکانی فەخرونیسادا هەبێت و هەروەها دژکردەوە و هەڵوێستەکانی ئەو لە پێوەندی لەگەڵ شازدەدا بخەینە بەر سەرنج، زۆر بە ڕاشکاوی، تەواوی ئەو تایبەتمەندیانەی سەرەوە لە کەسایەتی و دەروونی ئەودا هەست پێ دەکەین. واتە دەتوانین بڵێین کە فەخرونیسا زۆر بە توندی گیرۆدەی ئانیموسی خۆیەتی و تەواوی ئاکار و هەڵسوکەوتەکانیشی لە ژێر کاریگەری ئەم بەشە لە پێکهاتەی زەینی و دەروونی ئەودایە کە بۆ تێگەیشتن و خستنەڕووی ئەم تایبەتمەندیانە، لە درێژەدا بە وردی دانەدانەیان دەخەینە بەر چاو و قامکیان لەسەر دادەنێین.

**شازدە**

هەروەک لە سەرەتادا ئاماژەمان پێکرد شازدە ئیحتجاب لە دوایین شەوی ژیانی خۆیدا لەسەر سەندەڵییەکە دانیشتووە و ڕووداوەکان بە زەینیدا تێپەڕ دەبن. تەواوی چیرۆکەکە لە نێوان سەرەتای شەودا واتە ئەو کاتە کە شازدە دێتەوە بۆ ماڵەوە و پێش بەرەبەیان واتە ئەو کاتەی کە بولبوڵە، ڕوو دەدات. یۆنگیش لای وایە کە ئانیما لەگەڵ جیهانی ڕاز و نهێنی و بەگشتی لەگەڵ جیهانی تاریکیدا سەروکار و پێوەندی هەیە. لە لایەکی دیکەشەوە هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێکرد شازدە خاوەنی ئاوەڵناوی «ئیحتجاب»ـە بە مانای داپۆشراو یان پڕنهێنی. جا هەربۆیەش یەکەمین شتێک کە ئالێرەدا خۆنوێنی دەکات ئانیمای شازدەیە. چونکە هەر ئەو ئاوەڵناوە خۆی ئاماژەیەکە بۆ ئەو دیاردەیە و فەزای چیرۆکەکەش کە فەزا و کەشوهەوایەکی تاریکە، ئەو مەسەلەیە دەسەلمێنێ. بە واتەیەکی دیکە «ئیحتجاب» ئاماژەیەکی زۆر قووڵە بۆ ئەو ڕەهەندەی کەسایەتی شازدە بە مانای داپۆشراو، نەناسراو و پڕنهێنی. ئەم ئاوەڵناوە لە ڕاستیدا نیشاندەری کەسایەتی ئەو یان هێمایەکی دەقاودەقی دەروونی ئەوە، چونکە بەو ئاسانییە ناتوانی سەر لە پێکهاتەی کەسایەتی و زەینی شازدە دەربهێنی. لە حەقیقەتدا ئەوە ئانیمای شازدەیە کە کەسایەتی ئەوی داپۆشیوە و بۆ کەسێکی ئاڵۆز و پڕکێشمەکێشی گۆڕیوە.

شازدە وەک کەسایەتییەکی ئاسایی ئاشق و شەیدای فەخرونیسایە و خۆشی دان بەم مەسەلەیەدا دەنێت و بە چۆنیەتی پێوەندی و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەودا ئەم مەسەلەیە خۆی دەردەخات، بەڵام لە زۆر شوێندا و بە درێژایی بێزاری و نەفرەتی خۆی لە فەخرونیسا دەردەبڕێ. بۆ ئەم دیاردەیەش ئێمە دەبێ ئاماژە بۆ دوو هۆکار بکەین و دەستیان بخەینە سەر: یەکەمیان هەڵسوکەوتی سارد و بێ تەفاوەتی فەخرونیسا لە ئاست شازدەدا دەبێتە هۆی ئەوەی کە عەشقەکەی شازدە جێی خۆی بدات بە نەفرەت، واتە خۆشەویستی بۆ نەفرەت و بێزاری بگۆڕێت کە ئەمەش لە ڕوانگەی دەروونناسییەوە شتێکی ئاساییە، بەڵام هۆکاری دووهەم هەر ئەو شتەیە کە جێگەی سەرنجی ئێمەیە، ئەویش دەبێ بڵێین کە ئەوە ئانیمای شازدەیە کە بێزاری خۆی لە فەخرونیسا دەردەبڕێ نەک شازدە وەک کەسێکی ئاسایی. ئەگەر وردتر سەیری ئەم دیاردەیە لای شازدە بکەین، دەبینین کە شازدە لە لایەکەوە فەخرونیسای خۆشدەوێت، بەڵام لە لایەکی دیکەوە نەفرەتی لێی هەیە و هەردەم خۆی لێ دەشارێتەوە و تەنانەت کار بە جێیەک دەگات کە شازدە بۆ ئەوەی گوێی لە کۆکەکانی فەخرونیسا نەبێت دەست دەنێتە گوێی خۆیەوە، هەربۆیەش بۆ داکۆکی کردن لەم ناکۆکییە و کردنەوەی ئەم گرێ کوێرەیە دەبێ بڵێین کە دوو فەخرونیسا لە ناو زەینی شازدەدا ئامادەییان هەیە. یەکەمیان ئەو فەخرونیسایەیە کە کەسێکی ئاساییە و شازدە وەک کەسێکی نۆرماڵ خۆشی دەوێت، یەکێکیشیان فەخرونیسای ئانیموسییە، هەربۆیەش شازدە نەفرەتی هەیە لە فەخرونیسایەک کە تایبەتمەندی ئانیموسییانە لە خۆی نیشان دەدات.

فەخرونیسا کەڵکەڵەی سەرەکی و هەمیشەیی زەینی شازدەیە. لە ڕاستیدا هەرچەند کە شازدە دەیەوێ ئەم کەڵکەڵەیە (فەخرونیسا) لە زەینی خۆی پاک بکاتەوە، بەڵام ناتوانێت، چونکە فەخرونیساش بووە بە بەشێک لە ئانیمای شازدە. لەگەڵ ئەوەشدا فەخرونیسا لە لای شازدە بووە بە کەسێکی زۆر سامناک و بەردەوام شازدە خۆی لێ دەشارێتەوە. ئەو سامناکییەش تەنیا لە یەک تایبەتمەندییەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەویش تایبەتمەندی پیاوانەی فەخرونیسایە، واتە ئانیموسی فەخرونیسا. ئەم تایبەتمەندییەی کەسایەتی فەخرونیسا ئەوەندە زەق و بەرچاوە کە شازدە لە ئاستیدا بە چۆکدا هاتووە و تەنانەت کار دەگاتە جێیەک کە ئارەزووی مەرگی خۆی دەکات، هەروەک خۆی دانی پێدا دەنێت و ئاماژەی پێدەکات:

«بەڵام فەخرونیسا... دەتگوت بە گشتی ئەو خەتانەی پەنای لێوەکانی و ئەو چاوانە و تەنانەت بزواندنی لێوەکانی شتانێک بوون کە ئینسانی دەترساند. پیاو هەستی دەکرد کە چەندە بچووک و کەم بایەخە. ئێستاکە ئەگەر وەچەی بابەگەورەش بێت، با ببێت. خۆزگە دەمردم.»

لە ڕاستیدا شازدە تا زەمانێک فەخرونیسای خۆش دەوێت کە هەستی بەم لایەنەی کەسایەتی ئەو (ئانیموس) نەکردووە، بەڵام هەر کە بۆی دەردەکەوێت کە ئەو هەڵسوکەوتی پیاوانەی تێدایە و سەبارەت بە ئەم

سارد و بێ وازە، جۆرێک لە بێزاری و نەفرەتی لە لا دروست دەبێت کە ئەو لە فەخرونیسا دوور دەخاتەوە.

هەروەها ئەم دیاردەی خۆشەویستی و نەفرەتە لە بارەی خودی فەخرونیساشەوە ڕاستە، چونکە فەخرونیساش لە بنەڕەتدا لە شازدە بێزار نییە و لە زۆر جێدا حەزی خۆی ـ بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ - بەرانبەر بە شازدە دەردەبڕێت. ( ئەم خۆشەویستییە دوولایەنە بەتایبەت لەو شوێنەدا کە شازدە بە فەخرونیسا دەڵێت کە سەرمای نەبێت و ئەویش هەر بەو شێوەیە نیگەرانی سەرمابوونی شازدەیە، بە جوانی دەردەکەوێت)، بەڵام ئانیموسی فەخرونیسا لە بەردەم ئەم هەستەدا ڕێگری دەکات و هەربۆیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرانبەر بە شازدە کەسێکی زۆر سارد و کەمتەرخەم بێت. لە لایەکی تریشەوە دەکرێ بڵێین کە فەخرونیسا، چونکە هەستێکی پیاوانە لە ناو شازدەدا نابینێت لێی نزیک ناکەوێتەوە و بە گەرمی پێوەندی لەگەڵدا ناگرێت. ئەم ساردی و کەمتەرخەمییەی فەخرونیسا سەبارەت بە شازدە تا ڕادەیەکە کە تەنانەت کاتێک شازدە دەیەوێت لەگەڵیدا بخەوێت، فەخرونیسا داوای لێدەکات کە لێی دوور بکەوێتەوە و نەبێتە هۆی ناڕەحەت کردنی ئەو.

لە لایەکی دیکەوە تایبەتمەندی ئانیمایی ئەوەندە زەق و بەرچاوە کە تەنانەت لە جەستە و ڕواڵەتی شازدەشدا ڕەنگی داوەتەوە. بۆ وێنە سەندەڵی شایانەی بابەگەورە، بۆ ئەو زۆر گەورەیە و تەنیا بەشێکی بچووک لەو سەندەڵییە مەزنەی داگیر کردووە، یان ئەو کڵاوە تاجدارەی کە فەخرونیسا دەینێتە سەری شازدە و سەری لە ناویدا ون دەبێت و تا سەر چاوانی دادەپۆشێت یان ئەوەی کە دواتر لە دەقەکەدا بەرچاومان دەکەوێت: «شازدە ئیحتجاب سەیری دەستەکانی خۆی کرد. سپی و بچکۆلە بوون.» هەربۆیەش دەردەکەوێت کە شازدە جەستەیەکی تەواو لاواز و بچووک و لە هەمان کاتیشدا ژنانەی هەیە و تەواو لەگەڵ جەستەی باب و باپیرانی جیاوازە و فەخرونیساش بە تەواوەتی ئاگاداری بەسەر ئەم مەسەلەیەدا هەیە و ئیتر شازدە بایەخێکی ئەوتۆی لە لا نامێنێت.

هەروەها ئێمە دەزانین و لە درێژایی چیرۆکەکەدا بۆمان دەردەکەوێت کە شازدە یەختەیە و ناتوانێ ببێتە خاوەن منداڵ، کە ئالێرەدا تایبەتمەندی ئانیمایی شازدە بە تەواوەتی دەسەلمێت و تەنانەت جگە لە فەخرونیسا، فەخریش ئاگاداری لەم مەسەلەیە هەیە و شازدە خۆشی دانی پێدا دەنێت: «من ئیتر لە پیاوەتی کەوتووم.»

جا لەبەر تەواوی ئەم هۆکارانە دۆخێکی وا دەڕەخسێت کە فەخرونیسا لە شازدە دوور بکەوێتەوە و نزیکایەتی نەکات.

تایبەتمەندییە ئانیماییەکانی شازدە هەر ئا بەمانە کۆتاییان نایەت بەڵکو بە درێژایی لە تەواوی دەقەکەدا ڕەنگیان داوەتەوە. هەر لە یەکەمین پەرەگرافی ڕۆمانەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە شازدە بە شێوەیەک خۆی لە ژن بە دوور دەگرێت. دواتر بۆمان دەردەکەوێت کە شازدە لە تفەنگ دەترسێت و ترس لەو جۆرە شتانە بەشێکی زۆر لە کەسایەتی شازدە پێک دێنێت. لە کاتێکدا کە فەخرونیسا بە پێچەوانەی شازدەوە هەموو کات حەز دەکات کە بە شێوەیەک سەروکاری لەگەڵ ئەم شتانەدا هەبێت، چونکە ئەم شتانە هەموویان هێمایەکی پیاوەتییان لە خۆیاندا هەڵگرتووە، یان دەتوانین بڵێین کە شتێکی پیاوانەن. هەروەها بێ ورەیی شازدە بۆ ئەنجامدانی زۆر لەو کارە پیاوانەیانەی کە فەخرونیسا بە گوێیدا دەدات، تایبەتمەندییەکی دیکەی شازدەیە کە تەنیا لە ئانیمای شازدە دەوەشێتەوە. ئەو بە پێچەوانەی باب و باپیرانی ناتوانێت هیچ یەک لەو کارانە بکات کە ئەوان ئەنجامیان داون. کە بەردەوام فەخرونیساش ئەم مەسەلەیە بە ڕوویدا دەداتەوە. بۆ وێنە خودی شازدە دەڵێت: «من کە نەمتوانی درێژە بە ڕاو بدەم، تەنانەت لە دیتنی مراوییەکی کێوی کە لە ناو خوێندا... یان تاژییەک گرتبێتی بە دەمییەوە دڵم پێکدا دێت.» هەروەها لە لایەکی دیکەوە فەخرونیسا کاتێک کڵاوەکە دەنێتە سەری شازدە پێی دەڵێت: «قەت لە تۆ نایەتەوە، شازدە. نەکا قەمەرودەولە [دایکی شازدە] لەگەڵ باخەوان باشیدا... ها؟ ئاخر تەنانەت یەک تۆز لەو شکۆیەی باپیرانت تێدا نییە.» لە ڕاستیدا فەخرونیسا دەیەوێ بە چاوی شازدەدا بدات کە تۆ پیاو نیت.

دەقەکە بە درێژایی پڕە ئا لەم نموونانەی کە جەخت لەسەر ئانیمای شازدە دەکەن، بەڵام ئانیما تەنیا لە نیشان و هێماکانیدا ناوەستێتەوە، بەڵکو ئەوەی گرینگە کارتێکەرییەکە کە دەیکاتە سەر پێوەندی و هەڵسوکەوتەکانی شازدە بەتایبەت لەگەڵ فەخرونیسادا

که دواتر باسیان لەسەر دەکەین.

**فەخرونیسا**

هەروەک پێشتر گوتمان فەخرونیسا کەسایەتییەکی تەواو بەپێچەوانەی شازدەیە و لە هەمان کاتیشدا تەواو بەپێچەوانەی کەسایەتی ژنێکی ئاسایی. هەر ئەم ناکۆکییەش دۆخێکی وای لە لای شازدە دروست کردووە کە نەتوانێت سەر لە کەسایەتی ئەو دەربهێنێت و ئیتر فەخرونیسا بۆ کەسێکی داپۆشراو و پڕنهێنی و دەست پێ ڕانەگەیشتوو بگۆڕرێت کە ئەم ئالۆزییە لای شازدە دواجار دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی کەڵکەڵە و بەدگومانی و نەناسراوبوونی فەخرونیسا. واتە شازدە خۆی سەرەڕای ئەوە کە کەسێکی داپۆشراو و پڕ نهێنییە، لە هەمان کاتیشدا فەخرونیسا لە لای خاوەنی هەمان تایبەتمەندییە و ئیتر ئەم ئالۆزییە دوولایەنە هاوکێشەیەک دروست دەکات کە ڕۆژ بە ڕۆژ بە دوورکەوتنەوەی ئەو دوو کەسە لە یەکتر کۆتایی پێ دێت.

هەروەک گوتمان فەخرونیسا سروشتێکی تەواو پیاوانەی هەیە و ئەم تایبەتمەندییە لە کەسایەتی ئەودا زۆر تۆخە و بە ڕاشکاوی ڕەنگی داوەتەوە. ئەو هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە هەڵسوکەوت و ئاکارگەلێک لە خۆی نیشان دەدات کە تەنیا لە پیاوێک دەوەشێتەوە و لە سیفاتی ژنێکی ئاسایی بەدوورن. ئەو هەر لە شەوی دووهەمی دوای زەماوەندی لەگەڵ شازدەدا، فەرمان بە شازدە دەدات و وەک پیاوێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکات، کە شازدەش هەر لەو کاتەدا بێزاربوونی خۆی لەم تایبەتمەندییەی ئەو و لەو شێوە ڕەفتارە دەردەبڕێت. لە هەمان کاتیشدا ئەم بێزارییەی شازدە، بێزاری لە ڕەهەندی پیاوانەی خۆیەتی یان ئاماژەیەکە بە ڕەهەند و سروشتی ژنانەی دەروونی:

[فەخرونیسا] گوتی: «وەرە پێشەوە بزانم، شازدە» گوتم: «تکات لێدەکەم، دەست هەڵگرە. دوو ڕۆژ نەگوزەراوە دەستت پێ کردووە؟» کڵاوخودەکەی نایە سەری من. تا سەر چاوانمی داپۆشی. فەخرونیسا داهاتبووەوە. چاویلکەکە بەسەر چاویەوە بوو، لە ژێرەوە سەیری دەکردم. گوتی: «هەر لە تۆ نایەتەوە، شازدە. ناکا قەمەرودەولە [دایکی شازدە] لەگەڵ باخەوان باشیدا... ها؟ ئاخر تەنانەت یەک تۆز لەو شکۆیەی باپیرانت تێدا نییە.» ... قامکی نایە ژێر چەناگەی من، سەرمی بەرز کردەوە. قامکی سارد بوو، وەکو جەستەی کە ئەو هەمووە سارد و سپی بوو.

فەخرونیسا هەر لە سەرەتای ژیانی هاوبەشیانەوە هەستی بەوە کردووە کە شازدە کەسێکە کە ڕەهەندی ژنانەی تێدایە و لە هەمان کاتیشدا شازدەش هەستی بە ڕەهەندی پیاوانەی فەخرونیسا دەکات و ساردی و بێ وازی ئەوی بۆ دەردەکەوێت.

واتە هەر لە شەوانی یەکەمی ژیانیانەوە هەست بە ئانیما و ئانیموسی یەکتر دەکەن و ئیتر ئەمە دەبێتە سەرەتای ئالۆزبوونی پێوەندی نێوانیان، چونکە ڕەفتاریان لەگەڵ یەکدا بە پێچەوانەی ڕەفتارێکی ئاساییە. بەتایبەت فەخرونیسا کە ڕوانینی بۆ شازدە بە تەواوی وەک ڕوانینی بۆ ژنێک وایە. ئەو هەر لە درێژەی ئەو وتووێژەدا سەرەڕای ئەوە کە شازدە دەلاوێنێتەوە (وەک ئەوە ژنێک بلاوێنێتەوە) دەیەوێ پیاوەتی لە شازدە داگیر بکات و لێی بستێنێتەوە:

(وە بە قامکی قژەکانمی، کە بێگومان کەوتبوونە سەر ناوچاوانم، لادا دواوە، گوتی: «دەمەوێ کتێبەکانی تۆ داگیر بکەم، حەز دەکەی؟)

لە ڕاستیدا داگیرکردنی کتێبەکانی شازدە کە کتێبی مێژوون و مێژووش ڕەهەندێکی پیاوانەی هەیە، داگیرکردنی پیاوەتی ئەوە و لێ ستاندنەوەی ئەو شوناسەیە لە شازدە.

فەخرونیسا سەرەڕای ئەوەی کە تایبەتمەندی پیاوانەی بە تۆخی تێدا دەبینرێت، حەز و خولیایەکی لەڕادەبەدەریشی هەیە بۆ بە ئەنجام گەیاندن و نیشاندانی چالاکی و کردەوەی پیاوانە، ئەو لە تەواوی دەقەکەدا و بە درێژایی ئەم حەز و خولیایانە بە ڕاشکاوی دەردەبڕێت تا جێیەک کە ڕەنگی سەرکێشی بەخۆوە دەگرن. لە کاتێکدا کە شازدە ئەوەندە لەسەر ئەنجامدانی هەڵسوکەوتی ژنانە سوور نییە. واتە ڕەنگدانەوەی ئانیموس لە لای فەخرونیسا زۆر تۆخترە لە ڕەنگدانەوەی ئانیما لە لای شازدە. هەر ئەمەشە کە وادەکات لە ڕاستیدا شازدە بکەوێتە ژێر ڕکێفی فەخرونیساوە و بە پێی حەز و خولیاکانی ئەو هەڵسوکەوت بکات یان دژکردەوە لە خۆی نیشان بدات، کە کارتێکەری شازدە لەسەر فەخرونیسا بەو ڕادەیە نییە.

فەخرونیسا لە ناخی دڵەوە حەز دەکات کە شازدە وەک باب و باپیرانی کەسێکی سەرکێش بێت، لەگەڵ ژنانی زۆردا پێوەندی هەبێت و لەگەڵیاندا بخەوێت، بکوژێت و خوێن بڕێژێت. لە ڕاستیدا تەواوی ئەم سیفات و تایبەتمەندی و حەز و خولیایانە ئاماژەیەکن بۆ سروشتی پیاوانەی ئەو، واتە ئانیموس، بەڵام ئەو هەستی کردووە بە ئانیمای شازدە و ئاگاداری بەسەر ئەم ڕەهەندەی کەسایەتی ئەودا هەیە هەربۆیەش دەزانێ و بۆی دەردەکەوێت کە ئەم کردەوانە لە شازدە ناوەشێنەوە و ئیتر ئەم مەسەلەیەش دەبێتە هۆی دروستبوونی دڕدۆنگی کە دواجار جێی خۆی دەداتە نەفرەت و بێزاری. لەولاشەوە شازدە هەر بەو شێوەیە چاوەڕوانی ئەوەیە کە فەخرونیسا وەک ژنێک، یان دڵخوازێک هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکات. بەڵام ئەم کارەش ـ هەروەک خۆی ـ لە فەخرونیسا ناوەشێتەوە، بۆیە ئەم مەسەلەیە دڕدۆنگی و بەدگومانییەک لە لای شازدە دروست دەکات کە دواجار هەروەک پێشتریش ئاماژەمان پێکرد بە هەمان شێوە جێی خۆی دەداتە نەفرەت و بێزاری. ئەم نەفرەت و بێزارییە دوولایەنە لە ئاکامدا دەبێتە هۆی هەرچی زیاتر دوورکەوتنەوەیان لە یەکتر و ئاڵۆزتربوونی پێوەندی نێوانیان.

لە حەقیقەتدا هۆکاری سەرەکی خۆدوورگرتن لە شازدە و خوێن ساردی بەرانبەر بە ئەو لە لایەن فەخرونیساوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەوە کە فەخرونیسا بە جوانی هەستی بەم لایەنەی کەسایەتی شازدە واتە ئانیما کردووە و لە ئاستێکی بەرزتریشدا ئانیموسی خودی فەخرونیسا هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەو دوورکەوتنەوەیە و لە بەردەم هەرجۆرە پێوەندییەکی ئاساییدا ڕێگری دەکات. ئەگەر نا لە واقیعدا فەخرونیسا وەک ژنێکی ئاسایی لە شازدە بێزار نییە و ئەمەش لە پێوەندی نێوانیاندا بە جوانی هەست پێ دەکرێت.

فەخرونیسا دروست لە کاتێکدا کە ڕاستەوخۆ و بە وردی هەست بە ژنبوونی خۆی دەکات (کاتێک کە شازدە دەیەوێ لەگەڵیدا بخەوێ) هەست بە ئانیموسیش تێیدا بە توندی بەرجەستە دەبێت هەربۆیەش لە ئاکامدا پەنا دەباتە بەری، ئەویش لە ڕێی خوێندنەوەی کتێبی بیرەوەرییەکانی باپیرەگەورە کە باپیرەگەورە بۆ ئەو هێما و نمادێکی تەواوەتی یەک پیاوی تەواو و بەرجەستەیە.

ئەو لە ڕێگەی خوێندنەوەی بەردەوامی بیرەوەرییەکانی باپیرەگەورەوە دەیەوێت ڕێگایەک بدۆزێتەوە کە لەو ڕێیەوە بتوانێت وەک ئەوان ڕەفتار بکات، بەڵام بە هیچ ئەنجامێک ناگات. هەربۆیەش بەردەوام دەیەوێ بیرەوەرییەکانی باپیرەگەورە وەبیری شازدە بهێنێتەوە و هەمیشەش لە پێوەندی لەگەڵ شازدەدا باس لەم مەسەلەیە دەکات. واتە دەیەوێ بەو بیرخستنەوەیە بەشێوەیەک ئاکار و هەڵسوکەوتی باپیرەگەورە وەک پیاوێک، بەسەر شازدەدا بسەپێنێ و شازدە ناچار بکات کە ئەو جۆرە ئاکارانە ئەنجام بدات کە باپیرەگەورە ئەنجامی داون. ئەو بۆ ئەوەی شازدە ناچار بە ئەنجامدانی ئەو کارانە بکات دەست دەداتە هەر کارێک و لە هەموو ڕێیەک کەڵک وەردەگرێت یان هەرجۆرە دژکردەوە و هەڵوێستێک لە خۆی نیشان دەدات. بۆ وێنە بەگاڵتەگرتنی شازدە، خوێن ساردی بەرانبەر بە ئەو یان دووری لێکردن تەنانەت لە کاتی خەویشدا.

ئەم ڕەهەندە پیاوانەیە (ئانیموس) بەجۆرێک زۆر بۆ فەخرونیسا دێنێت کە تەنانەت کار لە دنەدانی شازدە تێپەڕ دەبێت و دەیەوێت بە زۆر شازدە ناچار بکات کە ئەنجامیان بدات هەروەک چۆن کاتێک لە بەرانبەر لاشەی ئەو کەسەدا کە باپیرەگەورە فەرمانی داوە لە چیمەنتۆی بگرن، ڕاوەستاون، بەردەکان دەخاتە ناو دەستی شازدەوە و پێی دەڵێت: پێی دادە... بەڵام شازدەش کە ئانیمای ئیجازەی ئەو کارەی پێ نادات و لە بەردەمیدا ڕێگری دەکات، هیچ ڕێگەچارەیەکی دیکەی لەم بنبەستەدا بۆ نامێنێتەوە (بنبەست لەوەدا کە لە لایەکەوە خۆی گیرۆدەی ئانیمایە و لە لایەکی دیکەشەوە فەخرونیسا یان ئانیموسی فەخرونیسا زۆری بۆ هێناوە) هەربۆیەش فەرمان دەدات کە ئەو پەیکەرانە تێک بدەن و بیانڕووخێنن با چیتر لەبەر چاوی نەمێنن نەوەک ڕۆژێک ناچار بێت بەو کارەی کە داوای لێدەکرێت واتە ئەنجامدانی کارێکی پیاوانە چونکە ئەم دۆخە لەگەڵ پێکهاتەی کەسایەتی ئەودا ناخوێنێتەوە.

فەخرونیسا بە دنەدانی شازدە بە ئاکار و کارگەلێک کە خۆی لێیان بێبەرییە و ناتوانێ ئەنجامیان بدات (کارێک کە تەنیا لە دەست پیاوان دێت و لەوان دەوەشێتەوە) دەیەوێت ئەم لایەنە لە کەسایەتی خۆی دامرکێنێتەوە، یان بە واتەیەکی دیکە تێری بکات. ئەو خۆی حەز

دەکات کە وەک پیاوێک ڕەفتار بکات، بەڵام بەهۆی ژنبوونییەوە بەتایبەت کە جەستەی ئیجازەی ئەو کارەی پێ نادات، ناتوانێت ئەم هەستە دامرکێنێتەوە هەربۆیەش بەردەوام شازدە هان دەدات ئەو کارانە ئەنجام بدات. ئەو دنە دەدات بەشکەم کارێکی لەو شێوەی لێ بوەشێتەوە، بەڵام شازدەش گیرۆدەی دۆخێکە تەواو جیاواز یان هاوتەریب بەو دۆخەی فەخرونیسا. هەربۆیەش فەخرونیسا لەم هەوڵەدا شکست دەخوات و ئیتر ئەمەش هۆکاری سەرەکییە بۆ ئەوەی پەنا بباتە بەر خۆوێران کردن. واتە وەدی نەهاتن و تێرنەبوونی مەیل و خواستەکانی زەینی ناوشیاری، ئەو بەکێش دەکات بۆ لای هەرەسهێنان و خۆوێران کردن. پەنابردنە بەر شەراب و دوورەپەرێزی و گۆشەگیری لەو ئاراستەدایە. لە ئەنجامدا ئەو حەز و خولیا سەرنەکەوتووانە ئەو بەرەو نەخۆشی دەبەن و ئەویش هیچ هەنگاوێک بۆ خۆ ڕزگارکردن هەڵناهێنێتەوە و تەنانەت خۆی دەبێتە یارمەتیدەرێکی نەخۆشی بۆ ئەوەی ببێتە هۆی لەناوچوونی خۆی، چونکە سەرەڕای ئەوەی کە دکتۆر ئامۆژگاری دەکات کە نابێ شەراب بخوات و دەبێ ئاگای لە خۆی بێت، ئەو گوێ ناداتە ئەو ئامۆژگارییەی دکتۆر، بەڵکو لەو کارەدا زێدەڕۆییش دەکات.

لە ڕاستیدا ئەوەی کە دەبێتە هۆی لەناوچوون و مەرگی فەخرونیسا، نەهاتنەدی خولیای پیاوانەی دەروونی ئەوە کە بە شێوەیەکی چالاکانە هەوڵ بۆ وەدیهاتنی دەدات، بەڵام لەم کارەدا سەر ناکەوێت. جا هەربۆیەش بە شێوەیەکی نێگەتیڤ و سەلبی کار دەکاتە سەر دەروون و ژیان و کەسایەتی ئەو و لە ئاکامیشدا بە مەرگی ئەو کۆتایی دێت. لە واقیعدا پرۆسەی لەناوچوون و نوشوستی شازدەش هەر لەو ئاراستەدایە (کاریگەری ئانیما)، چونکە شازدەش خۆی دەست دەداتە وێرانکردنی خۆی، تەواوی ماڵ و سامانی خۆی لە دەست خۆی دەکاتەوە و گۆشەگیری و دوورەپەرێزی هەڵدەبژێرێت.

هەروەک گوتمان بە ڕای یۆنگ ئانیما و ئانیموس هەم دەتوانن دەورێکی پۆزەتیڤ بگێڕن و هەمیش دەتوانن نێگەتیڤ بن. بەڵام ئانیما و ئانیموسی شازدە و فەخرونیسا هەردوکیان بە شێوەیەکی نێگەتیڤ ڕەنگیان داوەتەوە واتە کاریگەری وێرانکەر و ڕووخێنەریان هەیە. بە وتەی یۆنگ ئانیما و ئانیموس لە ئەوپەڕی نێگەتیڤبوونی خۆیاندا بە مەرگ و لەناوچوون کۆتایی پێ دێت کە ئەمەش دۆخێکە هەم شازدە و هەم فەخرونیسای تەنیوەتەوە. چونکە ئانیما و ئانیموس ئەوپەڕی کاریگەری خۆی دادەنێت و لە ئاکامدا هەردووکیان بەرەو مەرگ خلۆر دەکاتەوە.

بەڵام ئایا شازدە و فەخرونیسا وشیاریان بەسەر ئەم ڕەهەندەی زەینی و کەسایەتی خۆیاندا هەیە واتە ئایا شازدە دەزانێت کە لە زەینی ئەودا ژنێک جێگیرە و ئەوە کە هانی دەدات بەو شێوەیە هەڵسوکەوت بکات یان فەخرونیسا هەستی بەوە کردووە کە ئەو زۆرتر تایبەتمەندی پیاوێکی هەیە تاکو ژنێک بە واتەیەکی دیکە شازدە هەستی بە ئانیمای خۆی و فەخرونیسا هەستی بە ئانیموسی خۆی کردووە لە وەڵامدا دەبێ بڵێین گەرچی هەر کامیان هەستیان بە ئەم ناکۆکیەی ئەوی دیکە کردووە و وشیاریان بەسەر ڕەهەندی ناتەبای کەسایەتی ئەوی دیکەدا هەیە، بەڵام خۆیان ئاگاداری ئەم ناکۆکی و ناتەباییەی خۆیان نین، چونکە ئەگەر هەست بەم ڕەهەندەی خۆیان بکەن و بە سەریدا زاڵ بن، ئەوکات ئانیما یان ئانیموس دەورێکی پۆزەتیڤ دەگێڕێت و بە شێوەیەکی ئیجابی کار دەکاتە سەر ژیان و کەسایەتی ئەوان، هەروەک یۆنگیش ئاماژە بەمە دەکات. جا هەربۆیە ئەگەر شازدە و فەخرونیسا بیانتوانیبایە بەسەر ئەم ڕەهەندە ناکۆکەی کەسایەتی و زەینی خۆیاندا زاڵ بن، دەبووە هۆی هەرچی زیاتر لێک نزیکبوونەوەیان و لە ئاکامیشدا چارەنووسی ئەوان بە مەرگ کۆتایی پێ نەدەهات.

## چۆنیەتی پێوەندی نێوان شازدە و فەخرونیسا

پێوەندی نێوان شازدە و فەخرونیسا هەر لە سەرەتاوە پێوەندییەکی ئاڵۆزە واتە بۆ ئەوەی لە چۆنیەتی و وردەکارییەکانی ئەو پێوەندییە تێبگەیت دەبێ بەوردی تەواوی لایەنەکانی ڕۆمانەکە و بەتایبەتی پێکهاتەی دەروونی و زەینی ئەو دوو کەسە بخەیتە بەر سەرنج و وردبینییەوە. لە ڕاستیدا ڕەوتی پێوەندی نێوان ئەو دوو کەسە بە درێژایی ڕۆمانەکە هەرچی بەرەو پێش دەڕوات، ئاڵۆزتر دەبێت. هەربۆیەش دەبێ پێوەندی و هەڵسوکەوتی ئەو دووانە بەم شێوەیەی خوارەوە دابەش و پۆلێنبەندی بکەین:

١- پێوەندی ئاسایی.

٢- ترس لە فەخرونیسا.

٣- پڕنهێنی بوونی فەخرونیسا بۆ شازدە.

٤- هەوڵدان بۆ تێگەیشتن و سەردەرهێنان لە نهێنییەکانی فەخرونیسا.

٥- نەفرەت و بێزاری لە فەخرونیسا.

٦- پڕکردنەوەی جێی فەخرونیسا بە فەخری (دوای مەرگی فەخرونیسا).

پێوەندی نێوان شازدە و فەخرونیسا کاتێک کە ئاگاداری دۆخی کەسایەتی یەکتر نین، پێوەندییەکی ئاساییە. دواتر کە شازدە هەست بە ئانیموسی فەخرونیسا دەکات جۆرێک ترس لە لای دروست دەبێت کە لە سروشتی پیاوانە و فەرماندەری فەخرونیساوە سەرچاوە دەگرێت. هەربۆیەش فەخرونیسا لە لای شازدە دەبێتە کەسێکی پڕنهێنی و داپۆشراو. دواجار شازدە بۆ ئەوەی سەر لە هۆکاری ئەم ترسە دەربهێنێ و بۆ ئەوە لە نهێنییەکانی فەخرونیسا تێبگات، فەخری ڕادەسپێرێ کە تەواوی هەڵسوکەوتی فەخرونیسای بۆ بگێڕێتەوە و لەم کارەشدا زێدەڕۆییەکی زۆر دەکات و داوا لە فەخری دەکات کە تەواوی وردەکاری هەڵسوکەوتی فەخرونیسای بۆ بگێڕێتەوە. ئاکامی ئەم پڕنهێنی بوونە و ئەو ترسەی کە فەخرونیسا دروستی دەکات و هەروەها سروشتی سارد و پیاوانەی ئەو دەبێتە هۆی ئەوە کە جۆرێک نەفرەت و بێزاری لە لای شازدە دروست ببێت و دواجاریش دەبێتە هۆی ئەوە کە لە دوای مەرگی فەخرونیسا، شازدە جێی ئەو بە فەخری پڕ بکاتەوە.

لە لایەکی دیکەوە بۆ ئەوەی لە هۆکاری ئەم چڕی و ئاڵۆزییەی پێوەندی ئەوان تێبگەین کە ڕۆژ بە ڕۆژ تەشەنە دەکات و پەرە دەستێنێ تەنیا دەبێت ئاماژە بەوە بکەین کە ئەو دوانە لە پێکهاتەی کەسایەتی یەکتر ئاگادارییان هەیە واتە هەریەکیان ئەو ناکۆکی و ناتەباییە دەروونییەی کە پێشتر باسمان لێکرد، لە ئەوی تردا دەبینێ هەربۆیەش پێوەندییەکان لەگەڵ ڕەوتی ڕۆمانەکەدا بەرەو چڕی و ئاڵۆزی دەچن.

هەروەها دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە ئەم چڕی و ئاڵۆزییە خۆی شێوەیەک بەدگومانی و دڕدۆنگی لە لای ئەوان - بەتایبەت شازدە - دروست دەکات کە کار دەگاتە ئەو شوێنە شازدە فەخری ڕابسپێرێت بە گوزارشت کردنی هەڵسوکەوتەکانی فەخرونیسا لەو کاتەدا کە لە ژێر چاوەدێری ئەودا نییە. لە ڕاستیدا پرۆسەی سەردەرهێنان و تێگەیشتن لە تەواوی هەڵسوکەوت و جموجۆڵی فەخرونیسا لە لایەن شازدەوە و ڕاسپاردنی فەخری بۆ چاوەدێری کردنی ئەو و گێڕانەوەی تەواوی وردەکارییەکانی ڕەفتاری ئەو، تەنیا لە یەک شوێنەوە سەرهەڵدەدات کە ئەویش هەروەک یۆنگ ئاماژەی پێدەکات، لە تایبەتمەندی حەساس و ناعەقڵانی و وەسواسبوونی ئانیماوە سەرچاوە دەگرێت کە شازدە گیرۆدەیەتی.

## فەخری

هەروەک گوتمان فەخری ئەو کچە قەرەواشەی فەخرونیسایە کە لە پێوەندی نێوان شازدە و فەخرونیسادا دەورێکی کەمڕەنگی نییە، بەڵکو لە ڕاستیدا ئاڵقەیەکە کە ئەو دووانە بە یەکەوە دەبەستێتەوە، یان دەتوانین بڵێین کە پردی پێوەندی نێوان ئەو دوو کەسەیە.

نزیکایەتی نێوان ناوی «فەخری» و «فەخرونیسا» خۆی لە خۆیدا مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێشە کە سەرەتا دەبێ هۆکارەکەی شی بکرێتەوە.

بە وتەی یۆنگ ئانیما خۆی لە دوو شێوەدا دەردەکەوێت و خۆی نیشان دەدات: یەکیان شێوەی ژنێکی ئاسمانی و ئایدیال و پاک و بێ خەوشە کە بۆ دەست پێڕاگەیشتن نابێت، کە لە ڕۆمانەکەدا لە قاڵبی فەخرونیسادا دەردەکەوێت. لە ڕاستیدا ناوی «فخر النساء» بە مانای «سەروەری ژنان» خۆی ئاماژەیەکی دەقاودەقی ئەم مەسەلەیە. یەکیشیان شێوەی ژنێکی زەمینی و ئاساییە کە لە دەقەکەدا لە قاڵبی فەخریدا خۆی دەنوێنێت. لە ڕاستیدا لە ڕوانگەی زەینی شازدەوە، فەخرونیسا هەڵگری ئەو لایەنە ئایدیال و ئاسمانییەیە کە ناتوانێ دەستی پێ ڕابگات و هیچ کاتیش ناتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت. هەروەک چۆن دەزانین کە فەخرونیسا تەنانەت بۆ یەکجاریش لەگەڵ شازدەدا ناخەوێت (خەوتن بە مانای نزیکایەتی کردن)، بەڵام فەخری لە دیدی شازدەوە هەر ئەو کەسە ئاساییەیە کە بە چەندین جار لەگەڵیدا جووت دەبێت. هەوڵدانی شازدە بۆ ئەوەی کە فەخری خۆی وەک فەخرونیسا بڕازێنێتەوە، هەوڵێکە بۆ گەیاندنی فەخری بە ئەو ئایدیالەی کە لە زەینی شازدەدا جێگیرە. لە ڕاستیدا

شازده، چونکە خاوەنی دوو کەسایەتی جیاوازە (کەسایەتییەکی ئاسایی و کەسایەتییەکی ئانیمایی)، هەربۆیەش لە دوای مەرگی فەخرونیسا، فەخری بۆ ئەو دەبێ بە دوو کەس، یەکیان هەر ئەو فەخرییە ئاساییەی جارانە و یەکیشیان ئەو کەسەیە کە دەیەوێ جێی فەخرونیسای بۆ بگرێتەوە و تەنانەت لەو کاتانەشدا هەر بە ناوی فەخرونیساوە بانگی دەکات.

لە لایەکی دیکەوە دەزانین کە فەخرونیسا هیچ هەستێکی ژنانەی سەبارەت بە شازدە نییە و هیچ بەخیلی و ئێرەییەکیشی پێ نابات، بەڵکو هەمیشە حەز دەکات و تەنانەت شازدەش هان دەدات کە لەگەڵ فەخریدا بخەوێت. لە حەقیقەتدا ئەوە کە فەخرونیسا ئاوا بە ئاسانی و بێ بەخیلی بردن بە شازدە، هەر خۆی پێشنیاری جووتبوون لەگەڵ فەخریدا بە ئەو دەدات، لە ڕەهەندی پیاوانە و ئانیموسی ئەوەوە سەرچاوە دەگرێت، بەڵام لە لایەکی دیکەشەوە دەکرێ بڵێین کە فەخرونیسا ڕەهەندی زەمینی و ئاسایی و ژنانەی خۆی پێشکەش بە شازدە دەکات کە لە قاڵبی فەخریدا دەرکەوتووە، بەڵام شازدە ئەم ڕەهەندەی فەخرونیسای ناوێت بەڵکو ئەو بۆ فەخرونیسای ئارمانی و ئایدیال دەگەڕێت. نزیکبوونی ناوی فەخری و فەخرونیساش ڕێک ئەوە دەگەیەنێت. هەروەها شازدەش لە فەخری چاوپۆشی ناکات واتە ئەو فەخری دەوێت، بەڵام نەک لە قاڵبی فەخریدا، بەڵکو فەخرییەکی دەوێت کە فەخرونیسا بێت. جا هەربۆیەش دروست لە شەوی مەرگی فەخرونیسادا لەگەڵ فەخریدا دەخەوێت و نزیکایەتی دەکات. (شازدە هیچ کات ناتوانێ لەگەڵ فەخرونیسادا بخەوێت هەربۆیەش نزیکایەتی و جووتبوون لەگەڵ فەخریدا وەک شتێکی زۆر نائاسایی نایەتە بەرچاو)، بەڵام لە هەمان کاتیشدا داوا لە فەخری دەکات کە دروست وەک فەخرونیسا بێت و تەنانەت وەک ئەو خۆی برازێنێتەوە و وەک ئەو بپۆشێت (تەنانەت کەلوپەل و جلی ئەو بە کار بێنێت) و وەک ئەو ڕەفتار بکات و وەک ئەو پێبکەنێت و ئیتر بەگشتی هەموو هەڵسوکەوتێکی وەک ئەو بێت. ئەو لە دوای مەرگی فەخرونیسا دەیەوێ لە فەخری فەخرونیسایەکی دیکە بۆ خۆی دروست بکاتەوە. واتە شازدە دەیەوێ فەخری لەسەر وێنەی فەخرونیسا وێنا بکاتەوە. ئەو دەیەوێ وێنەیەکی فەخرونیسا لە فەخری دروست بکات دەقاودەق وەک ئەو. تەواوی هەوڵدانەکانی شازدە لەگەڵ فەخریدا بۆ گەیشتن بە ئەو مەبەستەیە و لەو ئاراستەدایە.

هەروەها دەبێ ئەوە لە بیر نەکەین کە خوێن ساردی شازدە سەبارەت بە مەرگی فەخرونیسا و جووتبوونی لەگەڵ فەخریدا دروست لەو کاتەدا، نیشانەی نەفرەتی هەمەلایەنەی شازدە نییە، بەڵکو لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە ئەو لە مۆتەکەی ئانیموسی فەخرونیسا ڕزگاری هاتووە، بەڵام فەخرونیسا وەک ژنێکی ئایدیال بەردەوام لە زەینی شازدەدا ئامادەیی هەیە و دەمێنێتەوە. هەوڵەکانیشی لەگەڵ فەخریدا بۆ فەرامۆش نەکردنی ئەو ڕەهەندەی فەخرونیسایە.

### خوێندنەوەی سێکس لە ڕەهەندێکی دیکەوە

بە ڕای یۆنگ ئانیما و ئانیموس دەبنە هۆی سەرهەڵدانی گرفت و ئاستەنگ لە بەردەم لێک نزیکبوونەوەی سێکسی ژن و پیاو، بەڵام ئەم دیاردەیە کاتێک زۆر تۆخ دەبێتەوە و دەگاتە دواترۆپکی خۆی کە ئانیموس لە ژندا ئەوەندە زەق و بەرچاو بێت ببێتە هۆی ئەوە کە پیاو دژکردەوە لە خۆی نیشان بدات و ئەویش دووچاری جۆرێک ئاکاری چاوەڕواننەکراو بێت. ئانیما و ئانیموس هەمیشە پێوەندی و نزیکایەتی سێکسی نێوان ئەو دوو کەسە دەگەیەننە ئاستێکی زۆر هەستیار و حەساس کە هاوڕێ بێت لەگەڵ ڕق و کینە و توندوتیژی و فەزایەکی ناکۆک دروست بکات.

ئەگەر سەیری کردەوەی شازدە بکەین، دەبینین کە ئەو دروست لە کاتی مردنی فەخرونیسادا لەگەڵ فەخری تێکەڵ دەبێت و سێکسی لەگەڵدا دەکات وەک ئەوەی کە ئەمە تەنیا تەجرەبەی سێکسی شازدە بێت لە تەواوی ژیانیدا. هەروەها دەبینین کە هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ فەخریدا هاوڕێیە لەگەڵ توندوتیژی و لێدان. لە ڕاستیدا ئێمە بە وردبوونەوە لەم شێوە ڕەفتارەی شازدە هیچ شتێکمان لە بەردەمدا نامێنێتەوە جگە لەوەی کە ئیمان بێنین بەو بۆچوونەی یۆنگ کە لە سەرەوە باسمان لێکرد.

لە لایەکی دیکەوە یۆنگ لای وایە کە زۆر جار ئانیما لە شێوەی خەیاڵ و خولیای جنسی و سێکسیدا خۆ دەردەخات و لەو قاڵبەدا نمود پەیدا دەکات، بەڵام ئانیموس زۆر بە دەگمەن لەو شێوەیەدا دەردەکەوێت. هەربۆیەش ئەگەر ئێمە سەیری ئاکار و کەڵکەڵە و خولیای

زەینی شازدە و فەخرونیسا بکەین، ئەم دیاردەیە لە لای شازدە زۆر جار خۆ دەردەخات و تەنانەت شازدە لە پێوەندی لەگەڵ فەخریدا، زۆر بە توندی گرفتاری ئەو بیرۆکە زەینییەیە، چونکە شازدە لە ناو زەینیدا فەخری بە فەخرونیسا دەشوبهێنێ ئەوسا دەیەوێ نزیکایەتی لەگەڵدا بکات کە ئەمەش خولیایەکی سێکسی زەق و رووتە، بەڵام ئەو حەز و خولیایە لە لای فەخرونیسا سەرهەڵنادات و بگرە خۆشی لێ دەبوێرێت. واتە ئێمە لە هیچ شوێنێکی چیرۆکەکەدا لەگەڵ خولیای سێکسییانەی فەخرونیسادا بەرەورووو نابین. هەر بۆیەشە کە تەنانەت بۆ جارێکیش لەگەڵ شازدەدا ناخەوێت و لێی نزیک نابێتەوە.

## گوتاری مێژوو لای شازدە و فەخرونیسا

فەخرونیسا بەردەوام خەریکی خوێندنەوە و ڕاڤەکردن و زیندووکردنەوەی مێژوو، یان ڕابردووە کەچی بە پێچەوانەوە شازدە بەردەوام لە دەست ڕابردوو ڕادەکات و دەیەوێ بە چەشنێک لە بیر و زەینی خۆشیدا پاکی بکاتەوە. ئەم جیاوازییەی نێوان شازدە و فەخرونیسا دەگەڕێتەوە بۆ شێوەی ڕوانین و بۆچوونیان لەلایەکەوە و کارتێکەری و ئاسەواری ڕابردووش وەک گوتارێک لە لایەکی دیکەوە. گوتاری ڕابردوو لە لای فەخرونیسا گوتارێکی نەپچڕاو و بەردەوامە کە هەردەم لە زەینی ئەودا ئامادەیی هەیە واتە گوتارێکی زیندووە، بەڵام لە لای شازدە بە پێچەوانەوە گوتارێکی مردووە، کە تەواوی بەهاکانی دۆڕاندووە و هیچ بایەخێکی نەماوە و هەربۆیەش شازدە پێوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەو گوتارەدا دەپچڕێنێت و تەنیا شتێک کە ئەو بە ڕابردووەوە گرێ دەدات فەخرونیسایە. شازدە تەواوی ئاسەوارەکانی ڕابردوو پاک دەکاتەوە و لە ناویان دەبات: فرۆشتنی کەلوپەلەکانی پاشماوەی بنەماڵە و فرۆشتنی ماڵەکە و تەواوی شتەکانی دیکە لەو ئاراستەدایە. تەنانەت لە دوای مەرگی فەخرونیسا تەواوی کتێبەکان کە ڕابردوویان تێدا قەتیسە، دەسووتێنێت. (تەواوی کتێبەکانی فەخرونیسا کتێبی مێژوون)، بەڵام هێڵێک هەیە کە هەمیشە فەخرونیسا بە ڕابردووەوە دەبەستێتەوە ئەویش بیرەوەرییەکانی باپیرەگەورەیە. ئەو بە خوێندنەوەی بەردەوام و هەمیشەیی کتێبی بیرەوەرییەکانی باپیرەگەورە بایەخێکی زۆر بۆ مێژوو دادەنێت و هۆگری خۆی بۆ ئەم چەمکە نیشان دەدات. فەخرونیسا دەزانێ کە ڕابردوو یان مێژوو، مێژووی پیاوانە. ئەوانن کە ڕابردوویان خوڵقاندووە. مێژوو لە لای فەخرونیسا شتێک نییە جگە لە سەرکێشی و خوێنڕشتن و سەروەری پیاوان بەتایبەت باپیرەگەورە کە بەردەوام بیرەوەرییەکانی دەخوێنێتەوە. هۆگری فەخرونیسا بۆ ڕابردوو ئالێرەوە سەرچاوە دەگرێت واتە لە جەوهەر و ماهییەتی پیاوانەی مێژووەوە کە لەگەڵ سروشت و ماهییەتی زەینی ئەودا تەبایە و یەک دەگرێتەوە، بەڵام شازدەش، چونکە لەم دۆخە ئاگادارە، لە دەستی ڕادەکات. ئەویش هەروەک فەخرونیسا وشیاری بەسەر ئەوەدا هەیە کە مێژوو پیاوان دروست و تۆماریان کردووە لەبەر ئەمە لە دەستی ڕادەکات چونکە زەینی شازدە زەینێکی پیاوانە نییە. لە ناوشیاری ئەودا هەمیشە ژن ئامادەیی و حوزووری هەیە کە مێژووش لەگەڵ ئەم ڕەهەندەی زەینی شازدەدا ناتەبایە، کەچی زەینی فەخرونیسا گیرۆدەی وەهمێکی پیاوانەیە کە مێژوو گەورەترین هێمایەتی، بەڵام هیچ ڕەهەندێک بۆ زەینی شازدە لە ناو مێژوودا دەست ناکەوێت.

لە لایەکی دیکەوە یۆنگ ڕای وایە ژنێک کە دووچاری ئانیموسە کاتێک نەتوانێت لە بازنەی حەز و خولیاکانی ڕزگاری بێت دەکەوێتە فیکری پاشماوە و میراتی بنەماڵەکەی و شتی لەو بابەتە. هۆگری فەخرونیساش بۆ کتێبی بیرەوەرییەکانی باپیرە گەورە کە وەک میراتێک بۆی ماوەتەوە هەر ئا لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

دواجاریش بەسەرهاتی سووتاندنی کتێبەکان و بیرەوەرییەکانی باپیرە گەورە لە لایەن شازدەوە نکۆڵی کردنە لەو شوناسە ڕاستەقینەی کە شازدە وەک پیاوێک هەڵگریەتی و لە ئاکامیشدا خۆویران کردن و نوشوستی خۆی و بنەماڵەکەیەتی.

دەبێ ئەوەش لە بیر نەکەین کە «سەرکێشی» وەک تایبەتمەندییەکی ڕابردوو هەمیشە لە دەقەکەدا ئامادەیی هەیە بەتایبەت لە ناو بیرەوەرییەکانی باپیرە گەورەدا. واتە سەرکێشی دیاردەیەکە تایبەتە بە ڕابردوو، هەربۆیەش کەسایەتییەکان تەنیا ئاماژەی پێ دەکەن (بەتایبەت فەخرونیسا) و ئیتر خۆیان هەڵگری ئەم تایبەتمەندییە نین. سەرکێشی بەشێکە لە پێکهاتەی

ئانیـموسی فـەخرونیـسـا و کـەڵکەڵەیەکە کـە بەردەوام دەیەوێ لە واقـیـعـدا پرۆسـەی بکات و بە ئەنجـامی بگەیەنێت تەنانەت لە ڕێگای شازدەوە، بەڵام قەت تێیدا سەرکەوتوو نابێت. ئەمەش خۆی هۆکارێکە بۆ چیرۆکی هەرەسهێنان و نوشوستی فەخرونیسا.

* * *

لە کۆتاییدا دەبێ بڵێین کە ئەم تایبەتمەندی ئانیما و ئانیـمـوسـە لە کـەسـایەتی ئەو دوانەدا ئەوەندە زەق و بەرچاوە و بە شێوەیەک تۆخ بووەتەوە کە ئەگەر ناوەکان لە ڕۆمـانـەکـەدا پاک بکەینەوە و تەنیـا سـەیری هەڵسـوکـەوت و تایبـەتمەندی ئەو دوو کـەسـە بکەین، وادەزانین کە شازدە ژنێکە و فەخرونیسا پیاوێک. واتە تایبەتمەندییەکانی شازدە زۆرتر لە ژنێک دەوەشێتەوە و هی فەخرونیساش تەنیا لە پیاوێک.

لە ڕاستـیدا «شازدە ئیحـتـجـاب» کێشـمـەکێش و ململانێی نێوان ئانیمـا و ئانیـموسی شـازدە و فەخرونیسایە کە وادەکات تەواوی ڕووداوەکان بە دەوری ئەم ململانێیەدا بسوورێنەوە و لە ئەنجامیشدا پێوەندی نێوان شازدە و فەخرونیسا بە هیچ ئاکامێک نەگات و هەربۆیەش سەرلەبەری پێوەندی نێوان ئەو دوانە لێک هەڵدەوەشێتەوە و ئیتر ئەم ململانێیە تا کۆتایی ڕۆمانەکە بە ئەنجامێک ناگات، یان ئەگەر ئەنجامێکی هەبێت ئەوە لە وێرانبوون و هەرەسهێنانی دەروون و کەسایەتی ئەو دوانەدایە و بە لەناوچوون و مەرگی هەردووکیان کۆتایی پێ دێت.

**هاوینی ٢٠٠٧**

دەروونناسیانەی هەیە و دەروونناسەکان کەڵکی لێ وەردەگرن، بەڵام دواتر وەک زاراوەیەکی ئەدەبی کەڵکی لێ وەرگیراوە و لەم بارەوەشەوە تەعبیر لە ڕەهەندە دەروونییەکانی کەسایەتی ناو چیرۆک دەکات. لە ڕاستیدا «خوڕینی زەین» شێوەیەکی نووسینە کە لەودا فیکر و خولیا و هەستی کەسایەتییەکان هەر بەو شێوە کە بە ڕێکەوت بە زەیندا دێن، دێنە سەر کاغەز و بەیان دەکرێن. بە واتەیەکی دیکە تەکنیکێکە لە گێڕانەوەی ڕۆمان و کورتەچیرۆکدا کە لەودا نووسەر تەواوی هەست و نەستەکان، فیکر و وەبیرهێنانەوەکان کە بە زەینی کەسایەتی چیرۆکەکەدا تێپەڕ دەبن، بێ کەم و زیاد و بە بێ تەفسیر و دەستێوەردان و لێکدانەوە دێنێتە سەر کاغەز. هەربۆیەش لەم شێوازەدا وەبیرهێنانەوەی ئازاد و ڕەها دەوری سەرەکی دەگێڕێت. لە نووسەرانی گەورەی جیهان کە بەم شێوازە نووسیویانە دەتوانین جەیمز جۆیس، ویلیام فاکنێر، ڤێرجینیا ڤۆڵف ناو بەرین.

پێویستە بگوترێ کە «خوڕینی زەین» کە دەبێتە بەرانبەری کوردی ئەو زاراوە ئینگلیزییە، لەوانەیە نەتوانێت دەربڕی ئەو مانایە بێت کە بۆی تەرخان کراوە هەربۆیەش هیواداریـن کە چالاکانی بواری ئەدەب بەرانبەرێکی باشتری بۆ بدۆزنەوە.

**تێبینی:** ڕۆمانی «شازدە ئیحتجاب» چەند ساڵ لەمەوبەر لە لایەن کاک «عەتا نەهایی» کراوە بە کوردی و لە سلێمانی چاپ کراوە.

**سەرچاوەکان:**

**١ـ شازده احتجاب، هوشنگ گلشیری، تهران: نیلوفر، ١٣٧٩.**

**٢ـ بررسی تطبیقی خشم و هیاهو و شازده احتجاب، صالح حسینی، تهران: نیلوفر، ١٣٧٢.**

**٣ـ انسان و سمبلهایش، کارل گوستاو یونگ، ترجمه محمود سلطانی، تهران: جامی، ١٣٨١.**

* زاراوەی «خوڕینی زەین»، یان Stream of consciousness یەکەمجار «ویلیام جەیمز» دایناوە. بە پێی دۆزینەوە و دەرخستنی ئەو «یادەوەری، بیرەوەری و هەست و خولیاکان لە دەرەوەی بازنەی وشیاری سەرەتاییدا، بوونیان هەیە». سەرەڕای ئەمەش، بەشێوەیەکی زنجیرئاسا خۆیان دەرناخەن بەڵکو بە شێوەی «خوڕینێکی ئاوەکی» دەردەکەون. لەسەر ئەم بنەمایە زاراوەی «خوڕینی زەین» بەکارهێنانێکی

# ڕۆڵی نالبەند لە پەرەسەندنی شیعری دیداکتیکی کوردیدا

ئەحمەد قەرەنی

نالبەند(*) لە شاعیرە گەورەکانی کوردە، بەتایبەتی لە ڕووی چەندێتی بەرهەمە شیعرییەکانییەوە، بەڵام لەڕووی جۆر و چۆنیەتییەوە، زۆربەیان دەربڕینی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و بارودۆخی دەوروبەر و باری سیاسی سەدەمی شاعیر بوون، نەخاسمە کە «شیعری کۆمەڵایەتی ئەوەندە زۆرە، ئەگەر بە مەبەستی ئەکادیمی تەماشا بکرێن، نە بە مەبەستی چێژ و خەیاڵی هونەری، ئەنسیکلۆپیدیایەکی کۆمەڵایەتی لێ دروست دەبێت. شاعیر باس لە هەژاری و دەوڵەمەندی و دزی و قومار و بەرتیل و چاکە و خراپە و گەلێک دیاردەی دیکەی ناو کۆمەڵ دەکات. زۆربەی ئەم جۆرە شیعرانە دەچنە ناو خانەی شیعری فێرکردن و پەروەردەییەوە.»(١) بۆیە ئێمەش وەکو شاعیرێکی فێرکاری کوردی نیوەی یەکەمی سەدەی بیستەممان هەڵبژارد و هەوڵ دەدەین شیعرەکانی لەڕووی ناوەرۆک و تەکنیکەوە شی بکەینەوە.

لەسەرەتاوە پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە پەیامی نالبەند وەکو زانایەکی ئایینی ئامۆژگاری کردنی خەڵک و ئاراستەکردنیانە بەرەو ڕێگەی یەکتایی و خواپەرستی بووە و فێریان بکات کە چۆن عەرز و ناموس و خاک و وڵاتیان لەدەست درێژی تەماعکاران بپارێزن. نالبەند هەوڵی داوە ئەم ئەرکە لە ڕێگەی شیعرەوە ئەنجام بدات، بۆیە ئەو زانین و زانستەی کە لە حوجرەی مزگەوتەکاندا فێربووە و ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و دەزگەکانی ڕاگەیاندنی سەردەمی خۆی وەریگرتوون، یانیش لە ئاکامە ئەزموونییەکانی خۆیەوە لێکیداونەتەوە و، هەموویان لەنێو پەیامێکی مژدەبەخشدا کۆکردووەتەوە و بەزمانێکی کوردی ڕەوان و سەلیقەدار هۆنیوەتەوە و پێشکەشی خەڵکی ڕەش و

ڕووت و جوتیاری گەلەکەی کردبوون.
ئەم بەرهەمە پڕ زانیاری و ئامۆژگارییانەی ئەوەندە زۆر و بەرفراوان بوونە، تاڕادەیەک لەشیعرێکیدا گلەیی لەخۆی دەکات کە ئەوەندە ئامۆژگاری خەڵکی کردووە، لەوانەیە خۆی لەبیرچووبێتەوە:

**بخو بخو ئەحمەدا چەندێ خرابی**
**تو خۆش نسحەتکەری حەیفە وەسابی**
**هزار سالا بمینی دێ فەنابی**
**ل سەر دینێ خو بۆچی گومڕەهی تو(٢)**

ئەگەر لە سۆنگەیەکی دیکەوە سەیری ئەم حاڵەتە بکەین، لەوانەیە زۆر گوتن و دووبارەکردنەوەی پەند و ئامۆژگارییەکانی نالبەند نیشانەی ئەوە بێت، کە خۆی بەشاعیرێکی فێرکار زانیوە و ڕێبازەکەی کە تەریقەتی نەقشبەندی بووە بە ڕێچکەیەکی ئایینی ئیسلامی ڕاست و دروست داناوە و لەو باوەڕەدا بووە کە کەس ناتوانێت ملکەچی دەرەنجامەکانی ئەم ڕاستییە نەبێت:

**نەبێژن کو شاعر چ بێ مروەتە**
**نەبو عالما شەئنە ئەڤ غەیبەتە**
**مە گۆت یا نهو ئەو دکەن قبحەتە**
**کو دا دەست بکێشن ژڤی ما وەرای**
**بەری مە چ تەرتیب هەبوو لازمە**
**نهو ژی وەسا بیت خودێ عالمە**
**ئەز لەوا ئیعترازێ بکەم ئەز چ مە**
**مەلا ڤێت بهێلن ئەڤی موشتەهای**
**مەلا چرانە بۆ ڤێ ئومەتێ**
**کو مەجبوورە ئومەت گوهێ خۆ بدەتێ**
**هەمی لازمە بێنە سەر ڤێ خەتێ**
**ژبەر عیلمی خەلکی سەرێ لبەر چەمای(٣)**

نالبەند لەنێو ڕاستییەکاندا تواوەتەوە و بەشێوازێکی ساکار و سەرنجڕاکێش و سەلیقەدار پێشکەش بەخەڵکی دەکات و هەندێک جار ئەوەندە زێدەڕۆیی لە سەلماندنی ڕاستییەکان دەکات، دەگاتە ڕادەی ئەوەی کە پەند و ئامۆژگارییەکانی وەکو فەرمان بەسەر خەڵکدا بسەپێنێت:

**وەکی هەر نەما لنک وە ترسا خودێ**
**ژ عەبدا شەرم کەن کەرێت گوهـ درێژ**
**چ دەعوایە بێژی موسلمانم ئەز**
**تە فەرزەک نەکر ئەی تەرەس لال و گێژ**
**هەڕۆ ئەحمەد دل بحالێ وەڤە**
**گوتێ تو بەس ئاڤروویا وان برێژ(٤)**

ڕێنماییکردن و ئامۆژگاری کردنی خەڵک دەبێتە پیشەی سەرەکی نالبەند و بۆ هەر حاڵەتێکی بۆچوونی تایبەتی خۆی دەبێت و خەڵکەکەی لێ هایدار دەکات:

**خودێ ئێک رەسوول دوو و عەقلێ مە سێ**
**ئەڤان هەر سێیا ئەمر دا هەر کەسێ**
**چو شولا کو چاکی ئەوێ دارەسێ**
**خرابیا نەکەن دا نەبن گرفتار(٥)**

یانیش:
**فکرن حەدیسی و شەرعەتی ئەڤ تەعنە یا بهەمیا کەتی**
**چاک نینە هۆ بێ خاسیەتی چاڤێ هەوە مای کورەیە**
**ئاللا وەکیلە ئەز حەقم وەختە ژ کەربادا بپقەم**
**لنک هندەکا ئەز ئەحمەقم عەیبیا هەوە بێ چارەیە**
**ئیلهام وەلیبیا دایە من بێ تەعن و عار نا چەمن**
**وان عاقیبەت قەهر و غەمن هەچیا مەگۆتی حەق وەیە**
**نسحەت خلاس بوون ئەی عەزیز کەس چاڤ نەدەن من ئێ غلیز**
**بێ عار و بێ عەقل و تەمیز ئەحمەد خراب کی وەک تەیە؟(٦)**

یانیش:
**ئەزم نسحەتکەرێ هەر جاروبارێ**
**بەلێ زێدە بۆ ئەهلێ عەقل و عارێ**
**ب ئەسبابا هەمی شول تێنە کرنێ**
**کەسێ بێ پێ نەچوویە سەر منارێ(٧)**

لەم ڕووەوە بەدیاردەکەوێت کە «ئامۆژگارییەکانی نالبەند بۆ دین و دنیا تەرخان کراون، بەزمانێکی کوردی پەتی و وێنەی جوان، ئەم گرنگیدانەش بەزمان بۆ شیرەتکردنی کۆمەڵ نوێکارییە لای نالبەند». (٨)
نالبەند دیوانە شیعرییە پڕ زانیاری و پەند و ئامۆژگارییەکەی بەڕێبەرێکی تەواوی کۆمەڵ دادەنێت و جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە پێویستە چاپ و بڵاوبکرێتەوە:

**گەلی ئەهلێ حزورێ شاعرم ئەز**
**منا هەی نییەتەک بێ ڕێک و کولان**
**ئەوە نییەت کو ڤان شعرا بەلاڤ کەم**
**بۆ کوردستان و کوردان بینە دیوان**
**دوعا و نسحەتن، عشق و کەمالات**
**کو فایدێ خاس و عاما تێ بۆ دەرمان(٩)**

یانیش لەم مـولەمـەعـەدا هەمـان داواکـاری دووبارە دەکاتەوە:

**فصدقوني وانظروا كتابي**
**فيه فنون الشعر للاصحاب**
**وەعز و نەصیحەت عشق و وەسفێ باری**
**تێدا هەنە وەک باغەکی بهاری**

لەکۆتایی شیعرەکەدا دەڵێت:

**چار سەد و زێدە من هەنە قەسیدە**
**عیبرەت و کەیفن و کەمال و عیدە**
**ئەز لەو نەشێم دا طەبعەکەم بێ پارە**
**دا بکەم دیاری بۆ هەوە یەک جارە**
**کوردێ برا بۆ من موعین بن خێرە**
**یا بێ شکە دێ بۆ هەوە بن گێرە**
**کەیفا وەیە ئەی مەجلسا کیراما**
**هوین عاقلن هوین فاضلن هوین زانا(١٠)**

نالبەند بێ ئومێد دەبێت لەوەی کە یەکێک یارمەتی بدات و لە دووبارە کردنەوەی داواکارییەکان جاڕس دەبێت و دەزانێت کە هەوڵەکانی دەردێکی بێ چارەنە:

**هندی تو گەلەک بێژی**
**دوڕا لە داڕێژی**
**گوهـ نینە کەڕ و گێژی**
**دلکێ مە نە ئێشینە(١١)**

بۆ ئەوەی بتوانین بەرهەمە شیعرییەکانی نالبەند لەگەڵ بنەماکانی ڕێچکەی فێرکاری شاعیری پێشەنگی ئەم هونەرە (هزیۆد)(١٢) بەراورد بکەین و لە ڕووی ئەرک و تەکنیکەوە هەڵیبسەنگێنین، بە پێویستمان زانی لەم چەند خاڵەدا شی بکرێنەوە:

(١)

شیعرە دیداکتیکییەکانی نالبەند ڕەنگدانەوەی ژیانی کۆمەڵێکی کشتوکاڵی و دابونەریت پارێزن، ڕاستەوخۆ باس لە حاڵەتە ئەرێنی و نەرێنییەکانی ڕووداوەکان و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێنماییە ئایینی و ڕەوشتییەکان دەکەن، بۆیە زۆرجار قسە و پەند و دەستەواژەی سەرزاری خەڵک بەسەلیقەیەکی ڕەوان دەهۆنێتەوە، کە هەمان مەبەست دەپێکێت، بەڵام لەڕووی فۆرم و شێوازەوە جیاوازییەکی زۆریان هەیە، چونکە سەرلەنوێ دایدەڕێژێتەوە و بەتام و چێژێکی هونەری بەرز و سەرنجڕاکێشەوە دەیخاتە بەردەستی وەرگر و خوێنەران، بۆ نموونە:

**هزار سالا ل دنیایێ بمینین پویچە هەردێ چین**
**وەسا ژێ دەرکەڤن تازە کو باهرا وە نەبیت ئازار**
**بەلێ ئەمما بۆ دنیاداریا مە لازمە تەفتیش**
**کـو هەردوو لازمـە تازە ببـوورن تێ بگەهن ئەی یار(١٣)**

ڕامانی ناوەڕۆکی ئەم دوو دێڕە شیعرە نزیکە لەو پەندەی کە دەڵێت: «إعمل لدنياک كأنک تعيش أبدا، وأعمل لآخرتك كأنک تموت غدا». (١٤)

یانیش لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

**دا بەرێ تە ل ئاخرەتێ بیت نێ ئەوە مالا قەدیم**
**کـێم و زێدە شـول نەباشن بەلکی ناڤنجی و وەسەت(١٥)**

ئەمەش لە فەرموودەی پێغەمبەر وەرگیراوە کە دەقەکەی ئەمەیە «خير الأمور أوسطها». (١٦)

– لە دێڕە شیعرێکی دیکەشدا دەڵێت:

**دیانەت ژێک موخالف بوون و ئەزمان**
**وەکی دی دنیا بۆمە ملک و خانە**
**کو هەر ئێکی هەیە باهرا خۆ تێدا**
**ژیارا خۆ بکەن عومرێ مە دانە(١٧)**

هەر لەم بارەوە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «دنیا یا لێکڤەکریە، لێ نەیا پەرچان کریە.» (١٨)

– لە دێڕە شیعرێکی دیکەشدا دەڵێت:

**کەسێ پیچ پیچ بخۆت دنیا ئەوی خار**
**کەسێ پاری مەزن بێ ئارو نانە(١٩)**

پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «کێم خۆرێ داییم خۆر بە». (٢٠)

– لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**قەت بیانی بۆ کەسێ نابیتە مال**

**ئەهلێ مالێ ناڤەخۆت ئاڤەک زەلال**
**بۆ خودانی بوونە جەهنەم مال و حال**
**بۆ خوسارەتیا وە بەسە ئەو قەدەر(٢١)**

– لەم بارەوە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «بیانی هەر بیانییە و خۆیی هەر خۆییە» (٢٢) یانیش پەندێکی دیکە هەیە کە دەڵێت: «بیانی بدەیێ گوشتێ ڕانی، دێ ل تە بیتە پەشیمانی». (*)

– لە شیعرێکی دیکەدا دەڵێت:

**پەز تژی گۆڤێ تو بەردەی**
**بەر شڤانی تێر نەبیت**
**دێ هەمێ پووچ کەی ل دەردەی**
**بۆتە ناهێن هەشت و نەهـ(٢٣)**

هەر لەم بارەوە پەندێکی کوردی هەیە دەڵێت: «ئەوی نانی ژ تویلا ڤەشێریت، دێ ب لەپا ل پوڕا گەڕێت.» (٢٤)

– یانیش لەم دێڕە شیعرەدا دەڵێت:

**وەکی ئەول تو لوقما خۆ مەزن کەی**
**تۆ دێ پێ خەندقی ناچیتە خارێ(٢٥)**

ڕامانی ئەم دێرە شیعرەش دەقاودەق وەکو مانای ئەم پەندەیە کە دەڵێت:

**«پاریێ مەزن گەرویێ ددرینن». (٢٦)**

– لەم شیعرەشدا نالبەند دەڵێت:

**سەی چو گۆشتێ سەی نەخارە چو جار**
**تێ بگەهن ڤێ مەسئەلا مەعنا دیار**
**باش فەهم کەن گوتنا من ئەی مەزن**
**بۆ مە هەمیا فایدەیە دەوسا کەڤن(٢٧)**

پەندێکی کوردیشی هەیە دەڵێت: «سە گۆشتێ سە ناخوە.» (٢٨)

نموونە زۆرن، بەڵام ئەوانەی سەرەوە ئەوە دەسەلمێنن کە پەندە فۆلکلۆرییەکان و ئەو دەستەواژانەی سەر زاری خەڵکن، هەر ئەوان کەرەستەی سەرەکی هۆنینەوەی شیعری نالبەندیش بوونە.

(٢)

شێوازی دواندەری کراوە و ڕاستەوخۆ لە شیعرە فێرکارییەکانی نالبەند دا بەدی دەکرێت، بەتایبەتی ئەوانەی پێوەندییان بە لایەنی ئایینییەوە هەیە، هەرچەندە لایەنە کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتییەکانیشی فەرامۆش نەکردووە، بەڵام بەگشتی هەڵگری پەیامێکی ئایینی بووە و وەکو شاعیرێکی میللی لەناو خەڵکدا ژیاوە و ناوەرۆکی شیعرەکانیشی بۆ ئامۆژگاری کردن و ڕاستکردنەوەی ڕەوشتە خراپەکان و بەرزکردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری وەرگران تەرخان کردووە، بۆ نموونە بەپێی باوەڕی ئایینی ئیسلام، دەبێت مرۆڤ زیاتر بیر لە دوارۆژ بکاتەوە و بە پێکەنین و ڕواڵەتی گەشەداری دنیا هەڵنەخەڵەتێت. ئەم بۆچوونانە و چەندین زانیاری دیکەش دەخاتە بەردەستی خوێنەران و خەڵک ئاگادار دەکاتەوە کە سەرجەم گیروگرفت و کێشە ئاڵۆزەکانی ژیان دەگەڕێنەوە بۆ هۆکارێکی سەرەکی کە ئەویش ئەوەیە، مرۆڤ شتە بنەڕەتییەکان پشتگوێ دەخات. لەم ڕووەوە نالبەند دوو حاڵەتی هاودژ کە- یەقین و وندابوون-ن بەراورد دەکات و هەوڵ دەدات قەناعەتێک بۆ وەرگر دروست بکات کە ڕێبازی یەکەم هەڵبژێرێت و پەیڕەوی بکات، چونکە سوودی دنیا و ئاخرەتی تێدایە:

**خوزیا کەسێ گوهـ دایە من شێخ و مەلا مێر و ژن**
**مە دڤێت بۆ وان فایدێ مەزن لەو من دەوام گازندەیە**
**هندی وە روح مایە د لەشی نابن دەوام خێر و خوەشی**
**بۆچی تۆ هۆی زەحمەت کێشی عومرێ مە هەر بێ فایدەیە**
**دنیا مە ڕۆژە یا شەڤە هەچیا چوو یادی هاتەڤە**
**هندی هەبین تەرتیب ئەڤە سال و زەمان ئەڤ مادەیە(٢٩)**

(٣)

گەلە ژێردەست و چینە چەوساوەکان دەزانن کە دادپەروەری کۆمەڵایەتی بنەمای پێشڤەچوونی ژیانە و تا ڕادەیەکی زۆریش ئاگاداری هەڵسوکەوت و کردەوەکانی داگیرکەر و چەوسێنەرانن و درک بەو ڕاستییە دەکەن کە ئەم دوو دەستەیە مشەخۆر و تێکدەرن و چەند گرووپێکی تەمەن کورت و سەرلێشێواون... شاعیری فێرکار لایەنگری لایەنی یەکەمە و ڕاستییەکان بەشێوەیەکی هونەری ڕێک دەخات بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵک ڕابکێشێت و ئامۆژگارییان بکات. لە بارودۆخێکی وا نالەباردا شاعیرە فێرکارەکان بە پلانێکی دیراسەتکراو و نەخشە بۆ دارێژراو ئەم حاڵەتانە لە ڕێگەی شیعرەوە ڕێک دەخەن و پێشکەش بە وەرگری دەکەن و زانیاری پێویستیشی پێ دەبەخشن، بۆ نموونە نالبەند ئەم کارە بە ئەرکێکی ویژدانی خۆی دەزانێت و لەم بارەوە چەندین

شیعری هونیوەتەوە:

**ئەی کوردێ برا بەسە وە خۆ دایە رەحەتیا**
**ئەڤ عومرێ بەرێ چۆن ب رەزالەت بۆ وە قەتیا**
**بەس نینە هەما نان وە هەبیت فکرە خەلەتیا**
**گازندا نەکەن دل وە تژی خەنجەر و خوینە**
**جوهیا تو نەزەرکێ ب تفاق بوونە حکومەت**
**هەر هوین نەچوونە بێ سەرو بێ عارن و ئالەت**
**ملکێ وە هەمی دوژمنی گرت و بوو قەباحەت**
**ما ب دەستێ هەوە رابە تەرەس شول بکە بینە(٣٠)**

یان:

**دوژمنێ خائین خودێ کەنگی ڤیا**
**دین و دنیا رەش نەکەن هەردوو ڕوویا**
**شەرمزاری بۆ مە ئیستیعماری بوو**
**ل سەر دلێ خاس و عەواما ماری بوو(٣١)**

یان:

**کوردستان تو موئمنی**
**میرێ دایکێ ئینگلیزە**
**چ فێقی تە هەی چنی**
**وەی پا شولەک عەزیزە**
**مە بخو تو دای دۆژمنی**
**بلا ئەو بێ تەمبیزە(٣٢)**

یان:

**ئەو کەسێ یار و برا دا ب ئەجنەبی**
**ئەو کەرە ژ گوڤێ ڤەرەست دەر لێ ڤەبی**
**وی نەهێلن قەت ل سەر ملکێ وەبی**
**دا تۆ بەس دل نەخۆش و بەرزە بی(٣٣)**

هەروەها لەبارەی چەوساندنەوەش دەڵێت:

**هندی ئەڤە شێخێت مەنە شرین حەلیم**
**نەرم و تیژن شەڕ بەلاڤن جە کۆژیک**
**نژدەچینە سەربڕن عالەم ڤەکر**
**بێ هەوار و گورز و طوپ و تومەتیک**
**سەرڤە مسکێن ژبن ڤە کورەمار**
**وەختێ وا ب ئێکی ڤەدا خاست سوندریک(٣٤)**

یان:

**جوملە ماقوول و رەئیسا خار فەقیر**
**نان ژ سەر سێهلێ هەلاند هێژتا هەڤیر**
**زۆلم و تەعدا و طەمەع وان ئەو ڤیا**
**رەعیەتا خۆ کر کەر و بەردان چیا**
**پارەکێ خۆش بۆ نەهێلا ئەو بخۆن**
**فکرە دەوسا وان نهو ئەو کیڤە چۆن؟**
**رەعیەت ئەڤرۆ قاتل و لێک دۆژمنن**
**بەر نەما ل قەهرا خودێ ژێ د ئێمنن(٣٥)**

لە بارەی دادپەروەرییەوەش دەڵێت:

**حوکمەت و مللەت هەمی لێک حەوجەیە**
**چی کەسێ خائین ژ وان رێ بەرزەیە**
**لازمە ئامر ئەمینێ رەعیەتێ**
**دین و دنیا دا نەکەفتە زەیقەتێ**
**ڕاستی و رەحم و عەدالەت فایدەنە**
**غەیری وان شول ئاگرێ دینی مەنە(٣٦)**

(٤)

نالبەند لە شیعرەکانیدا بایەخ بەڕەگەزی شوێن دەدات، بەتایبەتی لە شیعرە فێرکارییەکانیدا، کە ڕاستەوخۆ ئاراستەی خەڵک کراون و شوێنەکانیش زێدەتر مەکتەب، مزگەوت، کێڵگە و شوێنی دیکەی کارکردنن، بۆ نموونە:

- مەکتەب:

**ئەزێ فوکریە خەلکێ ڤی زەمانی**
**ئەساسێ مەکتەبا دین بێ سەقا کر(٣٧)**

- دێر و مزگەوت:

**تە هەر دێر و کنیشتە و مزگەتا هەی بۆ کەسێ باشە**
**ئیمامێ وێ نەزانی بیت و روهبانی و سەردێری(٣٨)**

- تەکیە:

**قون هوسی تاقێ کنیشتێ زیلەتێ ئەو کر قەبوول**
**خاسمە ئەم تەکیا نشین بین دێ چەوا مینین ل دویر(٣٩)**

- کێڵگە:

**ڕەزبڕین و دەحل هێلان گول چنین و ما ستری**
**چوون مزەیتێ ڕەز نەشین بووی پێکڤە لێ کور و نەساخ(٤٠)**

- کارگەه:

**مەعمەلا کەڤنە بلا شول نەکەتن**
**ژ هەما زێدەیە بازار و عەیار(٤١)**

- باخچه:
**کەسێ فێقی نەخارە ژ باغەکێ دێم**
**هەتا جو ب ئاڤەکێ ب سەردا نەکۆلای(٤٢)**

ئاش:
**مە زانی ئاشەکێ هەی یارێ نەعمو**
**مە دیت ئەو ژی لبا دانی دکەت دو**
**ژ قەهرێ من لەوا نفرین کرە هو**
**ئەڤی ئاشی هەمی پێکڤە جەمانێ(٤٣)**

کۆز:
**ئەمێ ل سەر قرشی و تۆزێ**
**تە پەز بەردا چو سەر کۆزێ**
**محالە ئەم ڤەکەین دۆزێ**
**گرێدانە بە هەڤساری(٤٤)**

بێدەر:
**ڤێت خوهێ ل ئەنیا خۆ بێخن**
**دا هەلینن بێدەرێ**
**بەس ئەڤی تەرشی هەلێخن**
**غەیری وە گوه نادەتێ(٤٥)**

(٥)

شاعیر خۆی لە توندوتیژی بەدوورخستووە و هانی خەڵکی داوە کە کار بۆ بەدیهێنانی ژیانێکی هێمن بکەن و نەفرەت لە شەڕ و شۆڕ بکەن و ئاژاوە نەنێنەوە، چونکە کوشتن و برین و تۆقاندن دەبنە هۆی دوورکەوتنەوەی مرۆڤ لە ڕێگەی خودا و لۆژیکی ڕاستی، بۆ نموونە:
**بزانە ئەی کەسێ گوهدار بزانە**
**هەمی ئینسان ژ دای و باب برانە**
**دیانەت ژێک موخالف بوون و ئەزمان**
**وەکی دی دنیا بۆ مە ملک و خانە**
**بژین تێدا هەمی بێ فەرق و بێ شەڕ**
**کو دنیا بۆ مە دار و ئیمتیحانە(٤٦)**

یان:
**کەسێ ڕێ ڤەکر ئەولی بۆ شەڕی**
**ل دەوسێ بچی ما وەیە تو ل بەری**
**ئەگەر دەعوە هۆ بیت تۆ لال و کەڕی**
**ددەستێ وەدا ئومەتا ژێک بژی(٤٧)**

یان:
**شانێ ب خورتی بخۆی**
**برسیێ هەر سال تۆی**
**بۆتە نەمان ئەڤارووی**
**شەرم بکە جەنگەنە(٤٨)**

(٦)

شاعیر بایەخ بەڕەگەزی کات نادات، چونکە ناوەڕۆکی شیعرە فێرکارییەکان واڵان و بۆ هەموو کات و ساتێک دەگونجێن، بۆ نموونە لەبارەی وەرزەکانی ساڵ دەڵێت:
بهار:
**هەر سێ هەیڤ ئادار و نیسان و گولان**
**ئەو بەحەشتا عالەمینە ئاڤ و نان**
**نێ بهارێ عەور و بارانن حەیات**
**بۆ گیای و دار و بارا دبن نەجات**

هاڤین:
**نێ بۆ هاڤینێ دو حالن دو تەرەف**
**حالەکێ خۆشە قەوی حالەک تەلەف**

پاییز:
**مەبحەسێ سێ بەحسێ پاوێزێ**
**من دانا خارێ بۆ عیبرەت و تەمیزێ**

زڤستان:
**هات قیامەت هاتی وەقتێ زەیقەتێ**
**یا درێژە کەس چو چارا نابەتێ**

لەمەبەستی پێنجەمی ئەم چامەیەدا وەرزەکانی ساڵ بە تەمەنی ئینسان دەبەستێتەوە و دواتر بە درێژی باس لە ژیانی دووەمی دوای مردن دەکات:
**دێ قیاسا عومر و سالا پێکڤەکەم**
**داخزینا مەقسەدێ نو دەرڤەکەم**
**نێ حەتا حەفتێ عومر ئاخ لێڤەیە**
**هێژ نە شول و خۆشی و نەفعەک هەیە**
**پاشی هەتا دبیتە سە عومرە بهار**
**لەو مرۆڤێ مەستە بێ سەبر و قرار**

**پاشی وی هاڤینە هەتا پێنجەهێ**
**وەقتێ کەسپ و ژن ئینان و بارگەهێ**
**پاشی هینگی عومرە پاویز وزەوال**
**چارە نینە وەقتێ مرنێ و چونە مال**
**نێ ژ عومرێ مە زڤستانە مرن**
**هندە موهلەت وەقتە چون و بارکرن(٤٩)**

(٧)

شاعیر ڕێز لە مرۆڤ دەگرێت و بە بوونەوەرێکی لێهاتوو و کارامەی وەسف دەکات، لەم ڕووەوە باسی پلەو پایە ناکات، بەڵکو ڕاستگۆیی و باوەڕداری دوو پێوەری سەرەکین بۆ هەڵسەنگاندنی هەر مرۆڤێک.

بە بۆچوونی شاعیر ئەو مرۆڤانەی ڕاستگۆ و باوەڕدارن لە ژیانیاندا خاوەن ڕێز و حورمەتن، بەڵام کاتێک پیر دەبن باری جەستەیی و دەروونییان تێک دەچێت و دواتر وەکو ڕۆح لە جەستەیان جودا دەبێتەوە. ئینسان (بەگشتی) وەکو بوونەوەرێکی ناشیرین و بێزەڤەر دێتە بەرچاو، بۆیە دەبێت هەر کەسێک بیر لەم سێ حاڵەتە بکاتەوە:

**کچ و کوڕ حوری و ویلدان و غیلمان**
**دگەل وان عالەمێ عشق و ئەڤینە**
........
**وەکی پیربوون چەوا د هەستی گرانن**
**دفن کلمیش و دەڤ خاڤ و گەنینە**
........
**وەکی ئینسان مر و بوو نەرم و بێ روح**
**نەزەرکرنا لەشێ وی دل پەقینە (٥٠)**

(٨)

نالبەند لە سەرەتای زۆربەی شیعرە فێرکارییەکانیدا، لە خودای گەورە دەپاڕێتەوە و دواتر دەست بەداڕشتنەوەی بیرۆکە و مەبەستەکانی دەکات و شیعرەکەی لەنێو فۆرمێکی ڕێکوپێک و سەلیقەدار بەرجەستە دەکات، بۆ نموونە:

**ئەی خودانێ ڕەحمەتێ وەسفێ تە ڕەبی ئەرحەمە**
**ئەز گونەهکارم گەلەک موحتاجێ ئیحسانا تەمە(٥١)**

دێرە شیعرەکانی ئەم هەڵبەستە بەپێی زنجیرەی پیتەکانی زمانی (عەرەبی- کوردی) داڕێشتووە کە دەکاتە (٢٩+٦= ٣٥)و، لە هەر یەکێکیاندا کە ڕامان و مەبەستی تایبەتی خۆی هەیە، بەڵام جۆرە پاڕانەوەیەکیشی تێدایە.

یان لەم هەڵبەستەدا، کە باس لە کاری هەرەوەزی گوندێک دەکات، بەرەپێشین لەخودا دەپاڕێتەوە، دواتر باسی چۆنیەتی ئەنجامدانی کاری (ئاخەبان) دەکات:

**سوبحان ژبۆ ئیلاهی**
**ئەو ڕازقێ هەمیانە**
**وەک کەڤن بوون ئاڤاهی**
**چێکرنا وا ب ژڤانە**
**دنیایا بۆی دوماهی**
**هندە ئاخر زەمانە (٥٢)**

(٩)

لێهاتوویی و دەستڕەنگینی شاعیر لە هۆنینەوەی شیعردا، لە سەرەوەی ئەو ئاستەیە کە بایەخ بە خورپە بدات، چونکە خورپە شتێکی ڕێژەییە و لە شیعری فێرکردندا ڕۆڵێکی بەرچاوی نییە، بەڵام شتی گرنگ ئەوەیە کە شاعیر هەوڵ دەدات پەرە بە ئاستی ڕۆشنبیری خەڵک بدات و ڕێنماییان بکات کە لە هەردوو دنیادا کار بۆ سەرفرازی ژیانیان بکەن، بۆ نموونە:

**ئەی گەلی مریا بزانن چاڤ نەدەن ساخا چو جار**
**وان نەزانی کیشکە کۆچەر هندە بۆرین وەخت و چاخ(٥٣)**

(١٠)

مەبەستی سەرەکی شیعری فێرکردن چەسپاندنی ژیانێکی پێشکەوتوو و هێمنە، ئەگەر لەسەرەتادا باس لە هەندێک ئاژاوە و کاری نالەباریش بکات، ئەوە تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەی زەرەر و زیانی کارە پڕ ئاژاوەییەکانە کە دەبنە هۆی تێکدانی شیرازەی ژیان، بەڵام لەدواییدا مەبەستی شیعرەکە هەر بەرەو هێوری و بەرقەراربوونی ئاشتی بەکۆتا دێت، بۆ نموونە:

**خۆش مێر نە ئەوبوو**
**ساخ کوشتن و مای**
**ئەو خۆش مرۆڤە**
**مریا بکەت ساخ**
**زۆلم و قەچاغی**
**ئەو بێ ئەساسن**
**ئێکی خودان بەخت**
**دێ بیتە ئوجاخ**

**وەقتێ بەرانەک**
**پەز پێ ڤەحەوهیت**
**خورتێ هەڕۆیە**
**لازم نەبوون شاخ**
**شەرتی مرۆڤی**
**عیلم و کەمالن**
**دا بۆ بمینیت**
**قەدر و جهو ئاخ(٥٤)**

(١١)

کەرەستەکانی شیعری فێرکردن زانست و هونەر و ڕەوشتن، بۆیە نالبەند هەمیشە لە شیعرە فێرکارییەکانیدا جەخت لەسەر بەهاکانی ڕاستی و جوانی و چاکە دەکات کە هەرسێکیان دەرهاویشتەی کەرەستەکانی سەرەوەن، بۆ نموونە:

**تێل سزە یان تێلەفۆن یان رادیوە**
**جەلبا ئەسرارا دکەت بێ دەنگ و حویک**
**چی خراب ملکێ تژی دەحل و تراش**
**مەحیەکر بێ تەڤر و بێر و کر حەویک**

(١٢)

فۆرمی شیعری فێرکارییەکانی نالبەند سووک و ساکار و ڕەوان و سەلیقەدارن، بە ئاسانی ئەزبەر دەکرێن، بەڵام زۆربەیان درێژن و مەبەستەکانیان بە جوانی شیکراونەتەوە بۆ ئەوەی خەڵک بە ئاسانی لێیان تێبگات و پەند و ئامۆژگاریان لێوەربگرێت، بۆ یەکەم جار دەبینرێت کە نالبەند بە چەند دێڕە شیعرێک کۆتایی بە مەبەستەکەی بێنێت، بۆ نموونە لە هەڵبەستی (قصیدة میزان العمل و النصائح)دا، کە لە (٣٣٧) دێڕە شیعردا هەموو بەها ڕەوشتییەکانی مرۆڤ بەڕێکوپێکی دەستنیشان دەکات و کارە چاکەکانیشیان بە ڕوونی شی دەکاتەوە و سەرەتای هەڵبەستەکەش بەم کۆپلەیە دەست پێدەکات:

**حەمد و شوکرێ خاص و عام**
**بۆ واحدێ بێ جیهات**
**سەلات و سەلام تەمام**
**ل سەر فەخرێ کائینات**
**شوکرێ خودێ بکەن دەوام**
**دامە دینێ حەق خەلات**

لەکۆتایی هەڵبەستەکەشدا دەڵێت:

**ئەز ئەحمەدێ شاعرم**
**موفلسێ موسلمانا**
**د شعرێ دا ماهرم**
**هەمی وەقت و زەمانا**
**ڤێت خزینا داگرم**
**بۆ وە ئەهلێ ئیمانا(٥٦)**

(١٣)

شیعر لەلای نالبەند تاکە ئامرازێک بووە، کە لە ڕێگەی ئەوەوە سوودی پەند و ئامۆژگارییەکانی بۆ خەڵک ڕوون بکاتەوە و پەروەردەیان بکات و ئاستی ڕۆشنبیریشیان بەرز بکاتەوە، بۆ ئەوەی سوودبەخش بن و بەکەڵک خۆ و دەوروبەریان بێن:

**ئاخری ڤێ نیعمەتێ نینن قیاس**
**جادەئێ نوورها تەجەلا کر لباس**
**پیچەکێ من بۆ هەوە دانا ئەساس**
**دائیما بکەن شوکرێ ئیلاهێ کوبار(٥٧)**

(١٤)

شاعیر خۆی بە پێشەنگی هەموو هۆشمەند و شاعیران دادەنێت، کە لە ڕێگەی شیعرەوە توانیویەتی خەڵک هۆشیار بکاتەوە:

**شاعرێ بامەڕنی و کورد و فەقیر**
**ئەو بۆ شعرێ دائیما بۆ پشتەگیر**
**ئەحمەدا سەد عونفەری ناموس تەکر**
**دەرگەهێ نەزمێ ل کوردستانێ ڤەکر(٥٨)**

شاعیر لە ڕێگەی پرۆسەی هۆشیارکردنەوەوە، خەڵک فێری یەکگرتن و تەبایی دەکات و هەنگاوەکانی ئەم فێرکردن و ڕاهاتنە لە پێنج خاڵدا دەستنیشان دەکات کە ئەمانەن: «هەڵسانەوە، خۆناسین، هەڵسەنگاندنی بارودۆخی دەوروبەر، ویست و هیمەت، هەل قۆستنەوە».
هەروەک لەم وێنە شیعرییانەدا دەردەکەون:

**دێ شەرم کەن هوین ژ خەلکی**
**هوین بکەن هندەک بخۆن**
**ڕابنە سەرخۆ پێکڤە بەلکی**
**بینە ئەهلێ شەوکەتێ**
**نێ وەژی ئەو دەست و چاڤن**

**جەهوەرێ قابل هەیە**
**بۆچی هەر خاڤ ژێک بەلاڤن**
**ژێک دکەن ڤێ نەفرەتێ**
**مال کەتە دەستێ بناشی**
**هوین دبن پشتی ڤەکێش**
**دائیما ڤێت بجنە ئاشی**
**بوونە پالێ زەحمەتێ**
**لەو من ئەڤرۆکە نڤێسی**
**طەعنەکا پیس و کرێت**
**لازمە کوردا رەئیسی**
**دا نەکێشن زیلەتێ**
**عادەتا بۆ نوکتە زانا**
**شول نەکەفتە سەر بەرێ**
**تیژ بکەن شاخ و ددانا**
**هات زەمانێ فورسەتێ(٥٩)**

بە شێوەیەکی گشتی ناوەرۆک بنەمای سەرەکی شیعرە فێرکارییەکانی نالبەند بووە و بەپێی بابەتەکە مامەڵەی لەگەڵ ناوەرۆکەکەی کردووە، بۆیە هەندێک بابەت هەن کە وەکو داستانێکی درێژ دێنە بەرچاو کە ئەمەش خاسیەتێکی دێرینی شیعری فێرکردنە کە لەسەرەتاوە لە باوەشی شیعری داستانیدا گەشەی کردووە(٦٠) و دواتر بەپێی مەبەستەکان لێی جیابووتەوە، بۆ نموونە لە هەڵبەستی (ئەز دکەم حەمدێ گەلەک بۆ قادری) کە لە (٦٧٩) دێرە شیعر پێکهاتووە، باس لە هەر چار وەرزەکانی ساڵ دەکات و بەڕاشکاوی بارودۆخی دەڤەرەکەی شی دەکاتەوە و دواتر چەند بەشێک لە شیعرەکەی و بەپێی زانیارییە ئایینیەکان بۆ باسکردنی ڕەوشی مرۆڤ لەدوای مردن و ڕۆژی قیامەت تەرخان کردووە، ئەم شیعرە وەکو ئینسیکلۆپیدیایەکی جوگرافی- ئایینی دێتە بەرچاو و لە ڕووی فۆرم و پۆلێن کردنەوە پتر بە شیعری داستانی دەچێت، بەڵام ئەوەی لێی جیادەکاتەوە ناوەرۆکەکەیەتی کە سەرانسەر بابەتی شیعری فێرکردنن.

لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە ئەوەی شیعرە فێرکارییەکانی نالبەند لەجۆرەکانی دیکەی شیعری جودا دەکاتەوە، ئەم سێ لایەنەن:

١- ناوەرۆکەکانیان سادە و ئارمانجبەرن و مەرجەکانی هونەری شیعری فێرکردن ڕەچاو دەکەن، هەروەکو لەخاڵە سەرەکییەکانی سەرەوەدا ڕوون کراونەتەوە.

٢- زۆر بایەخ بە کێش و سەروا و مۆسیقای شیعری دەدات، بەتایبەتی بەکارهێنانی کێشە سووکەکانی دەریا عەرووزەکان وەکو هەزەج و ڕەمەل و ڕەجەز... هەروەها بەکارهێنانی کێشە خۆماڵییەکان کە زۆرجار شیعرەکانی لە بەیتی فۆلکلۆری و داستانی سەر زاری میللیی نزیک دەبنەوە، بەڵام لە بارەی سەرواوە ئەوە لە شیعرە کورتەکاندا یەکێتی سەروا و لە شیعرە درێژەکاندا هەمەجۆری سەروا بەکاردەهێنێت، بۆ ئەوەی مۆسیقای دەرەوەی شیعر بە ڕێکوپێکی و خۆش و ڕەوان بپارێزێت.

٣- هونەرەکانی ڕەوانبێژی لە شیعرە فێرکارییەکاندا پشتگوێ دەخات، بەپێچەوانەی جۆرەکانی دیکە کە بە وەستایەتی و شارەزایی مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات، ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە نالبەند بە ئەنقەست لەکاتی ئامۆژگاری کردن و زانیاری پێداندا خۆی لە پێچ و پەناو دەربڕینە ئاڵۆزەکان دوورخستووەتەوە و ڕاستەوخۆ مەبەستەکانی بەشێوازێکی ڕوون و ساکار هۆنیوەتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی بگەنە وەرگر و لە ئەزبەرکردنیشیاندا زەحمەت نەکێشن.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

*** نالبەند: نازناوی شیعری (ئەحمەد کوڕی ئەمین)ە، کە لە ساڵی ١٨٩١ لە گوندی بامەرنێ لە دایک بووە. لە تەمەنی پێنج- شەش ساڵی لە حوجرەی مزگەوتی گوندەکە و دواتر لە شارانی ئامێدی و زاخۆ و دهۆک خوێندوویەتی. لە ساڵی ١٩١٤ و دوای دوو ساڵ خوێندن لە گوندی بێدۆهـ ئیجازەی مەلایەتی لەسەر دەستی شێخ محەمەد پارسای کوڕی شێخ تاهای مایی وەردەگرێ، دوای کۆچی دوایی شێخ محەمەدی پارسای نالبەند لەو گوندەدا دەبێتە مەلا تا ساڵی ١٩١٩ و دواتر دەچێتە گوندی ڕوێسێ لەناوچەی گولی و دوازدە ساڵ لەوێ مەلایەتی دەکات. دواتر دوو ساڵ لە گوندی بێگۆڤا و شەش ساڵیش لە گوندی خشخاش لە دەڤەری بەرواری باڵا مەلایەتی کردووە.**

**لەساڵی ١٩٤٢ گەڕاوەتەوە ئامێدی. لەنێوان ساڵانی (١٩٤٧- ١٩٥٧) لەناوچەی سلیڤانی نیشتەجێ بووە و دواتر جارێکی دیکە گەڕاوەتەوە ئامێدی و دوای دوو ساڵ چۆتەوە بامەرنێ و لەساڵی ١٩٦١ گەڕاوەتەوە گوندی خشخاش، لە ڕۆژی (٩ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٦٣) بە چەقۆ زگی خۆی هەڵدڕیوە و کۆچی دوایی کردووە.**

**سەرجەمی دیوانەکەی لەساڵی (١٩٩٧- ١٩٩٨) لە پێنج**

بەرگی جواندا لە چاپخانەی خەبات- دهۆک چاپ کراوە کە بووەتە سەرچاوەی سەرەکی ئەم لێکۆڵینەوەیە.

١- د. مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی، بەرگی شەشەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٦، ل٢٥٤.

٢- ئەحمەدێ نالبەند، باغێ کوردا، بەرگی دووەم، کۆمکرن و تویژاندن تاها مایی، پێداچوون و ڕاستڤەکرن و سەرپەرشتیا چاپێ ڕەشید فندی، ئیسماعیل بادی، محەمەد عەبدوللا، چاپا یەکێ، چاپخانا خەبات، دهۆک ١٩٩٨، ل١٧.

٣- سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦- ٢٧.

٤- ئەحمەدێ نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٩٥.

٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٣.

٦- سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢١.

٧- ئەحمەدێ نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٢٧.

٨- کامیران محەمەد نەبی، جێگەی ئەحمەد نالبەند لە شیعری نوێی کوردیدا، ماستەرنامەیەکە پێشکەش بە زانکۆی سەلاحەدین- کۆلێژی ئاداب: ١٩٩٩ کراوە، ل١٤٢.

٩- ئەحمەدێ نالبەند، باغی کوردا، بەرگی سێیەم، ل٢٣١.

١٠- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٧.

١١- سەرچاوەی پێشوو، ل٧٢.

١٢- د. احمد عتمان، الشعر الاغريقي تراثا انسانيا و عالميا، مطابع الرسالة، الكويت ١٩٨٤، ص٩٣- ٩٤.

١٣- ئەحمەدی نالبەند، باغی کوردا، بەرگی یەکەم، ل١٨٨.

١٤- د. محمد زغلول سلام، تأريخ النقد الأدبي والبلاغة، الجزء الثاني، منشأة المعارف، الاسكندرية ٢٠٠٠ ص٤٣٦.

١٥- ئەحمەدی نالبەند، باغێ کوردا، بەرگی یەکەم، ل٢٠٦.

١٦- ابن قيم الجوزية، اعلام الموقعين عن رب العالمين، تحقيق محمد المعتصم بالله البغدادي، دارالكتاب العربي، بيروت ٢٠٠٦، ص١٨٣.

١٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٢٧.

١٨- ئەحمەد قەرەنی، کانی- پرتا دووێ- دەستخەت، ل٣٥.

١٩- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٢٨.

٢٠- ئەحمەد قەرەنی، کانی، پرتا یەکێ، چاپخانەی ئەسعەد، بەغدا ١٩٨٤، ل٩٢.

٢١- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٤٤.

٢٢- کانی، پرتا یەکێ، ل٢٧.

* سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٨.

٢٣- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٨٠.

٢٤- کانی، پرتا یەکێ، ل١٤.

٢٥- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٢٧.

٢٦- چیا مازی، فەرهەنگا گوتنێن پێشیان، وەشانێن ئەلما، چاپا یەکەم، ستەنبۆل ٢٠٠٥، ل٣٤٠ (بەرێنووسی لاتینی)

٢٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٤١.

٢٨-چیا مازی، ل٣٦٦.

٢٩- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٠٤.

٣٠- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٧٤.

٣١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٣.

٣٢- سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠.

٣٣- سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٢.

٣٤- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٢٢٢- ٢٢٣.

٣٥-ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٣٢.

٣٦- سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠.

٣٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٥١.

٣٨- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٠٩.

٣٩- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٥١.

٤٠- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٧.

٤١- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٢.

٤٢- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی دووەم، ل٣٢.

٤٣- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٣٢٠.

٤٤- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

٤٥- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٠.

٤٦- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٥٢٧.

٤٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی دووەم، ل٢٣.

٤٨- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٢٦٠.

٤٩- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢٥- ٣٥٦.

٥٠- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٤٥٧.

٥١- سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨١.

٥٢- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل٥٢٢.

٥٣- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل١٢٨.

٥٤- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٧.

٥٥- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی یەکەم، ل٢٢١.

٥٦- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی پێنجەم، ل٩- ٧٦.

٥٧- ئەحمەدی نالبەند، بەرگی سێیەم، ل١٩٩.

٥٨- سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨.

٥٩- سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٢- ١٢٣.

٦٠- د. أحمد عتمان، الشعر الاغريقي تراثا انسانيا و عالميا، ص٧٩.

# له دایک بوونەوەی دووبارەی هونەرمەند

**ئێلین هۆرۆ ویتس**
**له ئینگلیزییەوە: محەمەد ڕەمەزانی**
**(ورمێ)**

**بەخێربێی ئەی ژیان! ئەوە هەمیسان وەک**
**میلوێنێ جاری دی بەرەو ڕووی ڕاستەقینەی ئەزموون**
**دەچمەوە و لە کوورەی ئاسنگەری ڕۆحمدا وشیاری**
**لەگەڵ دەرنەهاتووی ڕەگەزەکەم شکڵ و ئەندام پێ دەدەم**
جیمس جۆیس، لە ڕۆمانی «وێنەی هونەرمەند لە تافی لاویدا».

چیرۆکی «پیاوی نادیار»یش بۆ خۆی کتێبێکە هەر لە چەشنی «وێنە هونەرمەند لە تافی لاویدا»، لێرەشدا مرۆیەکی دوورخراوە هاتۆتە ئافراندن. لە ڕۆمانەکەی ڕاڵف ئێلیسۆنیشدا هەر وەک ڕۆمانی جیمس جۆیس، پاڵەوانی چیرۆک لە پێشدا بەناو چەند ڕووداودا تێ دەپەڕێ و لە ئاخریدا ئینسانێکی تازەی لێ پەیدا دەبێ و دەبێتە مرۆیەکی خاوەن هێزێکی خودایی بۆ ئافراندن. چوارچێوەی چیرۆک وەکی باوە ئاوا داڕژاوە کە هەڵخولانی پاڵەوانی داستان بۆ خۆناسینە و بۆ لە دایک بوونی کەسێ لەناو بارودۆخی ئاڵۆزاوی لێهاتوویی چەند لایەنەی بەشەرە. لە هەردووکی ئەو چیرۆکانەدا، هونەری حیکایەت بێژ ها لە گێرە و کێشەی هەڵخولانی پاڵەوانی چیرۆکدا.

ڕاڵف ئێلیسۆن هەر بە دانستە لە شتێک کەڵکی وەرگرتووە کە دەبێتە لە ناوبیرکەوتنی ئۆستوورەیی بەشەر (لێرەدا ناوبیر مەبەست ناو زگی دایکە) و پاشان سەرهەڵدانەوەی دووبارەی وێڕای ئەو تواناییەی کە داهاتوو پێشبینی بکات- ئەم باوەڕە هەر لە کۆنەوە بووە کە بەشەر لەسەرەتادا بە ناخی تاریکی مەرگی سەمبۆلێکدا ڕۆدەچێ و پاشان لە ڕۆژی زیندووبوونەوەدا

سەرهەڵدەداتەوە. رۆمانی «پیاوی نادیار» لە باری فۆرمەوە خولێک دەخوا کە وەک ئەو خولە ئایینییە دەچێ کە خۆی وەگەڕی دەخاتە وانێ. حیکایەت خوان، چیرۆکی خۆی لە نێو قووڵکێکی بن گڵەوە دەست پێدەکا.

هەر وەکی لە کارەکانی فیودۆر دیستۆیفسکی-شدا وایە، مەبەست لە جیهانی بن گڵ، ویژدانی ناهۆشیاری ئینسانە کە دنیایەکی بەدەر لە زەمان و بەدوور لە هۆکارییە، بەڵام ناو ئەو قووڵکەیە گەرمە و بەچەشنێکی خەیاڵاوی رۆشنە نەک ئەوەی وێنەی قەبر تاریک و تنۆک و تەروبڕ و سارد و سڕ بێ.

بێنەوە بیری خۆت کە چۆن ورچ زستانێ دەچێ لە کونەوە و هەتا بەهارێ نایەتە دەرێ و پاشان وێنەی جووجەڵەیەکی کە لە جێژنی زیندوو بوونەوەی عیسا سەر لە هێلکە دەجووقێنێ، لارەوە لارەوە ملی ڕێگا دەگرێتە بەر. من ئەم شتانە بۆیە دەڵێم تا سەنیری خاترجەمی بنێنە ژێر سەر و بەهەڵە وانەزانن چونکێ نادیارم و دەنێو قووڵکی کەوتووم، چیدی نیم و مردووم. من نەمردووم و نە لە جیهانی بەرزەخدام. پێم بڵێ ورچی ناو کون، چونکێ منیش ورچ ئاساییی لە خەوی زستانیدام.

هونەرمەند پێمان دەڵێ کە پاڵەوانی چیرۆکەکەی پیاوێکی نادیارە. هۆی ئەوەش کە ئەو پیاوە بێ ناوە و بە کەسیش نەبینراوە ئەوەیە کە خەڵکی هەر بە دانستە نایان هەوێ بیبینن. ئەم کتێبە خەریکی پشکنینی ئەو کەسایەتییەیە کە جگە لە کۆمەڵ، ئەو ئینسانە بۆخۆشی خۆی لێ نابەڵەد کردووە.

لە سەرەتای داستان ئینسان پاڵەوانی چیرۆکەکە وەک جۆرە خودایەکی وەرزێکی تایبەتی دێتە بەرچاو کە مەرگ و چوونە بن گڵی ژیانێکی تازەی پێ بەخشیوەو لەگڵ هاتۆتە دەرێ. جۆری دارشتنی ئەم حیکایەتە، شێوەیەکی دیکەیە لە رۆچوونی مرۆی تازە واریدە. ئەو دەبێ بچێتە ناو ئەو قووڵکەوە و جیهانێکی پڕ رازو رەمز ببینێ تا سەر لەنوێ لە دایک بێتەوە. حیکایەتخوان وێنەی یونسە لەناو زگی ماسیدا و پێغەمبەرایەتی و کتێبەکەی وی ئەو شتانەن کە لە ناخی ئەو قووڵکە دێتە دەر.

گەورەترین کەندوکۆسپی سەر رێی کابرای قولەڕەشەی چیرۆک کە وێڵە بە دووی ناسینی کەسایەتی خۆیەوە ئەوەیە کە بایەخە تاکە کەسیەکانی وی دانوویان ناکوڵێ لەگەڵ ئەوانەی ناو ئەو کۆمەڵەی کە بیروبۆچوونی زاڵە بەسەر تاکە کەسدا. قولەڕەشە جوان ئەوەی لێ حاڵییە کە کۆمەڵگا تەنیا لەناو بازنەیەکی دیاریکراودا سەیری ئەم دەکاو هیچیدی. ئەو نموونەیەک لەو دەستە کۆمەڵایەتییەیە کە سپی پێستان خۆیان تێهەڵناقورتێنن بیتو هەڵسوکەوتی وی لەو چوارچێوەیە بترازێ کە بۆیان دانراوە، لە ڕوانگەی کۆمەڵەوە شتەکە وا سەیر دەکەن کە گۆیا ئەم سنوور و کەوشەنی جەغزی خۆی بەزاندووە. لەبەر ئەوەی هەموو ئەمریکاییەک، بە مانایەک بیانییە، ئینسانی رەش پێست نموونەیەکی سەرەکییە کە لەگەڵ کێشەی نەتەوایەتی هەڵپەرتان و هەڵپەسێردران رووبەڕووە.

ئەم وەک مرۆیەکی بێگانە و غەریب، ئەتک و بێ حورمەتی پێ کراو، تاریکترن بەشی رۆحی مەمانان دەخاتە بەرچاوان. کێشەی ئێلیسۆن ئی هەموومانە.

بێ دەسەڵاتی ئینسانێک سەبارەت بە ناسینی کەسایەتی کەسانی دەوروبەری دەردێکە، بەڵام دەردی لەوە گرانتر ئەوەیە ئینسانێک بۆی نەبێ جەوهەری خۆی بنوێنێ و ئەو جۆرە بژی کە لە ماکی وی دایە و مەترسی ئینسان بوون ئەستۆی بگرێ. جا ئەلێرەدایە ئێمە بە دەستی خۆمان دەبینە هۆی نادیار بوونی خۆمان.

ئێلیسۆن لە وتارێکدا لە باسی ریچارد ڕایت لە گۆڤاری (Antioch Review)دا (هاوینی ١٩٤٥) باس ئەو ستراتیژیە جۆراوجۆرانە دەکات کە بەپێی وان قولەڕەشە لەگەڵ چارەنووسی ئەمریکی خۆی دەجووڵێتەوە.

ڕەشە رەنگە چارەنووسی نادیار بوون بۆ خۆی هەڵبژێرێ و بەو بەشەی سپی پێستان بۆیان دیاری کردووە شوکرانە بژێر بێ و بەدڵخۆشی دانەوەی خۆ و بە سڕینەوەی ژەنگی دڵ و ڕۆح لە ڕێگای ئایینەوە ئەو کێشانە چارەسەر کات کە لەوەها ژیانێکەوە سەرچاوە دەگرن. ئەو رقی خۆی لە جیم کرۆو دەخواتەوە و ڕێگایەکی کورت و سەرچیغ دەگرێتە بەر بۆ وەی ببێتە بنیادەمێکی خاوەن حورمەت و بۆ گەیشتن بەم ئامانجە، بە دانستەیان بێ وەی خۆی بزانێ، بۆ چەوسانەوەی برایانی هاوڕەگەزی، لەگەڵ سپی پێستان دەستی لەیەک کاسەدا دەبێ، جا بۆیە نادیار بوون، هەروەک لە دەستەی پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئێلیسۆندا خۆ دەنوێنێ، وەک شێتیەکەی هاملێت هەم ئازارە و هەم ئامرازە. ڕێگا چارەیەکی دی ئەوەیە کە پاڵەوانی چیرۆک یەخە لەم وێنە کلێشەییەی کە لە میاندا هەیە هەڵتەکێنێ و ببێتە پیاوکوژ، ببێتە شۆڕشگێرێکی کە مل بنێ لە خەباتێکی هەمیشەیی دەروونناسانە و زۆر جاریش وێڕای چەک و مەچەکیش دژ بە جیهانی سپی

پێستان. دەیجا پاڵەوانەکەی چیرۆکی ئیلیسۆنیش بۆ خۆی دەبێ لەو دوو لایە سەر پشک بێ: یان خۆ نادیار کات، یان لوسیفر ئاسایی بڵێ «من سەری بەندەگی دانانەوێنم».

شێوەی شیاو بۆ هەڵسوکەوت لەگەڵ ڕۆمانی «پیاوی نادیار» ئەوەیە کە ڕووداوی داستان وەک زنجیرەیەک لە نەریتی هاتنە ناو ڕیز(١) چاو لێبکەین کە پاڵەوانی چیرۆک بەپێی وان بە چەند قۆناخ و پلەی خۆناسیندا تێدەپەڕێ. ئەو ئاڵوگۆڕانەی بەسەر پاڵەوانی چیرۆک دێن هاوڕێیە لەگەڵ دابو ڕەوشتی تا ئەندازەیەک ڕەسمی کە زۆر وەک ڕێوڕەسمی ئەو هۆزە ساکارانە دەچێ کە تازە لاوێک دەهێننە ناو ڕیزی گەورەکانەوە. هۆزە ساکارەکان بەو شتە شارەزان کە مرۆ کاتی تێپەڕکردنی هەر قۆناغێک، یان چەند پلیکانێک کەسایەتیشی ئاڵوگۆڕی بەسەردادێ و چەند دابو دەستوورێک ئاوێتەی ئەم ئاڵوگۆڕە دەکات کە لە ڕیشەوە نیشانەی سەمبۆلیکی لە دایک بوون و خاوێن کردنەوەی ڕۆح و سەرهەڵدانەوەیە لەناو سروشتدا.

حیکایەت گێڕانەوەکەی ئێلیسۆن زنجیرەیەکە لەو ئەزموونانەی وا بریتین لە هێنانە ناو ڕیز کە لە چوارچێوەیەکی تایبەت بە هاتنە ناو ڕیزی عارفانەی هونەرمەند دەورلێدەداتەوە. ئەو دابو دەستوورانەی تایبەت بە هێنانە ناو ڕیزن، پاڵەوانی چیرۆک بەسەر چەند قۆناغدا تێدەپەڕێنێ و لەهەر قۆناغێ بەپێی کەسایەتییە ناسەرەکی و جۆراوجۆر و نەحەواوەی خۆ دەجووڵێتەوە. کاتێ ئازادی خۆی وەدەست هێنا، وەک هونەرمەندێک لە دایک دەبێتەوە و دەبێتە تەنیا ئەکتەرێک لە کۆمەڵی ئێمەدا کە «عاقیبەتی» وی ئەوەیە کە توێژی ناو و نازناو هەڵدەداتەوەو دەست دەکا بە توێژینەوەی ئەو شتەی وا تاکە کەسی پێ دەڵێن.

حیکایەتبێژ چیرۆکەکەی لەناو قووڵکێکی بن گڵ ڕا دەست پێدەکا و بەفلاش باک پاڵەوانی داستانەکەی بەناو ئەو ئەزموونەدا تێدەپەڕێنی کە بۆتە هۆی وەی کە ئەم ئاوا بەناخی تاریکیدا ڕۆچێ. لە ئاکامدا، لە نوتقی ئاخر چیرۆکەکەدا، پاڵەوانی بێ گوناح چیرۆک و هونەرمەند کە گەیشتۆتە پلەی عاقڵمەندی، یەک دەگرن. دووبەرەکی ناوەکی چیرۆک بەهۆی لە پەنای یەک دانانی ئەو دوو «من»ە دێتە گۆڕێ. عونسوری ددان بە گوناحی خۆدانان بەشێوەی گێڕانەوەی چیرۆک لە زمانی یەکەم کەسەوە لە چیرۆکی «پیاوی نادیار»دا نیشانەی کەڵک وەرگرتن لەم تەکنیکەیە بۆ خاوێن کردنەوەی ڕۆح لە ڕێگای هونەرەوە. هونەرمەند لەناو چاڵ و لەبن گڵ ڕا حیکایەتەکەی خۆی دەگێڕێتەوە تا بتوانێ لە ئاکامدا سەر لە بنگڵ وەدەرنێ.

قارەمانی داستان ئینسانێکی بەستەزمانی سەر نەرمە کە لە شارۆچکەیەکی باشووری ئەمریکا دەست بکا بە کار و کاسبی و ڕۆژ تا ئێوارێ خەون و خەیاڵی ئەوەیە دەرس بخوێنێ و بە پلەیەک بگا کە سپی پێستان پێی کەیف خۆش بن. ئەم حیکایەتە سەرجەم چیرۆکی وەدەرنانی ئەم کابرایەیە لەو بەهەشتە خۆشە خەیاڵیەی وا پێی مەست بوو.

یەکەم سەرنج کە بەهەشتی جحێڵانەی پاڵەوانی چیرۆک ئاوێتەی دڵەڕاوکێ دەکا دەنگی باپیریەتی کە لە پەستا لە گوێیدا دەزرینگێتەوە. باپیری لەسەرە مەرگدا لای ئەم درکاندبووی کە بە درێژایی تەمەنی سیخوڕی بۆ سپی پێستان کردووە. گوتبووی: «ڕۆڵە وەسیەت بێ لات، هەر بە بەڵێ قوربان سپی پێستان ببەزێنە، هەر بە بزەی لێوان وەک دار بن کۆڵیان بکە، هەرچی گوتیان بڵێ بە چاوان تا بە قوڕدا دەیانبەیە خوارێ، لێ گەڕێ باهێندەت جنێو بدەنێ و وەک سەگ بڕشێنەوە هەتا لە داخا لێک دەبنەوە و دەقەڵەشێن».

باپیرە ئەگەرچی بەسەبرترین مرۆ بووە، باسی سەبری خۆی وەک زەبر و زەنگ کردبوو. ئا ئەم فێڵە لە ڕیشەوە هی چینیەکانی زەمانی زووە بۆ ئەوەی داگیرکەران لە ناو خۆیاندا بتاوێننەوە و بەم شێوەیە کەسایەتی خۆیان بپارێزن.

کاتێ کارەکان بە مرادی دڵی پاڵەوانی چیرۆک دەچتە پێش، هەست بە تاوانباری دەکا، هەر دەڵێن بێ ئیختیار وەسیەتەکەی باپیری بەڕێوە بردووە. هەڵسوکەوتی ئەو لەگەڵ سپی پێستان کە بە خایەنانەی ناو دەبەن، کارێک دەکا کە سپی پێستی «ناسک و نازدار» شارەکە بە شاخ و باڵیان هەڵ بڵێن (یانی بۆ وێنە بڵێن ئای لە منت کەوێ کوڕە خۆ تۆ هەر وەک سپی پێستان دەچی). ئازای ئەندامی پاڵەوانی چیرۆک هەتا لوولاکی پڕ لەو ترسەیە کە دەسەڵاتی سپی پێستان بن کۆڵ بکات و مانی ئەو مەتەڵۆکە سامناکەی باپیرەی لێی داهێنا بوو، بۆتە کێشەی سەرەکی ئەم حیکایەتە (قسەکانی ئەو کابرا پیرەی وەک تووک و نزا دەچن).

دیمەنی پڕ تەپ و مژی ئەم چیرۆکە ئەزموونی ئاستەمی هاتنە ناو ڕیزی کوڕانەی پاڵەوانی داستانە. هونەری ئەو

لەناو خوێن و پشێوی و سووکایەتی لە دایک دەبێ یانی لەو بار و دۆخەدا کە بۆ یەکەم جار وتارێک بەناوی «قازانجی سووکایەتی» پێشکەش دەکات. لەو جەنگەیەدا کە وتارەکەی لە گەشە و نەشەدایە، چاوی بە جندەیەک دەکەوێ کە پلاری تێدەگرێ و پێی دەڵێ هەی دادە کچانیلێ و ئائەوە لەحزەیەکە، هەر وەکی لە ڕۆمانەکەی جویس-دا دەیبینین، هونەری پاڵەوانی چیرۆک لە دایک دەبێ.

ئەو خۆ لە ئاو و ئاگر دەدا تا وتارەکەی پێشکەش بکات. تۆپ و تەشەری ئەم بارودۆخە لەوەدایە کە تەنیا پێشگۆیی کەر لە ناو ئەو مەیدانە تاریک و خوێناوییە سەرهەڵدەدا، تەنیا ئەو وتارەیە لەسەر سووکایەتی و خەڵاتی کە دەیدەنێ، واتا بوورسی خوێندن، لە جیهانی قولەڕەشەی بەڵێ قوربان بێژ و بێ حورمەتی پێکراودا گەلێک گرینگ و سەرەکییە. ئەوە یەکەم شتە کە پاڵەوانی چیرۆک لە جانتا خەڵاتییەکەیدا هەڵی دەگرێ. پێی دەڵێن: «هەروا بەردەوام بە لەسەر خۆ پێگەیاندنت و ڕۆژێ دێ ئەو جانتایە پڕ دەکەی لەو سەنەدانەی وا چارەنووسی گەلەکەتی پێ دیاری بکەی». مانای بە تەوسی ئەم دۆخە لەوەدایە کە ڕۆژێک لە ڕۆژان وتارێکی خۆی دەخاتە ناو ئەو جانتایەوە کە لەسەرانسەری چیرۆکەکەدا وەک هاوسەنگێک بۆ ویژدانی ناهوشیاری پاڵەوانی داستان چاولێدەکرێت. ئەو هەروا بەردەوامە لەسەر وەی شت کۆکاتەوەو لە جانتاکەی بخات، لە لایەکی دیشەوە پێی خۆشە ئەوشتانە لەکۆڵ خۆی کاتەوە، هەر ئەو شتانەن کە هێمان بۆ ڕاپەڕینی وی لە خەون و خەیالان. ئەو جانتایە دەبێتە پێشینە بۆ هەبوونی وی و دەشبێتە «نیشانەی پۆست و پلەوپایە» ئەو، ڕاست وەک جانتا جادووییەکەی کابرای جادووگەر.

لە دووەمین قۆناغدا، پاڵەوانی چیرۆک دەبینین کە لە زانکۆیە و خولیای ئەوەی ببێتە مامۆستا لەسەری داوە و لە دڵی خۆیدا خۆ وەک سەرۆکی زانکۆ، ئاغای بلێدسۆو (یانی کەسێکی لەمێژە برینی خوێن دەدەڵێنێ)، تەماشا دەکا. بلێدسۆو وەک یەکێک لەو کەسایەتییە جۆراوجۆرە ڕەش پێستانە پیشان دراوە کە کەلکەلە دەخاتە ناو دڵ و مێشکی خەڵکی. کەسەکانی تری چیرۆک یەکیان بووکرتی ناوێکە، قولەڕەشەیەکی واشنگتۆنییە؛ مامۆستایەکە بەناوی مامە تام، لەو بنیادەمانەیە کە «جێگای خۆیان دەپارێزن»؛ کەسێکی نیوە ئەفسانەییە بەناوی فاوندر، باربی نابینا کە دەڵێ: «دوور بڕوانە».

بلێدسۆو بۆ خۆی بە ڕواڵەت نۆکەرێکی زمان لووسە، بەڵام لە ڕاستیدا ئینسانێکی بێ حەیایە. لەگەڵ ئەوەشدا کە دەسەڵات و ڕێز و دۆستانی سپی پێست و ماشێنی کادیلاکی هەیە، بەقەستی شەڕواڵەکەی وا لەپێ دەکا کە حاستی ئەژنۆکانی دەربپەڕێ و بەدانستە لە ڕۆیندا لاقی بە عەرزدا دەخشکێنێ کە پیشانی بدا کە لە ڕابردوودا ئەمیش وێڕای کوێلەی دی دەست و لاقی لە زنجیردا بووە. ئەمیش وەک باپیرەی پاڵەوانی چیرۆک دەڵێ بە ڕواڵەت کلکە سووتێ لەبەر سپی پێستان دەکەم، بەڵام لە ڕاستیدا هەموویانم ناوەتە ژێر ڕکێفی خۆمەوە. بۆ وەی دەسەڵاتی خۆی بپارێزێ، بەقەستی بەڵێ قوربان بۆ سپی پێستان دەڵێ و تەنانەت یاریدەشیان دەدا بۆ سەرکوتی هاوڕەگەزانی خۆی، بەڵام باپیرەی پاڵەوانی چیرۆک چ بە شوێن دەسەڵاتەوە نەبوو، ئەوا دەیگوت لێم گەڕێن با سپی پێستان قووتم دەن، بەشکو لە قوڕوویاندا گیر بکەم و بیانخنکێنم.

وەدەرنان لە بەهەشتی زانکۆ کاتێک بەسەر پاڵەوانی چیرۆک دێت کە ئەم ڕووی نگریس و پیسی ژیانی قولەڕەشان پیشانی وەکیلێکی ئەمینداری ملک و ماڵ خەڵکی باکووری ئەمریکا دەدات. ئەم ڕووە نگریسە هی بێ ئابڕووترن قولەڕەشەی لادێییە، دێوەزمەیەکە کە ڕەشە پێشکەوتوو خوازەکان بێزی لێ دەکەنەوە و بە نموونەی «ئاکاری نالەباری قولەڕەشەیی» نێو دەبەن. دیمەنەکە بۆ خۆی دەمەلاسکێی شێوازی نووسینی لەسەر قولەڕەشانەوەیە کە لە باشوور باوەو و لە هەواڵی ئیرسکین کالدویل ناوێک لەبارەی زیناحی ئەو قولەڕەشەوە دەگەڵ کچی خۆی بە ئەوپەڕی خۆی دەگا. سەیر نییە کە بۆتە باوکە کەمایەسیەکان بە تەڕداوێن و شەرواڵ پیس چاولێکەن و لێرەدا پیشاندانی ڕوخساری ئەو کابرا قولەڕەشەیە وەک چوارپایەکی بێ هەوساری شارنەدیو و ڕوویەکی ڕەشی زەلامی لۆزەندەرای داوێن پیس»، دیارە بەو مانایەیە کەچی ئاکار حەرامە وە ئەستۆی ئەو گەلەی دەخەن کە بە تاوانباری سەرەکیان دەناسن. کابرای وەکیلی ئەمینداری موڵک و ماڵ کە نورتۆنی ناوە (ڕەنگیشە بۆ ئەتک بەنێو چارلز ئیلیوت نۆرتۆنەوە کرابێ، هەروەکی ئەو کابرایەی کە ئەویش خەڵکی باکوورە ناوی ئیمرسۆنە)، وەک یەکێکی کە زۆر باس و خواسی ڕابواردن و شتی وای پێ خۆشە بە تامەزرۆییەوە گوێی شل کردووە، چونکێ بۆ خۆشی ئەو نیەتە پیسەی دەرهەق بە کچەکەی خۆی هەیەو بەو بڕیارە

دەگا کە پووڵ بدا بە قولەڕەشە پیرەکە ئەو کارە لە بری وی بکات.

پاڵەوانی چیرۆک بەهۆی ئەم تاوانەوە کە مل پێداهێنانە بە ڕاستەقینەدا و شۆڕشێکی ناخۆئاگایە دژ بە بەڵێ قوربان گوتن بۆ سپی پێستان، لەنێو ئەو ناز و نیعمەتە وەدەری دەنێن و ناچار دەبێ لە پەناگای فێرگە وەدەرکەوێ.

خۆی دەڵێ: «من ئەوەندە ساویلکە بووم تەنیا پێناسەیەکم هەبوو، ئەویشم لە کیس چوو.»

پاش وەدەرنانی، کۆچێکی گەورە دەست پێدەکا و لە باشوورەوە بەرەو هارلێم دەچێ. سەفەر بۆ خۆی بە مانایەکی هێمایی. بریتییە لە ئاڵوگۆڕێکی کە بەسەر پێناسەی ئینسان دێت، بەڵام ڕۆژانی یەکەم کە دەگاتە باکوور، جارێ هەر لەسەر ئەو کەش و هەوایەی جارانی زانکۆ دەڕوا کە ئەم بە ئاواتییەوە بوو. ڕاستە ئەم لە شوێنێکی جوگرافیاییەوە بۆ شوێنێکی دی هەڵاتووە، کەچی لە جیهانی دژایەتی خۆبەخۆی ناو قولەڕەشان، هەر وەک خۆی نادیار دەمێنێتەوە. ئەوەندە بە ئاواتی داهاتوویەکی بەرزەوەیە کە لەبیری ناچێ کە هەمیشە خۆی بۆن خۆش کات، چونکێ دەڵێ: «ئیدی با سپی پێستان بە بۆگەنمان نەزانن.

بەکاتی سپی پێستانە یانی بێ چرکەیەک ئەم بەرەوبەر دەچێتە سەر کار، نەک بەکاتی گۆترەکاری ڕەش پێستانە. دەعیەی ناهێنێ وەک هاوڕەگەزانی گۆشت بەرازی خۆش نەکراو و دانوولەی گەرمەشانی وەرگرێ و وێڕای سپی پێستان هێلکەو گۆشت بەرازی خۆش کراو دەخوا، بەڵام پاش ئەوەی گوێی لە گۆرانییەکی کابرایەکی نیوە ڕەش پێست دەبێ، وردە وردە بۆ خۆی گوتەنی «بادەدەمەوە بۆ سەر ئەو ڕێ و ڕەوشتەی بە جارێ لە مێشکم دەرهاویشتبوو.»

پێناسنامەی کە دەبووە هۆی سەرکەوتنی، وەکی دوایە وەدەردەکەوێ، هەمان نامەیەکە کە باپیرەی لە خەونیدا پیشانی دابوو- پوختەی ئەم نامەیە ئەوەیە: «دەخیل نەهێڵن ئەم هەتیوە ڕەشەی ساتێک هەدا بدات». کێنێت بوورک ئەم ئامۆژگارییە وەک نامەیەکی بێلێرۆفۆنتیک باس دەکا و دەڵێ لەناو ئەو ڕاسپاردەیەی باخەڵی پاڵەوانی چیرۆک چارەنووسی ویشی تێدایە. ئەمجار ئەم ساویلکەی گوناحە دەپێشدا هەست دەکا کڵاویان لەسەر ناوەو خەیانەتیان پێ کردووە. ئا ئەمە ڕێ و ڕاست ئەو چارەنووسەیە لە داهاتوودا بەشی دەبێ و هەرچی هەڵدەستێ ماوەی وچان و هەدادان بەو «هەتیوە ڕەشەی» نادات. دەڵێی هەموو، بەڕەش و سپییەوە، لە بنەوە دەست بەیەکیان کردووە کە نەهێڵن ئەم ڕێگەی سەفەری بێ بەزەیی بەرەو نەفسی ڕاستەقینەی بۆ ساتێکیش بەربدا.

ئەم سەحنەیەی کارخانەکە دیمەنێکی وەحشیانەیە لە بار و دۆخی ئەم قولەڕەشەیە لە جیهانی ڕەش و سپیدا: لە دوورەوە کە چاوی بە ساختومانەکە دەکەوێ دەڵێ: «دەتگوت چاو لە دابو دەستوورێکی بەرین و بەربڵاوی نیشتمان پەروەرانە دەکەی». چەند ئاڵای ئەمریکا لەسەر تابلۆیەکی سپی زەلام دەشەکێتەوە. ئەم دروشمە لە تابلۆکە نووسراوە: «بە ڕەنگی ئازادی، ئەمریکا خاوێن ڕاگرن». یارمەتی هەرەگەورەی نیشتمان پەروەرانەی ئەم کارخانەیە سازکردنی ڕەنگێکی سپیە لە چەشنی «سپێنەی چاو» و ئەم شتەش پێوەندی هەیە بە تێمی سەرەکی چیرۆکەکەوە کە بریتییە لە بینایی و نابینایی، دیاری و نادیاری، سپی و ڕەش. کاری پاڵەوانی چیرۆک لەم کارخانەیە دروست کردنی ڕەنگی سپییە بەم شێوەیە کە دڵۆپێک لەو دەرمانە شلە بە ڕواڵەت جادووییە دەتکێنێتە نێو قوتوویەک ڕەنگی ڕەش و دەست بەجێ سپی هەڵدەگێڕێ، بەڵام وادیارە هەرچی دەکا تەواو بۆی نایەتە سەر ڕەنگی سپی و کاتێ سپیش دەبێ، ئەم هەر وەک ڕەنگ خۆڵەمێشی دێتە بەرچاو (تومەز هەر بەوەیدا وەبیر خێوەتی سپی و هەروەها خانۆچکەی ڕەنگ خۆڵەمێشی قولەڕەشان لەو دەور و بەرانە دەکەوێتەوە).

لێرەشدا ئەو قولە ڕەشەیە وەک قوربانییەک دەکەوێتە بەرچاو و هۆی ئەمەش ئەشکەنجەی مرۆیەکە بەدەست مرۆیەکی دی جا چ بە دانستە بێ یان نا ئاگایانە. پاڵەوانی چیرۆک لەبەرچاوی ئەوانەی وا تەنیا بە ئارەزووی خۆیان یان بەپێی پێداویستی خۆیان چاوی لێدەکەن، دیسانیش هەر نادیارە. ئەم لەبەرچاوی یەکیەتی کرێکاران سیخوڕی کاربەدەستانی کارخانەیە و لەبەر چاوی لۆسیوس براکوێی ڕەش پێستێکی خوێندەوارە کە هێشتا هەڵوێستی خۆی بۆ دیاری نەکراوە و لەوانەشە سەر بە یەکیەتی کرێکاران بێ. هەر کام لەو دوو لایەنە بۆ مەبەستی خۆی کەڵک لەمە وەردەگرن. لۆسیوس، ئەو قولەڕەشە پیرەی کە ئاگری کوورەی کارخانە تێن دەدا پێی دەڵێ کەس وەک خۆم ڕەگی سپی پێ ساز نابێ.

دەڵێ: «هەر ئەوەندەی یەک و دوو قامکی تێنێم، ئیدی هەنگوینی چی وشتی چی!» ئەم قامکە ڕەشە و ئەو

ڕەنگە ڕەشە بۆ دروست کردنی ڕەنگی سپی پێویستن. ئەوە قولەڕەشەکانن ئەمریکا پاک ڕادەگرن، چونکێ وادەکەن هەموو گوناهێک بچێتە ئەستۆی وان (جا قسەی خۆش لەوەدایە کە لێرەدا پاک بوون بە مانای سپی بوونە).

لۆسیۆس براکویی ڕەش پێستێکە کە هەر وەک جاران نادیار دەمێنێتەوە دەچێتە بن عەرز (ئاخر ئەو لەژێر زەمین کار دەکا) و بەشاخ و باڵی سەرۆکی کارخانەدا هەڵدەڵێ و سپی پێستان دەباتە ئاسمانی حەوتەم. ئەو ئا ئەم دروشمەی کارخانەی داهێنا «ڕەنگی سپی وەک سپێنەی چاوان، سپییەکی ڕەسەنی ناوی هەس لەناو ناوان.» و ئەمە پیاو وەبیر سەر بەندی ئەو گۆرانییەی ڕەش پێستان دەخاتەوە کە دەڵێ: «ئەگەر سپی بی فەرمایشت لەسەر چاوان، ئەگەر ڕەش بی ون بە لەبەر چاوان، ون بە لەبەر چاوان، ون بە لەبەر چاوان».

یەکەم نا فەرمانی پاڵەوانی چیرۆک ئەوەیە کە هەر لە خۆڕا چی دەکا بە دەستییەوە نایە کە ڕەنگەکە سپی هەڵگێڕێ، مانای شاراوەی ئەم قسەیە ئەوەیە کە لۆسیۆس براکۆیێ کە لە کاربەدەستانی خاوەن دەسەڵاتە، هەڵدەپەسێرن و لێدەکەوێ. نافەرمانی پاڵەوانی چیرۆک لەم دیمەنە دەگاتە ئەوپەڕی خۆی کە کوورەی کارخانە دەتەقێتەوەو دۆزەخێک بەرپا دەبێ و بێهۆش کەوتنی ئەم هێمایە کە بۆ مەرگی ئایینی بەپێی دابو دەستووری هۆزە ساکارەکان بۆ هێنانی وی بۆ نێو ڕیزی گەورەکان.

دیمەنی پاش وەی کە لە خەستەخانەی کارخانەیە، دیمەنێکی زۆر سەیر و سەمەرە پیشان دەدا لە دایک بوون وێڕای نەشتەرگەری لەسەر مێشک و یەختەکردنی منداڵەکە، یانی هەمان پاڵەوانی چیرۆک کە خستوویانەتە ناو قوتوویەکی لە چەشنی منداڵدانی دایک و دەیانەوێ بەپێی ڕێ و شوێن سپی پێستان وەبەر نەشتەرگەریەکی مەرگباری بدەن لە بەر ئەوەی بیکەن بە «گیا». بۆ چارەسەری وەبەر شۆکێکی قوڕی دەدەن و بەزەبری ئەو شۆکە دەپەڕێ و وەک ئەو شایەدە قولەڕەشە گەریدانە بۆ پەندە مەسخەرە مل لە هەڵپەڕین دەنێ و سپی پێستان ئەم شایرە ڕەشانە وەک بنیادەمی گوناح و گەوجۆکە سەیر دەکەن کە ترسی ناخی ئەمان دادەمرکێنن.

کاتێ وەهۆش دێتەوە هەست دەکا دەست و لاقیان بڕیوەتەوە و بووەتەوە منداڵێکی بێ ڕابردوو و بێ دەسەڵات کە لە «بیابانی بەرینی سپی پێستان» فڕێ دراوە. ئەم منداڵە لە دایک دەبێ و نینۆکی دەبڕن کەسایەتی پێشوو دەمرێ و کەسایەتییەکی تازە لەژێر دەزگا و ماشێن دێتەدەر. چونکێ ڕابردووی لەبیرچووەتەوە سپی پێستان دەڵێن ئەوە چابووەتەوە، بەڵام کاتێک باسی باکێی کەروێشکی لێ دەپرسن وەبیری دێتەوە کە بە منداڵی لە کایەکردندا دەوری ئەو کەروێشکەی بینیوەو بیرەوەری هەڵیدەگرێ بەرەو زەمانی بەرەودوا بۆ ناو ئەو حیکایەتە کۆنەی ئەم بۆ خۆی بەشێکیەتی بێ وەی کەس دادن بەو شتەدا بنێ: «ئیتر ناتوانم هەڵێم، مەگەر ئەوەی بتوانم فکرێک بۆ پێناسەی خۆم بکەم. لام وایە ئەم دووشتە ئاوێتەی یەک دێن، کاتێک لێم حاڵی بێ ئەز کێم، لەبەندی کوێلەیی دەردێم.»

مرۆ هەرگیز ئافەریدەیەک نییە بۆ هەمیشە وەک خۆی بمێنێ. هەتا هەتایە هەر لە گۆڕاندایە و نەتاکە کەسایەتی، بەڵکو کۆمەڵێک کەسایەتی ورد و درشتترە.

جا بۆیە دوولایەنی شتێکی سەرەکییە لە چەمکی لە دایک بوونەوەی سەر لە نوێدا. پاڵەوانی چیرۆک کە لە کەڵەوەکێشی نێوان کۆن و نوێدا گیری خواردووە و وەک کەسایەتیەکی لەبەریەک هەڵپچڕا باسی دەکرێ: «ئەمن هەست دەکەم ئەو قسانەی دەمکردن.... و ئەو بیرو ڕایەی دەرم دەبڕی ئی خۆم نەبوون و چووبوومە ژێر ڕکێفی کەسایەتییەکی بێگانەی کە لە ناخمدا بنجی داکوتابوو».

ڕەفتاری شیزۆفرینی پیاوی ئایینی خێڵ نیشانەی ئەوەیە کە خودایان خستوویانەتە ژێر دەسەڵاتی خۆیان و پاڵەوانی چیرۆکەکەی ئیلیسۆن هێندێک لە نیشانەکانی پەیامبەرێکی شێتی پێوە دیارە. دواتر، بەر لە پێشکەش کردنی وتارەکەی لە «ئەنجومەنی برایەتی» لانی دوولایەنەی کەسایەتی خۆی ئاوا باس دەکات: لێم حاڵی بوو کە ئەمە قۆناغێکی نوێ و سەرەتایەکی تازەیە و ناچارم ئەو بەشە لەخۆم لابەم کە دوور دەڕوانێ و دامەی خوا چاوی بەسەر ئەو چادرە سپییانەوەیە.... و ئەمە ڕەنگە ئەو بەشە لە خۆم بووبێ کە بێ ئۆقرەگرتن دەیڕوانی، لە پەستا هانی دەدام و دەنگێکی نارەزامەند بوو- یانی بەشێکی خایەن بوو لە خۆم کە هەڕەشەی وەی لێدەکردم کە لەناو دەروونمدا کەڵەوەکێشی سازکات.

لەسەرانسەری بەسەرهاتەکەدا، پاڵەوانی چیرۆک کەوتووەتە نێوان مل ڕاکێشان و مل بادان و چەشنی قارەمانێکی تراژیک دوو داخوازی نەحەواوە لێکیان هەڵقڵیشاندووە. بۆ ئەوە ئەم بەپێی ڕێ و شوێنی ئایینی

ژیانێکی تازەی پێ ببەخشرێ، پێویستە خوای قەبیلەیی، کە بەزاراوەی فرۆید بریتییە لە باب، قوربانی بکرێ. دەنگی تاوانبارانەی وەڵامی دەروون داوای لێدەکا کە مل ڕاکێشێ، ئاخر چ تاوانێک لە باب کوشتن گەورەترە؟ دەنگی خایەنانەی پاڵەوانی چیرۆک، بریتییە لە دەنگی ئەولادێک کە بەرهەڵستی بابی دەبێتەوە. خەونێک لە ئاکامی چیرۆکدا، سازکردنەوەی ئەو ئوستوورەیەی فرۆید کە لە زاراوەی ڕەچەڵەکی ئینساندا بریتییە لە کۆمەڵگای کەونارا. لێرەدا ژنێکی قولەڕەشە مێردە سپی پێستەکەی دەرماناو دەکات کە نەبادا کوڕانی دژ بە سپی پێستی وی بەشێوەیەکی نائینسانی بابیان بیکەنە قوربانی.

ئەو ژنە بە پاڵەوانی چیرۆک دەڵێ من مێردەکەم خۆش دەویست، بەڵام ئازادیم لا مەبەستترە. کاتێ ئەو ژنە دەگری، کوڕەکانی پێی پێدەکەنن و پاڵەوانی چیرۆک دەڵێ: «منیش دەگەڵ لانی دوولایەنەی کەسایەتی ئاشنا بوومە.»

ئەو دوو ڕێبیانەی لە بەردەمی ئەم قولەڕەشەیەدایە، یان مل دانەواندن یان مل بادان.

شەوق دانەوەیەکە لەو دوو لایەنیەی کوڕ لە بەرانبەر بابیدا، بۆچوونی لەسەر تەوەرەی بابی سپی خاوەن شکۆ و منداڵی ڕەشی ساویلکە کە دەبێ تابووەکانی باوکانەی جیهانی زاڵی سپی پێستان بیانپارێزێ دەڵێ دوو بەرەکی ڕەگەزی ڕەش و سپی دەبی بە کێلەوڕبەی هەڵسوکەوتی نێوان باب و کوڕ سەیر بکرێت ئەو ئامۆژگارییەی سپی پێست بۆ ئەو قولەڕەشەیە کە دەڵێ «جێگای خۆت بپارێزە» ئامۆژگاری باوکانەیە و هەرەشەکە لە هەردوو حاڵەتەکەدا ڕیشەی سێکسی هەیە. لە چیرۆکی «پیاوی نادیار»دا بنیادەمە خاوەن دەسەڵاتەکان وێکڕا دەوری مل ڕاکێشان بە پاڵەوانی چیرۆکیان هەیە، بەهۆی ئەو تاوانەوە کە پێناسەی خۆی ڕادەگەیەنێ تەمێی دەکەن، چونکێ ئەوان ئەو شتە وەک هەڵگەڕانەوەی کوڕ لە ئاستی باب سەیر دەکەن. ئەم تاوانە کە لەباری دەروونناسییەوە جێ گۆڕکێی پێ کراوە و لە سەرانسەری حیکایەت گێڕانەوەکەدا کە شوێنی هەڵدەگرێ و دەچێتەوە سەر ئەو ویستە دەروونییە کە دەیهەوێ باب لە دەسەڵات بخات و بێگومان پێوەندی بەو کەسایەتیانەوە هەیە کە لە کاری یەختەکردنەکەدا دەستیان هەیە. لە سەرانسەری چیرۆکدا پاڵەوانەکە خۆی لەگەڵ کەسانی خاوەن دەسەڵات بە یەک دەزانێ و دەروونی بەهۆی دوو هێزی مل ڕاکێشان و مل بادانەوە

بووە بە دوو کەرتەوە، خۆی بەتاوانبار دەزانێ، بەڵام ناشزانی تاوانی چییە.

هەر کام لە تاوانەکانی پاڵەوانی چیرۆک لە بنچینەوە تاوانی ئۆدیپین، لەناو تەپ و مژی دووکەڵدا پیاوانی خاوەن دەسەڵاتی سپی پێست دەبینی کە تەماشای جندەیەکی ڕووت و قووت دەکەن کە گاڵتە بەو کوڕە ڕەشانە دەکات کە تاوێ هەڕەشەیان لێدەکەن کە نابێ چاو لێکەن و تاوێک هەڕەشەیان لێدەکەن کە نابێ چاولێنەکەن. پاڵەوانی چیرۆک ملکەچ دەکات بۆ سووکایەتی پێ کردن بەهۆی تەماشای ئەو ژنەوەی کە ناتوانێ بیکاتە ئی خۆی، بەڵام لە وتارەکەیدا ناخۆو ئاگا لەباتی «بەرپرسی» دەڵێ «یەکسانی» بلیدسۆ بەو هۆیە پاڵەوانی چیرۆک لە زانکۆ وەدەردەنێ کە لە ڕوو وەرگەڕانەوەی ناخۆو ئاگای ئەم پلەوپایەی بلیدسۆ دەخاتە مەترسییەوە.

ئەو دەبێ لە مەدرەسە و فێرگە وەدەرنرێ و پشتیوانی بابێکی وەک بلیدسۆ کە تەنیا سەرچاوەی پێناسەی ئەم بوو، لە دەست بدا. پاڵەوانی چیرۆک حازرە چی لە دەستی دێ بیکات بەو مەرجەی لێی گەڕێن بمێنێتەوە، ئامادەیە لە ئەمر و نیەی بلیدسۆ دابێت و بناغەدانەری زانکۆ کە بۆ خۆی نیمچە خوایەکە بپەرستێ، بەڵام وەدەرنانی لە بەهەشت بۆ جاری دووەم بەو هۆیە ڕوو دەدا کە کوڕە سنووری خۆی ڕانەگرتووە. نرخی ئازادی بریتییە لە کەوتنە ژێر باری زەبروزەنگ و دوورخرانەوە.

تاوانی پاڵەوانی چیرۆک لەکارخانە، بێ دەسەڵاتی ئەو لە سازکردنی ڕەنگی سپیدا و هۆمەن بردنی بۆ سەر لوسێوس براکوێیە.

لێرەشدا وەک مەترسییەک بۆ پلەوپایەی پیاوێکی بەتەمەنتر لێی دەترسن و دەبێ لە فانتازیای لەدایک بوونی دووبارەدا تەمێیانەکەی یەختەکردن بێ. براکوێیش ئەم کوڕەی ئامۆژگاری کردبوو کە پێ لە جەغزی خۆی نەترازێنێ. لە «ئەنجومەنی برایەتی»ش دا تاوانی وی هەر ئەوە بووە کە کەسایەتی تاکەکەسی خۆی ڕاگەیاندووە (هەر چەند ئەو هەڵوستەیان بەڕواڵەت هەڵپەرستی ناو ناوە) و ئەمە بەلای ئەوانەوە مەترسییە بۆ کۆمەڵ. لە ڕاستیدا برای هاوبیر، جەک، بۆیەی لە ئەنجومەنی برایەتی وەدەردەنێ کە لێی دەترسێ، چونکێ ئەم زۆری دەسەڵات کەوتووەتە دەست و لەگەڵی کەوتووەتە کەڵەکەبڕێ کە پلەوپایەکەی لە چنگ دەربێنێ. کاتێک پاڵەوانی چیرۆک لەگەڵ ژنی سەرکردەی حیزبێک

دەخەوێ، لە داستانەکەدا ئەو ژنە وەک جێگری مەعشووقەی جەک پێشان دراوە. جا ئەلێرەدایە کە پاڵەوانی چیرۆک، بەپێی چاوەڕوانی، دەوری «قولەڕەشەیەکی زەلام» دەبینێ کە خەریکی ژنێکی سپیکەلانەی مازووخیستە. لە ڕاستیدا، ئەو بەو پێوەرەی تابووەکانی هەر دووک لایەنە- یانی خاوخێزان و ڕەگەزەکەی تووشی گەورەترین تاوان بووە. ئاکامی ئەو کردارە، سەرکێشی و لە دواییشدا تێک قرمانە. وەها سەرکێشیەک تەمێیانەکەی یەختەکردنە.

کاربەدەستانی سپی پێستی کارخانەکە هەر ئەوانەن وا لە خەستەخانەکەدا کاری یەختەکردنیان وەئەستۆوەیە، بەڵام لەو خەونەی وا لە دوایەدا دەیبینێ، بلێدسۆو، نورتۆن. ئیمێرسۆن دێن پاڵەوانی چیرۆک بەو تاوانە یەختەکەن کە نایەتەوە ژێر ڕکێفی ئەوان.

لە هەردوو حاڵەتدا یەختەکردن هاوسەنگە لەگەڵ تێکڕمانی جیهانی خۆش خەیاڵی. کاتێک بلێدسۆو ئەو جیهانە خۆش خەیاڵییەی وی تێک دەتەپێنێ، چونکێ بە «هەتیوە قولەڕەشەیە»ی ناودەبا، شووشەی دڵی ئەم وەها ورد وخاش دەبێ کە وەکی بۆ خۆی دەڵێ: «هەر دەتگوت ئەو کابرایەی کە پێم دەگوت بابە، ئیدی هیچی من نییە.»

لێرەدا دەبێ ئەو شتە ڕوون کەینەوە کە ئەو کەسایەتیانەی لەم چیرۆکەدا دەوری باوک و نیمچە خوا دەگێڕن هەر بەتەنیا سپی پێستان نین، هەرچەند بەرەنگار بوونەوەی پاڵەوانی چیرۆک تەنیا لە ئاستی وانە. لەوانەیە پیاو بڵێ کەسایەتییە سەرەکییەکانی چیرۆک هەرکامی لە ڕاستیدا شێوەیەکن لەو تێمە.

بناغەدانەری زانکۆ، کە بەلایەکدا وەک هۆراشیۆ ئەلجر و بەلایەکی دیدا وەک حەزرەتی عیسا باس کراوە، وەک «هێمای بابێکی ساردوسڕ» ناوی براوە و حیکایەتخوان چەندەی کەیف بەوە خۆشە کە کۆتر چوون ڕاست لەسەر کۆتەڵەکەی وی جیقنەیان کردووە.

نۆرتۆن وەک «نیمچە خوایەک و هێزێک» و وەک «حەزرەتی عیسا» و وەک «بابێکی گەورەی سپی پێست» ناوی هاتووە. دوایەش برای هاوپەیمان، جەک، نێوی نراوە «بابێکی گەورەی سپی پێست» کە بەسەر ئازادیخوازیە ڕواڵەتییەکەیدا دەبێ بەڕاستی پێی بڵێین «سەرۆک جەک» چونکێ لە دەوڵەتی ژێر دەسەڵاتی سپی پێستان، سەرۆکی مەزرایەکە و نۆکەر و دەست و پێوەندی قولەڕەشەکانن. ئەو چۆن سەیری ژێردەستانی دەکات «وەک باوکێکی نوقمی دەریای خەیاڵاتی خۆی کە گوێی ڕاگرتووە بۆ ئەولادەکانی کە بەشاخ و باڵی ئەمدا هەڵدەڵێن.» و دواییش، بە مانایەکی فرۆیدی، بەراوردکراوە لەگەڵ گۆڵە سەگێکی لە جسناتی بوولداگ کە پاڵەوانی چیرۆک بە منداڵی لێی دەترسا. لە ئاکامی چیرۆکدا ڕاس وەک نیمچە خوایەکی ڕەش پێستی ڕق هەستاو وەدیار دەکەوێ کە هاتووە وەکی تۆڵ مل بنێ لە کاولکردن.

پاش تەقینەوەی کارخانە، پاڵەوانی چیرۆک ژیانێکی تازە دەست پێدەکات و مریەم دەبێتە دایکی و ئاگاداری دەکا، زۆریش سەیر نییە کە بنەماڵەکەی وەک بنەماڵەی حەزرەتی عیسا، بێ بابە.

مریەم هێمایەکە کە ڕابردوویەکی پڕ لە هێمنی و دڵ حەسانەوە وەبیر ئینسان دێنێتەوە، بەڵام ئەو خاتوونە داوای هێندێ دەسکەوت دەکات کە بۆ ڕەگەزی ڕەشەکان قازانجی هەیە. پاڵەوانی چیرۆک وەکی عیسای کوڕی مریەم دەبێ بەشوێن ئەو ئەرکەیدا بڕوا کە لەسەر شانی دانراوە. ئەمجار دەتوانێ کەسایەتی ڕاستەقینەی خۆی قبووڵ بکات و ئەم کارە بەشێوەیەکی سەمبولیک دەکات بەم جۆرە کە دێنێ خواردەمەنی تایبەت بە ڕەش پێستان وەردەگرێ. ئەو بەپانەوە لە شەقام سێوێکی شیرین دەخوات، سێوێکی شیرینی هێزی، نیشانەی زگماکی منە... من کوشتەی سێوێکی شیرینی هێزیم، چونکی پیشان دەدا کێم و چیم.

ئەم تێگەیشتنەش، بە نۆبەی خۆی، ئەو هێزەی دەداتێ کە بە بۆنەی وەدەرنانی وتارێک پێشکەش بکات (هەر دەڵێی دەنگی ئانتۆنییە لە گوێی ئینساندا دەزرینگێتەوە کە قسەی بۆ ڕۆمییەکان دەکرد) و ئەوە دەبێتە هۆی ئەوەی لە «ئەنجومەنی برایەتی»دا جێگایەک بۆ خۆ پەیدا بکات.

تەنانەت کاتێکیش لەو ڕێکخراوەیە نزیک دەبێتەوە، هەست دەکات دەیانەوێ کەڵکی خۆیانی لێ وەرگرن. ئەندامێکی مەستی ڕێکخراوەکە داوای لێدەکات گۆرانی بڵێ، چونکی دەڵێ، «ڕەش پێستان هەموو هەر قامان دەڵێن» و ئەندامانی ڕێکخراوەکە ئەو پرسیارە لە خۆ دەکەن کە تۆ بڵێی ئەو ڕەشە لەو ڕەشانە نەبێ بەکاری گۆرانی گوتن بێ، ئەوان ئەم وەک قولەڕەشەیەک سەیر دەکەن و هیچیدی، ئەویش بە نۆرەی خۆی ئەوان هەر نابینێ. ئەو تەنیا بەو خەیاڵە دێتە ناو ڕیزی ئەنجومەنی برایەتییەوە کە پلەوپایەی بەقەد هی بناغەدانەرەی ئەو

ڕێکخراوەیە بەرز بێتەوە و ئەم کە هێشتا سەرخۆشی ئەو خەیاڵەیە، خۆ بۆ کەسایەتی جارانی خۆی دەکوتێ، تەنانەت ئەگەر بەقیمەتی ملکەچ کردنیش بێت.

پاش وەی دێتە ئەنجومەنی برایەتییەوە، ئاڵوگۆڕێکی دی بەسەر دێ. ئاڵوگۆڕی کەسایەتی ئەم تاقمە بە چەند هێمایەک نیشان دەدرێت کە بریتین لە جلوبەرگی تازە، ناوی تازە و خاوخێزانی تازە. (بەو واتایەی کە لە دایک بوونی دووبارە هەڵێکە لە دایکەوە بە ئینسان دەبەخشرێ، هەمووی ئەندامانی ڕێکخراوەکە دەبنە برای یەکتری). پاڵەوانی چیرۆک ژیانێکی تازە و خاوخێزانێکی تازەی پەیا کردووە، ئەوە دروست، بەڵام هەرچی دەکات ناتوانێ خۆ دەرباست کات لەوەی کە پێی ناوەتە بەستێنێکی ڕووخەکەوە، ناتوانێ خۆ ڕزگارکات لە وێنەی قولەڕەشەی وا بە تەوسەوە بزەیەکی هاتۆتێ و ئەم هەر لە جانتا دەستییەکەیدا ڕایگرتووە. برای هاوپەیمان، جەک، قسە لە قسە ناگیرێ باسی ئەوە دەکات کە ئینسان دەبێ کەسایەتی زووی خۆی فیدای ژیانی تازەی خۆی بکات: «تۆ تۆزی کەسایەتی زووی لادێیانەی خۆت هێشتا بەتەواوی لە شان و باهۆی خۆت نەتەکاندووە، بەڵام با پێت بڵێم ئەو کەسایەتییە مردووە و تۆ ناچار دەبی ئەو کراژەی فڕێ دەی و ببیە شتێکی تازە.»

پاڵەوانی چیرۆک یەکەم وتاری لە ئەنجوومەنی برایەتی لە دیمەنێکدا پێشکەش دەکات کە ئینسان وەبیر دیمەنە پڕ تەپ و مژەکەی پێشوو دەخاتەوە. پاڵەوانی چیرۆک سەبارەت بە کەسایەتی خۆی سەیر دووچاری سەرلێشێواوی بووە و دەترسێ ناوە تازەکەی لەبیر بچێتەوە و بناسرێتەوە. ئەمە هەستێکی دابڕانی شیزۆفرینە. پاڵەوانی چیرۆک وەک پێغەمبەرێک چاولێدەکەن کە دەستیان لێ وەشاندبێ و موعجیزەی وی وتارەکان و توانی وی بۆ گۆڕینی شنە. لە ڕاستیدا، سەرانسەری حیکایەت گێڕانەوەکەی وەک «وڕێنە» چاو لێدەکەن.

ئەو باسی کوێری دەکات و ئەم تێمە پێوەندی پەیدا دەکات لەگەڵ بۆچوونی سەبارەت بە نادیار بوون و لەگەڵ وێنەگەری مەربووت بە ڕەش و سپی.

کاتێ لەسەر تەختەی شانۆیە، چرای تەختەی شانۆ چاوی بەشەوارە دەخا (ئەم نوورە هێمایەکە بۆ سپی پێستان) و گوێدێرانی ناو سالۆنەکە نابینێ و تەنیا تاریکاییەک دەبینێ و هیچی دی. ئەو لە وتارەکەیا دەڵێ: «ئەوانە لەو ڕۆژەوەی لە دایک بووین، یەکی چاوێکیان لێ سەندووین. هەر لەبەر ئەوەیە جگە لە هێڵی ڕاستی سپی چیدی نابینن». خەتیب باربی کوێر بوو و برای هاوپەیمان، جەک، تاقە چاوێکی هەس. پاڵەوانی چیرۆک بە گوێڕاگرانی دەڵێ تاقە چاوەکان بۆیان هەیە بێنە ڕیزی ڕێکخراوەی وا ئەنجومەنی برایەتی ڕێبەری دەکا و کوێران دەبنە کوێرکێش بۆ کوێری دی، بەڵام پاڵەوانی چیرۆک بۆ خۆی چاوی نابینێ و بۆ خۆشی لەبەرچاوی گوێڕاگران نادیارە... باسی وە دەکا کە «مرۆ زۆرتر «ئینسان» بێت... لە سایی ئەوەوەی ئەنگۆ چاوتان لە منەوەیە، بنەماڵەی ڕاستەقینەی خۆمم دیتووەتەوە... من هاووڵاتی وڵاتی خەونەکانتانم». بەڵام ئەو تەنیا لە خەون و خەیاڵی گوێدێراندا دەژی و کاتێ لە سەکۆکە دێتە خوارێ، تومەز چاوی بە چرای سەحنە وەشەوارە کەوتووە، بۆ خۆی گوتنی، «سەر سمێکم دا دەتگوت لە مەیدانی یاری کێبەرکێی کوێراندام.» دوایە بەپێی بڕیاری خۆی، چاویلکەی ڕەش لێدەدا. دوایە کە بۆ خۆشی دادانی بە نادیاربوونی خۆیانا، عەینەکی ڕەش لێدەکا لەبەر ئەوەی عەیبی داپۆشێ.

پاڵەوانی چیرۆک وەنییە وردە وردە سەر لە وتارەکەی دەربێنێ، بەڵکو وەبیر قسەی مامۆستایەکی فێرگەی دەکەوێتەوە کە پێی گوتبوو ئێمە کاتێک دەتوانین نەتەوەکەمان دروست بکەین کە خۆمان دروست بکەین.

**سەرچاوە:**

**Selected Modern English essays, pelican books, London.**

**(١) initiation دابونەریتی ناو هۆزە ساکارەکان بۆ وێنە ئەفریقاییەکانە کە بەڕێوە دەچێ و بەپێی ئەو ڕێ و ڕەوشتە پۆلێک لە مێرمندالان دەهێنرێنە ناو ڕیزی گەورەکانەوە.**

# شوکور مستەفا لەماڵی زماندا دەژی، دەبێ میوانی بین

هەندرێن
(سوێد)

**نالی مەبە عاجز، کە ئەمە دەورە نە جەورە**
**ساقی کەرەمی یەک بە یەکە و نەوبە بە نەوبە**
**دەستم لە گەردەنی خۆت هەڵمەگرە ئەی (حەبیبە)!**
**وابزانە خوێنی خۆمە، یا منەتی ڕەقیبە**

**نالی**

مامۆستا شوکور مستەفا، بۆ دوایین جار ماڵئاوایی لە ماڵی بوون و زمانی کوردی کرد و بە ناو قووڵایی مەرگ، وێڵ و شوون بزر بوو.

ئەم پیاوە جوامێرەی کورد، بەر لەم دوا ماڵئاواییەدا، چەند جاری تر شوێن گۆڕکێی پێدەکەن، بەڵام ئەو جارانە سوڕگومکردنی بەزۆرەکی بوو، تاوەکو لە ماڵی زمانەکەی و لە جیرانی نووسیندا بیتارێن. بەڵێ، ڕژێمی سەدام دوو جار لە زێدەکەیەوە بۆ دەڤەرە عەرەبییەکان دووری خستەوە، تاوەکو زمانی بشێوێنن، کەچی ئەو پیاوە جەستە و گیانی خۆی، بوونەکەی کە زمان و ماڵی ئەو بوو، لەگەڵ خۆی بردە ئەو دەڤەرە عەرەبییانەوە. شوکور مستەفا، چونکە جەستەکەی لە تامو بۆی زاراوە و بنزارە فراوانەکانەوە پێکهاتبوو، بوونەکەی ماڵێکی فرە و ئاپۆڕە بوو، بۆیە دەڤەرە نامۆیەکان گوتنە ڕەسەن و ناسکۆڵەکانی ئەویانی پێ بەرزەفت و کەوی نەدەکرا.

شوکور مستەفا، قورئانی خەتم کرد، کەچی بووە زمانزان و کارامەیەکی زمانی کوردی. پیشەکەی فەقێی لێکەوتەوە و دەبوو بچێ لە گوندە مێرووستان ئاساییەکانی کوردستان خەڵک فێری جوانی خوا و مەستییەکانی بەهەشت و کۆڤانەکانی دۆژ بکا، بەڵام ئەم پیاوە لە بری ئەمە زاراوە لێکدابڕاوەکانی زمانی کوردی، پەیڤگەلی سەرگەردانەکانی داستانە ئەڤینداریيە لە

بیرکراوەکانی کوردی، دواجار گیانە لەتکراوەکەی زمانی کوردی پێکڕا شاد دەکاتەوە.

وەک فەقێ، پاش ئەو گەڕان و مانەوانەی لە دەڤەرەکانی کوردستان و سوڕگومکردن و ڕاگویزرانەوەی بۆ شارە عارەبنشینەکان، لە جیاتی هەڵبڕانی لە زمانی کوردی، ئەزموونێک لە زمان، کەشکۆڵێک لەسەر هات، پەیڤ، دەستەواژە و بابەتگەلێک بۆ ماڵی کورد لە بوونیدا دەفراژێ و دەخەملێ. بەم جۆرە لە ساڵی (١٩٧٥)ەوە لە کۆڕی زانیاری کوردی کار دەکا، کە ئەم کۆڕە یادەوەرییەکی گرینگە لە زمانی کوردیدا.

شوکور مستەفا لە کۆڕی زانیاری کوردیدا، کە ماڵێکی سەربەرز و بەشکۆی کوردی بوو، بەرایی بەرهەمە ڕەنگاوڕەنگەکانی؛ لە لێکۆڵینەوە جیا جیاکانی زمانەوە تا دەگاتە بابەتی مێژوو، وێژە و ڕەخنە پێشکەشی ماڵی زمانەکەی دەکات.

لێرەدا لەبەر دڵی مامۆستا شوکوریش بێ، یان تاکو بتوانین یادەوەری کوردی ئاوەڵا بکەینەوە، دەبێ برا هاوخەمەکانی زمانی کوردی شوکور یاد بکەینەوە، لەوانە: مامۆستا (هێمن)ی ڕوح شیرینی ناسکوێژ، (هەژار موکریانی) بە ئەزموون و فرە بەرهەم. (مەسعوود محەمەد)ی دانسقە، هزر چڕ و خاوەن زمانێکی قورسی ئاواز تەونچن، عەلائەدین سوجادی فرەزان و... ئەوانی تر.

بە هەمەحاڵ، ڕەنگە ئەو هەستانەی کە وام لێدەکەن قسە لەسەر ئەم پیاوە دیار و نادیارە؛ تواناداری و ساکارە بکەم، نابێ هەر تەنیا وەک هەست و ئەرکێکی ڕۆشنبیرییانە فام بکرێ، نەخێر، کە بیستم مەرگ بەخێرایی ئەم پیاوەی لە زمانی کوردی فڕاندووە، موچڕکێک و هەستێکی خەمین بوونی تەنییەوە. لە هیکڕا ئەو کاتەم بە بیرهاتەوە کە هەرزەکار بووم، لە هەرزەکارییەک کە وامدەزانی لە چەقی جیهاندا دەژیم. ئەوکات یەکەم جارم بوو ڕۆمانێکی قەبە بە زمانێکی لێکچڕژاو بخوێنمەوە. ئەویش ڕۆمانی (کاریتە)، یان (ئەمدیوی چیا)ی یەشار کەمال بوو، کە وامدەزانی هەر خودی یەشار سەردانی هەولێری کردووە. بەڵێ، منی بەرزەفڕ هەستم کرد بێتوانام لە فڕین بە ناو شەپۆلی تامۆبۆی زمانی ئەم ڕۆمانەدا. بەکورتی خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە لە وەختەکانی خۆدزینەوە لە دەرسەکانی مەکتەبدا، منی تووشی پرسیاری بەهای زمان کرد، تەکانێکی بە هەستە ساوایەکانی منی بەرزەفڕ بەخشی.



شوکور مستەفا

لە دوای ئەو ڕۆمانەوە، بەدوای بەرهەمەکانی دیکەی شوکور مستەفا گەڕام، دواجار تا لە ڕۆمانەکانی (ئەفسانەی چیای ئاگری) و (زەوی ئاسن و ئاسمانی مس) و (قەڵای دمدم)دا غەوارە بووم، هەرچەندە ئەو ڕۆمانە عەرەبی شەمۆی کوردی جۆرجیا نووسیبووی، لێ من هەر وامدەزانی هی شوکور مستەفایە.

لە ڕاستیدا ئەو کات و ئێستاش من وامدەزانی ئەو ڕۆمانانە شوکور مستەفا خۆی نووسیویەتی، نەک کەسانی تر. وامدەزانی ئەو کتێبانە، ئەوە موژدەی زمانی یەکگرتووی کوردین، کە ئەو کات بە خوێندنەوە و بیستن فامی ئەوەم دەکرد کە ئێمە زمانی یەکگرتوومان نییە. ماوەیەکی زۆر ئەم زمانەی کە لە دەریای ئەم ڕۆمانانەوە ڕژانە ناو بوونی منەوە، هەستم بە مەستی زمان دەکرد. ئەوە بوو بناغەی ئەو بڕوایەی، کە ئەمڕۆش لام خەملیوە، کە زمانی کوردی فرە بەهێزە و تواناداری گەورەی هەیە.

دواجار لەوێڕا هەستم کرد. زمانی کورد هەر ئەوەندە نییە، کە ئەمڕۆ نووسەر و خۆ بە مامۆستازانە شارچی و دەڤەرچییەکان فێرمان دەکەن. ئەو کات بە دڵ حەزم دەکرد بچمە ئەو ناوچە و گوندانەی کە بە زمانی ئەو کتێبانەی شوکور مستەفا ئاشنایان بووم، بەڵام پارەم نەبوو؛ چونکە ماڵەوەمان نەیاندەهێشت سەفەر بکەم، بۆیە هەندێ جار هەستم دەکرد سروشت و شێوەی ژیان و وێنای ئەڤیندارانەی کیژ، کوڕ، پیاوە سەرکێش و

منداڵەکانی ئەم ناوچانە، لە ڕوخساری ڕەنگاوڕەنگی پەیڤگەلی، کە ئەم ڕۆمانەیان هەڵچنیبوو، دەبینم.

ئەریٚ، کۆچی دوایی شوکور مستەفا ئەو یادانەی بە یاد هێنامەوە، کە لە یاد ناکرێن، بۆیە بەلای منەوە قسەکردن لەسەر ئەم پیاوە، نابێ گەڕانەوە و لاواندنەوەی کەسێک بێ کە مردووە و دەبێ ئێمەش، لەبەر خاتری نەریت و ئەرکە ئاساییەکان، پرسە دابنێین، بەڵکو بە ماڵئاوایی ئەم پیاوە، کە خودێک؛ ناسنامەیەک؛ شەقڵێکی لەسەر خاک و ڕۆحی زمانی کوردی بەجێهێشت، دەبێ گوێ بۆ زمان و کرداری ڕووناکبیری کوردی ڕادێرین، یان وردتر بڵێم، ئەو یادە ببێتە مەهانەیەک بۆ دووتاکردنی وێنە جیاوازەکانی ڕووناکبیری کوردی. بەو مانایەی: ئەمڕۆ گوتاری ڕۆشنبیریی ئێمە چییە؟ چۆن دەکرێ زمانی کوردی هزر بەرهەم بهێنێ؟ یان چۆن بیر لە ڕووناکبیر و پێوەندییەکانی بەدەسەڵاتەوە بکەینەوە؟ ئەمڕۆ ئەو ڕووناکبیرە، بەرانبەر بەو دەسەڵاتە کوردییەی کە دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی بەسەر بوونی کوردەوە هەیە، کردەوە و جیاوازییەکانی چییە؟ پرسیارگەلێکی وا، کە ئەمڕۆ بە ئاشکرا چ لە کوردستان و چ لە شوێنە جیاوازەکانی تری میدیا کوردییەکانەوە، ئاژاوەکانی بە ئاشکرا هەست پێدەکرێ. دەمەوێ ئەوە بڵێم، کە ڕووناکبیری کورد چۆن دەتوانێ بە دیالۆگکردن لەگەڵ ڕۆشنبیریی ئەویتردا، هزری خۆی؛ گوتاری خۆی بەرهەم بهێنێ؟ ئەمڕۆ ئێمە نقومین لە لاسایی کردنەوەی ئەوەکەی تر، بێ ئەوەی مینا تەرزە ڕووناکبیرێکی، وەک: (شوکور مستەفا، مەسعوود محەمەد، هێمن، شاکر فەتاح، محەمەدی مەلا کەریم...) چەندانی تر لە ڕووناکبیرانی کورد، وێڕای جیاوازی ڕوانگەکانمان، توانیبمان ناسنامەی جیاواز بە یارمەتی ڕۆشنبیریی ئەوی تر، بەرهەم بهێنین.

لێرەدا کێشەکە ئەوە نییە کە ئێمە باس لە هزری ڕۆژئاوا، یان هەر کولتوورێکی دیکە دەکەین، بەڵکو کێشەکە ئەوەیە کە ئێمە چۆن بەشداری ئەو هزر و کولتوورانە دەکەین، چۆن ناوکۆیی، مەرج و بنەماکانی ڕۆشنبیریی کوردی لە خوێندنەوە و بەکارهێنانی ئەو ڕوانگە هزری و کولتووریانەی ئەوی دیکە، ئامادە دەکەین؟

کەچی ئێمە ئاگامان لێیە، چۆن بەشێکی زۆر لە گۆڤارەکانی کوردی بە باس و وەرگێڕانی بێ سەروبەر، لەسەر دێڕی: کۆمەڵگای مەدەنی، ئابووری ئازاد، بونیاتگەریی، هەڵوەشاندنەوە و تیۆرییە ئاڵۆز و نامۆیەکانی دیکەوە... پڕ دەکرێنەوە. بەشێک لە لێشاوی ئەو نووسین و وەرگێڕانانەی کوردی ڕەهەندی هەڵاتنی ڕووناکبیری کوردە لە خودی خۆی، هاوکاتیش بەشێکی تەرزە بەرزەفڕبوونێکە بەو چەمک و ڕۆشنبیرییانەوە، کە زۆریان وا دەزانن بەو جۆرە نووسینانەوە پایەی ڕۆشنبیرییان لە بەرانبەر خەڵکی ئاسایی بەرزدەبێتەوە.

بەهەرحاڵ بۆ من بەشێکی زۆر لە بەرهەمەکانی شوکور مستەفا، جێگەی سەرنج بوون، لەوانە: «سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری»، کە وابزانم بە زنجیرە لە ناو ئاپۆڕەی نووسینگەلێکی گۆڤاری «ڕامان»دا بڵاوکرایەوە. لەوێدا شوکور مستەفا باسی مێژوو، ڕێبازە هزریی و ڕۆژئاوا دەکا، بەڵام هاوکاتیش دەخوازی بەو گەڕانەوە بۆ کولتوور و هزری ئەویدییەک، هەڵکۆڵین لە گومانی نەبوونی مێژووی هزری کوردیدا بکا.

بە کورتی مامۆستا شوکور لەم وتارە سەرنجکێشەیدا گەرەکیەتی بوونی کورد لەژێر باڵادەستی نەبوونی هزری کوردی ڕزگار بکات. لەوێدا کرچوکاڵی گوتاری لاساییکەرەوەی ڕاست، چەپ و ئیسلامی کوردی پیشان دەدا؛ قاو دەدا؛ ڕووت دەکاتەوە، کە ئەوانە لە وەرگرتنی ئەو ئایدۆلۆژییانەوە کەمزان و دەست کورتن.

لێرەوە، پێم وایە، دەبێ (شوکور مستەفا و مەسعوود محەمەد) و هاووێنەکانیان، وەک ڕووناکبیرانی «مێژووی هزر» بخوێندرێنەوە، یان پێناسە بکرێن، چونکە ئەوانە هەوڵیان دا بە شەنوکەوکردنی مێژووی کورد دیاردە هزرییەکان ڕۆشن بکەنەوە و لە ئێستاشدا ئامادەیان بکەن. ئەو تەرزە ڕووناکبیرانەی کورد، کە هەوڵیان دا بە خوێندنەوە و وەرگێڕانی سەرچاوە کۆنەکانەوە، کە لەوێدا بوونی کورد سەرگەردانە، کورد بە ماڵی خۆی و بوونی خۆی ئاشنا بکەنەوە. بەمەش تاکو کورد بتوانێ لە ساتی ئێستا و داهاتوودا ناسنامەکەی بناسێتەوە و ڕابگەیەنێ.

بەڵێ، شوکور مستەفا، لەوکاتەی کە سەرۆکەکانی کوردستانەکەی سەرقاڵی لێک دوورینەوەی خاکی عێراقێکی لێکپچڕاو بوون، ماڵئاوایی جەستەیی نەک ڕۆحی لە زمانی کوردی کرد. لە کاتێکدا دەبوو مەرگی شوکور مستەفا، وەک پێشهاتێکی ڕۆشنبیریی بەهادار، لە بلاڤۆکە خوێنراو، بیستراو، بینراوە کوردییەکاندا گرنگی پێبدرابا. لێ ئەو دەم لە کن سیاسی، نووسەر و ئاپۆڕەی کوردەوە تێکەڵاو بوونی خەم و مەستبوونە

سافیلکەییەکانیان بە پێشوازیکردن و گوڵبارانەکانی لە وەزیری دەرەوەی ئەمـــریکا، یان نوێنەری بووشی بابە گەورەی کورد، کۆلن پاول، مردنی باقر حەکیم و عەقیلە، لە پێشهاتی ماڵئاواییکردنەکەی شوکور مستەفا زۆر بەهادارتر بوو.

بەهەمە حاڵ، ئەم پیاوە کاتێ کە هەستی کرد ئەم دەســەڵاتەی کـــوردی، یان لە حـــەژمـــەتی ئەم سەرلێشێواوییەی دەسەڵاتی کوردی و ڕووناکبیرەکانی، کە زمانە کوردییە یەکگرتووەکەیی و یەکگرتنەوەی حکومەتەکانی هێندە بە مەحاڵ کردبوو، لە مەرگێکی خێرادا بە زەردەخەنەیەکی منداڵ ئاسا، وەک ئەنکیدۆ، بە دوای براکەی، مەسعوود محەمەدی گلگامش ئاسا سەری هەڵگرت.

بەڵام من دڵنیام ئەم پیاوە دەروێشەی زمانی کوردی چەندان نووسین و کتێبی بە نرخی بۆ ماڵی زمان و بوونی کورد بەجێهێشتووە.

شوکور مستەفا دەروێشی زمان و بوونی کوردی بوو، نەک وەک ئەو تەرزە ڕووناکبیرەی کە پاشکۆی حیزب، ڕۆشنبیریی دەرەکی و دەسەڵاتەکانی دیکە بوو. لێرەدا دەکرێ وێنەی ئەم پیاوە بە وێنای ڕووناکبیرێکی نموونەیی بناسین. ئەگەر نووسەرە جوامێرەکانی کورد لە کردەوەی ژیانیـــاندا، ڕۆژێک لە ڕۆژان وابەســتەی حــزبێک و مـشـەخـۆر بووبن، بەڵام ئەوەندەی من بیـزانم، دڵنیـام شوکور مستەفا پیاوێکی لاتەریک و شەیدای زمانەکەی بووە. بەمەش ئەم پیـاوە وێنەیەکە لە دەگمـەنی، کـە ئەمەش دەکرێ ڕەهەندێک بێ بۆ ڕووناکبیریی ئێمە، کە ناسنامەی خۆی لەسەر دروست بکات.

لە کۆتاییدا، وەک لە سەرەتادا گوتمان شوکور مستەفا فەقێ بوو، لێ حەز دەکەم دیسانەوە ئاماژە بەو زنجیرە وتارە، «سەرچاوەکانی بیروباوەڕی کوردەواری» بکەم، کە دەبێ چەپڕۆ، ڕاسـتـڕۆ و ئیـسـلامـیـیـەکانی کـورد بۆ فێربوونی سەرچاوەکانی بڕواکانیان ئەم وتارە بخوێننەوە، بەڵام لەم وتارەدا ئەم پیاوە لە هەموو ئەو چەپانەی کە بێ زمانن، جوانتر لە هزری مارکس گەیشتبوو، هەروەک لە زۆرێک لەو ئیسلامییە پاشکۆیانەی عارەبیش ئیسلام ناستر بوو.

دواجار سڵاو لە شوکور مستەفا، کە لە زمانی کوردی و یادەوەریی کوردیدا هەمیشە ئامادەیە.

# دووریس لێسینگ بووە خاوەنی خەڵاتی نۆبڵی ئەمساڵ

ئا: رزگار شێخانی
(سوێد)

دەمــژمــێــر یەکی دوای نیــوەڕۆی ١١ی تشــرینی یەکەمی٢٠٠٧، هۆراس ئێنگدال سکرتێری هەمیشەیی ئەکادیمیای سوێدی، لە بارەگای ئەکادیمیادا لە ستۆکهۆڵم، ئاشکرای کرد، کە خەڵاتی «نۆبڵ»ی ئەمساڵ دەبەخشرێت بە دووریس لێسینگ

**«داستــاننووسی ئەزمــوونی ژنانە، کـە بە گــومــان، گەرموگوڕ و هێزی ئایندەبینی شارستانییەکی لێکدابڕاوی هەڵسەنگاندووە»**

**– نازانم مـەبەسـتـیـان لەمـەدا چییـە. بۆ ئەزمـوونی مـرۆڤـانە نەبێت، بۆ هی ژنانە بێت؟ قـەت حـەزم لەوە نەبووە، ژن و پیاو بەسەر دوو گرووپدا دابەشبکرێن، ئەمە بۆیان وا دەبێت، وەک ئەوەی دوژمنی یەکدی بن.**

وا باوە، چەند خـولەکـێک پێش ئەوەی خـەڵاتەکـە ڕابگەیەنرێت، سکرتێری ئەکادیمیا تەلەفۆن بۆ نووسەری خـەڵاتکراو دەکـات، پێی ڕادەگـەیەنێت و پیـرۆزبایی لێ دەکـات، بەڵام کـە هۆراس ئێنگداڵ لە دەرگــەی ژووری کۆبوونەوە هاتە دەرەوە و ڕایگەیاند، کە خەڵاتی ئەمساڵ دەبەخـشـرێت بە دووریس لێـسینگ، ئەوکـاتە دووریس نەیدەزانی، چونکە تەلەفـۆنی بۆ کـرابوو، بەڵام لە مـاڵ نەبوو. یەکسـەر میـدیای دنیـا خـۆیان گـەیاندە مـاڵی دووریس. لە ماڵ نەبوو. دوای چل خولەک تەکسییەکی ڕەش لەبەر دەرگــەی مـاڵیـان دەوەسـتێ، لە دواوەیدا «دووریس»ی ٨٨ سـاڵە لەسـەرخـۆ دادەبەزێ و

ڕۆژنامەوانەکان پیرۆزباییان لێی کرد و لە بەرسڤی پرسیارەکاندا ئەمانەی گوت:

- هەموو خەڵاتە نەگریسەکانی تری ئەورووپام بردۆتەوە، ئیدی دڵخۆشم کە ئەمەیانیشم بردەوە.

- نازانم مەبەستیان لەمەدا چییە. بۆ ئەزموونی مرۆڤانە نەبێت، بۆ هی ژنانە بێت؟

قەت حەزم لەوە نەبووە، ژن و پیاو بەسەر دوو گرووپدا دابەشبکرێن، ئەمە بۆیان وا دەبێت، وەک ئەوەی دوژمنی یەکدی بن.

- ئەگەر کەسێک پێشتر نووسینەکانی تۆی نەخوێندبێتەوە، پێشنیاری دەکەیت بە کامیان دەسپێبکات؟

- لەو ڕۆمانە واقیعیانەی کە نووسیومن، باوەڕ بکەم The Goldn Notebook (دەفتەر یاداشتی زێڕین) سەرەتایەکی باشە.

- بەڵام هەمیشە کتێبی داهاتوو گرنگە.

- تازە لە ڕۆمانێکی نوێ بوومەتەوە. ناوی (ئەلفرێد و ئێمیلی)یە و باسی ژیانی دایک و باوکم دەکات لەسەردەمی جەنگی یەکەمی جیهانی، باسی ئەوە دەکات، ئەگەر شەڕی یەکەم نەکرابایە، ژیانی ئەوان چۆن دەبوو.

**پێیان ڕاگەیاندبوو، کە گابریێل گارسیا مارکیز ئێستا تەلەفۆنت بۆ دەکات.**

- ئێستا تەلەفۆنم بۆ دەکات، بۆ ئەوەی پیرۆزباییم لێ بکات. ئەمەیش لە هەموو شتێک زێتر دڵخۆشم دەکات. زۆر بەم پیاوە سەرسامم، گابریێل گارسیا مارکیز نووسەرێکی زۆر گەورەیە.

**سکرتێری ئەکادیمیای سویدی لە بارەی هەڵبژردنی «دووریس لێسینگ»ەوە گوتی:**

- دووریس لێسینگ یەکێکە لە نووسەرە گەورەکانی سەردەمان.

- نووسەرێکە کاریگەری زۆری بەسەر پێوەندی نێوان ژن و پیاودا هەیە.

- دووریس وێنەیەکی چڕ و پڕی ئەزموونی ژنانەی شارستانییەکی نیشان داوە، کە پیاو بەسەریدا زاڵە.

- ڕەخنەگرێکی کۆمەڵایەتی و شیکەرەوەیەکی ئەو سەردەمەیە کە تێیدا ژیاوە.



دووریس لێسینگ

- بەڵام لەبەر نەبوونی نووسەری ژن نییە، کە ئەکادیمیا دووریس لێسینگی هەڵبژاردووە. نا، ئەو وەکو ژن خەڵات نەکراوە، بەڵکو وەکو نووسەر خەڵاتکراوە.

- زۆر جار ئەکادیمیا ڕەخنەی ئەوەی لێگیراوە، کە کەم جار نووسەری ژن خەڵاتکراوە.

ئێمە ڕەچاوی ئەوە ناکەین کە ئەو کەسە چ پاشخانێکی هەیە، ئێمە مرۆڤ بەسەر بەشی جودا جودا دابەش ناکەین.

- زۆر بە ڕوونی لە وەسیەتنامەی «ئەلفرێد نۆبڵ»دا هاتووە، کە ڕەچاوی ڕەگەز و پاشخانی نووسەر نەکرێت. ئێمەش ئەمە وا لێکدەدەینەوە، کە سەیری مەسەلەی ژن و پیاو نەکەین.

## ژیان

دووریس لێسینگ لە ۱۹۱۹/۱۰/۲۲ لە دایک و باوکێکی ئینگلیز، لە شاری کرمانشا لە دایک بوو، «ئەلفرێد کۆک»ی باوکی لە جەنگی یەکەمی جیهان، ئەفسەر بوو لە سوپای ئینگلیز، سەقەت ببوو، پێیەکی براوە، پاشان لە بانق کاری کردووە. «ئێمیلی مۆد»ی دایکی سیستەر بوو. دووریس تەمەنی پێنج ساڵ بوو، واتە ساڵی ۱۹۲۵ کە خێزانەکەیان بۆ زیمبابۆی کۆچیان

کـــرد. ئەوەدەم ناوی Syd- Rhodesia بوو و لەژێر کۆلۆنیالی ئینگلیز بوو. کێڵگەیەکی بەخێوکردنی مەڕ و ماڵاتیان کڕی و جێنشین بوون، بەو هیوایەی گوزەرانیان باشتر ببێت کە ئەوەدەم بەشێکی گەورەی ئەفریقا کۆلۆنی بریتانیا بوو. لە تەمەنی ٧ ساڵی خرایە بەر خوێندن، سەرەتا لە دێرێک دەستی بە خوێندن کرد و پاشان لە قوتابخانەی کچان بەردەوام بوو. لە تەمەنی ١٤ ساڵی واز لە خوێندن دەهێنێت و کاردەکات. ساڵی ١٩٣٩ مێرد بە «فرانک چارلس ویسدوم» دەکات، کوڕ و کچێکیان بوو و ساڵی ١٩٤٣ جودا بۆوە، ئەوکاتە لە گرووپێکی مارکسی ئەندام بوو، کە دژی ڕەگەزپەرستی و کۆلۆنیالیزمی بەریتانی تێدەکۆشان.

ساڵی ١٩٤٥ مێرد بە پەناهەندەیەکی ئەڵمانی دەکات، بە ناوی «ئەنتۆن لێسینگ»، کە جولەکەیەکی ئەڵمانی بوو، هەردووکیان ئەندامی هەمان ڕێکخراوی مارکسی بوون، لەگەڵ ئەمدا کوڕێکیان بوو. کە ساڵی ١٩٤٩ لە ئەویش جودا دەبێتەوە، ئەوکاتە جەنگی دووەمی جیهانی کۆتایی هاتبوو، ئەڵمانیای نازی هەرەسی هێنابوو. ئەنتۆن دەگەڕێتەوە ئەڵمانیا و ئەمیش لەگەڵ پیتەری کوڕی دەچێت بۆ لەندەن و لەوێ جێنشین دەبێت، کە دەچێتە لەندەن دەستنووسی یەکەمین ڕۆمانی لەگەڵ خۆی دەبات و ساڵی دواتر، واتە ساڵی ١٩٥٠ یەکەمین ڕۆمانی بە ناوی «گیا گۆرانی دەڵێت» بڵاوکردەوە. و ساڵی ١٩٨١ کرا بە فیلم.

ساڵی ١٩٥٢ دەبێتە ئەندامی پارتی کۆمۆنیستی بریتانیا، کە ساڵی ١٩٥٦ یەکێتی سۆڤییەت هنگاریای داگیرکرد، ئەو لە پارتی کۆمۆنیست دوورکەوتەوە و ڕووی لە دنیا بینینی تەسەوفی ڕۆژهەڵاتی دەکات. لەم ڕووەوە سرووش لە «ئیدریس شا ١٩٢٤- ١٩٩٤» وەردەگرێت، کە بیرمەند و نووسەر و سۆفییەکی تەریقەتی نەقشبەندی بوو. لە بارەی «ئیدریس شا»وە نووسیویەتی: دۆست و ڕێنیشاندەرم بوو، زانیاری دەدامێ.

کە یەکێتیی سۆڤییێت ئەفغانستانی داگیر کرد، ئەو دژی سۆڤییێت بوو. ساڵی ١٩٨٦ سەردانی پەناهەندە ئەفغانییەکانی کرد لە پاکستان و ساڵی دواتر کتێبێکی ڕیپۆرتاژیی لە بارەیانەوە نووسی. چل ساڵ ڕژێمی ڕەگەزپەرستی باشووری ئەفریقا نەیدەهێشت دووریس سەفەر بۆ ئەوێ بکات، چونکە هەڵوێستی سیاسی و ئەدەبی ئەو، دژی ڕژێمی باشووری ئەفریقا بوو. لە ڕۆمانەکانیدا باسی ئەم ڕەگەزپەرستییەی کردووە و لە یەکەم ڕۆمانیشیدا باسی پێوەندی نێوان ژنێکی سپی خاوەن کێڵگە و خوڵامە ڕەشپێستەکەی دەکات.

دووریس هەر شەش- حەوت ساڵ لە قوتابخانە خوێندوویەتی. کەسێکە خۆی فێر بووە، بەڵام گومان لەوەدا نییە، کە لە ٦٠ ساڵی ڕابردوودا، کەس هێندەی ئەو گەشەیان بە زمان و تەکنیکی ڕۆمانی ئینگلیزی نەداوە، بۆیە ڕەنگە هیچ نووسەرێک نەیتوانیبێت وەکو ئەو، ئەو خەیاڵانەی نووسەران هەیانە دەرببڕێت و فۆرمێکی هونەرییان بداتێ. بۆ ڕێزلێنان لەم خزمەتە و دانپیانان بەم توانستە گەورەیەی ئەو، ساڵی ١٩٩٥ زانکۆی هارڤەرد دکتۆرای ڕێزلێنانی پێدەبەخشێت، دووریس نزیکەی ١٥ خەڵاتی ئەدەبی وەرگرتووە و ڕەنگە خەڵاتی نۆبڵ دوا خەڵات نەبێت.

## فێمینزم

لە پەنجا ساڵی ڕابردوودا، بەتایبەتی دوای بڵاوکردنەوەی ڕۆمانی The Golden Notbook, (دەفتەر یاداشتی زێڕین) ١٩٦٢ بزووتنەوەی فێمینزمی ئەورووپا دووریس لێسینگ بە سیمبۆل و پێشەنگی خۆیان دەزانن، ئەم ڕۆمانەیشی بە ئینجیلی خۆیان دادەنێن. ژنی نەوەی چلەکان، ورە و هێز و توانایییان لە پاڵەوانەکانی ئەم ڕۆمانەدا وەردەگرت، شتیان لێ فێردەبوون، خۆیان تێیاندا دەدۆزییەوە و بە خۆیانیان بەراورد دەکرد، بەڵام دووریس خۆی وا نابینێت و ڕەخنەی توندیش لە بزووتنەوەی ژنان دەگرێت و بەوە تاوانباریان دەکات، کە زێتر دژی پیاون، لەوەی کە بەرگریکەری مافی ژنان بن. وا دەبینێ کە ئەم بزووتنەوەیە ڕەوتێکی هەڵەی هەیە و دەبێ خۆی ڕاستبکاتەوە.

- ئەمڕۆ ژنی گەنج دەسەڵاتیان هێندە زۆرە، ئەگەر ببینن پیاوێک «شتەکەی» بۆیان دەربهێنێت، یان لە بازاڕ قسەیان لەگەڵ بکەن، خۆیان دەخەنە بەری.

لە پێشانگای کتێب لە سکۆتلاند لە هاوینی ٢٠٠١دا، بەشداربووانی کۆڕ حەپەسان لەوەی کە دووریس بەم شێواز و زمانە توندە هێرشی کردە سەر بزووتنەوەی فێمینزم و بە فریودەر ناوی بردن، کاتێ

گوتی:

– ئێمە نەوەیەک ژنی بەدکارمان هەیە، کە پیاویان کردووە بە کەسی ترسنۆک و تێکشکاو، ئێستا کوڕ و پیاو قوربانین، تەنیا لەبەر بوونیان هەست بە خەتاباری دەکەن.

**بەرهەمەکان**

لە ئەزموونی ٦٠ساڵەی نووسەرایەتیدا، زێتر لە سی و پێنج کتێبی نووسیوە، کە ڕۆمان و چیرۆک، ڕیپۆرتاژ، شیعر، شانۆنامەیە، بە زۆر شێواز و تەکنیکی جودا باسی زۆر بابەتی کردووە. ئەزموونی ئەو، ئەزموونی ژیانی دوو دنیایە، هی دوو کێشوەر و هی دوو سیستمی سیاسی و کۆمەڵایەتییە. ئەزموونی ژیان و گەورەبوونی لە ڕۆدیسیا «زیمبابۆی» و پاشان کۆچکردنی بۆ لەندەن. لەم دوو واقیعەدا، هی ژێر دەسەڵاتی کۆلۆنیال و مودێرن. ئەو توانیویەتی لە ڕوانگەی ژنەوە، ئەزموونی ژن لەم دنیا لێکجودایەدا نیشان بدا و هەڵوێستی بەرانبەریان هەبێت. ڕەخنەیان لێبگرێت و هاندەری ژنان بێت. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ ئەم ئەزموونە گەورەیە بەسەر سێ قۆناغدا دابەشبکرێت.

**یەکەم**، ڕۆمانی ڕیالیزمی کە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی باسکردووە. باسی ڕەگەزپەرستی لە باشووری ئەفریقا کردووە، لە ڕۆمانی یەکەمیدا The Grass is Singing (گیا گۆرانی دەڵێت)، شوێن و ڕووداو لە ئەفریقایە، باسی پێوەندی خۆشەویستی نێوان ژنێکی سپیی خاوەن کێڵگە و کارەکەرە ڕەشپێستەکەی دەکات. لەم قۆناغەدا کۆمەڵێک ڕۆمانی نووسیوە.

**دووەم**، ڕۆمانی خەیاڵی لە نێوان ساڵی ١٩٧٩-١٩٨٤، لەم ماوەیەدا پێنج ڕۆمانی خەیاڵی نووسی، باسی هەوڵ و گەشەی ژیانەوەی مرۆڤ دەکات، لە دوای جەنگی بۆمبی ئەتۆمی.

لەم قۆناغەدا بۆ فراوانکردنی خەیاڵ و نزیکبوونەوەی لە دنیای ئەستێرەکان سوودی لە تەسەوفی ڕۆژهەڵاتی وەرگرتووە.

**سێیەم**، گەڕانەوە بۆ نووسینی ڕۆمانی ڕیالیزمی، ساڵی ١٩٨٥ ڕۆمانی «تیرۆریستی باش»ی بڵاوکردەوە. لەم قۆناغەدا، ڕۆمانی (لە ژێر پێستمدا ١٩٩٤) و (ڕۆیشتن لەبەر سێبەر ١٩٩٧)ی نووسی، ئەمانە وەرچەرخانێکی تر بوون لە توانای دووریس- لەم ڕۆمانانەدا، نەک هەر ژیان و بەسەرهاتی خۆی نووسیوەتەوە، بەڵکو هەموو ئەو سەردەمە مێژووییەی کۆلۆنیالی بەریتانی نووسیوەتەوە و دەیخاتە بەر باس و گفتوگۆ و ڕەخنەی لێ دەگرێت. دوا ڕۆمانی دووریس «درز»ەکە باسی کۆمەڵگەیەکی زۆر لە مێژینەی ژنان دەکات، کە تێیدا تەنیا ژن دەژیت، بە بێ پیاو ژیانێکی خۆش و ئاسوودە دەژین، بەڵام کە یەکێکیان دەبێتە دووگیان و پاشان کوڕێکی دەبێت، هەموو شتێک دەگۆڕێت.

# هەندێ لە بەرهەمە عارەبییەکانی مەسعوود محەمەد

لە سەرەتای سالانی نەوەتی سەدەی ڕابردوودا، ماموستا مەسعوود محەمەد ئەدرەسی منی دابووە ڕۆژنامەی (العراق) و ئەوانیش، هەفتەی جارێ، یان دوو هەفتە جارێ، یەک دوو بەستە لە ڕۆژنامەکەیان بۆ دەناردم.

تەنانەت کە ماڵەکەشم گواستەوە، (العراق) هەر بە ئەدرەسە کۆنەکەم بە دوامەوە بوو. ئەو دیارییەی کە سڵم لێی دەکردەوە و چاوەڕوانیشی بووم، ئەوەی بابەتی خوێندنەوە بێ، مەگەر بە دەگمەن، دەنا تێیدا نەبوو، هەمووی ڕیکلام بوو بۆ سەددام حوسێن. سەرلەبەری یەکەم لاپەڕەی یەکێ لە ژمارەکانی، یەک (نعم) داگیری کردبوو و ئەو (نعم)ەش بە وێنەیەکی سەددام و چەند گوتاری شەباشکردنی سەددام پڕ کرابۆوە. بە ڕاستی ڕۆژنامەی العراق، پسپۆڕ بوو لە پێداهەڵدانی سەددامدا. ئیدی قەڵەمی کوردە و باش دەزانێ داچەمێ و خۆی بچووک بکاتەوە، بەڵام جاروبارێ هەڵدەکەوت وتاری باشی تێدا بێ. یەک لەو باشانەی کە بە عەزرەتیەوە بووم و زۆر بە دڵم بوو، بەردەوام چاوەڕوانی بووم، وتاری ماموستا مەسعوود محەمەد بوو. زنجیرەیەک وتاری کورت بوون لە دوالاپەڕەدا گۆشەیەکیان بۆ تەرخان کرابوو. من ئەوانەم بە مەقەست لە (العراق) دەکردنەوە و لە دەفتەرێکدا هەڵم دەگرتن و ئێستاش لە لام پارێزراون.

بە لای منەوە، هەندێ بەرهەمی عارەبی هەن، وەرناگێڕدرێنە سەر زمانێکی دی، یان زۆر بە زەحمەت وەردەگێڕدرێن. یەک لەوانە بەرهەمە عارەبییەکانی

**لە عەرەبییەوە: حەکیم کاکەوەیس**

مامۆستا مەسعوود محەمەدە، بەڵام ئەگەر کەسێ زانی وەرگێڕانیان بکا، پێویستە و زۆریش پێویستە چاوەڕوانی ڕەخنە و وێرانکردن، یان وەرگێڕاندنی وەرگێڕانەکە بێ.

من ئەو ئامادەییەم تێدایە. نەک چاوەڕوانم، بەڵکو هیوادارم هەرچییەکی لەو وتارانەی کە وەری دەگێڕم، بە بێ ڕەخنە تێپەڕ نەبێ. بە ڕاستی، چەند حەیفە ئەو وتارانە بە کوردی نەبن، هێندەی ئەوەش، بگرە زێتریش، حەیفە بە سەقەتی وەربگێڕدرێن. من هەوڵ دەدەم مەبەستی مامۆستا مەسعوود محەمەد بکەمە کوردی. نازانم ناوی چی لێ بنێم. با خوێنەر و ڕەخنەگر ناوێک بۆ ئەم کارەی من بدۆزنەوە. من لەلایەن خۆمەوە، بە سڵەوە... بە دوودڵییەوە ناوی وەرگێڕانی لێ دەنێم... ڕەنگە چاوی مامۆستام لێوە دیار بوایەن، زاتی ئەم کارەم نەکردبا.

هیوادارم خوێنەر سەرنجی ئەوەش بدا کە مامۆستای نەمر، لەو بارودۆخەدا باسی مەسەلە بڤەکانی وەک گازی کوشندە و زۆرداری کردووە و ئەمەش ئەوپەڕی بوێرییە.

لە هەندێ لەو نووسینانەدا، مامۆستا ئاماژە بە نووسینی تری خۆی دەکا، کە لە ژمارەی پێشتری هەمان ڕۆژنامەدا بڵاوکراوەتەوە، بەڵام حەیفێ کە ئەوانەم دەست نەکەوتوون، خۆ ئەگەر دڵسۆزێک ئەو کەلێنانە پڕ بکاتەوە، ئەوە تاجێک دەخرێتە سەر ماندووبوونەکەی منیش. هیوادارم بەم کارەم، فریشتەی ئەو مەزنەم نەڕەنجاندبێ و بەرهەمەکانیم نەڕووشاندبێ.

### بەرزبوونەوە بەرەو دامێن

دەبێ بەرزبوونەوەی بەرەو دامێن لە کۆمەڵگای مرۆڤایەتیدا چۆن بێ؟

لە ئاڵقەیەکی پێشووتردا گوتم پێشکەوتنی شارستانەتی کارێکی حەتمییە و چ خۆ لێلادان قەبووڵ ناکات، چونکە خۆی و ژیانی عاقڵانەی تایبەت بە مرۆڤ دوو جمکن و لە سەرەتاوە بە دووی یەکدا هاتوون. ژیانی عاقڵانەی مرۆڤانە لە پێشدا هاتۆتە بوونەوە، ئەوجا جمکەکەی «شارستانەتی»ی پێشکەوتووی بە دوودا هاتووە. دوایی لە بووندا چوون یەکیان لێ هاتووە و وەها تێکەڵی یەکتر بوون، ئەو جمکانەیان پێرا نەگەیشتوون کە بەیەکەوە نووساون و یەک خۆراک دەخۆن و وێکڕا گەشەدەکەن، لەگەڵ ئەو سەرنجەدا کە پەرەسەندن لە سەردەمە گەشەسەندووەکانی خۆیدا بە خێرایی ڕێژەی ئەندازەیی پێش دەکەوێ. هەرچی پێشکەوتنێکی زانستی و تەکنیکی لە ئاشکراکردنی بواری سروشتدا، بە واتا فراوانەکەی، بۆ پێشخستن و پسپۆڕێتی و قووڵبوونەوە ئەنجام بدرێ، هەڵگرتنی ئەرکەکانی و فەراهەمکردنی پێداویستییەکانی و بەجێگەیاندنی ئارەزووەکانی گرانتر و ناچاریتر دەبن. ئیدی «زانست» بە هەموو داهێنان و کەشفکردنێکەوە کە لەگەڵیدا دێن، لەوە دەردەچێ ببێتە بابەتی سەرقاڵی گشتی... جیاوازی لەنێوان داهێنانی گالیسکەیەک کە ئەسپ ڕایدەکێشێ، لەگەڵ هەوڵی چوونە ناو ئەتۆم و بەکارهێنانی تیشکی لێزەر لە بوارە هەمەجۆر و فراوانەکانیدا، یەکجار زۆرە. لەوەش گەرێ پێداویستی دروستکردن و نوێکردنەوە و پێشخستن سەرمایەی قاروونیان دەوێ کە بە دەوڵەتی دەوڵەمەند و کۆمپانیای گەورە نەبێ دەستەبەر ناکرێ. بەوەش دوو کاری پێکەوە بەستراو دێنە ئاراوە، یەکەمیان ئەوەیە کە زانست و تەکنیک و توانای دۆزینەوە و داهێنان لەلایەن ژمارەیەکی کەمی لێهاتووەکانەوە قۆرخ دەکرێن و دەستیان بەسەردا دەگیرێ و بەوەش دابڕانێک دەکەوێتە نێوان زانستی تاقیکاری و ڕەشەخەڵکەکەوە، ئەوەش هەم لە بواری فێربوون و هەم لە بواری تیۆریدا ڕوو دەدا. زانست و تەکنیک ناکەونە بەر پێوانەی دەنگدانی گشتییەوە کە حکومەتێک لادەبا و یەکێکی دی دادەنێ، بەڵکو لە لایەن کەمایەتییەکی زۆر کەمی لێهاتووەکانەوە بە بەردەوامی دەستیان بەسەردا دەگیرێ. پێ بەپێی چوونە ناو داهێنان و دۆزینەوە و نوێکردنەوە، ئەو پێویستیانە خۆ بە خۆ زیاد دەکەن و گرانی پێداویستییەکانی فێربوون، دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی ژمارەی لێهاتووان و داهێنەرانێک کە بۆ پێشڕەوایەتی و سەرکردایەتی پاڵێوراو بن. مەبەست لە کەمبوونەوە لایەنە ڕێژەییەکەیە، سەردەم لە دوای سەردەم، بەپێوانە لەگەڵ ژمارەی لێهاتوواندا و بە گوێرەی سەرجەم دانیشتوانی سەر گۆی زەوی کەم دەبنەوە. ئەوجا ڕووبەری بەکارهێنانی کەلەپووری زانست بە شێوەیەکی ترسناک فراوان بووە و پێش داهێنانە زانستییەکان کەوتۆتەوە. ئەوەش بایی ئەوە دەبێ ناوی خۆ ئاوسکردنی پیشەسازی هەمەجۆری لێ بنێین کە واقیعێکی فراوانی وای لە پیشەسازیدا داهێناوە، ناخرێتە ژێر دەسەڵات و ڕکێفی زانستەوە و ئەوەش دەروازەیەکە گەیشتن بەوسەری نەک

هەر ئەستەمە، بەڵکو کاری نەکردەیە، بەڵام هێشتا قسەمان، لە دیدی منەوە بۆ بابەت و ئەنجامەکانیان، لەسەر «بەرزبوونەوە»یە.

مەسەلەی دووەم، کە لەگەڵ ئەو باسەی سەرەوەدا تێکئالاون، سنووردارکردنی زانست و تەکنیکە لە دەستی ژمارەیەکی دیاریکراوی زۆر لێهاتوودا. ئەوەش ئەوەیە کڕین و فرۆشتنی بەرهەمی ئەو لێهاتووانە لە بازاڕدا، بە پێی پێویست دەکەوێتە دەستی دەسەڵاتداران و خاوەن سەرمایەوە کە حیسابی خۆیان هەیە و ڕەنگە ئەو حیسابە زۆر لە پاکی و خاوێنی زانستی و پیرۆزی ئامانجەکانیەوە دوور بێ... لەم ڕاستییە زل و زەبەلاحەوە سەفەری بەرەو دامێن دەست پێ دەکا و هەرچی فەلسەفە و زانست و شەق کردنی ئەتۆم و بەندکردنی شەیتان لە قوتوودا هەیە، ناتوانێ پێشی پێ بگرێ و بەردەوامێتی سەرەوخواری ڕاگرێ و هەتا ڕۆژی ئەمرۆ چ دڵنیاییەک نییە بۆ بەکارنەهێنانی کوشندەترین چەکی دژی مرۆ و تەنانەت دوابڕانەوەشی. بایی کردنەوەی ئیشتیای وێرانکاری زیاتر، زۆر جۆرە چەکی یاسایی نایاسایی لە زۆر گۆڕەپانی فراوان و بەربەریندا کە بایی چێژی سەر مێزی وێرانکاری گشتی بە بۆمبی ئەتۆمی و هەرچییەکی وێرانکارتر و هەڵتەکێنەرتری کە بە دوودا دێن و نە زانست و زانایان دەتوانن کاوڕێکی شەلی لێ بپارێزن کە لە ترسی گورگ پەنای بۆ مرۆ هێنابێ، نە هونەر و هونەرمەندان نە بیر و بیرمەندان نە فەلسەفە و فەیلەسووفان، نە زوهد و زاهیدەکان، نە عەقڵ و عاقڵەکان، هیچیان ئەوەیان پێ ناکرێ. ئەو کاوڕە ناتوانێ لە دەست غازی بەشەر پەنا بۆ زانستی بەشەر ببا..

چۆن پەنای بۆ ببا کە مرۆڤی شەل خۆی نەتوانێ پەنای خۆی بدا. ئەو کاوڕە هەر خوراوە و ئەگەر گورگ بیخوا لەوە باشترە بە گەمەیەکی خوێناوییەوە بێ کە پێی دەڵێن جەنگ.

ئەوەی دەبێ ئاماژەی پێ بکرێ و لێی ئاگادار بین ئەوەیە کە بەرژەوەندی مەزن لەم جیهانەدا، زۆر لەوە پێشترە کە پێش بە چەکی کۆمەڵکوژی بگیرێ با ئەوانەی هەیانە لە لێهاتوویی و هێزدا سنوورداریش بن.

خۆ هەڵکێشان و خۆ بە مەزنزانینیان لێ دەردەکەوێ و سەیر نییە سەرکردەی دوورگەیەکی هەژاری ئۆقیانووسی ئەتڵەسی، یان ناو شەپۆلەکانی هیندی و هادی خەو بە بۆمبایەکەوە ببینێ کە پڕ بە گیرفانێک بێ، یان هێندەی هێلکەی لەقلەقێک بێ و ئەو وزە وێرانکارە زانراوەی تێدا بێ ئەگەر کیژی فلانە سوڵتانی لێ مارە نەکەن، ڕایوەشێنێ و هەڕەشە لە زەمینی خوارەوە و ئاسمانەکانی سەرەوە بکا. من دڵنیام عیسابەی مافیاکان و دارودەستەی تر کە ناویانم لەبەر نییە، ئەوەندە دەست دەپارێزن کە بوکاسا و عیدی ئەمین نایپارێزن، چونکە ئەو عیسابانە بە پارە کار دەکەن و لە پلانیاندا نییە بە پارە خۆکوژی بکەن و حەز بە خوێن ناکەن و ئەگەر پێویست نەکا کەس ناکوژن و کوشتنی یەک کەس لە حیسابیاندا لە کوشتنی دوو کەس باشترە، بەڵام بەرژەوەندی هەرە گەورە لە وردەکاری چەکی کۆکوژیدا بە ئاگایە، ئەوەش لەبەر دوو هۆ و دوای ئەوانەش هۆی تر دێن کە نامەوێ باسیان بکەم: یەکەمیان لەبەر ئەوەیە کە خۆی ئەو چەکانەی عەمبار کردووە و فرۆشتنیان داهاتی بۆی دەبێ. ئەوەش دەزانین کە جگە لەو دوو بۆمبایەی هیرۆشیما و ناکازاکی ساڵی ١٩٤٥ی نزیکەی نیوسەدە پێشتر، لە دووەم شەڕی جیهانیدا، هیچ وڵاتێکی گەورە، نە لە هێرشبردندا بەکاری هێناوە نە لە بەرگریکردندا. کەسیشمان نازانین ئەگەر سەبەتەیەک لەو «میوە»یە لەگەڵ کەرەسەی تەقاندنەوەیدا بە فڕۆکەیەک کە بە ئاسمانی ئەو دەوڵەتە وەزن سووک و عەقڵ سووک و گیرفان سووکانەدا دەفڕێ بەربێتەوە، چی دەکا. دیارە کە فڕەی ناداتە دەریاوە و بۆ وشکە ساڵی بە نوێژی ئیستسقا داناکەوێ تا دەغڵەکەی لە بێ بارانی دەرباز بێ، کە کشتوکاڵەکەش هەڕەشەی کوللەی لەسەرە و کوللە بۆ خۆشی لەو وڵاتانەدا، ئەگەر ژمارەیەکی هاکەزایی بێ، نیعمەتێکی باشی خواردنە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (العراق)، ٢١ی ئایاری ١٩٩٤.

## توندوتیژی، یان هێوری؟

لە بەشی یەکەمدا باسی سروشتی مردوومان کرد، ئەوجا هاتینە سەر گیاوگۆڵ و ئاژەڵ و لە گۆشەی توندوتیژی و هێوربیەوە لێیان ڕامایین تا گەیشتینە جیهانی مرۆ و دوو دیاردەی ڕێباز و چارەنووسیمان بە بەرزی نرخاند. لە پلەی یەکەمدا، بە پشت بەستن بەو ئەنجامگیرییەی کە پێی گەیشتووم- پێم وایە- ئەو ئەنجامگیرییە تایبەتە بە منەوە، کە بە درێژایی ساڵانێکی زۆری خۆتاقیکردنەوە و ڕامان و وردە ئەنجامگیریی کە

پەلوپۆیان لەبەر پێوانەکاری لۆژیک و ئەنجامگیری لێکۆڵینەوەی زانایاندایە و دوای ئەوەی جڵەوی هۆشی خۆمم لە نیگاکردنی پاشکۆیی و دەستەمۆبوون ڕەها کرد و بەوە ڕازی بووم کەشتی ئەنجامگیری بەهەر کەنارێک بگا، دەڵێم لێرەدا تەنیا مەودای ئەوە هەیە دەست بە وەشەوە بگرم و هەر لە گۆشەی بابەتەکەوە بڕوانم، بەوەندە دەسبەردار بم کە لە بواری هەوڵی قایل کردندا ئەوەندە بەسە کە پتر لە سێ سەد لاپەڕەم لەسەر لایەنی نەرێتی و ئەرێتی هۆشی مرۆ نووسیوە و ئەگەر دەرفەت هەبوایە دوای ئەو دوو بەشەی کتێبەکە، دەچوومە سەر بەشی سێیەم و چوارەم...

مرۆ بەشێوەیەکی جیاواز لەو بوونەوەرانەی کەون کە بە کەرەسەی گردەبڕ هەست بە بوونیان دەکەین هاتۆتە بوونەوە و ئەو کەرەسەیەش عەقڵەکەیەتی و هۆکاری پەرەسەندن و پەرەپێدانی شتەکانیتێ و لەو قسانەی کە کردوومن، یەکێکیان ئەوەیە کە بەر لە نیو سەدە گوتوومە: کێشەی هۆشی مرۆ ئەوە نییە کە نایەوێ دیاردەکان لێک بداتەوە، بەڵکو ئەوەیە کە بەهەڵە لێکیان دەداتەوە... وای بۆ دەچم ئەو قسەیە تەعبیر لە ڕاستی تەواو دەکا و کاروباری مرۆ بە جۆرێ لێک دەداتەوە کە شتێکی دی وەهای لێک ناداتەوە. ئەو عەقڵەی بەر لە هەزاران ساڵ وای لە مرۆ کردووە تەپڵ بۆ مانگ گیران لێ بدا تا ئەو ڕۆحە شەڕانیانە دوور بخاتەوە کە مانگیان قووت داوە، هەر هەمان ئەو عەقڵە لەسەر مانگ دایبەزاندووە. ڕاستە مرۆ وەک هەموو گیانلەبەرانی دی غەریزەی هەیە و هەندێ لە ڕەفتارە چاک و خراپەکانی شی دەکاتەوە، بەڵام ڕۆڵی عەقڵ هەزار جار لەوە مەترسیدارترە و تەنانەت عەقڵ ئەگەر لە یاساکانی خۆی لای دا، لە توندوتیژی و خراپەدا خەیاڵی خەیاڵبازانیش دەبەزێنێ. غەریزە، خۆی لە خۆیدا ناتوانێ بابەتی پێشکەوتووی وێرانکاری دابهێنێ، بەڵکو بە درێژایی زەمان بە یەک شێواز دووبارەی دەکاتەوە و نە نوێکردنەوەی تێدا دەکا نە داهێنان، بەڵام عەقڵ کارێکی وا دەکا لایەنی شەڕانگێزی، پەرەسەندوو و هەمەجۆر بێ و تێیدا لێهاتوو بێ و ببێتە پێشڕەو لە داهێنان و کەشفکردن و چاکەکاری و بەزەییشدا: عەقڵ سەرەتایەکی ساکاری هەڵسوکەوتی لەگەڵ بووندا دەست پێ کرد و هەر لە سنووری هۆشیدا بوو و خواستەکانیش لەپێناوی مانەوەدا ساکار و سنووردار بوون، بەڵام هەوێنی پێشکەوتنی لە هەستکردنیدا هەبوو. بۆ نموونە دەڵێم کە هۆشی بەسەر ئەوەدا شکا «پاچکە» لە کاروباری گواستنەوەدا بەکار بێنێ، هەر خۆی بوو لە ئەنجامی پەنابردنیەوە بۆ ئامێری سەرەتایی وا پێش بکەوێ، لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا بۆشاییەکانی ئاسمانی داگیر بکا... پێداویستی بۆ فراوانکردنی خێزان و تایەفە وای کرد پێداویستی خۆراکیش زیاد بکا و هۆشی ببزوێنێ تا بیر لە کشتوکاڵ و ئەوەی بە دوویدا دێ، لە خانووبەرە و گوند و شتی تری ماددی وەک پێشخستنی کەرەسەی ڕاو و پێوەندی کۆمەڵایەتی و ڕێکخستنی پێوەندی ژن و پیاو بکاتەوە و بیر لە بە باش زانینی هاوکاری و دانانی کەسێکی ڕێبەر بکاتەوە... ئەوجا بیرکردنەوە لە کەونی ئاڵۆز و نهێنییەکانی... تاد. عەشرەت دامەزرا و گوند فراوان بوو و بووە شارۆچکەی دەسەڵاتدارانی دەستڕۆیشتوو و ئەوجا دامەزراندنی حکوومەت تا دەگاتە دوادوایی پلە کۆمەڵایەتییەکان لە پەرەسەندنی بەردەوام و هەڵکشاوی و کێشە بەرفراوان و تازەبووەکانی و تا ئەوەی خۆمان لەو بارودۆخەی پلە و ململانێ و هاوکاری و پەنابردن بۆ توندوتیژی و هێورییە دەبینینەوە کە تێیداین. خۆخۆشویستن و دانانی (خود) لە پلەی یەکەمدا بەرانبەر غەریبان هۆکارێکی کاریگەر بووە لە دانانی ڕێباز و داڕشتنی ئەتواری خەڵکدا. هەر دەبوو تاک بە بەڕێزی بمێنێ تا چەرخوفەلەکی کۆمەڵگا بسووڕێنێ، ئەگەر کەسێک لە سەرجەمی کۆمەڵگەدا خۆشویستنی خۆی و منداڵەکانی و ماڵەکەی و گەڕەکەکەی و.. و.. لە دەست بدا چ کاریگەرییەکی بۆ سەر کۆمەڵگا دەبێ...

ڕاستە خۆشویستنی خود بۆی هەیە بەرەو تەماحکاری بڕوا و کاریگەری لەوەدا هەبێ دەستدرێژی بکرێتە سەر مافی خەڵکی دی، ئەمەش لە هەر جێیەک مرۆ تێیدا هەوڵ بدا بە تێکۆشان نانی خۆی و پێداویستییەکانی خۆی پەیدا بکا هەیە، بەڵام ئەوە دوو کاریگەری گرنگی لەسەر هەیە، دوو کاریگەری یەکجار گرنگ کە توندوتیژییەکەی سنووردار دەکا. یەکەمیان خۆشەویستی زەید بۆ خۆی، بە خۆشویستنی خەڵک بۆ خۆیان بەرانبەری گیراوە و بەوەش لێک نێزیک بوونەوە ڕوودەدا و ئەم لە ترسی ڕەفتاری دوژمنکارانە زۆرترین میقداری خۆ خۆشویستنی ناوەخن شەڕانی کەم دەکاتەوە و ئەم هاوسەنگییەش مەگەر لە کاتی لە دەستدانی هاوسەنگیدا

که به کەڵەکە بوونی شەڕخواز لەلایەک، یان لە کاتی نەخۆشی دەروونیدا کە هاوسەنگی تێک دەدا، یان لە هەوڵدان بۆ تەماح وەبەرنان و ترساندن و شتی لەو بابەتانە دێتە کایەوە، لەبیر بچێتەوە. دووەمیشیان پێداویستی کۆمەڵگای مرۆڤایەتییە بە هاودەمێتی و هاوکاری و پێوەندییەوە و ئەگەر غەریزەی خۆخۆشویستن بابەتێکی هەمیشەیی بێ لە پێکهێنانی بوونەوەری زیندوودا هەر ئەو خۆ خۆشویستنە لە زۆربەی کاتدا وا دەخوازێ هانا بۆ بوونەوەری تر ببا و یەکجار ئەو کەسانە دەگمەنن کە دەچنە ئەشکەوتێکەوە و خۆ خۆشویستنی خۆیان بلاوێنن... ئەو ڕاستییەی تەنانەت چاوی نووقاویش لێی بە هەڵەدا ناچێ ئەو پێشکەوتنانەی کۆمەڵگای مرۆیە لە بوارە جیاوازەکانی کارگە و ئاژەڵداری و خانەی زانایان و کۆگای جلوبەرگ و ستۆدیۆی فیلمسازی و فرۆکەخانەکانی.. و.. و بەدی هاتوون و هەموویان هەر لە سەرەتاوە پێویستیان بە هاوکاری و نەهێشتنی زیدەڕۆیی لە هاوکاریدا بووە و ئەم ڕاستییە زەبەلاحە، بە درێژایی سەردەمەکان و بۆ پاراستنی کۆمەڵگا و ڕێباز و بەرژەوەندییەکانی بووە لە نەیاران و ئەوەش دایکی شەرع و دەستوور و ئەو کەلەپوورە ناسراوانە بووە کە بە پێی سەردەم و شوێنەکان، دژی شکاندنی ڕێسا و پێوانەی دادوەری وەستاونەتەوە... باش دەزانین کە چوارپەلی تەماحکاری شەڕانی بە زنجیری زێڕینی وشەی جوان کە دایدەڕێژم، نابەستریتەوە و ئەوەندەی مەودای هەبێ لە سەر شەڕخوازی خۆی بەردەوام دەبێ و تەنانەت خەڵقەندەکانی خوا بە پێزانین و خۆشی و سوپاسگوزارییەوە و لە دەرەوەی مافە شەرعییەکانیاندا، بە شان و باڵ و چاکە و پیاوەتییەکانیدا هەڵدەدەن و بەدزییەوە و بایی ئەوەی نەبێتە هۆی ئابڕووچوون و سزادان دڵی خۆیانی پێ خۆش دەکەن و مەسەلەکەش ئەوە نییە هەندێ لادەر بن لە ڕێساکان. کاریگەری ئەوانە بایی ئەوە هەیە باسی دیاردەکە و ئەنجامەکانی لە چوارچێوەی یاسا و دەزگاکانی ئاسایش و پارێزگاری و سزاداندا بکرێ.. ئەگەر بە درێژی و بایی ئەوەی مافی خۆی بدەینێ بێینە سەر وردەکاری، باسەکەمان بە گوێرەی کۆمەڵگاکان و سیستەمی یاسایی و باوەڕە هەمەجۆرەکان لە دیدی هەڵوێستییەوە بەرانبەر بە لادان لە نەریت و یاسا درێژ دەبێتەوە، بەڵام ئەو باسە درێژ و درێژ دەبێتەوە و هەر بۆ هزری خوێنەر لێی دەگەڕێم تا لەو ڕوانگەیەوە بڕوانێتە کۆمەڵگاکان و جێی خۆی لە ناویاندا بدۆزێتەوە. کۆمەڵگا لە پلەکانی تێکشکاندنی دەستدرێژیەوە هاتووە و دەشڵێم ڕێڕەوی پەرەسەندنی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی و لەبەر ئەوەی لە بواری تەکنیک و زانستدا لە چاکەوە بۆ چاکتر دەڕوا، پێویستە، بگرە دەبێ دڕکی توندوتیژی و تاوان تیژ بکرێ. ئەگەر گوزەران پێوەندی بە بنەمای پێشکەوتووی بە زانست و ڕۆشنبیری و بەڕێوەبردن و هەستی لێپرسینەوەی بەهێزەوە بێ تاکە کەسی کۆمەڵگا جگە لەوەی ببێتە سەربازێک بۆ بەربەرەکانی کردنی لادەر لە ڕێسا، هیچی تری پێ ناکرێ.

تەنانەت بە هۆی تێکەڵبوونی توندوتۆڵییەوە لەگەڵ (بارودۆخە ژیارییەکە)ی کە تێیدا دەژی هەست ناکا ئەو بەربەرەکانییە دەکا، یان توانایەک بۆ ئەو مەبەستە بە خەرج دەدا، یان لە پێناوی ڕێکوپێکیدا زۆر لە خۆی دەکا. ئاخر، شارستانەتی، لە یەکەم خشتی بناغەیەوە پێویستی بە هێوری و هاوسەنگی و هەماهەنگی و هاوکاری هەیە و تەماشای ئەم نموونەیە بکە: بۆڵە ترێیەک ماوەی چەندی هێوری و ئارامی پێ دەوێ تا پێ بگا، یان چەندی دەوێ تا شەقامێک دروست بکرێ، یان فڕۆکەیەک بە سەلامەتی بفڕێ، یان کارگەیەک بە سەلامەتییەکی بەردەوام بگەڕێ؟

لێرەوە، قسە لە سیاسەت و داراییدا دەبێتە دوو بەشی سەرەکییەوە کە توندوتیژی و هێورین و لە بەشی داهاتوودا جێگەیان دەبێتەوە.

سەرچاوە: ڕۆژنامەی (العراق)، ١١ی حوزەیرانی ١٩٩٤.

**توندوتیژی، یان هێوری؟**

لە بەشی یەکەمدا ئاماژەیەکی مەیلەو کاڵمان بۆ ڕۆڵی ئابووری کرد لە بواری توندوتیژی و هێوریدا و ئەوجا نۆرەی هەڵوێستی سیاسەت دێ لەو دوو دیاردەیەدا و ئەوەش زەحمەتترین باسی ئەو سەرەداوەیە، ئەوەش، نەک لەبەر ئەوەی لە زۆربەی وردەکارییەکانیدا ئاڵوودەی هەستیارییە، بەڵکو بە هۆی زۆری و فراوانی قوتابخانە و مەنهەجەکانی و دووری و جیاوازی هەر یەکێکیان لەوانی تر و لەگەڵ ئەوانی تردا، لە هەڵوێستیاندا

بەرانبەر ژیانی کۆمەڵایەتی بە گشتی و ئابووری بەتایبەتی و بەرانبەر (تاک) و پلەوپایەی لە (کۆ)دا بە تایبەتیتر. ئەم قوتابخانە سیاسییانە دەبنە سێ بەشی سەرەکییەوە کە ڕاست و ناوەڕاست و چەپن و هەر یەکەشیان شێواز و قالب و مەنهەج و ڕێڕەوی خۆی هەیە کە باوەڕی پێی هەیە و باوەڕدارانی بەرگری لێ دەکەن. باسکردنی هەموو ئەوانە لەم گۆشە سنووردارەدا کاری کردەنی نییە و چار نییە، دەبێ قسان کورت بکەینەوە و بەوەندە واز بێنین ڕای خۆمان لەو گۆشە نیگایەوە دەربڕین کە ئەوانە توندوتیژی و هێورییان قەبووڵە، یان نا، ئەگەر قەبووڵیشیانە تا چ ئاستێک. بەشێوەیەکی گشتی، ئەوە ڕاستییە ئەگەر بڵێین، بە گوێرەی ڕادەی دوورکەوتنەوە لە ناوەڕاست، لە هێوری دوور دەکەوینەوە و دەچینە ناو توندوتیژییەوە، چونکە ناوەڕاست لە جەوهەری خۆیدا و دوور لە فەلسەفە گەرایی و بڕوبیانوو، هێڵێکی مێژووییە کە جموجوڵی سەقامگیری ژیانی بە دەوردا گردبۆتەوە و مسۆگەرکردنی کەرەسەی ژیانی بەپێی پێوەندییەکانی بارودۆخی خەڵکی هەمە جۆری بازاڕ و کرێکار و وەرزێر و خەڵکانی سەر بە گواستنەوە و دابەشکردن کە لەگەڵ ڕۆڵی یەکجار گرنگیشیاندا لە هەڵچنینی کۆمەڵ و بەردەوامی ژیان و بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی نەبووە [جگە لە هەردوو حاڵەتی یۆنان و ڕۆمان] و تا ئێستاش زۆرینەی گەلانی جیهانی سێیەم لە هیچ مەسەلەیەکی مەترسیداردا، کە پێوەندی بە ئابووری و دەوڵەت و شێوازی ژیان و هەق و ناهەقییەوە لەبیر و ئایدۆلۆژییەکاندا هەبێ، لە هەڵبژاردنەوە دوورن و ئەو ژیانە دەژین کە دەسەڵاتداران حەزی لێ بکەن و بەشیان لە خۆشی و ناخۆشیدا بە دەستی خەڵکی ترەوەیە و شێوازی ژیانیان لەسەر ئاستی مەیلیان لە ڕاپەڕاندنی کاروباری چاکە وەستاوە. ئاشکرایە دەردی وەستانی ئەو گەلانە لەو ئاست و بوارەی لە دەستدانی ئیرادەی سیاسی و دەست هەڵبڕینیان بەرەو ئاسمان بۆ بەزەیی کە تێیدان، لە سەرەتایی و دواکەوتوویی و بێ هێزی پێداویستی توانای بەکارهێنانی دەنگ و سەپاندنی ویستەکانیانە بەپێی کەرەسە شارستانییەکان. دیموکراتیزم، کە زاراوەیەکی بەربڵاوە بۆ گەیاندنی واتای بوونی ڕای گشتی کە ڕۆڵی لە دانانی ڕێوڕەسمی سیاسەتی دەوڵەتدا هەیە کە هەرگیز نەبووە و نابێتە ڕێکخستن و داڕشتنی وشە و دروشم و هەڵسوکەوتی پەرستن کە لەگەڵ ئەنجامدانیاندا، وەک نوێژ و سەڵاوات کە خۆی لە خۆیدا خێری هەیە ئەرکەکانیشیان کۆتایی دێ. دیموکراتیزم ژیانە بە پانایی و درێژی و قووڵی خۆیەوە و (دەنگدانی گشتی)یش ئەنجامێکی کۆتایی پێ هاتووی پێوەندییەکانی نێوان حکوومەت و گەلە کە بە ساکاری و بە ویستی خەڵک وەک لێدانی دڵ و سووڕی خوێن و هەناسەدان کە بە بێ خۆهەڵنان و منەت هەوا دەداتە سییەکان، بە سروشتی ئەنجام دەدرێ. ئەگەر سووڕی خوێن و هەناسەدان بکەونە بەر مەرج و ڕەزامەندی ئەم و ئەوەوە، لە ماوەی چەند دەقیقەیەکدا، زیندەوەرەکە دەمرێ. بە هەمان شێوە ئەگەر دیموکراتییەت بە هەوڵ و کۆششی بەردەوام پێچکەکانی بسووڕێن، هیچ گەلێک توانای نییە ببێتە چاودێری بەردەوامی دادپەروەری قازی و پاکژی وەزیر و دەستپاکی پۆلیس و نیشتمانپەروەری سەرباز و بە تەنگهاتنی ئاگر کوژێنەوە بۆ کەرەسەکانی.. سیستەمێکی فەرمانڕەوایی کاملّ و تەواوە حاکم و مەحکووم دەگرێتەوە و سیاسەت و فەرمانبەرێتی و کار و هەوڵی تاک و کۆ دەگرێتەوە و بە هاوئاهەنگی، وەک کارکردنی یەخچاڵ و خەباتە و ئۆتۆمبیل لەسەر بنەمای (بژی و لێگەڕێ خەڵکیش بژی) کار دەکا.

سەربەستی تەواوی لە سنووری ئەو یاسایانەدایە کە زۆرینە دایناوە و ڕێی تێ دەچێ زۆرینەیەکی دی بە پێی دیدی خۆی بۆ بەرژەوەندی خۆ بیگۆڕێ، بۆ ئاخاوتن و کارکردن تێدایە.

**سەرچاوە:**

**ڕۆژنامەی (العراق)، ١٨ی حوزەیرانی ١٩٩٤.**

# تیۆری زانین لەنێوان فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتیدا

**د. حەمید عەزیز**
**(زانکۆی سەلاحەدین - کۆلێژی ئاداب)**

١- ئەگەرچی سۆسیۆلۆژی زانین تا ڕادەیەک بابەتێکی نوێیە، بەڵام گومان لەوەدا نییە کە شان بە شانی بابەتی هزری کۆمەڵایەتی و تیۆرییە کۆمەڵایەتییەکان لقێکی گرنگی زانستی کۆمەڵایەتییە Sociology.

پێوەندی نێوان زانین و چوارچێوە کۆمەڵایەتییەکان و کۆمەڵ لەو ڕۆژەوە کە کۆمەڵ وەک پێکهاتەیەکی ڕێکوپێک پەیدابووە، هەست بە بوونی دەکرێت و ئەو پێوەندییەش شێوە و ناوەرۆکێکی دەستیاویی کاریگەری هەبووە. نە کۆمەڵ توانیویەتی دەستبەرداری پرۆسەی زانین ببێ و نەزانینیش بەبێ بوونی ئۆرگانی کۆمەڵ بەلایەن و ڕێکخراوە جۆر بەجۆرەکانییەوە لەتوانایدا هەبووە وەک بابەتێکی ڕێکوپێک پشت ئەستوور بە ڕێوشوێنی ڕوون و ڕەوانی زانستی پەیدابێ و خەت و حاڵ بدات.

ڕاستە سۆسیۆلۆژی زانین لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە وەک چەمک و بابەت لەلایەن بیرمەندی جوولەکەی نەمسایی ڤلهیلم جیروزالیم(١) بەکارهێنراوە و لەم سەردەماندا شان بەشانی لقەکانی دیکەی ئەم زانستە سەربەخۆیە خەت و خاڵی داوە، بەڵام خۆی لەخۆیدا بابەتێکە فەلسەفە و زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) توندوتۆڵ بەیەکەوە دەبەستێتەوە و لەلایەکی ترەوە چ وەک کۆیەکی چەندین بڕیار (حوکم) و بیروبۆچوون کە دەبێتە مایەی هەڵوێست نواندن وەک هۆکار و هاندەر لەچوارچێوەی پێکهاتەیەکی ڕێکوپێکی ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و لە ژیانی ڕۆژانەدا و چ وەک لقێکی بابەتێک کە بەجۆرێک لە جۆرەکانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی دادەنرێت بوونەتە مایەی

وروژاندنی چەندین کێشە لەچوارچێوەی پرسیاردا لەبارەی:
- سەرچاوەی زانین.
- سروشتی زانین.
- رۆڵی زانین لە ژیانی رۆژانەی مرۆڤ و کۆمەڵدا؟
- چۆن ئەو شتانەمان زانیوە کە ئێستا دەیانزانین؟

دەکرێت ئەم چوار خاڵە بە پوختە و جەوهەری بابەتی زانین وەک تیۆرییەکی سەربەخۆ دابنرێن، بێگومان مرۆڤ لەسەرچاوەی جیاوازەوە شت فێردەبێ و لەرێگای ئەزموون و تاقیکردنەوەی ژیانی رۆژانە لەچوارچێوەی ئەو کۆمەڵەی تێیدا دەژی شارەزایی و زانین بەدەست دەهێنێت. هەر پێنج هەست کە بە مرۆڤ بەخشراون، دیتن، بیستن، بۆنکردن، چێژتن و دەست لێدان، لەگەڵ ئەو هێزەی کە بە ژیر دادەنرێت بەرامبەر بە وشەی بیانی (ئەقڵ) ئەو دوو رێگایەن کە مرۆڤ بەهۆیانەوە شت دەزانێت.

**٢- پرۆسەی زانین.**

بەپێی ئەو زانیارییانەی لە ئەنجامی لێکۆڵینەوەی زانستییەوە بە لقە جۆر بەجۆرەکانیەوە لەبەردەستدان، زانین وەک پرۆسەیەک لە سێ لایەن پێکهاتووە:

**یەکەم**: ئەو خودە، ئەو کەسە کە شت دەزانێت. Sub-jekt

**دووەم**: ئەو شتەی دەزانرێت و پەی پێدەبرێت. Ob-jekt

**سێیەم**: کردەوە، چالاکی، پرۆسەی زانینەکە خۆی. Erkenntnis

بێگومان جگە لەلایەنی کۆمەڵایەتی و فەلسەفە چەند لایەنێکی تر لەم پرۆسەی زانینەدا بەشداری دەکەن. خۆ ئەگەر مەبەست لێرەدا ئەوەبێت، چۆن ئەم پرۆسەی زانینە بەدی دێت و چۆن زانین دەستگیر دەبێت، ئەوا بابەتەکە پتر بەلای دەروونناسیی (سایکۆلۆژی) و بوونی گشتی (ئۆنتۆلۆژیدا) دەچێت، بەڵام ئەگەر مەبەست لە بابەتەکە سروشت و چۆنێتی و جۆری زانینەکە بێت ئەوا پتر پەنا دەبردرێتە بەر بابەتی مەنتیق (لۆژیک). (٢)

ئەوی پێوەندی بە بابەتی سۆسیۆلۆژی زانینەوە هەیە، تیشک دەخرێتە سەر ئەو کارەی زانین لە دیاردە و پێوەندی و دامەزراوە هەمە چەشنە کۆمەڵایەتیەکاندا دەیکات و ئەو کارەش ئەم پێکهاتە جۆر بەجۆرە ئاڵۆز و فرە رەنگانە لەلای خۆیانەوە لە پرۆسەی زانیندا دەیکەن لەبەرچاو دەگیرێت، بەڵام لە هەردوو لایەندا نابێ ئەوەمان لە یادبچێت کە مرۆڤ وەک گیانلەبەرێکی کۆمەڵایەتی کە ناچارە لەچوارچێوەی کۆمەڵێکی دیاریکراودا بژی وەک بوونەوەرێک بە پشتیوانی ئەو ئەندام و ئۆرگان و توانایانەی سروشت ئاسا پێی بەخشراون لەم پرۆسەی زانینەدا دەست پێشخەر و کاریگەرە.

«راستە لە بوارێکی شت زانیندا ژیر (ئەقڵی) مرۆڤ دووچاری چارەنووسێکی سەخت بووە، دەبێ باری سەرشانی خۆی بەچەندین پرسیار قورس بکات، بەڵام بەپێی سروشتی تایبەتی خۆی ناتوانێت وەڵامی پڕ بە پێستی ئەو پرسیارانە بداتەوە بۆیە ناچارە سنووری هەموو توانایەکی خۆی، سنووری توانای ژیری مرۆڤ ببەزێنێ(٣) لێرەوە دەچێتە ناو باوەشی بابەتی تاریک و تەم و مژاوی سەرلێشێوانی میتافیزیکەوە.

ئەم بەزاندنی سنوورە ئەگەرچی خۆی لەخۆیدا کێشەیەکی سەختی بابەتی زانینە، بەڵام هیچ کاتێک نابێتە مایەی ئەوەی مرۆڤ دەستبەرداری پرۆسەی شت زانین ببێ، ئەگەرچی لەم رەوش و دۆخە چارەنووسسازە دووئەنجام دەکەوێتەوە کە لەگۆڕین نایەن:

**یەکەم**: جیاوازییەکی لە رادەبەدەر لەنێوان هیوا و ئاواتی مرۆڤ و هەڵکەوت و واقیع و چارەنووسدا هەیە. ئەوەی مرۆڤ دەیخوازێ و بە ئاواتیەوەتی لە سنوور بەدەرە، بەڵام توانای بەدیهێنانی ئەم ئاوات و ئامانجانەی مرۆڤ سنووردارن و لە رادەیەکی دیاری کراو بەولاوە تێناپەڕن.

**دووەم**: هەر بەم پێودانگە توانای زانینی مرۆڤ سنووردارە و لەو سنوورە تێناپەڕێ، ئەوی مرۆڤ دەیزانێ و دەرکی پێدەکات روخسار و رواڵەت و دیاردەی شتە چۆن دێنە بەرچاو و دەبیسترێن و هەستیان پێدەکرێت، بەڵام شت لەخۆیدا چی و چۆنە، پوختە و جەوهەر و هەقیقەت و راستی شتەکان چۆنن هیچ کاتێک لە توانای مرۆڤدا نییە بە تەواوەتی دەرکیان پێ بکات و بیانزانێت. ئەم پرۆسەیەش بەم جۆرە دەکەوێتەوە:

- راستییەکی گومانهەڵنەگرە کە زانین وەک پرۆسە و وەک ناوەرۆک بە شارەزایی و ئەزموون و تاقیکردنەوە (Erfahrung) دەست پێدەکات،.. ئەگەر کات

لەبەرچاوبگیرێ ناکرێ زانین لەپێش ئەزموونەوە بێت، چونکە ئەو بەم دەست پێدەکات...، بەڵام ئەگەرچی زانین بە شارەزایی دەست پێدەکات شارەزایی تاکە ڕێگای پەیدابوون و کەوتنەوەی زانین نییە(٤).

– مێشک و دەروونی مرۆڤ وەک تابلۆ و لاپەڕەیەکی سپی وان، تاقیکردنەوەی ژیانی ڕۆژانە و بیر شتی لەسەردەنووسن و شارەزایی و زانینی پێدەبەخشن. ئەو زانین پێبەخشینە بەدوو قۆناخ دەبێ کە لە چوارچێوەی دوو پرۆسەی لەیەکتری جیاواز و یەکتری تەواوکاردا ڕوودەدات:

**یەکەم**: بەهۆی هەستەکانەوە وەک کەرەسەیەکی خاو کە خۆش نەکرابێ بابەتمان پێدەگات، بەڵام ئەم بابەتانە تەنیا ڕوخسار و ڕواڵەتی خاوی مشتوماڵ نەکراوی ئەو شتانەن کە لە دەرەوەی ئێمەن، کە لە دەرەوەی مرۆڤن.

**دووەم**: مێشک یان ژیر ئەو کەرەسە خاوەی لەلایەن هەستەکانەوە هاتووە ڕێکوپێک دەکات و مشت وماڵی دەکات ئەویش بەهۆی ئەوەی لەنێو چەند چوارچێوەیەکدا کە بە چەمک kategorie ناودەبرێن دایاندەرێژێ. گرنگترینی ئەم چەمکانە (کات و شوێن)ە.

بەم پێیە شت زانین بەندە بەدوو مەرجی بنەڕەتییەوە کە یەکێکیان سەرنجدانە Anschauung کە ئەمە ئەو ڕێگایەیە ڕوخسار و ڕواڵەتی شتەکانی دەوروبەرمان دەداتە دەست ئینجا ڕۆڵی چەمکەکان دەست پێدەکات بۆ ڕێکوپێک کردنی ئەم بابەتانە لە چەند چوارچێوەیەکدا و بەندکردنیان بە چەند بنەما و ڕێوشوێن و قانوونێک. هەر ئەمە بووە مەبەستی کانت کە گوتوویەتی:

بیروبۆچوون Gedanken بەبێ ناوەرۆک بۆش و بەتاڵن و سەرنجدان بەبێ چەمک کوێر و نابینایە(٥) ئەمەش جارێکی تر ئەو دوو لایەنەی پرۆسەی کەوتنەوەی زانینی مرۆڤ پشت ڕاست دەکاتەوە کە هیچ کاتێک فام و مێشک و ژیر سەرنج نادەن، بەڵکو پتر ئامرازی بڕیاردان و ڕێکخستنن و هەستەکانیش بەهیچ جۆرێک بیرناکەنەوە، بەڵکو هەڵگر و هێنەری ناوەرۆکی هەستەکین و بە هەردوولا، کە چالاکییان یەکدەخەن دەستەبەری پەیدابوونی زانینی مرۆڤ دەکەن. بێگومان ئەم دوو ڕەنگییەی زانین و ئامرازەکانی بەدەستهێنانی زانین تیشکدانەوەیەکی ڕاستەوخۆی ئەو دەوروبەرەن کە مرۆڤ تێیاندا لەدایک بووە و پێگەیشتووە و ژیاوە.

ئەو بابەت و کەرەستە و شتانەی لەدەوروبەری مرۆڤ هەن ئیتر کۆمەڵ بێت، یان سروشت لە دوو لایەن پێکهاتوون:

– ئەو لایەنەی کە پوختە و ناوەرۆکی شتەکانیان لێ پێکهاتووە و لە ئێمە شاردراوەن و ئامرازێکی ئەوتۆمان نییە و ئەو توانایەشمان لەبەر دەستدانییە کە بەهۆیە بتوانین ئەو لایەنە بزانین، چونکە ئێمە هەر هەستمان هەیە بۆ ئەم مەبەستە پەنای بەرینەبەر ئەویش تەنیا هەر دیاردە و ڕوخساری شتمان پێدەگەیەنێ. ئەمە لایەنی ناوەوەی شتە کە دەکرێ بە جەوهەر، یان شت لە خۆیدا ناوببردێت.

– لایەنەکەی تر لایەنی دەرەوەیە کە مرۆڤ بە هەستەکان دەرکی پێدەکات، لێرەوە ڕۆڵی ژیر لە پرۆسەی زانیندا دەردەکەوێ کە بەدرێژایی قۆناغە جۆربەجۆرەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵ و شارستانیەت مایەی کێشە و بەرەو لێکۆڵینەوەی بیرمەند و شارەزاو پسپۆران بووە. تەنانەت لەکۆتایی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەورووپادا وا سەرنجی ژیر دراوە کە یەکەیەکی لەگۆڕان نەهاتووە و لەتوانایدا هەیە وەڵامی هەموو پرسیارێک بداتەوە و ئەو زانین و زانستەی لەچالاکی شیکردنەوە و لێکدانی ژیر دەکەویتەوە دەتوانێت جێگای بڕواو باوەڕ بگرێتەوە و ئەرکەکەشیان بگرێتە ئەستۆی خۆی کە بریتییە، لە دڵنیاکردنی مرۆڤ و ڕەواندنەوەی ترس و نائومێدیی. هەندێک لە ڕابەر و لایەنگرانی ئەم بزووتنەوەیە بەو جۆرە سەرنجی ڕۆڵی ژیریان داوە و گەیشوونەتە ئەو ڕادەیەی بڕوا لابەرن لەجێگاکەیدا ژیر (ئەقل) دابنێن(٦).

کەوابوو زانین جۆرە هۆشیارییەکی کۆمەڵایەتییە، چونکە مرۆڤ بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتییە و لەکات و شوێنی دیاریکراودا لەکۆمەڵێکی تایبەتی بەخۆی و ڕەگەز و نەتەوەکەی دەژیا و هەر ئەو کۆمەڵ و دەوروبەرەیە کە دەکرێ بەجیهانی بابەتییانە ناوببرێت، سەرچاوەی ئەو شارەزاییەی مرۆڤن و ئەو شتانەش کە بە تاقیکردنەوە فێریان بووە و دەیانزانێ تیشکدانەوەی کاریگەرانەی ئەو جیهان و دەوروبەرەن لە مێشک و ناخ و دەروونیدا. جیهانی دەوروبەر و کۆمەڵ کار لە مرۆڤ دەکەن و هەست و هۆش و سۆز لە ناخیدا، لە بیریدا، لەمێشکیدا دەورووژێنن، بەڵام ئەو زانینە وەنەبێ هەر لایەنێکی نالەباری هەبێ و مرۆڤیش وەنەبێ وەک ئامرازی تۆمار

کردن ئەم شتانە وەربگرێت، ڕاستە ئەم زانینانە لە دەرەوە هاتوون، بەڵام مرۆڤ بەهۆی ئەو توانایەی کە هەیەتی و ئەو ئامرازانەی شت زانین لەبەردەستیدان ئەو کەرەستە خاوەی زانین مشتومال و پوخت دەکات و جارێکی تر دایدەڕێژێتەوە تاوەکو وەک تیورییەکی ڕێکوپێکی لێدێت ئینجا جارێکی تر ئەم زانینە.. تیۆرییە بۆ کارکردن لە دەوروبەرەکەیدا بەکار دەهێنێتەوە. بەم پێیە پرۆسەی زانین پرۆسەیەکی دوو ڕەنگی و دوو لایەنییە. زانین لەسروشت و دەوروبەرەوە هەڵدەقوڵێ و بە مرۆڤ دەگات، مرۆڤ جارێکی تر بۆ گۆڕین و کارکردن لە سروشت و دەووبەر ئەم زانینە بەکاردەهێنێتەوە.

**٣- زانین و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان:**

زانین وەک جۆرێکی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی و فاکتەرێکی گرنگی پێگەیاندن و پەروەردەی کۆمەڵایەتی، لەلایەن دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە بەجۆرێکی تایبەتی کە ببێتە مایەی ڕامان و سەرنجدان هەڵسەنگێنراوە و هەڵوێست لە بارەیەوە دیاریکراوە. لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری ئایینەکان بە نووسین، لەنووسراوەکانیاندا بەجۆرێک لەجۆرەکان نەک هەر هانی فێربوون و زانین دەدەن، بەڵکو پشتگیری دەکەن کەچی لەیەکەم کتێبی ڕێکوپێک و سەرتاپاگیر و فرەڕەنگی ئایینیدا کە تەوراتی تایەفەی مووسایە، بە تەواوەتی هەڵوێستێکی نالەبار و نێگەتیڤ و پێچەوانە بەرانبەر بە زانین تۆمار کراوە. ئەم هەڵوێستە دوو ڕەنگییە لەناوخۆیدا. بە یەکتری ناکۆک چی دەگەیەنێ و چی لێدەکەوێتەوە و چۆن لێکدەدرێتەوە؟ دەبێ بۆ پاساودانی ئەم دوو ڕەنگییە پەنا ببرێتە بەر چ جۆرە شرۆڤە و ڕەواکردنێک؟!

مرۆڤ وەک بوونەوەرێکی ژیر لەو ڕۆژەوە هەستی بە بوونی خۆی کردووە هەوڵیداوە جیهانی دەرەوەی خۆی و دەوروبەر و ڕووداوە جۆربەجۆرە سەرنجڕاکێشەکان و دیاردە سروشتی و بوونەوەرە هەمە چەشنەکان و خۆی بناسێ و لەبارەیانەوە شارەزایی پەیدا بکات. بۆ بەدیهێنانی ئەم مەبەستە ئامرازی تایبەتی داهێناوە کە بە «زانین» ناودەبرێت. لەسەرەتادا، وەک سەرچاوەکان باسیان کردووە، تێبینی بەردەوامی هەستەکی دەربارەی ئەو شتانەی لەدەوروبەری ڕوودەدەن بەچاکترین ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری دەربارەی ڕوودانی دیاردە سروشتییەکان و تێگەیشتنی دەوروبەر داناوە، چونکە ئەم تێگەیشتنە و لێکدانەوەی دیاردە و ڕووداوەکان جۆرە دڵنیایی و ئاسوودەییەکی دەروونی بەمرۆڤ بەخشیوە و ترس و سڵ و پارێزەکەی تاڕادەیەک ڕەواندوونەتەوە. لە قۆناخێکی پێشکەوتووتری دواتردا، مرۆڤ توانیویەتی پەی بەو پێوەندییانە بەرێت کە ڕووداو و قەوماو و بارودۆخ و ڕەوشەکە بەیەکترییەوە دەبەستنەوە، ئەمە ئەو قۆناخ و هەڵوێستە بووە کە ڕێگای خۆش کردووە زانینی ساکار پەرە بستێنێ و بگاتە ئەو ڕادەیەی جۆرە یەکڕەنگی و یەکێتی و پێوەندی بەیەکەوە بەسترانەوەی نێوان شت و ڕووداوە جۆر بەجۆر و دیاردە هەمە چەشنەکان دەرک پێ بکات و ئینجا ئەو چوارچێوە گشتی و ڕێوشوێنانە بزانێ کە ئەم ڕووداوانە بەپێیان و بەگوێرەیان دەقەومێن و پێوەندی نێوانیان ڕەنگ دەرێژن، ئەم پرۆسەیەی زانینە و پەرەسەندنەکەشی بێگومان بۆ ئەوە بووە مرۆڤ دەستی بەسەر سروشت و دەوروبەردا بڕوات و کۆنترۆڵیان بکات بۆ ئەوەی سوودیان لێ وەربگرێت و بۆ بەدیهێنانی مەبەست و ئامانجی خۆی بەکاریان بهێنێ و بۆ ئەوەی پتر کاروباری ژیانی خۆیان پێیان ئاسانتر بکات.

ئەگەر قۆناخی یەکەمی ئەم پرۆسەی زانینە پێویستی بە سەرنجدان و تێبینی کردن و تاقیکردنەوە و ئەزموونی خودی مرۆڤ و شارەزایی ڕۆژانە هەبووبێ ئەوا قۆناخەکەی تر کە پتر پێشکەوتووتر بووە پێویستی بە توانایەکی تری بەدەستهێنانی زانین هەبووە کە ڕێکوپێکتر بووبێ، توانای بیرکرنەوەی ئەوتۆی هەبووبێ کە لەپێشەکییەوە بگاتە ئەنجام ئەم توانایە «ژیر-ئەقڵ»ی پێدەگوترێ (Intellekt)

زانین بەشێوە گشتییەکەی بریتییە لە بڕیاردان و دیاریکردنی هەڵوێست. چەمک و زاراوە و بڕیارەکان ئامرازی ئەم زانینەن. مرۆڤ ئەگەر پەی بە بابەتێک ببات و بیزانێ، ئەوا ئەو پێوەندییانە دەردەخات کە لەناو ئەو شتەدا هەیە، ئەمەش جۆرە بڕیاردانێکە ناکردن، یان ئاکردن دەبێت، لەلایەکی ترەوە ئەم بڕیارانە دوو جۆرن، جۆرێکیان بریتییە لە پێناسەکردنی شت و ئەوی تریان بەهۆی چەند ڕستەیەکەوە هەواڵ و زانین دەگەیەنن و سوود بە شارەزایی مرۆڤ دەبەخشن.

زانین چ وەک بابەت و چ وەک ئامـراز بۆ گـەیشـتنە ئامـانجی دیار و دەسـتنیـشـانکراو کێشـەیەک بووە لە کێشەکانی ژیانی مرۆڤ، ئەگەرچی بەپێی کات و سەردەم و شوێن جۆر و شێـواز و ئامـرازی توێژینەوە و دەربڕینی هەمـەچەشنە و جـیـاواز بوون، ئەوا هیچ کـاتێک وەک کێشـە، لەم سـەردەمەشـدا گەرم و گوڕی خۆی لە دەست نەداوە و بەشێکە لە چوست و چالاکی گـیـانی و هزریی مرۆڤ.

سـەرچاوەیەک لەو سـەرچاوە گـرنگ و مـێـژووییـانەی بابەتی زانینی وەک کێشە تۆمار کردبێ تەوراتی تایەفەی مـووسـایە . لە یەکـەم سـفـری تەوراتدا کـە بە سـفـری پەیدابوون ناودەبرێت باسی دوو درەخت کراوە، درەختـی ژیان و درەخـتـی زانین، لەوێدا باس کـراوە چۆن ڕەب ئادەمی ڕاسـپـاردووە کـە بۆیان هەیە لەبەری هەمـوو درەخـتـێکی بە هەشـتی عـەدەن بخـۆن تەنیـا لەبەری «درەختی زانینی چاکە و بەدکاری نەبێت» (٨)،

Baum der Erkenntnis des Guten und Bosen.

چونکە زانین لە خـۆیدا وا لەمـرۆڤ دەکـات لەخـواوەند بچێ و بەشـداریی لەخـواوەندێتی بکات، چونکە ڕەب دەزانێ لەو ڕۆژەی ئەوان لەدرەختی زانین دەخۆن «چاویان دەکرێتەوە و وەک ڕەب-یان لێ دەێ و چاکە و بەدکاری دەزانن» (تەورات بە ئەڵمانی ١:٣-٥).

حەوا بە ئاخاڤتنی ماری کردووە، سەرپێچی لە فرمانی ڕەب کـردووە و لەبەری داری زانینی خـواردووە و لەو بەرەی درەختەشی داوە بەمێردەکەی و ئیتر ڕەب غـەزەبی لێگرتوون و لە بەهەشت دەری کـردوونە دەرێ (تەورات: سفری پەیدابوون- بە ئەڵمانی ٣: ٢٤).

خـوێندنەوەی ورد و لەسـەر خۆی ئەم بەسـەر هاتە کـە تەوراتی جـوولەکـە بە ڕێکوپێکی باسی کـردووە چەند خـاڵێکی گـرنگ دەورووژێنێ کـە دەکـرێت مـایەی بایەخ پێدان بن:

**یەکەم**: تەورات وەک سەرچاوەیەکی ڕێکوپێکی ئایینی زانین و کـڵـۆڵی و نەزانین و بەخـتـەوەری توندوتۆڵ بەیەکەوە بەستووەتەوە و بەرانبەر بەیەکتری دایناون.

مـرۆڤ بەئاشکرا لە سفـرەکەدا هەست بەوە دەکات کـە ئادەم و حەوا لە بەهەشتی عەدەندا بەخۆشی و بەختەوەری دەژیان، بەڵام بەخـتـەوەرییـەکـەیان بەبێ زانین بوو، هەردووکیان نەزان بوون کاتێک لەبەری درەختی زانینیان خوارد چاویان کرایەوە بۆیە ئەو سزا سەختەیان بۆ بڕایەوە کـە دەرکـردنە لە بەهەشت. باشـە بۆ دەبێ بەدبەخـتی و کلـۆڵی لەگەڵ زانیندا بخرێنە دوو تای تەرازوویەکەوە و بەرانبەر بەیەکتری دابنرێن؟! ئەمە بەڵگەیەکە ئەو دەورە ساغ دەکاتەوە کە زانین لە ژیانی مرۆڤدا دەیگێڕێت ئەگەر مرۆڤ بیەوێ بەخۆشی بژی دەبێ دەستبەرداری زانین بێت و چاوکـراوە نەبێت. زانین و چاوکـرانەوە کـە یەکـەم هەنگاوی بەمرۆڤ بوونی مـرۆڤە، چونکە دەسـتبـەرداری بەشـداربوونی مـرۆڤ دەبن لەلایەن و کـایە گـرنگـەکـانی ژیاندا گران لەسەر مرۆڤ دەکەون.

**دووەم**: ئەوی ڕێگای زانین نیـشـانی مـرۆڤ دەدات لەتەوراتدا بە فـێـڵـبـاز و نەفـرەت لێکراو دانراوە و بەچاوێک تەماشای کراوە کە وەک مار تەفرەدەر و فێڵباز و دوژمنی کوشندەیە. ئەوی لێرەدا سەرنج ڕادەکێشێت، بۆچی دەبێ ئەو کەسە، ئەو لایەنە کە ڕێگای زانینی چاکە و بەدکـاری نیـشـانی مـرۆڤ بدات بە دوژمن و مـار دابنرێت؟!

**سێیەم**: لایەنێکی تری کۆمەڵایەتی لەبەسـەرهاتەکەدا هەست پێدەکرێت کە ژنە. بەلای ئەم بەسەرهاتەی کتێبی ئاییـنی جـوولەکـەکـانەوە ئافـرەت لایەنی لاوازە لەهاوکێشەکەدا بۆیە کاری تێکراوە و تەفرە دراوە لەبەری داری زانین بخـوات، بەڵام لەلایەکـەی ترەوە هەر ئەو ژنە کە لایەنی لاوازە دەتوانێ و توانیوبەتی کار لەمرۆڤ، لە پیـاو، کـار لە ئادەم بکات و تەفـرەی بدات. ئەمـە تا چ ڕادەیەک لێک دەدرێتـەوە و پاکـانەی بۆ دەکـرێت، بەتایبەتی کە لەکتێبێکی ئایینی وەک تەوراتدا هاتبێ؟!

**چوارەم**: تەورات، پەرستنی ڕەب و گـوێڕایەڵی کـردنی فرمـانەکـانی ڕەب و ئیـتـاعـەکـردنەکـەی لەگـەڵ نەزانین بەیەکـەوە گـرێ دەدات و وەک هاوکـێـشـە و بەرانبـەر سـەرنجیـان دەدات. واتە بەپێی بەسەرهاتەکەی تەورات زانین، کـە لەوێدا بریتی بووە لەخـواردنی بەری درەخـتی زانین، سەرکێشییە لە فرمانی ڕەب!

**پێنجەم**: لەگەڵ پتربوون و گەشەکردنی زانینی مرۆڤ و وردە وردە ڕێکوپێک بوونی جۆری بیـرکـردنەوەی و ئەو هەوڵەی داویەتی بۆ لێکدانەوەی ئەو دەوروبەرەی تێـیـدا دەژیا و هەست کـردنی بەوەی کـە ویست و خـواست (ئیـرادە)ی هەیە و بە کردەوە لە ڕووداو و قـەوماوەکـانی

ژیاندا بەشداری دەکات دووجۆر، دوو قۆناخی پرۆسەی زانینی ڕێکوپێک لەچوارچێوەیەکی پێشکەوتووتردا پەیدابوون:

– زانینی هەستەکییانە، ئەو ئامرازەی بۆ ئەم زانینە پشتی پێدەبەستریّ پێنج هەستەکانن و بەهۆیانەوە مرۆڤ هەست بەو گۆڕانانە دەکات کە لە دەوروبەریدا ڕوودەدەن و چ ئەنجامێکیان لێدەکەوێتەوە و بە چ مەرەیەک دەچن.

– لایەنی دەرک پێکردنی زانینییانە کە لە ئەنجامی پەرەسەندنی مرۆڤ و کۆمەڵدا بووە بەزانینی ژیرییانە (ئەقڵ)ی و پەنای بردۆتە بەر توانای مێشک بۆ دۆزینەوەی پوختە و جەوهەری نەگۆڕاوی شت کە هۆکار و بنەمای ئەو گۆڕان و دیاردە ڕوخسارییانەن کە دەرکییان پێدەبرێت. ئەم جۆرە زانینە قۆناخێکی پێشکەوتووە کە بەهۆی تێبینی هەستەکییەوە دەستگیر نابێت.

## ٤– زانین و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی:

زانین وەک تیۆرییەکی ڕێکوپێک ئەگەرچی لەسەدەی حەڤدەیەم لە لایەن جۆن لۆک (١٦٣٢– ١٧٠٤ز) دوا ڕوخسار و ناوەرۆکی پێ دراوە و خەتوخاڵی داوە، بەڵام لەسەردەمی رووناکبیرییەوە ڕابەرانی زانستە کۆمەڵایەتییەکان بەرێباز و ئاراستە و بۆچوونە جیاجیاکانیانەوە هەستیان بە گرنگی و بایەخی زانین کردووە لە پرۆسەی گۆڕان و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵایەتیدا بەتایبەتی و لە زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی)دا بەگشتی. لەو ڕوانگەیەوە کە کۆمەڵ سەرچاوەی لەبن نەهاتووی بێگەردی زانینە، دەکرێ جارێکی تر بە گیانی کۆمەڵاتییانە زانین شرۆڤە بکرێت و بۆ مەبەستی کۆمەڵایەتیانە هەر لە لێکدانەوەی دیاردە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا دەگاتە پێگەیاندن و گۆڕانە کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵ سوودی لێوەربگرێت، بۆیە دەکرێ و بگوترێت سۆسیۆلۆژی زانین ئەو لقەی هۆشیاری کۆمەڵایەتیەیە کە لە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتییەوە لەلایەن زانستی کۆمەڵایەتی (سۆسیۆلۆژی) لێوەی دەکۆڵرێتەوە بۆ ئەوەی بنەما کۆمەڵایەتییەکانی زانین دەربخرێن و روون بکرێنەوە چۆن ئەم زانینە بابەتێکە لە کۆمەڵ و ژیانی کۆمەڵایەتییەوە لەکات و شوێنی دیاریکراودا سەرچاوە دەگرێت و جارێکی تر بەشێوەیەکی ڕێکوپێککراو لە چوارچێوەی تیۆریدا بۆ چارەسەرکردنی

کێشە و گرفتە هەمە چەشنەکانی کۆمەڵ بەکاردێت و پەنای دەبرێتەبەر. ئەو سۆسیۆلۆژیانەی لەم مەیدانەدا ڕۆڵی بەرچاویان گێڕاوە، لە ئەڵمانیا و فەرەنسابوون، بەتایبەتی:

– کارل مارکس و کارل مانهایم لە ئەڵمانیا.

– ئەمیل دورکهایم لە فەرەنسا و چەندانی تر.

**سەرچاوە:**

**١– معتوق، دكتۆر فردريک، تطور علم الاجتماع المعرفة من خلال تسعة مؤلفات أساسية. دارالطليعة بيروت ١٩٨٢، ص٥ (تمهيد)**

**2- Wolf, kurt H., k.Mannheim in seinen Abhand Lungen bis 1933. In: Manheim, Wissenssozialogie Auswahl aus dem werk. Luchterband.. S. 26.**

**3- Kant, Immanuel., Kritik der reinen Vernunft. Felix Meiner Verlag Hamburg. Vorrede (A VII). S.5.**

**4- Kant, I., Ebenda. B I. 10. S.38.**

**5- Kant, I., Ebenda. B 76. A51-10.**

**٦– رايشنباخ، هانز، نشأة الفلسفة العلمية. ترجمة: الدكتور فؤاد زكريا– القاهرة– ١٩٦٨، ص٥٠ فما بعد.**

**7- Schlick, M.,. All gemeine Erkenntnis Lehre Stw 269.**

**8- Die Bible, Erster Teil. Das alte Testament (2:17).**

# کەسێتی منداڵ لە تیۆری گەشەی سیگمۆند فرۆیددا

سەعید محەمەد نوری*

### چەند وێستگەیەک لە ژیانی فرۆید
### (١٨٥٦- ١٩٢٩)

لەساڵی ١٨٥٦ز لە (چیکۆسلۆڤاکیا) لەدایک بووە. لە پاش تەمەنی چوار ساڵی لەگەڵ خێزانەکەیدا بۆ (ڤینا) گواستراوەتەوە.

خێزانەکەی فرۆید لە تەمەنی منداڵی و هەرزەکاریدا باری ئابوورییان باش نەبوو. شارەزاییەکانی سەردەمی منداڵی فرۆید کاریگەری لەسەر دارشتنی تیۆرەکەی هەبوو؛ بۆیە دەڵێت: شارەزاییەکانی ڕابردوومان کاریگەری لەسەر کەسێتیمان و چۆنیەتی ڕوانینمان بۆ جیهان هەیە».

باوکی فرۆید تا ئاستێکی زۆر توند و خۆسەپێن بووە، بۆیە توێژەران لەو باوەڕەدان کە وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەم مامەڵەیە، هەستێکی دوولایەن لەلای فرۆیدی منداڵ دروست بوو لە ترس و خۆشەویستی بەرانبەر بە باوکی، بەڵام دایکی زۆر خۆشی دەویست و پارێزگاری لێ دەکرد و زۆر جار دەیگوت: «ڕۆژێک دێت فرۆید دەبێتە پیاوێکی بەناوبانگ لە جیهاندا».

زۆربەی توێژەران لەوباوەڕەدان کە باوەڕ بەخۆبوون یەکێک بووە لەو خاسییەتە سەرەکییانەی کە بەدرێژایی تەمەن هاوڕێیەتی فرۆیدی کردووە، بۆیە لەم بوارەدا دەنووسێت: «باوەڕ بە سەرکەوتن، بەدیهێنەر و وەدەستخەری سەرکەوتنی ڕاستەقینەیە».

هەر لە منداڵییەوە فرۆید ڕێژەیەکی بەرزی لە زیرەکی پێوە دیاربوو، لەم بوارەشدا باوانی یارمەتیدەری بوون لە گەشەپێدانی ئەو زیرەکی و توانستە بێ سنوورانەی. بۆیە ژوورێکی بچووکیان بۆ فرۆید فەراهەم کردبوو، کە جێگای یەک کورسی و مێزێک و شوێنکی خەوتنی هەبوو. کە

فرۆید زۆربەی کاتەکانی تێدا بەسەر دەبرد و هەر لەوێش نانی خۆی دەخوارد، بۆ ئەوەی کاتەکانی بە فیرۆ نەڕوات و لە ژوورەکەیدا یەک گڵۆپی (لۆکس) غازی هەبوو، لەکاتێکدا هەموو خێزانەکە مۆمیان بۆ ڕووناک کردنەوە بەکاردەهێنا.

ساڵێک بەر لە تەمەنی یاسایی خۆی فرۆید چووە قوتابخانەی ناوەندی و یەکێک بوو لە قوتابییە یەکەمەکانی پۆلەکەی خۆی، جگە لە زمانی عیبری و ئەڵمانی؛ زمانی لاتینی و فەرەنسی و ئینگلیزیشی بە باشی دەزانی و بە هەوڵدانی خۆی فێری زمانی ئیتالی و ئیسپانیش بوو، یەکێک بوو لە عاشقانی زمانی ئینگلیزی و هەر لە تەمەنی (٨) ساڵانەوە چیرۆکەکانی (شکسپیر)ی دەخوێندەوە.

فرۆید لە پاریس لەسەر دەستی پزیشکی دەروونی (شارگۆت Charcot) شارەزاییەکی باشی لە بارەی خەواندنی موگناتیسییەوە پەیدا کرد. لەدواییدا توانی ئاشنایەتی دروست بکات لەگەڵ پزیشکی بەناوبانگی نەمساوی (برویر Breuer) کە چەندان سەرکەوتنی وەدەست هێنابوو لە بواری چارەسەرکردن بەرێگای هاندان بۆ قسەکردن بە ئازادی لەسەر نیشانەکانی نەخۆشیەکانیان. کە ئەم شێوازە زۆر سەرنجی فرۆیدی ڕاکێشا و بەشێوازێکی کاریگەری زانی بۆ چوونە ناو نهێنییەکانی نەستەوە، ئەویش لە ڕێگای کارکردنێکی دوور و درێژ لەسەر ژمارەیەکی زۆر لە نەخۆش و بەدەستهێنانی ئاشنایەتی بە شارەزابوون لە تەمەنی منداڵیدا. کە ئەمە دەرفەتی بۆ ڕەخساند تا وێنایەکی یەکگرتوو (بە ڕوانگەی فرۆید) لەسەر گەشەی کەسێتی تاک و پرۆسە ژێرییەکانی دروست بکات..

لە ساڵی (١٩٠٩)دا توانی یەکەم متمانەی جیهانی بەدەست بهێنێ و بۆ ئەمریکا بانگێشت کرا بە مەبەستی پێشکەش کردنی زنجیرەیەک وانە لە زانکۆی کلارک..

توێژەران لەو باوەڕەدان کە ڕوانگەی فرۆید بۆ کەسێتی و جیهان، کاریگەربووە بەو کارەساتانەی کە پێیاندا تێپەڕ بووە لەوانەیش: تێکچوونی باری تەندروستی بەهۆی دووچاربوونی بەنەخۆشی شێرپەنجەی قورگ (وەک دەرئەنجامێک بۆ زۆر جگەرەکێشان) کە (٣٣) نەشتەرگەری بۆ ئەنجام درا و نازییەکان کتێبەکانی فرۆید و کتێبی چەند بیرمەندێکی تری وەک (ئەنشتاین)یان سووتاند، هەروەها شکاندنی حورمەتی ماڵەکەی و دەستگیرکردنی کچەکەی (ئانا). کە ئەمەش پاڵنەرێ بوو بۆ بەجێهێشتنی نەمسا و ڕووکردنە لەندەن... جگە لەمانەش جودابوونەوەی نزیکترین و خۆشەویستترین هاوبیرەکانی (کارل یۆنگ و ئەلفرێد ئەدلەر) و بینینی ئەو کاولکاریانەی کە یەکەمین جەنگی جیهانی هێنایە کایەوە لە برسێتی و هەژاری و شەڕی ناوخۆیین لە ئەوروپادا و بینینی پرۆسەکانی بەکۆمەڵ کوشتنی جوولەکەکان لەسەردەستی نازییەکان.

فرۆید یەکێکە لە مرۆڤە دەگمەنەکانی جیهان لە ڕابردوو و ئێستادا کە خاوەن هزرێکی جیهانی بوو وەک (شکسپیر و گۆتە و داڤنشی). ئەم کەڵە زانایە لە شاری لەندەن و لە ساڵی (١٩٣٩) دڵە گەورەکەی بۆ دواجار لە لێدان کەوت و لەگەڵ خۆیدا یەکێک لەڕووناکترین مۆمەکانی ڕۆشەن کردنەوەی قووڵایی دەروونی مرۆڤی کوژاندەوە.

لە بارەی پێوەندییەکەی بە دەروونناسییەوە لەنامەیەکیدا کە لە ساڵی ١٨٩٥دا بۆ (لولیم فلیس) دەنووسێت:

«مرۆڤێکی وەک من ناتوانێ بەبێ ئارەزوو و ئاواتێک بژیت کە هۆگریەتی...» «من گەیشتوومەتە ئەو ڕاستییەی کە شتێک هەیە لە خزمەتیدا هیچ سنوورێک نازانم کە دەروونناسییە».

## منداڵ لە شیتەڵکاری دەروونیدا

لەکۆندا تەماشای قۆناغی منداڵی وەک قۆناغی گەورەکان دەکرا، بەکاریگەری ئەو ڕوانگە فەلسەفییەی کە دەڵێت: «منداڵ پیاوێکی گەورەیە».

ئەم ڕوانگەیە گەورەترین و زیاترین فەرامۆشی کردە خەڵاتی قۆناغی منداڵی و دووچاری زیانێکی زۆری کردەوە لە پشتگوێ خستنی لایەنی جەستەیی و دەروونیی منداڵ تا سەردەمێکی نزیک لە مێژووی گەلانی پێشکەوتوو و ئێستاش لە مێژووی گەلانی دواکەوتوو.

ئەم دیاردەیە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە گۆڕانکاری بەسەرداهات وەک دەرئەنجامێک بۆ تیۆری شیتەڵکاری دەروونی، کە هۆکاری زۆربەی گرفتە دەروونییە گەورەکانی بۆ شارەزاییە دەروونییەکان گەڕاندەوە کە تاک پێیاندا تێپەڕبووە لە قۆناغی منداڵیدا (بەتایبەتی شارەزاییە سێکسییە سەرنەکەوتووەکان و

ململانێیە دەروونی و چەپێندراوەکان)

گرنگترین خاڵێک کە پێویستە ئاماژەی بۆ بکرێت؛ ئەوەیە کە بایەخدان بە قۆناغی منداڵی لەبەر خاتری چاوی کاڵی منداڵ نەبووە، بەڵکو دەرئەنجامێک بووە بۆ لێکۆڵینەوە لە گرفتە دەروونییەکانی گەورەکان.

سەرباری ئەوەی کە فرۆید بۆ خۆی لەدەروونی منداڵی کۆڵیوەتەوە، وەک لە حاڵەتی «هانسی بچووک»دا، بەڵام ئەم دەست پێشخەرییە تا ساڵانێکی دوور و درێژ، دەستەوەستان بوو لە گۆڕینی ڕوانگەی بایەخدان بە منداڵی گەورە بۆ منداڵی منداڵ لە کاتی خۆیدا، بەڵام لەگەڵ هەموو ئەم لایەنانەشدا تیۆری شیتەڵکاری بە هەموو لق و پۆپەکانییەوە پاڵنەری سەرەکی و ئیلهام بەخش بوون بۆ ئاراستەکردنی ڕوانگەی بەرەو ژیانی دەروونی منداڵ و کاریگەری ئەم قۆناغە لەسەر پێکهاتەی کەسێتی چ بە ئاراستەی پێگەیشتن و دروستبوونی، یان بە ئاراستەی ڕێگری و تێکچوونی.

لەگەڵ ئەوەی کە زۆرێک لەبیرمەندانی بواری سایکۆلۆژیا بەرەنگار دەوەستنەوە لە بەرانبەر تیۆرەکەی فرۆید و بەگومانن لەناوەڕۆک و شێوازی کۆکردنەوەی زانیاری و کاریگەری ئەم شێوازە لە کۆکردنەوەی زانیاری لە بواری چارەسەرسازیدا، بەڵام ئەوەی کە فرۆید جەختی لەسەر کردەوە بووە هۆی سەرنج ڕاکێشان بۆ قۆناغێکی گرنگ و کاریگەر، ئەم ڕوانگەیەش لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا گەشەی سەند، کە بە بڕوای توێژەران شۆڕشێکی بنچینەیی بوو لەبواری پزیشکی و پەروەردەییدا، کە زیاتر خۆی لە بڵاوبوونەوەی نۆڕینگا و بنکەی ڕێنمایی دەروونی تایبەت بە منداڵان و فراوان بوونی پسپۆڕی پزیشکی دەروونی منداڵان و پاشان پەیدابوونی دەزگای چاودێری و توێژینەوە لە منداڵدا دەبینێتەوە، کە ئەمەش لە کۆتاییدا بووە هۆی پاڵنەری گۆڕانی ئاراستەی کۆمەڵ بەگشتی بۆ چاودێریکردنی قۆناغێکی منداڵی لە هەموو لایەنەکانییەوە.

**«تیۆری گەشەی دەروونی- سێکسی لای فرۆید»**

فرۆید لەتیۆرەکەی خۆیدا گریمانەی ئەوەی کرد کە مرۆڤ لەگەڵ لە دایک بووندا توانایەکی ڕەمەکی بنچینەی هەیە کە ناوی (لبیدۆ Libido)ی لێ نا. کە ئەم وشەیە لە تیۆری گەشەی ژیانی سۆزدارییەوە خواستراوە.

لبیدۆ لەلای فرۆید لە پێکهاتەیەکی سێکسی بەهێز پێکهاتووە، بەڵام پێناسەی فرۆید بۆ سێکس فراوانە و هەموو هەست و ویست و چێژەکانیش دەگرێتەوە.

وەک دەرئەنجامێک بۆ ئەو مانا فراوانەی کە فرۆید و (هەندێک لە زانایانی بواری سایکۆلۆژیاش لەگەڵیدا هاوکۆکن) بە چەمکی سێکسی بەخشی، گریمانەی ئەوەی کرد کە سێکس لەقۆناغی هەرزەکارییەوە دەست پێ ناکات، بەڵکو لەگەڵ سەرەتای لەدایک بوونەوە دەست پێ دەکات و بەپێی تێپەڕبوونی تەمەن گەشە دەکات.

فرۆید لەو باوەڕەدا بوو کە ئەم توانا ڕەمەکییە (لبیدۆ) لە هەندێک بەشی جیاواز لە جەستەی مرۆڤدا خۆی دەخاتە ڕوو بەپێی قۆناغە جیاوازەکانی گەشەی دەروونی- سێکسی، کە دابەشی کردۆتە سەر پێنج قۆناغی سەرەکی. کە هەرە گرنگترینیان پێنج ساڵی یەکەمە، چونکە بە باوەڕی فرۆید بناغەی کەسێتی مرۆڤە لە داهاتوودا و وروژاندن و گرژی لە جەستەدا بە باوەڕی فرۆید دەکرێت خاڵی بکرێتەوە لە ڕێگای چەند کردارێکی وەک پەنجە مژین و خواردن و دەست پێداهێنان، چونکە ئەم بەشانە لە جەستە بەپێی ئەم ڕوانگەیە هەستەوەرن و ئەم کردارانەش یارمەتیدەرن بۆ تێربوون و هێوربوون و دامرکاندنەوە، بۆ نموونە خواردن دەبێتە هۆی دامرکاندنەوەی هەستەکان و گەیاندنی ئەو ئەندامە بەچێژ.

**لە گرنگترین و سەرەکیترین پێکهاتە جەستەییە هەستەوەرەکان ئەمانەن:**

١- دەم.
٢- کۆم.
٣- ئەندامەکانی زاووزێ

ئەوەی کە پێویستە وەک فرۆید ئاماژەی بۆ دەکرد، ئەوەیە کە جیاوازی هەیە لەنێوان ئەو چێژەی کە لە دەرئەنجامی وروژاندنی ئەم ئەندامانەوە دروست دەبن، لەگەڵ ئەو چێژەی کە لە دەرئەنجامی تێرکردنی پێویستییەکانی ژیانەوە بەرجەستە دەبن. بۆ نموونە پەنجەمژین و دەستپەڕ دەبنە هۆی خامۆش کردنی گرژی، بەڵام یەکەمیان نابێتە هۆی تێرکردنی برسێتی و دووەمیش خزمەتی سێکس ناکات.

بەشە هەستیارەکان گرنگی و کاریگەری گەورەی لە گەشەی کەسایەتی هەیە، چونکە سەرچاوەی یەکەم و گرنگە بۆ وروژاندن و لەڕێگایەوە منداڵ هەوڵ دەدات بۆ بەدەستهێنانی تاقیکردنەوەی گرنگ لە بواری لەزەتدا،

زیاتر لەوەش ئەو کردارانەی کە لایەنە هەستەوەرەکان دەگرێتەوە دەبێتە هۆکارێک بۆ ململانێی منداڵ لەگەڵ باوانیدا و لە ئەنجامدا، ئەو ڕێگری و دڵەڕاوکێیەی کە لەم نێوەندەوە دروست دەبن ئاماژە بەخشن بۆ گەشەیەکی فراوانی گونجان و گۆڕین و بەرگری و گواستنەوە و خۆ گونجان.

لێرەوە فرۆید گریمانەی تیۆرەکەی خۆی لە گەشەی دەروونی- سێکس کرد کە دەتوانین بەم شێوەیە کورتی بکەینەوە:

## قۆناغی دەمی Oralstage

ئەم قۆناغە لەسەرەتای لەدایک بوونەوە دەست پێ دەکات تا دەگاتە ساڵی دووەم، کە کۆی بایەخی پێدان و چالاکییەکانی منداڵ لەڕێگای دەمەوە دەبێت. لەم قۆناغەدا منداڵ دەمی بۆ خواردن و پشکنینی شتەکانی دەوروبەری بەکاردەهێنێت و لەدەرئەنجامدا جۆرێک لەتێربوونی لەزەت بەرجەستە دەکات لەو چالاکییانەی کە پێوەی هاوپێوەندن وەک مژینی پەنجە یا مەمەکۆتە Paci fiers.

هەستەکانی لێو و قورگ دروست دەبێت لەڕێگای بەریەککەوتنی لەگەڵ شتەکاندا، کە لە ڕێگایەوە لەزەتێکی دەمی- سێکسی دروست دەبێت، لەکاتێکدا دەبینین کە گەززەلێدان هۆکارێکە بۆ دروست بوونی لەزەتی دەمی- شەڕانگێزی، بەڵام ئەم جۆرەیان دوا دەکەوێت، چونکە پشت بە گەشەی ددانەکان دەبەستێ.

جا ئەگەر ئەو شتانەی کە دەچنە دەمی منداڵەوە ئازاراوی بێت، وەک خواردنی شتێکی تفت، یان تاڵ، ئەوە دەبینین منداڵەکە ڕاستەوخۆ ئەو شتە دەردەکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی لێ ڕزگار بکات، وەک دەرئەنجامێک بۆ ئەم جۆرە تاقیکردنەوەیە، منداڵ فێری خۆ دوورخستنەوە دەبێت لە شتە ئازاراویەکان لە ڕێگای داخستنی دەمیەوە، ئەمە لەلایەکەوەیە لەلایەکی ترەوە ئەگەر هاتو شتە بەلەزەتەکان وەک مەمکی دایک، یان مەمەکۆتە لەدەمی دەربهێنرێ ئەوە منداڵ هەوڵ دەدات بۆ گرتنی. بۆ زانیاری دەم پێنج نموونەی کار بەلای کەمەوە ئەنجام دەدات کە ئەمانەن:

- قووتدان.
- گرتن.
- گەززەلێدان.
- تفاندنەوە.
- داخستنی دەم.

بەپێی بیروڕای فرۆید هەریەکە لەم نموونانە وێنەدانەوەی شێوازیکی ڕەسەنە لە گەشەی بنەڕەتی خاسیەتێکی دیاریکراو لە کەسێتی. بۆ نموونە، نموونەی سەرەکی بەمانای شێوازی ڕەسەن دێت لەخۆ گونجاندن لە بەرانبەر تێکچوون، یان ئازاردا، کە وەک نموونەیەک خزمەتی هەڵبژاردن دەکات بۆ کەسانی تر، یان بە مانایەکی تر، منداڵ فێری جۆرێکی تایبەت لە خۆگونجان بووە کە لە هەموو هەڵوێستە هاوشێوەکاندا دووبارەی دەکاتەوە. جا ئەگەر منداڵ ئەو خواردنانەی کە لە ڕێگای دەمەوە دەیخوات بەلەزەت بوو، کە ئەمەش لەگەڵ سەرەتای برسێتیدا ڕوودەدات، ئەوە مانای وایە کە ئەو بناغەیەکی (معرفی)، یان خۆشەویستی، یان بەهێزی داناوە و لەلای خۆی هەژماری دەکات، بۆیە هەرکە هەستی بە برسێتی کرد ڕاستەوخۆ وا هەست دەکات کە وەک ئەوانی دی بەلەزەتە.

لە حەقیقەتدا ئێمە قسە لەسەر برسێتی لەپێناو مەعریفە، یان خۆشەویستی، یان هێزدا دەکەین لەسەر بنەمای ئەوەی کە شتێکە دەتوانین بیخۆین. لەگەڵ ئەوەشدا دەم لەتەک هەندێ تاقیکردنەوەدا جێگیر دەبێت کە بەهەندێ هەڵوێستی هاوشێوە دەگۆڕدرێت. زیاتر لەوەش تاقیکردنەوەکانی جەستەش دەتوانین لەو بوارەدا هەژمار بکەین، چونکە زیاتر منداڵ گرنگی بە چالاکییە جەستەییەکان دەدات وەک لە جیهانی دەرەوە. بە بڕوای فرۆید خواردن لە ڕێگای دەمەوە جگە لە نموونەیەکی ڕەسەن بۆ تەمەلوک هیچی تر نییە، هەرچی گرتنە لەپێناو جێگیربوونەوە گەززەلێدان وێنایەکە بۆ تێکدان و تفاندنەوە ڕەنگدانەوەیەکە بۆ خۆ بە گەورەزانین و لە خۆبایی بوون و ڕەتکردنەوە و داخستنی دەم مانای ڕەتکردنەوە و بێ دەسەڵاتییە، جا ئەگەر ئەم خاسێتانە گەشەیان کرد و بوون بە بەشێک لە کەسێتی تاک، یان نەبوون، ئەوە پشت بە چەندایەتی دڵەڕاوکێ و ئەو ڕێگریانە دەبەستێ کە مرۆڤ پێدا تێپەڕ بووە.

ئەو منداڵەی کە بە زۆر لە شیر بڕاوەتەوە، ئەگەری ئەوە هەیە ویستێکی توندی لەلا دروست بێت بۆ گرتنی شتەکان، بەهۆی پێشبینی کردنی بۆ هێدمەی لەدەستدانی ئەوەی لەکاتی لەشیر بڕینەوە لە دەستی چووە و لەڕێگای گۆڕین و تەسامی بۆ چەندان جۆر لە ڕەفتار، ئەوە

جێگیربوون لەسەر نموونەی ڕەسەن ئەگەری هەیە کاریگەری لەسەر ڕوانگە و ڕەفتارەکانی تاک هەبێ. بۆ نموونە ئەو تاکەی کە ڕێنمایی فەرمایشتە ڕۆحییەکانی بەشێوەیەکی سەپێندراو وەرگرتبێت، شتەکان بەتەنیا لەڕێگای دەمەوە وەرناگرێت، بەڵکو لەڕێگای ئەندامە هەستییەکانیشەوە دەبێت وەک بینین لە ڕێگای چاو، بیستن لە ڕێگای گوێچکەکانەوە، ئەمە و ڕوانگە ڕۆحییەکان ئەگەریان هەیە کاریگەری هێمایی و ڕۆحییان بۆ شتەکان هەبێت وەک لەباوەش گرتن و خۆشەویستی و مەعریفە و هێز و شتە مادییەکان.

بۆ نموونە تەماح و بەدەستهێنان لەدەرئەنجامی بەدەست نەکەوتنی خواردن یان خۆشەویستی تەواوەوە بەرجەستە دەبێت لە ساڵەکانی سەرەتای تەمەنی تاکدا. بۆ نموونە کەسی سەرمایەداری بۆیە چەوسێنەر و چاوبرسییە، چونکە هەموو ئەو شتانەی کە هەیەتی چ ماڵە، یان ناوبانگە دەرئەنجامێکە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەوەی کە دەیەوێ کە خواردنە لە دایکێک خۆشی بداتێ، چونکە منداڵ پشت بەهێزێکی دەرەکی دەبەستێ کە ئەویش دایکە، لەپێناو بەدەستهێنانی پشوو لەپاڵەپەستۆکانی دەمی، یان تێرکردنی لەزەتەکانی، بۆ نموونە دایک دەتوانێ دەست بگرێت بەسەر هەڵسوکەوتەکانی منداڵدا لە ڕێگای پێدانی خواردن لەو کاتەی کە گوێڕایەڵ دەبێت، بەڵام خواردنی ناداتێ مادام بەگوێی نەکات، بەم شێوەیە پێدانی خواردن هاوپێوەند دەبێت، بە خۆشەویستی و هاوڕێیەتی و پێنەدانی هاوپێوەند دەبێت بە ڕەتکردنەوە و ڕک لێ بوونەوە، کە بە بێگومان هۆکارێک دەبێت بۆ دروست بوونی دڵەڕاوکێ لەکاتی بەجێ هێشتنی یان ڕەتکردنەوەی لەلایەن دایکییەوە، ئەمەش دەلالەتێکە بۆ لەدەستدانی پێویستییە بە دەمییە خواستراوەکان.

جا ئەگەر هاتو بڕی ئەو دڵەڕاوکێیەی کە بەهۆی هەڕەشەکانی لەزەتە دەمییەکانی منداڵەوە بەرجەستە بووە زۆر بوو، ئەو منداڵە بەشێوەیەکی ڕوخسارەکی پشت بەدایکی و کەسانی تر دەبەستێ و ڕوانگەیەکی پشت بە خەڵک بەخشین لەلای دروست دەبێت لەسەر جیهان و لە جێی ئەوەی فێربێت بۆ خۆی پێویستەکانی دابین بکات، هەردەم پێشبینی ئەوە دەکات کە دەتوانێ بەگوێڕایەڵ بوون پێویستییەکانی لەلایەن کەسانی ترەوە بۆ تێر دەکرێت، بەڵام ئەگەر وانەبێت ئەوە هیچی دەست ناکەوێت.

## قۆناغی کۆمی Anal Stage

ئەم قۆناغە دەکەوێتە نێوان ساڵی دووەم و ساڵی سێیەم لە تەمەنی منداڵدا. کە تێیدا منداڵ زیاتر جەخت لەسەر خۆڕاهێنان بۆ پرۆسەکانی دەرهاویشتن دەکات و هەست بەجۆرێک لە لەزەت و خۆشی دەکات کاتێک کە دەتوانێ لە ڕێگای پرۆسە جیاوازەکانی دەرهاویشتنەوە خۆی لە پاشەڕۆیەکان دەرباز بکات.

فرۆید لەو بڕوایەدا بوو کە سەرچاوەی لەزەت لەم قۆناغەدا لەدەمەوە دەگواسترێتەوە بۆ کۆم، یان بەواتایەکی تر منداڵ هەست بەجۆرێک لە لەزەت دەکات کاتێک کە لە پاشەڕۆیەکان ڕزگاری دەبێت.

ئاشکرایە کە ڕزگاربوون لە پاشەڕۆوە جۆرێک لەخۆشی بەتاک دەبەخشێ بەهۆی دوورخستنەوەی سەرچاوەی ڕاڕایی، پاشان لە ڕێگای ئەو تاقیکردنەوانەی کە لەزەت دەبەخشن و دەبنە هۆی کەمکردنەوەی ڕاڕایی لەڕێگای فڕێدانی پاشەڕۆوە، ئەمە شێوازێکە لە ڕەفتار کە بۆ ڕزگاربوون لە ڕاڕایی بەکاردێت کە لە بەشە جیاوازەکانی تری جەستەوە دروست دەبێت. فڕێدانی پاشەڕۆ، نموونەیەکی ڕەسەنە بۆ دەرکەوتنی هەڵچوون و تێکچوونی حەز و توڕەبوون و بەرچەکردارەکان.

بەشێوەیەکی ئاسایی لەماوەی دووەمین ساڵی ژیانی منداڵدا کردارە ڕوخسارییە پێچەوانە خۆبەخشییەکان هەڵی ئەوە بۆ منداڵ دەڕەخسێنن بۆ دەستگرتن بەسەر پرۆسەی فڕێدانی پاشەڕۆ کە بە تەوالیت ناودەبرێت. فێربوونی ئەم کارە یەکێکە لەو تاقیکردنەوە ئەستەمانەی کە منداڵ لە ڕێگای ڕاهێنانێکی زۆرەوە لەگەڵ دەسەڵاتی دەرەوە فێری دەبێت و سەرچاوەی دروست بوونی ململانێیە لەنێوان هێزە سروشتییە پاڵنەرەکان (ویست بۆ فڕێدانی پاشەڕۆ) و ڕێگرییەکانی دەرەوە و ڕاڕاییەکانی ئەم ململانێیە پێوەندی بەو کاریگەریانەوە هەیە کە ئەستەمە لە پێکهاتەی کەسێتیدا بڕوات.

بۆ نموونە ئەو ڕێگایانەی کە دایک بەکاریان دەهێنێ لە گواستنەوەی ڕوانگە تایبەتییەکانی لەبارەی ئەم جۆرە گرفتانەوە وەک پاشەڕۆ فڕێدان و پاک و خاوێنی و دەستبەسەرگرتن و بەرپرسیارەتی، تا ئاستێکی دوور بڕیار لەسەر سروشتی کاریگەری فێربوونی تەوالیت لەسەر گەشەی تاک و کەسێتی دەدەن.

ئەو کردارە توندانەی کە بۆ فێربوونی تەوالیت

بەکاردەهێنرێن، ئەگەری هەیە پێکهاتەیەکی دژ دروست بکەن بۆ دەرچوون لەژێر کۆنترۆڵ کە بە پاک و خاوێنی باش و کەشخەی زۆر و زیاد خۆ ڕێکخستن و پیسکە و بێز لێ بوونەوە و ڕێکخستنی تەرازوو و چەندان ڕەفتاری تر دەناسرێن.

بەڵام ئەگەر هاتو دایک هانی منداڵەکەی دا لەسەر پاشەڕۆژکردن. پێیدا هەڵگوت، دەبینین کە منداڵەکە بە چاوێکی بەرزەوە تەماشای پاشەڕۆکەی خۆی دەکات و لە داهاتوودا دەبینین هەوڵ دەدات بۆ ئەنجامدانی ئەو کارانەی کە بەرهەم زۆرە و دەبنە هۆی بەختەوەری خۆی و کەسانی تر...بەڵام ئەگەر هاتو زۆر جەختی لەسەر گرنگی پاشەڕۆ کردن کرد، ئەوە هەستێکی وا لەلای منداڵ دروست دەبێت کە ئەو شتێکی بە بەها لەدەست دەدات، کە ئەمەش سەرچاوەی دروست بوونی دڵەڕاوکێ و خەمۆکی دەبێت بۆی، بۆیە لە داهاتوودا هەوڵ دەدات لە دۆڕاندن دوور بکەوێتەوە بۆیە ڕەتی دەکاتەوە کە پاشەڕۆکەی خۆی بەجێ بهێڵێ، جا ئەگەر هاتو لەسەر ئەو شێوەیە جێگیر بوو، ئەوە لە داهاتوودا کەسێکی مەبەستدار دەبێت.

## قۆناغی ئەندامەکانی زاووزێ Phallic Stage

ئەم قۆناغە لە ساڵی سێیەمەوە دەست پێ دەکات تا ساڵی شەشەم لە تەمەنی منداڵدا، کە تێیدا بایەخ پێدانەکانی منداڵ زیاتر لە گەڕان بەدوای جیاوازییە فسیۆلۆژییەکاندا دەبێت لەنێوان هەردوو ڕەگەزەکە (نێر-مێ)، هەروەک چۆن پرسیار دەکەن لەسەر ئەوەی کە منداڵان لەکوێوە و چۆن لەدایک دەبن؟ هەروەک چۆن هەوڵ دەدەن بۆ ئاشنابوون بەچالاکییە سێکسییەکانی نێوان باوان. هەر لەم قۆناغەدا منداڵان ئەوە ئاشکرا دەکەن کە یاری کردن بە ئەندامەکانی زاوزێ جۆرێک لەخۆشی و لەزەتیان بۆ دابین دەکات.

بەهۆی گوێزانەوەی سەرچاوەکانی لەزەت لەکۆمەوە بۆ ئەندامەکانی زاوزێ، یاریکردن بەو ئەندامانە لە ژیانی منداڵدا ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت کە لە ڕێگایەوە دەگاتە لەزەت.

لەم قۆناغەدا گرنگترین بەش لە جەستە، ئەندامەکانی زاوزێیە، کە دەست لێدان و جووڵاندنی (دەستپەڕ) جۆرێک لە لەزەت دروست دەکات، لە هەمان کاتدا هێزێکی سێکسی بەردەوام لەلای منداڵ هەیە بەرانبەر بە باوان، کە بەهۆی هەندێ گۆڕانکاری گرنگەوە لەبابەتی هێزی پاڵنەرەوە دەست پێ دەکات.

ئەو قۆناغە گەشەیەی کە تێدا بیری منداڵی پێ بە ئەندامەکانی زاووزێ خەریک دەبێت بە قۆناغی (نێرایەتی) ناودەبرێت، لەبەر ئەوەی ئەندامەکانی زاووزێی نێر و مێ جیاوازییان هەیە، بۆیە پێویست دەکات بە کۆمەڵێک ڕووداو و گۆڕانکاری ئەم قۆناغە ڕوون بکەینەوە لەلای هەردوو ڕەگەزەکە.

## قۆناغی سێکسی نێرایەتی لەلای کوڕ

بەر لەگەیشتن بەم قۆناغە، کوڕەکە دایکی خۆش دەویست و تەقەموسی باوکی دەکرد و لەگەڵ زیاتر بوونی هێزی سێکسی لەلای کوڕ خۆشەویستی بۆ دایکی زیاتر دەبێت تا گەیشتنە ئاستی تێپەڕاندنی نامەحرەمەکان، وەک دەرئەنجامێک بۆ ئەم ویستە جۆرێک لەململانێ و ئیرەیی لەلا دروست دەبێت بەرانبەر بە باوکی. ئەم حاڵەتە سێکسییە ڕوونە لەتیۆری فرۆیدا کە بە (گرێی ئۆدیپ Odeous Complex) ناودەبرێت.

ئۆدیپ کەسێتییەکی بەناوبانگی ئەفسانەی یۆنانییە، کە تێیدا ئۆدیپ باوکی خۆی دەکوژێت و دایکی دەخوازێت. گەشەی گرێی ئۆدیپ ترسناکییەکی تازەیە بۆ کوڕ، چونکە بەردەوام بوونی لە هەستی سەرسام بوون بەدایکی بەجۆرێک لە سەرکێشی دادەنرێ، کە دەرئەنجامەکەی سزایەکی جەستەیی دەبێت لەلایەن باوکییەوە.

لەگرنگترین ئەو ترسە تایبەتیانەی کە منداڵ دەتۆقێنێ هزری برینی ئەندامەکانی زاوزێیەتی لەلایەن باوکییەوە کە بە (دڵەڕاوکێی خەساندن Castertion Anxiety) ناودەبرێت، ئەم حەقیقەتەش ئەوکات جێگیرتر دەبێت کە کوڕ پێکهاتەی سێکسی کچ دەبینێت کە ئەندامی نێرینەی نییە. بۆیە وای بۆ دەچێت کە مادام ئەو وای لێ هات، ئەوە منیش وام لێ دێت! وەک دەرئەنجامێک بۆ دڵەڕاوکێی خەساندن، کوڕ چەپاندنی ویستی لە ئەنجامدانی کاری ناشیاو، شەڕانگێزی بەرانبەر بە باوکی ئەنجام دەدات، هەر بۆیەش گرێی ئۆدیپی لەلا دەرناکەوێ، جگە لەوەش کۆمەڵێ هۆکاری تر هەن کە دەبنە هۆی لاوازکردن و هێواش بوونی گرێی ئۆدیپی لەمانەش:

- ئەستەمی تێربوونی ویستە سێکسییەکان لەگەڵ

دایکدا، هەروەک ئۆدیپ ئەنجامی دا.
- بەدی نەهاتنی ئاواتەکانی دایک.
- پێگەیشتن.

ئەمە و منداڵ کە لەدایکی هەڵدەکەندرێ، یان ئەوەتا بەخودی خۆیەوە دەگیرسێتەوە لە (تقمص) کردنی بابەتی ون بوو کە دایکە، یان بەهێزکردنی (تقمصی) بۆ باوکی ئەنجام دەدا، جا دەبێت کامیان ڕوویدات؟ ئەمە پشت بە ڕێژەی هێزی پیاوەتی و ژنایەتی وەک بەشێک لەپێکهاتەی کوڕ دەبەستێ.

## قۆناغی سێکسی نێرایەتی لەلای کچ

یەکەم بابەتی تاکی خۆشەویستی کچ جگە لە خۆشەویستی بۆ جەستەی خۆی (نەرجسیەت) دایکە، هەروەک چۆن لەلای کوڕ هەیە، بەڵام ئەم حاڵەتە زۆر جیاوازە وەک لەلای کوڕ ئەوەیە کە کچ سەلماندنی خود کە (تقمص)ی باوکە نیەتی.

هەست بە خەساندن ئەوکاتە لەلای کچ دەست پێ دەکات کە بۆی دەردەکەوێت ئەندامی زاوزێی نێرینەی نییە، بۆیە گازاندە لە دایکی دەکات بۆ ئەم حاڵەتە و هێزی پاڵنەری بەرانبەری کز دەبێت، زیاتر لەوەش دایک زۆرێک لە ئاواتەکانی کچەکەی لەکۆمەڵێ بواری تردا ناکام دەکات. بۆیە هەستی ئەو لەلای کچەکە دروست دەبێت کە دایکی خۆشەویستییەکی تەواوی پێ نەبەخشیوە، یان پێویستە لەگەڵ خوشک و براکانیدا هاوبەشی بکات لەخۆشەویستی دایکیدا.

لەگەڵ لاوازبوونی هێزی پاڵنەر بۆ دایک لەلایەن کچەوە، بەپێشترخستنی باوک دەست پێ دەکات کە ئەندامی زاوزێی و نەبوونی کچی هەیە و خۆشەویستی کچ بۆ باوکی تێکەڵاو دەبێت بە ئیرەیی و حەسوودی، چونکە ئەو ئەندامەی هەیە کە ئەو نییەتی، کە بە (ئیرەیی چۆک) دەناسرێت کە حاڵەتێکی هاوشێوەی دڵەڕاوکێی خەساندنە لەلای کوڕ.

هەردوو حاڵەتی (ئیرەیی چۆک) و (ترسی خەساندن) بریتین لە هەنگاوە سروشتییە گشتییەکان کە بە (گرێی خەساندن) ناودەبرێت.

## قۆناغی خەفەبوون Latency Period

فرۆید لەو باوەڕەدا بوو کە ئەو ماوەیەی دەکەوێتە نێوان ساڵی شەشەم و سەرەتای قۆناغی پێگەیشتن، هێزی ڕەمەکی (لبیدۆ) لەهیچ بەشێکی جەستەیدا بەدەرناکەوێت، بۆیە هیچ چالاکی دیاریکراو نییە بۆ هێزی ڕەمەکی لەلای منداڵ. ئەم قۆناغەش بەتەواوی دەکەوێتە ناو قۆناغی قوتابخانەی سەرەتاییەوە.

لەم قۆناغەدا هیچ جۆرێک لە گۆڕانکاری، یان گەشەی (سێکسی- دەروونی) دەرناکەوێت، کە ئەمەش یارمەتی منداڵ دەدات بۆ جەخت کردنەوە لەسەر کۆمەڵێ شتی کۆمەڵایەتی، یان زانستی وەک هاوڕێیەتی و ئاشنابوونی بەژینگەی دەوروبەر.

## قۆناغی ئەندامەکانی سێکسی Genital Stage

ئەم قۆناغە بەوە دەناسرێتەوە کە دەکەوێتە ناو قۆناغی هەرزەکاری، کە تێیدا چالاکییەکانی هێزی ڕەمەکی دەکەوێتە سەرئەندامەکانی سێکسی لەلای کوڕان و کچان، ئەم قۆناغەش بەبۆچوونی فرۆید کۆتایی گەشەی دەروونی- سێکسییە لەلای منداڵ کە هیچ قۆناغێکی تری گەشە ناکات.

هەر سێ قۆناغی یەکەمی لە گەشەی دەروونی- سێکسی وا تەماشا دەکرێت کە ماوەی بەر لە سێکسە و خاسیەتی دیاری پاڵنەری سێکسی لەم ماوەیەدا نەرجسیەتە. هەروەها ڕەمەکی سێکسی ئاراستە نەکراوە بۆ خستنەوەی نەوە، بەڵکو منداڵ توانای سێکسی خۆی ئاراستەی جەستەیی خۆی دەکات بەو ئیعتبارەی سەرچاوەی لەزەتە، ئەگەری ئەوەی هەیە هێزەکەی ئاراستەی دایکی، یان باوکی بکات بەو مەبەستەی کە یارمەتی دەدەن لە گەیشتن بە لەزەتی سێکسی و هەردوو مەمکەکانی دایک لە گرنگترین سەرچاوەکانی لەزەتی قۆناغی دەمین، هەروەک چۆن لە باوەش کردن و ماچ کردن و لاواندنەوەش جۆرێکە لە تێربوونی لەزەتی جەستەیی.

## ڕەمەک (غریزە) لەتیۆری شیتەڵکاری دەروونیدا

بێگومان کە لە تیۆری شیتەڵکاری دەروونیدا ڕەمەک بەشێکی سەرەکی داگیر دەکات، کە دەتوانین بەم چەند خاڵە ڕوونی بکەینەوە:

- فرۆید لەتیۆرەکەی خۆیدا کار و چالاکییەکانی مرۆڤی بەکۆمەڵێ گوزارشتی فسیۆلۆژی ڕوون کردەوە کە تێیدا جەستە کارەکانی خۆی لە ڕێگای بەکاربردن و بەرهەمهێنانی جۆرێک لە وزەی فیزیکی بەجێ دەگەیەنێ

و ئەنجام دەدات جیا لەوەش فرۆید پێشبینی ئەوەی کرد کـە تەنانەت عـەقـڵـیش بۆ ئەنجـامـدانی کـار و چالاکییەکانی خۆی وزەی فیزیکی بەکاردەهێنێت.

لەم نێـوەندەشـدا دەکرێ وزەی جەسـتەیی بۆ وزەیەکی دەروونی بگۆڕدرێ و بەپێچەوانەشەوە، بۆیە فرۆید لێرەدا جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە وزەی جەستەیی کاریگەری لەسەر چالاکییەکانی مێشک هەیە.

– دروست بوونی پێـوەندی نێـوان هەردوو جـۆرەکـە لە وزە (جەستەیی و دەروونی) بۆ خۆی بریتییە لە سنووری نێوان دەروون و جەستە لەتێڕوانینی فرۆید بۆ ڕەمەک، کەواتە ڕەمەک وێنەدانەوەیەکی تەواوی ئەو شارەزایانەیە کە لە جەستـەدا بەرهەم دێن و لەعـەقـڵـدا ڕەنگدانەوەیان دەبێت، بۆیە فرۆید دەڵێت: ڕەمەک یەکەیەکی بنەڕەتییە بۆ کەسێتی تاک، بۆیە دەتوانین بڵێین ڕەمەک پاڵنەر و هێزی جووڵێنەری کەسێتییە، هەر ئەویش (ڕەمەک) جۆر و ئاراستەی ڕەفتارەکانمان دیاری دەکات.

کەواتە ڕەمەک هێزێکی پاڵنەرە لەشێوەی هێزدا کە لە هێزێکی فیزیکی وەرگیراوە کە پێویستییەکانی جەستە بە ویسـتـەکـانی عـەقـڵـەوە گرێ دەدات. کـەواتە دەکرێ بڵـێـین پرۆسـە عـەقـڵـیـیـەکـان وێنەدانەوەی پرۆسـە جەستەییەکانن.

– کە جەسـتـە لە حـاڵـەتی پێـویسـتـیـدا دەبێت، تاک دووچاری جۆرێک لەشڵەژان و پاڵەپەستۆ دەبێتەوە، کە لەهەموو بارەکاندا ئامانجی ڕەمەک بریتییە لە تێرکردن، یان ڕازیکردنی ئەو پێـداویـسـتـیـیـانە بە ئـامـانجی کەمکردنەوەی شڵەژان.

کەواتە لەڕوانگەی فرۆیدەوە ئێمە بە بەردەوامی هەوڵ دەدەین بۆ گـەڕاندنەوەی هاوسـەنگی جـەسـتـەیی و پارێزگـاری کـردن لێی بە مـەبەسـتی دوورخـسـتنەوەی شڵەژان و پارێزگاری کردن لە جەستە. جا لەبەر ئەوەی جەسـتـەمـان بە بەردەوام لە پێویسـتیدایە، بۆیە دەتوانین بڵـێین ڕەمـەک بەدرێژایی ژیانمان کـاریگـەری لەسـەرمـان هەیە.

– فـرۆید دەڵێ: «ژمـارەی ڕەمـەکـەکـان یەکـسـانە بەو پێداویسـتـیـیە جەسـتـەییانەی کە ئەو ڕەمـەکـانە دەیان وروژێنن» ، بەڵام لەگـەڵ ئەوەشدا فـرۆید ڕەمـەکـەکـان لە دوو کـۆمـەڵەدا کـۆدەکـاتەوە بەچاوپۆشین لە ژمـارەیان کـە ئەوانیش:

أ– ڕەمەکی ژیان.

ب– ڕەمەکی مردن.

ئامانجی ڕەمـەکی ژیان پێشکەوتن و گـەشەیە و جۆری ئەو هێزە دەروونییـەی کە لە ڕەمـەکی ژیاندا دەردەکـەوێت (لبیـدۆ)یە، کە فرۆید لەو باوەڕەدایە سێکس گرنگترین بەشـەکـانی ڕەمـەکی ژیانە و هەر سـێـکس پاڵنەر و جووڵێنەری سەرەکییە، کەواتە مرۆڤ پێش هەموو شتێک بەدوای لەزەتدا دەگەڕێت لە کۆمەڵگایەکدا کە ڕێگرە لە بەرانبەر گوزارشت کردن لە پێداویستییە سێکسییەکان.

– لەهاودژی ڕەمـەکی ژیاندا فـرۆید گـریمانەی بوونی (ڕەمـەکی مـردن)ی کـرد و بە بڕوای فـرۆید پێکهـاتەی بنەڕەتی لە ڕەمەکی مـردندا شەڕانگێزییە، کە فـرۆید بە بەشێکی سەرەکی لە سروشتی مرۆڤی هەژمار کرد.

فرۆید گریمانەی ئەوەی کرد کە ویستێکی نەستی هەیە بۆ مـردن، بۆ نموونە شـتـە زیندووەکـان پێ دەگـەن و لەدوایـیـدا خـراپ دەبن و دەمـرن و دەگـەڕێنەوە بۆ دۆخە سروشتییەکەی خۆیان کە بێ گیانییە.

بە کورتی بیرۆکەی سەرەکی فرۆید لە بارەی ڕەمەکەوە بریتییە: «لە هەموو ئەو هێزە دەروونیانەی کە کەسێتی پێویستی پێیانە، ڕاستـەوخۆ لە ڕەمـەک جیـادەبێـتەوە کـەواتە ڕەمـەک وزە و پاڵنەر و ئاراسـتـە بۆ هەمـوو لایەنەکانی کەسێتی پێشکەش دەکات.

### ئاستەکانی هەست Consciousness Levels

فرۆید گریمانەی سێ ئاستی کرد لە ئاستـەکـانی هەست کە ئەوانیش هەست و پێش هەست و نەست.

فـرۆید لەو باوەڕەدا بوو کـە هەست لە هەمـوو پرۆسـە ژیرییەکان پێکدێت کە مرۆڤ کاتێکی دیاریکراو لەژیانی خـۆیدا ئەنجـامـیـان دەدات هەرچی پێش هەسـتـە ئەوە پێکدێت لەکـۆی هەمـوو یادگـارییـە هەڵگـیـراوەکـان لەعـەقـڵدا و دەکرێت زۆر بە سانایی لە ڕێگای پرۆسەی بیرکردنەوەوە بێتەوە ناو یادگای مرۆڤ.

ئاستی سێیەم نەستە کە بە بڕوای فرۆید لەو یادگاریانە پێک دێت کـە ئەگـەری ئەوە هەیە کـاریگـەریی لەسـەر بیـرکـردنەوەی مـرۆڤ و ڕەفـتـاری مـرۆڤ هەبێت و هەر ئەویش سـەنتـەری کـەسـێـتـیـیە لە تیـۆری شیـتـەڵکاری دەروونیـدا، ئەسـتـەمـە مـرۆڤ بتـوانێ بە سـانایی بیگەڕێنیـتـەوە ناو یادگـای، مـەگـەر لە ڕێگای هەندێ پرۆسـەی دیاریکراوەوە نەبێت وەک خـەون و خـەواندنی موگناتیسی، و تەداعی ئازاد بۆ ئەم یادگاریانە.

ئەوەی کە شایەنی ئاماژە بۆ کردنە ئەوەیە کە نەست بەشی هەرە سەرەکی لە عەقڵی مرۆڤ پێک دەهێنێت. بەر لەوەی کە فرۆید جاڕی بوونی نەست بدات، لە ڕێگای تێبینییە کەسێتییەکانی پێشتر ئیدراکی هزرەکەی کردبوو لە ڕابردوودا، لەو کاتەی کە بینی ئیحایە دواخراوەکان کە ئەنجامدەرانی خەواندنی موگناتیسی ئەنجامیان دابوو وەک لیبولت و برنهام.

نەست گۆڕی هەموو خەونە دواخراو و ڕەمەک و ئەو ویستانەیە کە ناکرێ لەکاتێکی دیاریکراودا ببێتە واقیع، یان ئەوەتا هاودژەی یاسای کۆمەڵگایە، یا ئەوەتا لەگەڵ واقیعدا ناگونجێ.

فرۆید لەبارەی نەستەوە دەنووسێت: هەموو ئەو شتانەی کە چەپێندراون، پێویست دەکات بەشێوەیەکی نەستی بمێننەوە، بەڵام پێویستە لەسەرەتا وابزانین کە ئەوانەی دەچەپێندرێن هەموو پێکهاتەکانی نەست نین، بەڵکو بەشێکن لەناویدا، چونکە نەست بوارێکی یەکجار فراوانتر دەگرێتەوە و پێکهاتەکانی هاوشێوەی هەندێک پێکهاتەی دەروونی سەرەتاییە. جا ئەگەر مرۆڤ خاوەنی شێوازێکی دەروونی بێت کە لە باوانیەوە بۆی ماوەتەوە وەک ڕەمەکە ئاژەڵییەکان، ئەوە ئەو شێوازە ناوەرۆکی نەست پێکدێنێت.

فرۆید بایەخێکی زۆری بەنەست داوە کە دەتوانین ئەم بایەخ پێدانانە لەو وتەیەیدا هەست پێ بکەین کە دەڵێت: «کاری ئێمە لە سایکۆلۆژیادا بە بەردەوام بریتییە لە جێگیربوون لەسەر وەرگێڕانی شێوازە نەستییەکان بۆ شێوازی هەستی، ئەم کارەش ئەو بۆشاییانە پڕ دەکاتەوە کە لە ئیدراکی مەستیدا هەیە».

فرۆید لەو باوەڕەدا بوو کە زۆرێک لە هەڵسوکەوت و ڕەفتارەکانی مرۆڤ دەکرێت تێبگەین لە ڕێگای پشت بەستن بەو ململانێیانەی کە لەنێوان ئەم سێ ئاستەی هەستدا دروست دەبن بۆ ڕوونکردنەوەی سروشتی ئەم ململانێیانە، فرۆید گریمانەی بوونی سێ گرووپی کرد لە هێز کە کەسێتی مرۆڤیان لێ پێک دێت کە ئەمانەن:

هێزی (ئەو) ID کە سەرچاوەی هێزی ڕەمەکییە کە لە سروشتیدا بە تەواوی نەستییە، کە لەسەر بنەمای لەزەت Pleasure Principle کاردەکات، کە خۆی لە وێنەی گەڕان بەدوای لەزەت و دوورکەوتنەوە لە ئازار دەنوێنێ.

بەڵام هێزی دووەم (من) EGOیە کە سروشتی هەستی و نەستییە بەیەکەوە، کە کاری سەرەکی بریتییە لە پاککردنەوەی ئەو ویستە نەستییانەی کە لە (ئەو)ەوە دەردەچن و دەست بەسەر ئەو ویستانەدا دەگرێت و جێگای گونجاو و شێوازی تایبەتییان بۆ دەڕەخسێنێت تاکو تێریان بکات. ئەو بنەمایەی کە ئەم هێزە کاری لەسەر دەکات بنەمای واقیعە Reality Principl کە وای لێ دەخوازێت بەشێوەیەکی ژیرانە دەبێت شیتەڵکاری بکات بۆ ئەو هەڵوێست و حاڵەتانەی کە مرۆڤ لەژیانیدا دووچاریان دەبێتەوە بە مەبەستی چارەسەرکردنیان. هەرچی هێزی سێیەمە لەکەسێتی مرۆڤدا کە خۆی لە ویژدانی مرۆڤدا دەنوێنێ فرۆیدە ناوی «منی باڵا» SUPEREGO ناوی دەبات، کە پێکدێت لەو بەها ڕەوشتیانەی کۆمەڵ کە منداڵ وەریان دەگرێت لەڕێگای دایک و باوک و ئەوانی ترەوە. منداڵ لەم ڕێگایەوە فێری ئەوە دەبێت کە چ کاتێک کار ڕاست دەبێت و کەی هەڵەیە.

## میکانیزمەکانی بەرگری
## Defense Mechanisms

فرۆید گریمانەی چەمکی میکانیزمەکانی بەرگری کرد کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت لەو کاتەی هەست بکات بە پێویستی ڕێکخستنی ویستەکانی (ئەو)، یان لەو کاتەی کە هەست بکات بە پێویستی دەربڕینی هێزە ڕەمەکییە کەڵەکە بووەکان، یان لەکاتی هەست کردنی بە پێویستی پارێزگاری کردن لە (من) بەرانبەر ئەو مەترسییانەی کە دووچاری بووەتەوە.

واتا ئەم میکانیزمانە یارمەتی مرۆڤ دەدەن بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ ململانێیە دەروونییەکاندا کە بەرەنگاری ژیانی بوونەتەوە لە دەرئەنجامی مامەڵەکردنی لەناو کۆمەڵگەدا. لە هەرە بڵاوترینی ئەم میکانیزمانە چەپاندنە Repression، کە بە زۆری مرۆڤ لەکاتی هەست کردنی بە ئازار پەنای بۆ دەبات کە ئەم میکانیزمە لە کەمکردنەوەی کاریگەری شارەزاییە ئازاراوییەکان و ئەو ویستانە هاوکاری دەکات کەناتوانین لەکاتێک لەکاتەکاندا بەدیبیان بهێنین هەروەها دەفن کردنیان لە نەستدا.

دوو جۆر لە چەپاندن هەیە:

- چەپاندنی سەرەکی خراپ.
- چەپاندنی باش.

چەپاندنی سەرەکی ڕێگا دەگرێت لە هەڵبژاردنی بابەتی ڕەمەکی کە هەرگیز هەستی نەبووە تا ببێتە هەستی و دەبێتە هۆی دروستکردنی ڕێگر بەشێوەیەکی سروشتی بۆ هەڵگرتنی بەرپرسیارەتی لە پارێزگاری کردن لە بەشی باڵا لە پێکهاتەکانی خودی نزم (ئەو)دا بەشێوەیەکی نەستی و بەشێوەیەکی تا هەتایی، ئەم جۆرە لەچەپاندن هۆکاری پەیدابوونی لای تاک بۆ شارەزاییە ئازاراوییەکانی مرۆڤ دەگەڕێتەوە.

هەرچی چەپاندنی باشە، ئەوە بریتییە لەوەی کە خود (من) دەتوانێ لەگەڵ سەرەتای بیرکردنەوە لە مەترسی مامەڵە بکات کە لەگەڵ هێزە پاڵنەرەکانی (ئەو) لەسەر ڕەفتار، یان ئەو هەستەی کە بەشێوەیەکی باش چەپێندراوە، یان دەتوانین بڵێین بریتییە لەو چەپاندنەی کە بە سانایی دەتوانێ چەپێندراوەکان بگرێتەوە ناو هەست و بەرەنگارییەکیش لە دژی مەترسی لەناو هەستدا دروست دەکات بەرانبەر هەموو شێوەکانی بەرگریدا.

لەگەڵ ئەوەی کە چەپاندن پێویستە بۆ گەشەی کەسێتی تەندروست و تا ئاستێکی دیاریکراو لەلایەن هەریەکە لە ئێمەوە، بەڵام هەندێک کەس هەن بەشێوەیەکی زۆر بۆ دوورخستنەوەی ڕێگایەکانی دیکە پشتی پێ دەبەستن بە مەبەستی خۆ گونجاندن و پاڵنانی بۆ هەڕەشە، بۆیە بەوکەسانە دەگوترێت چەپێنەرن، کە هەموو پێوەندییەکانیان بەجیهانەوە دیاریکراوە و هەستێکی وا دەردەخەن کە ئەوان هەڵگەڕاوەن، یان (نکوص)یان کردووە و هەردەم بێزار و بە ئاگا و توندن، هەموو کات بێ دەنگن و جووڵاندنەوەکانیان ڕۆبۆتییە، زۆرێک لە تواناکانی خۆیان بە مەبەستی دروست کردنی زۆرێک لە جۆرەکانی چەپێندراوەکانیان بەکاردەهێنن، جگە لەوەش هیچ شتێکیان نییە لەپێناو لەزەت و خۆشی و دروست کردنی پێوەندی بەرهەمدار لەگەڵ خەڵک و دەوروبەردا.

پاڵنەری ڕەمەکی سێکسی لە قۆناغی هەرزەکاریدا بەشێوەیەکی بەرچاو زیاد دەکات کە زیاتر دەبێت لەو ئامادەییەی کە تاک هەیەتی لە قۆناغێکی منداڵی، بۆ نموونە لەبن حاڵەتی بێزار و زۆر، تاک پاڵنەرەکانی شەڕانگێزی دەچەپێنێت، کەدەکرێت شەڕ کارێکی توند بێت، لەوکاتەی کە دیواری چەپاندن دەڕووخێت، ئەوە بێگومان دەبێتە هۆی دروست بوونی ڕاڕایی زۆر لەلای تاک کە زۆرجار لەدەرەوەی سنووری هێزەوەیە، ئەمەش ئەوکاتە ڕوودەدات کە منداڵ وەڵامدانەوەی دەبێت لەوکاتەی کە ڕێگای پێ دەدرێت بۆ دەرچوون لە قوتابخانە.

ئەو منداڵەی کە دوژمنایەتی خۆی لە دژی باوانی چەپاندووە، ئەگەری هەیە لە تەمەنی لاوێتیدا بەشێوەی هێمایی گوزارشتی لێ بکات، ئەویش لە ڕێگای گوێنەدان بە یاسا، یان دژایەتی کردنی دابونەریت و بەهاکانی کۆمەڵ و لە هەندێ کاتدا دەکرێ دەست بگیرێت بەسەر ئەو ویستانەی کە هەڕەشە لە کەسێکی مرۆڤ دەکەن، لەڕێگای پێکهاتنی پێچەوانە، یان دژی Re-action for mation، بەشێوەیەک کە مرۆڤ پەنا بۆ جۆرێک لە ڕەفتار دەبات کە پێچەوانەیە لەگەڵ ئەوەی کە ویستەکانی پاڵی پێوەدەنێن.

ڕەمەک و هاوشێوەکانی دەکرێت بەشێوەیەکی دووانەکی ڕێک بخرێت وەک ژیان لە دژی مردن، و کار لە دژی تەمبەڵی، و خۆسەپاندن لەدژی ملکەچی... جا لەو کاتەی کە یەکێک لە ڕەمەکەکان دەبێتە هۆی دروست بوونی دڵەڕاوکێ، ئەویش لە ڕێگای پاڵەپەستۆ خستنەسەر (من)، یان بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ، یان ناڕاستەوخۆ ئەویش بەهۆی (منی باڵا)ەوە، ئەوکات دەکرێت خود پاڵنەری بێزارکار دانێت لەلایەک و جەخت بکاتە سەر دژەکەی لەلایەکی دیکەوە.

بۆ نموونە ئەگەر هەست بە ڕک لێ بوونەوە بەرانبەر بەکەسێک هۆکاربێت بۆ دڵەڕاوکێ، ئەوە «من» ئەگەری هەیە خۆشەویستییەکی زۆر بخاتە ڕوو لە پێناو شاردنەوەی شەڕانگێزی، بۆیە لێرەدا دەکرێت بڵێین کە خۆشەویستی جێگای ڕکی گرتووەتەوە، بەڵام ئەمە ڕاست نییە، چونکە هەستی شەڕانگێزی هەیە لەژێر پێستەوە هەر بوونی، لێرەدا زۆر گونجاوە بڵێین: «لێرەدا خۆشەویستی ڕووپۆشێکە بۆ داپۆشینی ڕک و کینەکە».

ئەوکاتەی کە تاک هەست دەکات دووچاری دڵەڕاوکێ بووە بەهۆی پاڵەپەستۆ لەسەر (من) لەلایەن (ئەو) و (منی باڵا)وە، ئەوە هەوڵ دەدات بۆ کەمکردنەوەی گرانی پاڵەپەستۆی دڵەڕاوکێیەکەی، بۆیە هۆکارەکەی دەگەڕێنێتەوە بۆ جیهانی دەرەوە، بۆیە لەجێگای ئەوەی بڵێت: «ڕکم لێی دەبێتەوە» یەکێک لە ئێمە دەتوانێت بڵێت: «ئەو ڕکی لێم دەبێتەوە»، ئەم میکانیزمەش ناوی ڕمانە Prjection. کە تێیدا تاک هۆکاری هەندێ لە ڕەفتارەکانی بۆ کەسانی تر دەگەڕێنێتەوە و ڕەتی

دەکاتەوە دانی پێدا بنێت.

ڕەنگە تاک هەندێ جار شێوازی تەسامی -Sub limation بەکاربهێنێت، لە ڕێگای گۆڕینی هێزی ڕەمەکی وەک سێکس بۆ چالاکی و بایەخ پێدانی تر کە پێوەندی بە سێکسەوە نییە، وەک هونەر بە هەموو بەشەکانییەوە (وێنە- دارتاشی- خۆشنووسی- نواندن- شیعر- موزیک...تاد) و وەرزش.

یەکێکی تر لەو میکانیزمانەی کە فرۆید بە یەکێک لە میکانیزمە هەرە سەرەکییەکان هەژماری کرد جێگیربوونە Fixation. جا وەک ئاشکرایە کە گەشەی دەروونی هاوشێوەی گەشەی جەستەییە و بەشێوەیەکی یەک لەدوای یەک و بەردەوامە لە هەردوو یەکەی یەکەمی تەمەندا، بۆیە دەکرێت ئەو قۆناغانە بە ڕوونی دیاری بکرێت کە تاک پێیدا تێپەڕ دەبێت کە ئەوانیش:

- سەرەتای منداڵی (کۆرپەیی).
- منداڵی.
- هەرزەکاری.
- لاوێتی.

بەشێوەیەکی ئاسایی تاک لە قۆناغێکەوە دەگوازرێتەوە بۆ قۆناغێکی تر بەپێی تێپەڕبوونی بەنێو زەمەندا، بەڵام لە هەندێ بیروڕای کاتدا بەپێی فرۆید گەشە دەوەستێت، بۆیە تاک هەر لەسەر ئەو پایەیە دەمێنێتەوە کە پێی گەیشتووە. تاکی جێگیر بوو لە قۆناغێکی دیاریکراو ئەگەری هەیە لە چوونە ناو قۆناغی داهاتوو بترسێت، چونکە تێیدا هەست بە ترسناکی و مەترسی دەکات، بۆ نموونە زۆرجار دەبینین کە منداڵان لەگەڵ سەرەتای ڕۆژانی قوتابخانەیان هەست بە ترسێکی زۆر دەکەن. هەروەک چۆن دیداری یەکەمی هەرزەکار لەگەڵ ڕەگەزی تردا سانا نییە و قوتابی ناوەندی وخوێندکاری کۆلێژ بەچاوی پڕ لە خەم و دوودڵییەوە دەڕوانێتە ڕۆژی دەرچوونی. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی هەموو کەسێک لە ئێمە هەست بەجۆرێک هەرچەند کەمیش بێت لە ترس دەکات، لەوکاتەی کە دووچاری ترسناکی و هەڕەشەی جۆراوجۆری تازە دەبێتەوە.

هەندێک جۆر لەترس هەیە کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی خاوکردنەوەی گەشەی دەروونی گرنگتریشیان:

- نەبوونی ئاسایش.
- سەرنەکەوتن.
- سزا.

ئەگەر هەندێک لە کەسەکان وا هەستیان کرد کە «من» بەشێوەیەکی نێگەتیڤ کاریگەر دەبێت، ئەگەر هاتو هەڵوێستە ڕەوشتییەکانیان بەشێوەیەکی ڕاست و بابەتی شیتەڵ کرد، ئەوە ناچار دەبن بۆ پەنابردنە بەر شێوازی بەهانە Rationalization، ئەویش بە بەخشینی هۆکاری چاک بۆ ڕەفتاری لاواز یان نەخواستراو. بە هەمان شێوە ئەگەر کەسێک هەستی بەتووڕەیی و ناڕازی بوون کرد، دەبینین پەنا دەباتە بەر شێوازی گۆڕین -Dis placement بۆیە لە دژایەتی خۆیەوە دەگۆڕدرێت بۆ دژایەتی کردنی کەسانی تر لە دەوروبەری و ڕەنگە هەندێک کەس وەڵامدانەوەیان هەبێت بۆ ڕێگری بۆیە بۆ قۆناغی ڕابردوو دەگەڕێنەوە، ئەمەش بە گەڕانەوە -Re gression ناودەبرێت، کە تێیدا تاک پەنا دەباتە بەر چەند شێوەیەک لە ڕەفتاری سەرەتایی کە ڕەنگە لە قۆناغێکی زووتر لە ژیانیاندا هەندێک تێربوونیان بۆ فەراهەم بکات. بۆ نموونە ئەو ئافرەتە گەنجەی کە تازە شووی کردووە لەدوای تووڕەبوونی لەگەڵ پیاوەکەیدا ڕەنگە بۆ ماڵی باوکی بگەڕێتەوە کە تێیدا هەست بە ئاسایش دەکات.

## تێڕوانینی فرۆید بۆ مرۆڤ

فرۆید لەو باوەڕەدابوو کە مرۆڤیش وەک هەموو ئاژەڵەکانی تر، بە ڕەمەک و پاڵنەرە سێکسی و شەڕانگێزییەکان پاڵ دەنرێ. ئەم بۆچوونەی فرۆید زیاتر لەوەوە سەرچاوەی گرتووە کە یەکجار پەیوەست بوو بە یاسا بایەلۆژییەکانەوە.

فرۆید لەو باوەڕەدا بوو کە ئەوە ڕەمەکی سێکسییە کە دەسەڵاتێکی گەورەی هەیە بەسەر تاک و نەتەوەکانەوە، لە زۆربەی کاتەکاندا مێژووی گەلان، بە سەرکێشە سێکسییەکانی سەرکردەکانییەوە پشت بەست بووە.

هەرچی پێوەندی هەیە بەشەڕانگێزییەوە، لەلای فرۆید، لە ڕەفتاری مرۆڤەکاندا ئەوە پەیوەستە بە تێبینییەوە، لەکاتێکدا کە ڕاڤەی بۆ تێبینییەکانی لەسەر ڕوانگەیەکی فەلسەفی بەندە. بۆ نموونە لە ساڵی ١٩٣٠دا فرۆید دەڵێت: «ناوەڕۆکی حەقیقەتەکان ئەوەیە کە لە زۆربەی کاتەکاندا نکوڵی لەوە کراوە کە مرۆڤەکان شەڕانگێزن» و حەز بەسۆز و خۆشەویستی ناکەن، یان زۆر بەسانایی بەرگری لەخۆیان دەکەن لەکاتی بەرەنگاربوونەوەیان لەگەڵ مەترسییەکانی دەرەوەی، بەڵکو ئەمە دەرئەنجامی

ویستیانە بۆ شەڕانگێزییەکی یەکجار بەهێز، و شەڕانگێزی بەشێکی سەرەکی لە پێکهاتەی ڕەمەکیان پێک دەهێنێت. زیاتر لەوەش فرۆید درێژەی دەداتێ و دەڵێت: «شەڕانگێزی خۆی لە بناغەی هەموو پێوەندییە سۆزداری و ویژدانی و خۆشەویستییەکانی نێوان بوونەوەرە مرۆییەکانیدا حەشار داوە». کە لێرەدا فرۆید تەنیا پێوەندی دایک بەکوڕەکەیەوە جیا دەکاتەوە کە ڕەنگە لەبەر هۆکاری تر بێت نەک شەڕانگێزی.

بەشێوەیەکی گشتی فرۆید وێنەیەکی ڕەشبینی لەسەر سروشتی مرۆڤایەتی پێشکەش کردین، کاتێک کە جارێ ئەوەی دا مرۆڤەکانیش وەک ئاژەڵ ڕەمەک، یان پاڵنەری سێکسی دەیان جوولێنێ بە ئامانجی بەدەستهێنانی لەزەت لەسنووری سیستمێک لەهێزی فیزیکی. لەوەش زیاتر فرۆید جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە نەک هەر هەندێک لە ڕەفتارەکە، بەڵکو زۆرێک لە ڕەفتارەکانمان بەهێزێک لەدەرەوەی سنووری بەئاگاییمان دیاری کراون کە دەکەونە ژێر کاریگەری چەند یاسایەکی دیاریکراوەوە. مرۆڤەکان بە بڕوای فرۆید جگە لە بووکەڵەیەک هیچی تر نین کە یاساکانی عەقڵ و هزر لەلایان خزمەتکاری ئەو ویستانەن کە لە (ئەو)ەوە هەڵدەقوڵێن.

**سەرچاوەکان:**

**- پیش، أدغار ١٩٥٤، فروید، ترجمة تیسیر شیخ الارض. بیروت: داربیروت.**

**- هول، س- کالڤن ١٩٨٨، مبادئ علم النفس الفرویدي، تعریب دحام الکیال. بغداد: مکتبة دار المتنبي، الطبعة الثالثة.**

**- فلوجل: ج. ل. ١٩٧٩، علم النفس في مائة عام، ترجمة لطفي فطیم. بیروت: دارالطلیعة، الطبعة الثالثة.**

**- کمال، علي ١٩٨٩، النفس- انفعالاتها وامراضها وعلاجها. بغداد: دار واسط، الطبعة الرابعة، الجزء الثاني.**

**- صالح، قاسم حسین ١٩٨٦، الإنسان... من هو؟ بغداد: دارالشؤون الثقافیة العامة، الطبعة الثانیة.**

**- صالح، قاسم حسین ١٩٨٨، الشخصیة بین التنظیر والقیاس. بغداد: مطبعة التعلیم العالي.**

**(*) ماستەری هەیە لە پەروەردە و دەروونزانیدا، مامۆستایە لە زانکۆی سەلاحەدین.**

# جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کورد لە ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێکە

مارف خەزنەدار

## پێشەکی

لە ٢٢ی نیسانی ساڵی (١٩٦٨)ەوە تا ئێستا کەمو زۆر لە گفتوگۆ و چەند و چوون لەسەر ڕۆژنامەی «کوردستان- قاهیرە» بەشداریم نەکردووە و وشەیەکم لەم بابەتەوە لە دەم نەهاتۆتە دەرەوە، ئەوە ناڵێم هەندێ جار زانیاری و هەواڵی تازەم لە بابەت ئەم ڕۆژنامەیەوە دەست کەوتبێ بڵاوم کردۆتەوە. ئێستا ئەم باسەم بە ئومێدی ئەوە نووسیوە دوایی بەم گفتوگۆیە بهێنرێ، چونکە مەسەلەی «کات، وەقت، زەمەن» مەسەلەیەکی فیزیکی نیسبییە، «ئەزەل» و «ئەبەد» زۆر درێژن، گۆیا سەرەتاو دواییان نییە، «چرکە، لەحزە، سانییە (ثانیە)» ئەوەندە کورتە لە بچووکی، یان کورتیدا دەگاتە «ئەتۆم، زەڕە».

هەندێ کەس بۆ چوونیان هەبوو لە بابەت ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان» گۆیا لە ڕۆژی ٢٢ی نیسان نەبووە و لە ڕۆژی ٢١ی ئەو مانگە بووە. بۆ ئیحتیمالی ئەوەش لە ناوەوە نەبێ لە ڕۆژی ٢٣ بووە. من ئێستا و ئەوساش و هەموو وەختێک گومانم لا دروست بووە کە ڕۆژێکی (هیجری)م گوڕیبێتە سەر ڕۆژێکی (مەسیحی)، بەڵام ئەوەی بۆتە ئارامی دڵ و فیکر ئەوەیە لە چرکەیەکدا ڕۆژێک تەواو دەبێ و هەر لەو چرکەیەدا ڕۆژێکی دیکە دەست پێ دەکات.

ئەوانەی لە ڕۆژی دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان» بەشدارییان کردووە دوو خۆشەویستی زیرەک و خوێندەواری من بوون، (فەرهاد شاکەلی) لە سوێد و (عەبدوڵڵا زەنگنە) لە هەولێر. من زۆر مەمنوونیانم، چونکە لە ئاداب و نەریت و ئەتیکێتی زانستیانە نەچووبوونە دەرەوە.

بەڕاستی مەبەستی من ڕۆژنامەی «کوردستان»ە، چی تێدا بڵاو کراوەتەوە، بۆ بووە بەسەرچاوە، گرنگی چییە لە مێژووی ڕۆشنبیری کوردیدا، هەوڵ بدرێ ئەو ژمارانەی لەبەر دەست نین بدۆزرێنەوە و دەیان پرسیاری دیکە، بەڵام کێ لە قاهیرە دەری کردووە، کێ ڕۆژی ٢٢ی نیسانی دیاری کردووە و پێشنیازی کردووە ببێ بە جەژنی ڕۆژنامەنووسان، ڕۆژنامەکە لە ڕۆژی ٢٢ی نیسان بڵاو نەکرابێتەوە و لە ٢١، یان ٢٣ی بڵاوکرابێتەوە پێم وایە ئەوەندە گرنگ نییە.

پێویستە خوێنەری ئەم باسە ئاگاداری ئەوەبێ ئەو بۆچوون و زانیارییانەی لەم باسەدا بڵاوکراونەتەوە ڕێگە خۆش دەکەن بۆ تێگەیشتنی «کات، وەقت، زەمەن» لە کاتێکی دیاری کراودا چۆن لە جێیەک ڕۆژی سێ شەمووە و لە جێیەکی دیکە چوار شەمووە، یان لە جێیەک ١٥ی مانگە و لە جێیەکی دیکە ١٦ی مانگە.

لە پێناوی تێگەیشتنی ئەم باسە هەوڵم داوە تەعبیر و زاراوەی (مصطلح) زمانی ستانداردی کوردی سەرەتای سەدەی بیستەم تا پلەیەک بەکاربێنم، ئەو کاتە زمانی عەرەبی و تورکی عوسمانی کاریگەریان لەسەر زمانی کوردی زیاتر بوو.

### چۆن ژمارەی یەکەمم دۆزییەوە

لە ساڵی ١٩٦٢ کە جەردی نامەخانەی تایبەتی بەشی لێکۆڵینەوەی تورکی- مەغۆلیم دەکرد لە ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی لە شاری سانت پیترسبورگ لە ناو چەکمەجەکانی بیبلیۆگرافیا چاوم بەکارتێک کەوت بە ڕووسی لەسەری نووسرابوو «ڕۆژنامەی (کوردستان)، ئەستەموڵ، (١٨٩٨)، بە زمانی تورکی». ئیتر بزانە لەو ئانەدا چی شاگەشکەیەکی خۆشی بووە هۆی ئەوەی من خۆم بە بەختەوەرترین کەس بزانم لەسەر ڕووی ئەم زەوییە. وەکو لە ناوەڕۆکی کارتەکە دەردەکەوێ دوو هەڵەی زەقی تێدابوو، ڕۆژنامەکە لە قاهیرە دەرچووە نەک لە ئەستەموڵ، هەروەها بە زمانی (کوردی) بووە نەک بە زمانی (تورکی).

بەڵام زوو بە زوو ئەم بزە و خەندەیە بوو بە گرژی و فرمێسک لەو کاتەی بە کچە ڕووسەکەی پارێزەری نامەخانەکەم گوت، تکایە ئەم ڕۆژنامەیەم پێ پیشان دە، گوتی: ئێمە شەرمەزارین بەرانبەر خوێندەوارەکانمان، لە دوای جەنگی دووەمی گێتییەوە ئەم ژمارەیەی ڕۆژنامەکە بزر بووە، ئێمە بەرانبەریان خەجاڵەتین، پێویستە ئەم کارتە لە ناو ببرێ.

لە دوای چوار ساڵ لە هاوینی ساڵی (١٩٦٦) کە لە پشووی حەسانەوەی هاوین گەڕامەوە ئامۆژگا- ئەوکاتە بڕوانامەی بەرزم وەرگرتبوو و ببووم بە کارگەری زانستی (باحث علمي)- هەر ئەو کچەی پارێزەری نامەخانەکە پێی گوتم: مژدەیەکی خۆش، «کوردستان»ە کەی تۆ لە ناو لاپەڕەیەکی ڕۆژنامەیەکی بەرگ کراوی کۆنی تورکی عوسمانی خۆی شاردبووەوە. گوتم: دەبا بچین چاوم پێی بکەوێ. ئەم جارەش بەخت یار نەبوو. گوتی: ئەو ڕۆژە یەکێک لە کار گەرانی بەشی کوردی داوای کرد، لە پاش چەند ڕۆژێکی دیکە دەیگەڕێنێتەوە. ئەمە دیاردەیەکی سەیر بوو لەم وڵاتە و لەم دەسگا زانستییە گرنگەدا، چونکە لە هیچ جێگەیەک سەرچاوەی دەگمەنی وەکو ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە نامەخانە ناچێتە دەرەوە و نوسخە ئەسڵییەکە لە ئەرشیڤ دوور ناکەوێتەوە.

بۆ ئەم مەبەسە پەنام بۆ کارگێری ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی یووری بە درۆسیان برد. کە بە مەسەلەکەی زانی گلەیی لە کچەکە کرد و پێی گوت: هەر ئێستا برووسکەیەک بۆ ئەرمەنستان بنێرە لە ماوەی ٢٤ سەعاتدا ئەوەی ڕۆژنامەکەی بردووە بە یەکەمین فرۆکە لە یەریڤانەوە بینێرێتەوە سانت پیترسبورگ. ئەو کەسەی ڕۆژنامەکەی بردبوو کوردی ئەو وڵاتە بوو لە ئەرمەنستان دەژیا.

لە دوای دوو سێ ڕۆژ پارێزەری نامەخانەی بەشی تورکی مەغۆلی ئەو ژمارە یەکەمەی «کوردستان»ی بۆ هێنام بۆ بەشی زمانی کوردی، لەگەڵ ئەویشدا میکرۆفیلمی هەر چوار لاپەڕەی پێشکێش کردم. لە ناو لاپەڕەی ڕۆژنامەکە پاشکۆیەکی کورت هەبوو بە زمانی فەرەنسی هەندێ زانیاری تێدا بوو لە مەڕ ڕۆژنامەکەوە، وێنەی ئەو پاشکۆیەشم بە میکرۆفیلم گرت، لە حەفتاکانی سەدەی بیستەمدا بۆ یەکەمین جار لە یادێکی دەرچوونی ڕۆژنامەکە ئەویشم لە بەغدا لە ڕۆژنامەیەکی کوردیدا بڵاوکردەوە.

زانیاری لە بابەت ڕۆژنامەی «کوردستان»ەوە لە

هاوینی ساڵی (١٩٦٦)ەوە لای خۆم مایەوە تا بەهاری ساڵی (١٩٦٨)، وابوو لە ڕۆژی هەینی ١٩ی نیسانی (١٩٦٨) بە زمانی عەرەبی و لە ڕۆژی دووشەمووی ٢٢س نیسانی (١٩٦٨) بە زمانی کوردی لە ڕۆژنامەی (التآخي= برایی) بڵاوکرایەوە. بۆ یەکەمین جار نێوەندی ڕۆشنبیری و خوێندەواری کوردی گرێ کوێرەی ڕۆژ و مانگ و ساڵ و دەرچوونی ڕۆژنامەی «کوردستان»ی بۆ کرایەوە لە قاهیرە، هەروەها لەسەر پێشنیاری خاوەنی ئەم باسە لەو ساڵەوە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی هەموو ساڵێک بوو بە جەژنی ڕۆژنامەنووسانی کورد.

ئەوەی سەیر و چاوەنوارِ نەکراو بوو بۆ مێژوو پێویستە ڕوون بکرێتەوە ئەوە بوو لە یادی یەکەمی دانانی ڕۆژی ٢٢ی نیسان بە جەژنی ڕۆژنامەگەری، واتە ٢٢ی نیسانی ساڵی (١٩٦٩) بە هیچ جۆرێ یادی ئەو ڕۆژە نەکرایەوە، وەک بڵێی ئەم دۆزینەوەیە ڕووداوێکی بێ بایەخ بووە، چونکە گرێ کوێرەی ئەم ڕووداوە ڕۆشنبیرییە پیرۆزە لە ڕۆژنامەی «التآخي» بڵاوکرابووەوە، ئەو کاتە ئەو جەماعەتە گەڕابوونەوە ناو شۆڕش لە شاخدا، لە جیاتی «التآخي» ڕۆژنامەی «النور» دەردەچوو، لەبەر ئەوە ئاهەنگی جەژنە پیرۆزەی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری کوردی لە ساڵی (١٩٧٠)ەوە دەست پێ دەکات، ئەویش کەوتە دوای ڕێککەوتننامەی ١١ی مارتی ساڵی (١٩٧٠).

## چۆن بە پێی تەقویمی مەسیحی ٢٢ی نیسان بوو بە جەژنی ڕۆژنامەگەری کوردی

ڕۆژی دەرچوونی ژمارە یەکەمی «کوردستان» لەسەر لاپەرەی یەکەمیدا بەم جۆرە تۆمارکراوە «ڕۆژی پێنج شەمو ٣٠ی زولقەعدەی (١٣١٥)ی هیجری، ٩ی نیسانی (١٣١٤)ی ڕۆمی».

ماوەیەک خەریک بووم، لە پێشاندا هیجرییەکەم بە مەسیحی، پاشان ڕۆمییەکەم بە مەسیحی بەرانبەر و بەراورد کرد، لە هەردوو باردا ڕۆژی هەردوولایان ٢٢ی مانگی نیسانی گرتەوە، پاشان هیجری و ڕۆمییەکەم لە نێوان خۆیاندا ورد کردەوە، ئەوانیش ٣٠ی زولقەعدە دەبوو بە ٩ی نیسان، هەروەها ٩ی نیسانیش دەبوو بە ٣٠ی زولقەعدە. بۆ دڵنیایی خەریکی ئەم جۆرە تاقی کردنەوەیەش بووم، ئەگەر نا ڕۆژمێری هیجری قەمەری و ڕۆمیی شەمسی ڕۆژانە لە چاپەمەنی و کار و باری ڕەسمی کۆمەڵی تورکی عوسمانی بەکاردەهێنران، لەبەر ئەوە هیچ هەڵەیەک لەنێوان هیجری و ڕۆمییەکە ڕووی نەدەدا. ئەم دیاردەیە لەو کاتەدا وەکو ئەوەی ئەمڕۆ بوو لە هەندێ وڵاتانی عەرەبی بەرچاو دەکەوێ لەسەر هەموو دوکیومێنتێکی ڕەسمی ڕۆژ و مانگ و ساڵی تەقویمی هیجری و مەسیحی دەنووسرێ، لە هاوینی ساڵی ١٩٦٦ەوە تا بڵاوبوونەوەی ژمارە یەکەمی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ساڵی (١٩٦٨) لە بەغدا، بۆ دڵنیایی مەسەلەی وەرگێڕانی هیجری بۆ مەسیحی پەنام بۆ هەموو کەسێک دەبرد. لە پێشاندا لە موحازەرەکانم لە بەشی کوردی و عەرەبی ئامۆژگای ڕۆژهەڵاتناسی ئەکادیمیەی زانستی و کۆلێژی ڕۆژهەڵاتی زانستگای سانت پیترسبورگ. لە موحازەرەیەکیاندا ڕۆژی بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامەی «کوردستان»م بە پێی تەقویمی هیجری و ڕۆمی عوسمانی پێشکێش بە هەموو قوتابیان کرد بە ئومێدی ئەوەی لە موحازەرەی داهاتوودا ئەنجامەکەیم بۆ بێننەوە. هەموویان گەیشتبوونە ئەو ئەنجامەی من.

لە دوای گەڕانەوەم بۆ وڵات، دەبوو پەنا ببەمە بەر پسپۆڕێکی شارەزا و وردی لێهاتوو لەم مەسەلانە (حوسێن عەلی مەحفووز)، مامۆستای کۆلێژی ئەدەبیاتی زانستگای بەغدا بوو، سەرچاوەی ئەویش تەنیا جەدوەلە جیاوازەکانی وەرگێڕانی ساڵانی هیجری و مەسیحی نەبوو، بەڵکو بۆ ئەم مەبەستە تەسبیحێکی دەنک زۆری بەدەستەوە دەگرت و بە بزووتنەوەی دەنکەکانی دەگەیشتە ئەنجامێکی ڕاستی مەسەلەکە. لەم تاقی کردنەوەیە دەبوو یەکێکی لەگەڵدا بێ، بێ گومان شەخسی دووەمەکە من بووم. بۆ ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ئێمە سێ چوار جار حسێبەکەمان دووبارە کردەوە، ئەنجام هەمیشە ئەوە بوو ئەوەی من دەستم خستبوو.

بۆ زیاتر متمانە کردن موعادەلە ماتیماتیکییەکەمان تاقی کردەوە ئەوەی بۆ وەرگێڕانی هیجری بۆ مەسیحی و پێچەوانە بەکاردەهێنرێ، لەگەڵ ئەوەی ئەو موعادەلەیە پێوەندی بە مەسەلەکەی ئێمەوە نییە، چونکە تەنیا بۆ گۆڕینی ساڵە و بۆ گۆڕینی ڕۆژ و مانگ نییە.

## هەندێ ڕاستی لە بابەت بزووتنەوەی ڕۆژ و مانگ و جیاوازی لە نێوان تەقویمی مەسیحی و هیجری

(١) ڕۆژی تازە لە تەقویمی مەسیحی لە پاش سەعات -/١٢ی شەو دەست پێ دەکا. ڕۆژەکە ٢٤ سەعاتە تا سەعات -/١٢ی شەوی داهاتووە. واتە (٦ سەعات شەو+ ١٢ سەعات ڕۆژ + ٦ سەعات شەو). ئەمە ڕێژەییە بە پێی باکوور و باشووری گۆی زەوی و بزووتنەوەی دەگۆڕێ، چونکە لە هەندێ کەژدا لە باکووری زەوی هەندێکی زستان هەر شەوەو هەندێکی هاوین هەر ڕۆژە.

(٢) ڕۆژی تازە لە (تەقویمی هیجری قەمەری) لەگەڵ ڕۆژهەڵاتن دەست پێ دەکا تا بەیانی ڕۆژی دوایی دەکاتە ٢٤ سەعات. لێرەدا ڕۆژ کە بە هەڵاتنی خۆر دەست پێ دەکا بە کۆتایی شەو دوایی دێ. واتە (١٢ سەعات ڕۆژ + ١٢ سەعات شەو)، لێرەشدا بەپێی سووڕانەوەی گۆی زەوی کورتی و درێژی شەو و ڕۆژ دەگۆڕێ، لە ناوچەی ئێمەدا ٣ سەعات و چەند دەقیقەیەک جیاوازی هەیە لە نێوان زستان و هاویندا.

(٣) لە وڵاتی ڕووسیای یەکجار گەورە و فراوان لە نێوان ڤلادی ڤوستۆک و شاری مۆسکۆ ٨ یان ٩ سەعات جیاوازی زەمەنی هەیە، واتە ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەم لە سەعات ٤ی پاش نیوەڕۆ کە خەڵکی شاری مۆسکو چاوەڕێی ڕۆژی تازە و سەری ساڵی نوێ دەکەن لە ڤلادی ڤوستۆک ڕۆژی تازەی سەری ساڵ دەستی پێ کردووە، کەچی لە مۆسکۆ هێشتا ٨ سەعاتی ماوە. بەم جۆرە خۆر بەرەو ڕۆژئاوا دەڕوا، واتە لە دوای هەر سەعاتێک کۆمەڵێک شار و ئاوەدانی پێشوازی ڕۆژی تازە و سەری ساڵی نوێ دەکەن. لە دوای سێ سەعات لە ڕۆژهەڵاتی گرینویچ واتە مۆسکۆ ٣١ی کانوونی یەکەم تەواو دەبێ و ڕۆژی ١ی کانوونی دووەم و ساڵی نوێ دەست پێ دەکا. لە دوای ٣ سەعاتی دیکە ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەم لە ڕۆژهەڵاتی گرینویچ تەواو دەبێ ساڵی نوێ و ١ی مانگی کانوونی دووەم لە ڕۆژ ئاوای گرینویچ دەست پێ دەکا.

### تەقویمی مەسیحی و هیجری

ئەوەی تەقویمی مەسیحی داناوە ڕۆژی لە دایک بوونی عیسا پێغەمبەری دەسنیشان کردووە، ئینجا حەوت ڕۆژی خستۆتە سەر، ئەم ڕۆژەی کردووە بە یەکەمین ڕۆژی سەری ساڵ. بەم جۆرە ڕۆژی لە دایک بوونی مەسیح دەکەوێتە ٢٥ی کانوونی یەکەم، لەبەر ئەوەی عیسا بە جوولەکەیی لە دایک بووە، ئەوەی تەقویمی داناوە ڕۆژی خەتەنەکردنی (سوننەت کردنی )کردووە بە ڕۆژی سەری ساڵ.

ئەم تەقویمە لەسەر بزووتنەوەی خۆر دانراوە بۆ ڕۆژی لە دایک بوون. هەندێ لە مەسیحییانی ڕۆژهەڵات لە هیندستان و چین و ڤێتنام و ژاپۆن و جێگەی دیکە ڕۆژی لە دایک بوونیان لەسەر بنچینەی بزووتنەوەی مانگ داناوە، لەبەر ئەوە ئەمانە لە کاتێکی دیکە پێشوازی جەژنی لە دایک بوونی مەسیح دەکەن.

ئەم تەقویمە لە ڕووی زەمەنەوە (کات، وەقت) لە زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستاوە دەست پێ دەکا، بەڵام پاشان لە ڕۆژگارێکی دیکەدا تەقویمەکە ڕێک خراوە، چەند جارێکیش دەستکاری و چاکسازی تێدا کراوە، دوا سیغەی بە «تەقویمی مەسیحی گریگۆری» ناسراوە. ئێستا ئێمە لە ناو ساڵی ٢٠٠٧ی ئەم تەقویمە دەژین.

لە ڕۆژێک لە ڕۆژانی ساڵی (٦٢٢)ی مەسیحی محەمەد پێغەمبەر لە مەککەوە هیجرەتی کردووە بۆ مەدینە. دوایی ئەو ڕۆژە کراوە بە ڕۆژی یەکەمی دروست بوونی تەقویمی هیجری. بەم جۆرە ساڵی یەکەمی هیجری دەکەوێتە نێوان هەردوو ساڵی ٦٢٢/ ٦٢٣م.

هەروەها ساڵی (١٤٠٠)هـ دەکەوێتە نێوان (١٩٨٠/ ١٩٨١)م.

ڕۆژی تەقویمی مەسیحی لە نیوەشەوەوە دەست پێ دەکا، واتە ماوەیەک شەوە، پاشان ماوەیەکی درێژ ڕۆژە، ئینجا ماوەیەکی دیکە شەوە، کەچی تەقویمی هیجری لە هەڵاتنی خۆرەوە دەست پێ دەکا، ئەمەیان ڕۆژە، لە پاشانا شەو، لە کۆتاییدا کە خۆر هەڵدێتەوە ڕۆژێکی دیکە دەست پێ دەکا. بەم جۆرە لە تەقویمی مەسیحیدا ڕۆژی تازە لە نیوەشەو دەست پێ دەکا، کەچی لە تەقویمی هیجری لەگەڵ خۆرهەڵات دەست پێ دەکا.

نویشکی ئەم زانیارییانە لە تەقویمی مەسیحی ئەوەیە ڕۆژ لە نیوەی شەو دەست پێ دەکا و لە نیوەی شەوی داهاتوو کۆتایی دێ، لە تەقویمی هیجری لە خۆرهەڵات دەست پێ دەکا و لە خۆر هەڵاتی داهاتوو کۆتایی دێ.

منداڵێک ئەگەر لە سەعات-/ ٣ی پاش نیوەشەو لە دایک ببێ بەحسێبی هیجری ژمارەی ئەو ڕۆژەی بۆ دادەنرێ کە خۆری هەڵاتووە، بەڵام بە پێچەوانەوە لە تەقویمی مەسیحی ژمارەی دوای ئەو ڕۆژەی بۆ دادەنرێ،

واته وا حسێب دەکرێ ئەو کاتە سەعات ٣ی ڕۆژە تازەکەیە.

پێوەندی لە نێوان تەقویمی مەسیحی و هیجری لە جەدوەلی وەرگێڕانی ڕۆژ و مانگ و ساڵی هیجری بۆ مەسیحی، یان پێچەوانەوە بەم جۆرەیە:

لەبەر ئەوەی ڕۆژانی ساڵی هیجری بە ژمارە لە ساڵی مەسیحی کەمترن، بە زۆری هەموو ساڵێکی هیجری دەکەوێتە ناو دوو ساڵی مەسیحییەوە، لەبەر ئەوە ئەگەر ڕۆژ و مانگی ساڵی هیجری نەزانرێ ناتوانرێ ڕۆژ و مانگی مەسیحییەکە دیاری بکرێ، ئەمە زۆر جار گیروگرفت دروست دەکا.

لەم ماوەیەدا ئەو ساڵە هیجریانە دیاری دەکرێن کە دەکەونە ناو ساڵێکی مەسیحییەوە. لە سەرەتاوە، واتە ساڵی یەکەمی هیجری تا ساڵی ١٥مین هەموویان دەکەونە ناو دوو ساڵی مەسیحییەوە. ساڵانی ١٦، ١٧، ١٨، ١٩ ھ دەکەونە ناو ساڵانی ٦٣٧، ٦٣٨، ٦٣٩، ٦٤٠ی مەسیحییەوە. ئینجا ساڵی ٢٠ی هیجری دەکەوێتە نێوان هەردوو ساڵی ٦٤٠/ ٦٤١م.

٣٨ ساڵی هیجری لە نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم هەموویان دەکەونە ناو دوو ساڵی مەسیحییەوە، بەم جۆرە:

١٣٦٣ھ دەکەوێتە ناو دوو ساڵی ١٩٤٣/ ١٩٤٤م.

١٤٠٠ھ دەکەوێتە ناو دووساڵی ١٩٨٠/ ١٩٨١م.

بەم جۆرە ٦جار لە دوای ٢٩ ساڵ و ٣٤ جار لە دوای ٣٠ ساڵ، ساڵانی هیجری دەکەونە ناو تاکە ساڵێکی مەسیحییەوە.

ژمارەی ئەو ساڵانەی دەکەونە ناو تاکە ساڵێکی مەسیحییەوە، لە نێوان ٣ساڵ و ٤ ساڵ دان. ٣ ساڵەکان ژمارەیان ١٢یە، ٤ ساڵەکان ژمارەیان ٥٢٧. تەنیا جارێکیش لە دوای ٣٠ ساڵ ٥ ساڵی هیجری دەکەونە ناو تاکە ساڵێکی مەسیحییەوە لە نێوەندی ڕۆژهەڵاتناسی ئەگەر ڕۆژ و مانگی ڕووداوێک نەزانرێ و تەنیا ساڵ بزانرێ، ئەگەر ساڵە هیجرییەکە بکەوێتە نێوان دوو ساڵەوە، ساڵی یەکەم وەردەگیرێ، لەبەر ئەوە زۆربەی کوردناسەکانی ئەورووپا ئەوانەی ژمارە یەکەمی کوردستانیان لەبەر دەست نەبووە بۆ دەرچوونی ڕۆژنامەکە ساڵی (١٨٩٧)یان داناوە، چونکە لە جەدوەلەکانیاندا ساڵی (١٣١٥)ی هیجری کەوتۆتە نێوان (١٨٩٧/١٨٩٨)م، تەنیا ئەدمۆندس ساڵی ١٨٩٢ی بە هەڵە داناوە و ڤیلچێڤسکی ساڵی (١٨٩٨)ی بەڕاستی داناوە.

ئەم مەسەلەیە هەندێ جار بە چاکە دەگەڕێتەوە، هەندێ جاری دیکە گیروگرفت دروست دەکا.

(١) حەزرەتی (نالی) بۆ مردنی سلێمان پاشای بابان و لەسەر تەخت دانیشتنی ئەحمەد پاشای بابان دەڵێ:

**شاهی جەمجا (نالی) یا (تاریخی جەم) تاریخییە**
**دانەڵێن لەم عەسرەدا ئەسکەندەری جەمجا نەبوو**

ڕستەی (تاریخی جەم= تاریخ جم) بەحسێبی ئەبجەد بە ئیملای عەرەبی ئامێزی کۆن دەکاتە ساڵی ١٢٥٤ی هیجری. ئەم ساڵە هیجرییە دەکەوێتە نێوان دوو ساڵی مەسیحی (١٨٣٨/ ١٨٣٩).

لەبەر ئەوەی ڕۆژ و مانگی مردنی سلێمان پاشا، یان هۆنینەوەی شیعرەکە نازانرێ و ناتوانرێ ئەو ڕۆژ و مانگە بدوزرێتەوە کە سلێمان پاشا مردووە، یان شیعرەکە نووسراوەتەوە، ئەم ڕووداوە لە کامە ساڵ بووە لەم دوو ساڵەدا، دەسکەوتەکە لەوەدایە ئەگەر ئەم دێرە شیعرە نەبوایە ئەم ڕووداوە مێژووییە گرنگە لە لامان ئاشکرا نەدەبوو.

٢- لەلایەکی دیکەوە پێوەندی نێوان تەقویمی هیجری و مەسیحی گیروگرفتی دیکەی دروست کردووە، بەڕاستی لە حەقیقەتدا مەسەلەکە گیروگرفت نییە، بەڵام نووسەر و ڕۆشنبیرانی کورد کردوویانە بە گیروگرفت، ئەویش مەسەلەی ساڵی لە دایک بوونی (عەبدوڵڵا گۆران)ە. نووسەران دەڵێن: گۆران لە ساڵی ١٩٠٤، یان ١٩٠٥ لە دایک بووە، ئەمە لەوەوە هاتووە، ساڵی لە دایک بوونی بە هیجری تۆمار کراوە گۆیا ساڵی (١٣٢٢)ە، کە گۆڕیویانەتە سەر تەقویمی مەسیحی ئەو ساڵە کەوتووەتە نێوان ساڵانی (١٩٠٤/ ١٩٠٥). بەم جۆرە ڕاستی ئەوەیە لەسەر دەستووری زانایانی ئەورووپاو کوردناس و ڕۆژهەڵاتناسان ساڵی (١٩٠٤) بکرێ بە ڕۆژی لە دایک بوونی (گۆران).

## هێڵی ڕۆژژمێری گێتی - خط التاريخ الدولي
## International date Line

ئەم خەتە لە ئۆقیانووسی بەفرینی باکوورەوە (المحیط المنجمد الشمالي) دەست پێ دەکا، بە تەنگەی (مضیق،

بوغاز) بێرینگۆڤ تێدەپەڕێ. لای ڕاستی دوا سووچی ئەلاسکای ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایە، لای چەپی ناوچەی بێرینگۆڤی ڕووسیایە. ئینجا خەتەکە بەرەو خوار دەبێتەوە تا ڕادەیەک ئۆقیانووسی باسفیک (المحیط الهادي) دەکاتە دوو کەرت، ئیتر خەتەکە بە ئاوەدانییەکانی دوورگەی میدوای و ساموا تێدەپەڕێ و دەیکا بە دوو کەرتەوە، ئەوجا شۆڕدەبێتەوە لە ڕۆژهەلاتی نیوزیلەندە خۆی دەنوێنێ تا لە ئۆقیانووسی بەفرینی باشوور (المحیط المنجمد الجنوبي= ئەنتەرکتیک) کۆتایی پێ دێ.

لای ڕۆژهەلاتی ئەم هێڵە بە خاک و ئاوەوە ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بە موڵکی خۆی دەزانی، هەروەها یەکێتی سۆڤیەتی (١٩١٧- ١٩٩١) و ڕووسیای ئێستا لای ڕۆژئاوای هێڵەکە بە موڵکی خۆیانیان دەزانی.

هەر چۆنێ بێ ئەم هێڵە زۆر گرنگە، لەو چرکەیەی (لەحزەیە) ڕۆژ دەگاتە ئەو هێڵە لە ڕۆژهەلاتی ڕۆژێک (٢٤ سەعات) کۆتایی پێ دێ، لە ڕۆژئاوای ڕۆژێکی تازە دەست پێ دەکا، واتە جیاوازی زەمنی لەو چرکەیەدا نییە، لای چەپی کۆتایی ڕۆژەکەیە و لای ڕاستی سەرەتای ڕۆژێکی تازەیە. بۆ ڕێکخستنی کاروباری جەدوەلی زەمەنی هێڵی درێژ دانرا (خطوط الطول)، سەعاتێک و بیست دەقیقە (١/٢٠) کراوە بە پێوەری زەمەنی نێوان دوو هێڵەکە، هەندێ جار نیو سەعاتیش هەیە (٣٠ دەقیقە) وەکو ئەوەی لە نێوان ئێران و عیراق دەردەکەوێ. بەم جۆرە کوردستانی گەورە یەک زەمەنی دەولی نییە. جیاوازی لە وەقتدا لە نێوان سلێمانی و سنە نیو سەعاتە، هەروەها لە گوندێکی وەکو نەوسوود لای ڕۆژهەلاتی ئێران و لای ڕۆژئاوای عیراق جیاوازی زەمەنیان نیو سەعاتە، هەروەها جیاوازی زەمەنی لە نێوان هەولێر و سلێمانی و بەغدا لەگەڵ دیاربەکر و قامیشلی و ئەستەموڵ و ئەنقەرە سەعاتێکە. واتە کوردستان لەبەر ئەوەی دەولەتی نییە لە دیاری کردنی «زەمەن» یەکێتییەکی نییە، کوردستانەکان هەریەکەیان سەر بەو دەولەتەن کە کوردی تێدا دەژی، ئەگەر وانەبوایە ئەویش وەکو دەولەتێک خاکی لەسەر یەک خەتی زەمەنی دەبوو، چونکە خاکی لە ڕووی جوگرافیاوە عەموودییە لە باکوورەوە بۆ باشوور درێژە، کەچی ئاسۆیی لە ڕۆژهەلاتەوە بۆ ڕۆژئاوا تەسکە.

ئەم دیاردەیە جیاوازە کە لە دەولەتە خاک کەم و بچووکەکان بەرچاو دەکەوێ لەگەڵ دەولەتە خاک گەورەو فراوانەکان، بۆ بەڵگە دەولەتێکی وەکو ڕووسیای ئێستا و ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لەو ولاتانەدا لەبەر ئەوەی زۆر گەورەو فراوانن، بەتایبەتی خاکیان لە ڕووی ئاسۆییەوە لە ڕۆژهەلاتەوە دەکشێ بەرەو ڕۆژئاوا کەوتوونەتە سەر چەند خەتێکی زەمەنی، لە ڕووسیا ٨ تا ٩ سەعات جیاوازی زەمەنی هەیە، لە ولاتە یەکگرتووەکان ئەو جیاوازییە ٣ تا ٤ سەعاتە.

## ڕۆژی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٨ی داهاتوو

لە کۆتایی ڕۆژی ٣١ی کانوونی یەکەمی ئەم ساڵ (٢٠٠٧) کە خۆر دەگاتە سەر هێڵی ڕۆژژمێری گێتی (خط التاریخ الدولي) لەو چرکەیەدا لەسەر گۆی زەوی ئێمە ساڵی (٢٠٠٧) کۆتایی پێ دێ. لەو چرکەیەدا یەکەم ڕۆژی ساڵی (٢٠٠٨) دەست پێ دەکا، ئەو ڕۆژە ڕۆژی سێ شەمووە، واتە لە دوای کەمتر لە مانگ و نیوێک، لەو چرکەیەی ڕۆژ دەگاتە سەر هێڵی ڕۆژژمێری گێتی ئاوەدانییەکانی ئەو ناوچانە لە باکوورەوە بۆ باشوور ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵیان دەست پێ دەکا، پێویستە ئاگاداری ئەوەش بین زۆربەی ئەم ناوچانە ئاوی ئۆقیانووسی باسفیکە و ئاوەدانی و جێی ژیانی کەمە. هەندێ دوورگەی بچووک لەم ئۆقیانووسە بێ پایانەدا بلاوبوونەتەوە.

لە سەعاتی یەکەمەوە تا کۆتایی ڕۆژەکە لە دوای ٢٤ سەعات ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵ لەم ئاوەدانیانە خۆی دەنوێنێ:

(١) دوورگەکانی میدوای، ڤیچی، ویلینکتون.

(٢) دوورگەی نوومیا لە ڕۆژهەلاتی ئوسترلیا.

(٣) سیدنی، گوام.

(٤) تۆکیو، سیئۆل، ئۆساکا، ئەرخانگلسک، ڤلادی ڤۆستۆک

(٥) پەکین، تایپێ، هۆنگ کۆنگ، سایگۆن.

(٦) بانکۆک.

(٧) تاشقەند.

(٨) کەراچی.

(٩) باکۆ.

(١٠) مـوسكۆ، سـانت پيـتـرسـبـورگ، هەولێـر، سلێمانی، بەغدا، نایرۆبی.
(١١) قـاهيـره، ئاتينا، ئەسـتـەمـوول، ئەنقـەرە، دیاربەکر، هیلسنکی، جۆهانسبورگ.
(١٢) ئۆسلۆ، بەرلین، پاریس، ڕۆمـا، مـەدرید، لاگوس.
(١٣) گرينويچ، لەندەن، لیشبۆنە، داکاو، ئاکرە.
(١٤) مادێرا (دوورگە لە ناو ئۆقیانووسی ئەتلەسی).
(١٥) ئازۆریس (دوورگـە لە ناو ئۆقـيـانووسی ئەتلەسی).
(١٦) بۆینس ئایرس، ڕیۆدۆ جانیرۆ.
(١٧) سان جوان، بەرمۆدا، سانتیاگۆ.
(١٨) لیما، تۆرنتۆ، نیۆیۆرک، پەناما.
(١٩) میکسیکۆسیتی، شیکاگۆ.
(٢٠) دینڤەر، فۆینینکس.
(٢١) فانکۆڤەر، لۆس ئانجیلۆس.
(٢٢) داوسۆن.
(٢٣) ئەنچوراگ، هۆنۆلۆلۆ، پاپیت.
(٢٤) ساموا.

ئەمە ماوەی زەمەنی یەک سەعاتەکان بوو. هەرچی نیو سەعـاتـەکـانیـشـن لەناو جەدوەلەکەدا بەم ڕەنگە خۆیان دەنوێنن:
(١) ئەدەلاید لە نێوان سیدنی و تۆکیۆ.
(٢) سەنگاپوور لە نێوان پەکین و بانکۆک.
(٣) ڕانگوون لە نێوان بانکۆک و تاشقەند.
(٤) بۆمبای لە نێوان تاشقەند و کەراچی.
(٥) کابول لە نێوان کەراچی و باکۆ.
(٦) تاران لە نێوان باکۆ و مۆسکۆ.
(٧) کەرەکاس لە نێوان بەرمۆدا و نیویۆرک.

ئەمـە هەمـووی بە پێی هێڵی ڕۆژژمێری گێـتی (خط التاريخ الدولي)، بەڵام حسێبی زەمەنی لە نێو هەمـوو دەوڵەتانی دنیا لەسەردەمی ئێستاماندا لەسەر خەتی گرینویچ دەڕوا. ئەنجام لەبەکارهێنانی هەردوو خەت لە ڕووی تیۆری و پراکتیکییەوە بە حسێبی فیزیکی و بزووتنەوەی کۆزمۆس (الكون) یەکێکە.

## ڕوانگەی گرینویچ

لە پێناوی ڕێکخستنی مەسەلەی کات (زەمەن، وەقت، سـەعـات) لەسـەر ڕووی زەوی بیـر لەوە کـرایەوە خەتی درێژی سەر گۆی زەوی (خطوط الطول)، لەسەرەوە بۆ خـوارەوە، لە ئـوقـيـانووسی بەفـرینی باکـوورەوە بۆ ئوقـيـانووسی بەفـرینی باشـوور (ئەنتـەرکـتـیک) دیاری بکرێ و هەمـوو دەوڵەتانی دنیـا پێـڕەوی بکەن. ئەوە ڕاستە «هێڵی ڕۆژژمێری گێتی» (خط التاريخ الدولي) هەبوو لەسـەرەوە بەنێـوان خـاکی ئەلاسکای وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا و تەنگەی بێرینگۆڤی ڕووسیا تێـدەپەڕێ تا ئۆقـيـانووسی بەفـرینی باشـوور، بەڵام لەبەرئەوەی خەتەکە بەناوەڕاستی ئۆقیانووسی باسفیک تێـدەپەڕێ و ئاوەدانی تێـدا کـەمـە بیر لەوە کـرایەوە بۆ جێبەجێ کـردنی مەسەلەکە خەتێکی تازە دیاری بکرێ. ئیـتر دەبوو بیـری زانایانی جوگرافیـا و ئەسـتـێرەناسی (ئەسـتـرۆنۆمـەکـان) بۆ ئەوە بڕوا ئەو خـەتە پێـچـەوانەی «هێڵی ڕۆژژمێری گێتی» بێ، واتە لەو نوقتەیەی خەتی ڕۆژژمێری گێتی دەست پێ دەکا خەتەکە بەپێچەوانە بۆ لایەکەی دیکە بکشێ. ڕێککەوت ئەو خەتە لە بەریتانیا بوو، لەوێ بەسـەر شـاری گـرینویچ تێـدەپەڕی، ئەم خـەتە گـونجـاو بوو بۆ مـەسـەلەکـە، چونکە ئاوەدانییـەکی زۆر کەوتبووە سەری.

گرینویچ (Greenwich) شارێکی وڵاتی ئینگلیزە، کـەوتۆتە لای ڕاسـتی ڕووبـاری تایمز، شـەش مـیل لە لەنـدەنەوە دوورە. لە سـالّی (١٦٧٦) دەسگـایـەکی ئەسترۆنۆمی لێ دروست کرا بەناوی «ڕوانگەی گرینویچ» (مـرصـد غـرينتش). ئەو جێگەیە بەخـەتی درێژی سـفـر (صـفـر) دانرا بۆ دیاری کـردنی کـات (وەقت، زەمـەن، سـاعـەت) لە هەمـوو دنیـا. لەوێوە هەمـوو جـێگە و ئاوەدانییـەکـانی سـەر ڕووی زەوی بەپێی خـەتی درێژ وەقتیان لێ دیاری دەکرێ.

بۆ ئەوەی هیچ گـیـروگـرفـتـێک دروست نەبێ لەنێـوان دەوڵەتە جیاوازەکانی سەر ڕووی زەوی لەسەر ئەوە ڕێک کەوتن دان بەخەتێکی ناوەڕاستی نیو سەعاتیدا بنێن، هەر دەوڵەتێکی ئارەزوو بکا دەتوانێ بەکاری بێنێ، وەکو لەم باسەدا ئەو شوێنە نیو سەعاتیانە دەس نیشان کران.

بەم جۆرە شەو لە دەقیـقـەی یەکـەمی پاش سـەعـات -/١٢ بەحـسـێـبـێکی دیکە پاش سـەعـات -/٢٤ ڕۆژی تازە دەست پێ دەکـا. بۆ بەڵگە من ئێـسـتـا خـەریکی ئامادەکردنی ئەم باسەم ڕۆژی دووشەمووی ٨ی تشرینی

یەکەمی ٢٠٠٧ه. سەعات -/٩ی پاش نیوەڕۆیە، واتە سەعات -/٢١ی پاش نیوەڕۆ، لە گرینویچ سەعات -/٥٦، واتە سەعات -/١٨.

لەدوای سێ سەعاتی دیکە ڕۆژی دووشەموو تەواو دەبێ و دەبێتە ڕۆژی سێ شەمو، ٩ی تشرینی یەکەمی ٢٠٠٧، کەچی لەوکاتەی ئێمە ڕۆژێکمان تەواو کردووە و چووینەتە ناو ڕۆژێکی دیکەوە لە گرینویچ هێشتا سێ سەعاتیان دەمێنێ ڕۆژی دووشەموو بەڕێ بکەن و بکەونە ناو ڕۆژی سێ شەمووەوە.

بەم پێیە کە ڕۆژ دەگاتە خەتی دەولی، یان خەتی گرینویچ لە ماوەی -/٢٤ سەعاتدا، لە هەر سەعاتێکدا ئاوەدانییەکانی ئەو سەعاتە دەکەونە ناو ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵی تازەوە.

## ئەنجام

زەمەن لە ژیانی ئادەمزاد دا ڕێژەییە. کەی دەستی پێ کردووە و کەی تەواو دەبێ. ئەزەل و ئەبەد چییە؟ ئەم پرسیارە بێ وەرامە و چووەتە ناو ئەو جۆرە فەلسەفەیەوە کە تیۆرییەکانی هێشتا پراکتیک نەکراون.

لە دوو هەزار ساڵ پێش ئێستاوە جەدوەل بۆ زەمەن دانراوە لە پەیدابوونی عیسا پێغەمبەرەوە تا ئێستا بەکاردەهێنرێ. بۆ ئەم مەبەستە تیۆری خەتی گرینویچ دەسنیشان کراوە. هەموو حسێبێکی زەمەنی پێ جێبەجێ دەکرێ.

هەر کاتێکی لەلای ڕۆژهەڵاتەوە خۆری ڕۆژی ٣١ی مانگی کانوونی یەکەم بگاتە سەر ئەو خەتە، ڕۆژی جەژنی سەری ساڵ دەست پێ دەکا، لە ماوەی -/٢٤ سەعاتدا، لە دوای هەر سەعاتێکدا ڕۆژی یەکەمی سەری ساڵ دەردەکەوێ، کە -/٢٤ سەعاتەکە تەواو دەبێ، ڕۆژی دووەم دەست پێ دەکا.

لەمەو لەم هەموو ئەو زانیارییانەی لە سەرانسەری ئەم باسەدا پیشان دران، بە ڕاستی ئەو حەقیقەتەمان بۆ دەردەکەوێ کە ژمارەی یەکەمی ڕۆژنامەی «کوردستان» لە ڕۆژی ٢٢ی نیسانی ١٨٩٨ لە قاهیرە بڵاوکراوەتەوە. گریمان ئەگەر ئەمە ڕاست نەبێ و یەکێک بڵێ لە ٢١ی نیسان و یەکێکی دیکە بڵێ لە ٢٣ی ئەو مانگە بڵاوکراوەتەوە، هەق نییە لە دوای نزیکەی چل ساڵ مێژووەکە بگۆڕن.

# دوو بەڵگەنامەی «کۆمەڵەی کورد و کوردستان» لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی فەرەنسادا

لە فەرەنسییەوە: نەجاتی عەبدوڵلا
(فەرەنسا)

**پێشبار**

یەکەم کۆمەڵەی یەکگرتووی کوردی دوای (کۆمیتەی سەربەخۆیی کورد)، (جەمعیەتی تەعالی کوردستان) بوو کە لە ١٧ی کانوونی یەکەمی ١٩١٨دا لە ئەستەمووڵ لە لایەن سەید عەبدولقادر شەمزینی، ئەمین عالی بەدرخان و کامیران عالی بەگ و چەند تێکۆشەرێکی دیکەوە دامەزرا. ئەم کۆمەڵەیە تا دوادواییەکەی نیسانی ١٩٢٠ وێڕای ئەوەی کە دەمێک بوو دوو باڵی جیاوازی تێدا ڕوابوو، کەچی هەر بە یەکگرتوویی ڕیزەکانی بزووتنەوەی کوردستانی باکووری پاراست. دواتر لە ئەنجامی ناکۆکی دەربارەی سەربەخۆیی کوردستان لە نێوان دوو باڵەکەی ناو کۆمەڵە لە نیسانی ١٩٢٠دا، کۆمەڵە بوو بە دوو کەرتەوە و باڵی بەدرخانییەکان کۆمەڵەیەکی نوێیان بە ناوی کۆمەڵەی ئیجتماعی کورد دامەزراند کە لە سەرەتای ئایاری ١٩٢٠ ستاتووی کۆمەڵەکەیان پێشکەش بە وەزارەت کرد و ئەمین عالی بەدرخان وەک سەرۆکی کۆمەڵە و مەمدووح سەلیم بەگ وەکو سکرتێری گشتی کۆمەڵە دەستنیشان کران. هەرچی باڵی شێخ عەبدولقادری شەمزینانی بوو هەر بە ناوی «کۆمەڵەی کورد و کوردستان» درێژەیان بەکاری ڕێکخراوەیی خۆیان دا: سەید عەبدولقادری شەمزینانی سەرۆکی کۆمەڵە و زەینەلعابدین-یش سکرتێری گشتی بوو. بەداخەوە تا ئێستە هیچ زانیارییەکی ئاوها بەداوێن لەبارەی ئەم کۆمەڵەیەوە لەبەردەستدا نییە و ڕەنگە دۆزینەوەی ئەم دوو بەڵگەنامەیە کە ڕاستەوخۆ لە فەرەنسییەوە کراون بە کوردی دەرووبەک لە مێژووی ئەم کۆمەڵەیە بکاتەوە.

**بەڵگەنامەی یەکەم**

کۆنستانتینۆپل، ٣٠ی حوزەیرانی ١٩٢٠
کۆمیسێریای بەرزی
کۆماری فرەنسا
لە ڕۆژهەڵات

بەشی کاروباری
سیاسی و بازرگانی
ئاسیا - ئۆقیانووس
ژمارە: ٣٢٣

**لە بەڕێز دوفرانس، کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرەنسا لە ڕۆژهەڵات**
**بۆ بەڕێز جەنابی میللێراند، سەرۆکی ئەنجومەن، وەزیری کاروباری هەندەران**
**لە پاریس**

**لەبارەی سەربەخۆیی کوردستانەوە**

سەرۆکی «کۆمەڵەی کورد» بە سوپاس بۆ هاوپەیمانەکان لەوەی سەربەخۆیی کوردستانیان قەبووڵ کردووە، تکای لێکردووم چەند لەبەرچاوگرتنێک سەبارەت بە دیاریکردنی ئەم دەوڵەتە نوێیە بگەیەنمە کۆنفرەنسی ئاشتی.

شەرەفی ئەوەم هەیە هاوپێچ لەگەڵ ئەم نامەیەدا کۆپییەکی ئەم نامەیە کە لەمبارەیەوە ئاراستەی کردووم، بگەیەنمە دەست جەنابتان.

**هـ. دوفرانس**

**کۆپی**

**کۆنستانتینۆپل، ٢٥ی حوزەیرانی ١٩٢٠**

**جەنابی کۆمیسێری بەرزی کۆماری فرەنسا**

جەنابی بەڕێز،

شەرەفی ئەوەم هەیە سوپاسگوزاری «کۆمەڵەی کورد و کوردستان» بە کۆنفرانسی بەرزی ئاشتی ڕابگەیەنم بەوەی کە سەربەخۆیی کوردستانی قەبووڵ کردووە و هەروەها بەشداری لە دامەزراندنی یەکەمین بناغە نەتەوەییەکانی کردووە و پەرەئەستاندنی دوارۆژی (ئەم وڵاتەی، وەرگێڕ) خستووەتە سەر شانی خۆی و ئەو وادەیەی کە بە شێوەیەکی گشتی ئەو دەروناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتوانەکەی کوردن دەتوانن سوود لەو سەربەخۆییە باسکراوە وەربگرن. وەکی دیکە بۆ ئەوەی کوردەکان بکرێن بە توخمێکی شایان بە هاوپشتی وەک هاوپەیمانەکان بۆی بچن و بۆ ئەوەی ڕێگەش نەدرێ لەم دەروناوچانە ببنە سۆنگەی هیچ سەرچاوەیەک کە بتوانێ لە دوارۆژدا ببێتە هۆی ڕووداوگەلی کارەساتبار، من تکا لە (کۆنفرانسی ئاشتی) دەکەم هەموو ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی ئەو خەڵکانەی تێدا نیشتەجێن کوردن وەک وڵاتی کورد بناسێنێ و لە هەمان کاتیشدا باڵادەستی و هەژموونی مێژوویی و ئیتنۆگرافی بە تایبەتی لەم دەڤەرانەی خوارەوە بناسێنێ:

١- لەسەر سنووری باکووری کوردستان: هەرێمەکانی ئەرزەڕۆم، بتلیس و وان کە زۆرینەی زۆری کوردن بۆ ئەم وڵاتە بەجێبهێڵرێ.

٢- لە ڕۆژئاواوە: هەموو سنجاقەکانی مەلاتییە، وێڕای ئەوەی کە دەکەونە ڕۆژئاوای فوراتیشەوە، چونکە دانیشتوانی ئەم ناوچەیە سەرلەبەریان کوردن و سەرباری ئەوەش لە ڕووی پێوەندییە ئابووری و ئیتنۆگرافیەکانیشەوە سەر بە کوردستانن.

٣- لە باشوورەوە: هەموو ناوچە درێژبووەکانی جەزیرە، میدیەت، ئورفە، سوروچ، بیراجیک، ڕۆم - قەڵا و چەند ناوچەیەکی دیکە لەوەتای ئیلەهی و حەسەن، لە کورد داغەوە تا کەنداوی ئەلکسەندەرییە بخرێنە ناو سەربەخۆیی کورد، چونکە هەموو ئەو ناوچانە ئەوانەی کە دانیشتوانیان بە نزیکەی سەرلەبەریان کوردن، دەتوانن ببنە هۆیەکی هەمیشەیی کێشە و نەهامەتی، ئەگەر لە کوردستان دابماڵرێن و زیاد لەوەش ئەو ناوچانە دەروویەکی زەریایی لە ئایاس(١) بە کوردستان دەبەخشن.

٤- وەک چۆن قەناعەتم وایە کە تەنیا لەم حاڵەتانەی کە باسمکردن دەتوانرێ کوردستانێک دروست بکرێ کە بتوانێ بژی و بۆ ئامانجی هاوپەیمانەکان کار بکات. بە

پێچەوانەوە، واتە ئەگەر ئەم ناوچە زیندووە هەرە گرنگانە لە کوردستان دابماڵرێن تا بە وڵاتە هاوسێیەکانییەوە بلکێندرێن، ئەوا تەنیا دەبێتە سەرچاوەیەکی هەمیشەیی جیاوازی و زیان پێگەیاندن، من تکا لە جەنابتان دەکەم لە ڕێگەی مشورخواردنی چاکی حکومەتەکەتانەوە ئەم نامەیە بۆ «کۆنفرانسی ئاشتی» بگوێزنەوە.

جەناب، قەدرزانینی زۆربەرچاوم قەبووڵ بفەرموون.

**سەرۆکی کۆمەڵەی کورد و کوردستان**
**ئیمزا: عەبدولقادر**

* * *

### بەڵگەنامەی دووەم

**(کۆپی)**

**کۆنستانتینۆپل، ٢٦ی دیسامبەری ١٩٢١**

**بۆ جەنابی کۆمیسێری بەرزی بریتانیای فەخیمە، لە ناو شار.**

جەنابی بەڕێز،

لەو کاتەی کە هێزە هاوپەیمانەکان وا پێدەچێ بیانەوێ بە تەواوی پرسی ڕۆژهەڵاتی نزیک بە گشتی و پرسی کورد بە تایبەتی چارەسەر بکەن، بیرۆی نوێی کۆمەڵەی کورد ( جەمعیەی تەعالی کوردستان) ی کۆنستانتینۆپل ڕێگە بەخۆی دەدا بەگوێرەی ئەو پرەنسیپانەی لەلایەن بیرۆیەکانی پێشترەوە پێڕەوی کراوە سەرنجی میهرەبانانەی حکوومەتەکانی هاوپەیمانان بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕابکێشێ:

ئێمە لەوە دەترسین کە ئاشتییەکی هەمیشەیی لە ئاسیای-بچووک پایەدار نەبێ، ئەگەر داخوازینامە نەتەوەییەکانی گەلی کورد لەبەرچاو نەگیرێن، ئەو داخوازییانەی کە ئەنجوومەنی باڵای (کۆنفراس، وەرگێڕ) هەروەها حکوومەتەکان و دەسەڵاتکارانی هاوپەیمانەکان و هاریکارەکانی لە چەندین کات و بۆنەدا بەڕێزەوە دووپاتیان کردووەتەوە.

ئەگەر نیازبێ کەوا گەلی کورد بخرێتە ژێر دەسەڵاتی هەر نەتەوەیەکی بێگانە، ئەوسا بێگومان ئێمە دێینە ناوەوە و تۆوی کێشە و ناکۆکی کوردستان دەتەنێتەوە و ئەمە بەسە بۆ ئەوەی ڕێگە لە دووبارە گەڕانەوەی ئاشتی و ئاسایشێکی درێژخایەن لە نێو گەلانی ئەو دەروناوچانە بگرێ کە زۆر پێویستیان بە ئاشتی و ئاسایشە.

ئێمە بەهیچ کلۆجێ نامانەوێ پێ بنێینە ناو خاک و مافی هاوسێیەکانمان، بەڵام ئێمە دەمانەوێ وەسیلەی پێویستمان ببێ بۆ گەشەپێدانی بەهرە و پەرەپێدانی توانای خۆمان بۆ بەرزکردنەوەی نەتەوەی خۆمان بۆ ئاستی نەتەوە شارستانیخوازەکان لەو دەر و ناوچانەی کە زۆرینەیان کوردن. هەروا ئێمە دەمانەوێ سەرچاوە سروشتییەکانی وڵاتەکەمان وەبەرهەم بهێنین و کۆمەگی دارایی و تەکنیکی و هێزێکی گەورە دابین بکەین.

کوردستان بە بێ ئەوەی دەروویەکی لەسەر زەریا هەبێ هەرگیز ناتوانێ ئابووری و بازرگانی خۆی پەرەپێبدات، بۆیە ئێمە داوا دەکەین دەرووی ئایاس(٢)مان لە کەندوای ئەلکسەندەرییە پێببەخشن.

ئێمە هەرگیز دەستبەرداری باوەڕی هەستی دادپەروەرانە و میهرەبانانە نابین کە هێزە هاوپەیمانەکان تا ڕۆژی ئێستە ویستوویانە گەواهیمان بۆ بدەن، ئێمە چارەنووسی تەواوی نیشتمانەکەمان دەخەینە بەر ویستی چاکەی ئەوان.

ئێمە بەوپەڕی ڕێزەوە داوا لە جەنابتان دەکەین کە داخوازینامە نەتەوەییەکانمان بگەیەننە حکوومەتەکەتان. شەرەفی ئەوەم هەیە جەناب، ڕێزلێنانی هەستی پێزانینەکانم پێشکەشتان بکەم.

(مۆر)
سەید عەبدولقادر
سیناتۆر،
سەرۆکی کۆمەڵەی کوردەکانی کۆنستانتینۆپل

**سکرتێری گشتی**
**زەینەل ئەلدین عابدین**

**تێبینی:** ئەم بەڵگەنامانە بەشێکی وەرگیراون لە یەکەمین بەرگی کتێبێک بە ناوی (کۆمەڵە و ڕێکخراوە کوردییەکان (١٩١٨ - ١٩٣٣) لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و وەزارەتی دەرەوەی فرەنسا ) کە لە ماوەیەکی نزیکدا بۆ چاپ ئامادە دەکرێت، **(وەرگێڕ).**

# میرهۆڵد دەدوێ
# گوزارشتەکانی میرهۆڵد لە پرۆڤەکانیدا

لە ڕووسییەوە د. فازڵ جاف
(سوید)

**پێشەکییەکی کورت**

میرهۆڵد دەدوێ یەکێکە لە سەرچاوە هەرە گرنگەکان لە بواری میرهۆڵد ناسیدا. ئەم کتێبە تاکو ئێستا وەرگێڕدراوەتە سەر چەند زمانێکی زیندوو و لە لای پسپۆڕانی شانۆی ڕووسی بە گشتی و شانۆی میرهۆڵد بە تایبەتی، جێگای بایەخێکی تایبەتی هەیەو بە سەرچاوەیەکی گرنگ دەژمێردرێت.

بەر لەوەی لە ئەکادیمیای شانۆ لە سانت پیتەر بورگ دەست بە خوێندنی دکتۆرا بکەم، بۆ یەکەم جار چەند بڕگەیەکی ئەم کتێبەم بە ئینگلیزی خوێندەوە، لە ژێر ناوی: Meyerhold Speaking کە دکتۆر ئەلما لۆ، خانمە پسپۆڕی ئەکادیمی ئەمریکایی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی ئینگلیزی.

لە دووتوێی ئەم کتێبەدا خوێنەر کەرەستەیەکی دەوڵەمەند بەدی دەکات، کە سەرجەمی گوتە و قسە و بۆچوونەکانی میرهۆڵدن لە کاتی کار و پرۆڤەکردندا لەگەڵ ئەکتەر و هاوکارەکانیدا. میرهۆڵد بە پێچەوانەی ستانیسلاڤسکی، نووسینی تیۆری کەمتر ژیانی هونەری داگیرکردووە، هەرچەندە کتێبە بەناوبانگەکەی کە لە ژێر ناوونیشانی «دەربارەی شانۆ» بە یەکێک لە کتێبە گرنگەکانی تیۆری بواری شانۆی مۆدێرن دادەنرێت، بەڵام هەر تاکە کتێبە کە میرهۆڵد لە سەرەتای تەمەنی لاویدا نووسیویەتی.

«دەربارەی شانۆ»ی میرهۆڵد، یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی تێگەیشتنی شانۆی مۆدێرن، لە ڕووی تیۆرییەوە بایەخێکی گرنگی هەیە و لە ڕیزی نووسینەکانی گۆردن گریک و برێخت و برووک دادەنرێت.

ئەم کتێبە توانایی و بلیمەتی میرهۆڵد لە داڕشتنی

تیۆریدا دەسەلمێنێت، ڤەختانگۆڤ لە خەستەخانە و سەرەمەرگدا ئەم کتێبەی بۆ یەکەم جار خوێندەوە، ئەوەندە پێی سەرسام بوو تاکو گوتی: هەموو ئەم بیر و بۆچوونانەم بە مێشکدا هاتووە، بەڵام نەمتوانی وەکو مییرهۆڵد دایان بڕێژم. هەر ئەمە خۆی لە خۆیدا بەڵگەیەکی زەقی توانایی تیۆری و پەروەردەیی مییرهۆڵدە.

وا چاوەڕوان دەکرا، مییرهۆڵد لە قۆناخی کامڵبوون و پیریدا پتر بنووسێت، کەچی وا نەشکایەوە. هۆیەکان هەرچییەک بن، سەرەکیترینیان ئەوەیە کە مییرهۆڵد لە بواری پراکتیک و کاردا ئەوەند چالاک بوو، کەمتر دەیپەرژایە سەر نووسین، هەروەها ئەو پێی وابوو هێشتا ئەوەندە تەمەنی بەبەرەوە ماوە کە مەودای نووسینی لە سەردەمی پیریدا بۆ بڕەخسێت، ئەو خۆی لە زۆر بۆنەدا ئاماژەی بەوە داوە و دەڵی دەنووسم، نەک هەر ئەوەندە، باس لەوەش دەکات کە تەنانەت بە نووسینە کۆنەکانیشیدا دەچێتەوە، هەڵبەتە مییرهۆڵد هەرگیز چاوەڕێی ئەوەی نەکرد کە پیاوکوژانی کۆمەنیزم و ستالین خۆی و ژنەکەی ئەکتەری بەناوبانگی رووسیا زینایدا رایخ بەو درندایەتییە بکوژن.

هەر پاش دارمانی سیستمی کۆمەنیزم و مایەپووچی شیوعییەکان، بەشێکی گەورەی کەلەپووری شانۆکارانی رووس لە ئەرشیڤی کی گی بی دۆزرایەوە، مییرهۆڵد لەو ئەرشیڤەدا بەشی شێری هەبوو،

بۆیە ئەم سەردەمە سەردەمی بووژانەوە و گەشەی لێکۆڵینەوە و توێژینەوە کولتووری هونەریی ئەم کەڵە هونەرمەندەیە.

ڕەنگە ئەم کتێبە و کتێبی «مییرهۆڵد پرۆڤە دەکات» ئەو کەلێنە تیۆرییە پڕ بکەنەوە، کە لە دووتوێیاندا خەرمانێک لە بیروبۆچوونە هونەری و ئێستێتیکییەکانی مییرهۆڵد دەخوێنینەوە. نووسین و کۆکردنەوەی ئەم کەرەستە دەوڵەمەندە بۆ رەخنەگر و نووسەری رووسی ئەلکسەندە گلادکۆڤ دەگەڕێتەوە، کە یەکێک بوو لە قوتابییە لێهاتووەکانی مییرهۆڵد، پاشتریش وەکو هاوکارێکی چالاک کاری لەگەڵ مییرهۆڵد دەکرد و ڕۆڵێکی گرنگی هەبوو لە پاراستنی بەرهەم و نووسینەکانیدا.

سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی کە هاتۆتە ڕێگای پاراستنی بەرهەمەکانی مییرهۆڵد، بە تایبەتی پاش گرتن و زیندانیکردنی و کوشتنی لە سەردمی تیرۆری ستالیندا، قوتابییەکان و هاوکارانی مییرهۆڵد لەسەرووی هەموویانەوە ئێزنشتەین و گلادکۆڤ توانییان بەشێکی زۆری نووسینەکانی لە لەناوچوون و فەوتاندن رزگار بکەن. گلادکۆڤ گوتەکانی مییرهۆڵد لە چەند بەشێکدا دەخاتە ڕوو، هەر بۆ نموونە: دەربارەی خۆم، دەبارەی هونەری ئەکتەر، دەربارەی هونەری ڕێژیسێر، تاد...

## دەربارەی خۆم

شانۆ هەر لە حەوت ساڵیمەوە ئارەزووی سەرەکی ژیانم بووە. هێشتا تەمەنم حەوت ساڵ بوو گەورەساڵان لە بەردەم ئاوێنەدا بەدییان کردم کاتێ کە هەوڵم دەدا بە زۆر سیمای منداڵی خۆم بگۆڕم، دواتر پتر خولیای مۆسیقا (کەمانچە) و ئەدەب و سیاسەت بووم. بەڵام وا دەردەکەوێ مەیلم بۆ شانۆ لە هەموو ئەوانی دی بە هێزتر بووبێ. چی شتێک کاریگەری لە سەر ژیانم پتر بووە؟ کاریگەری گەلێ شتم لە سەر بوو: ئەدەبی مەزنی رووسی، بەتایبەتی چێخەڤ، ستانیسلاڤسکی، مامۆستا بێهاوتاکانی شانۆی (ماڵی) کۆن، بلوک، مەتیرلینک، هاوپتمان، خوێندنەوەی قۆناخەکانی بەرەبەیانی مێژووی شانۆ، خوێندنی شانۆی ڕۆژهەڵاتی، جارێکی دی داهێنانەکانی شاعیرە رووسە مەزنەکان – پووشکین، لێرمەنتوڤ، گۆگۆل – ڕەهێڵەی شۆڕشی مەزنی ئۆکتۆبەر و جوانییە توندوتیژەکەی، هونەری تازە هەڵچووی سینەما، مایاکۆڤسکی، دیسانەوە پووشکین و هەموو توانا هەڵچووەکان... پێتان وانەبێ زۆرم گوتبێ؟ هونەرمەند دەبێ شەیدای زۆر شت بێ، تامی شتی جیاواز بکا، تا بزانێ دەستبەرداری چی دەبێت و چی بۆ خۆی گل داتەوە. ئەوەتا گوێم لێیە باسی هێمێنگوای دەکەن، ئەم ناوەم گوێ لێ بوو و بێگومان دەبێ بیخوێنمەوە.

* * *

لە یادی پەنجا ساڵەی لە دایکبوونی پاڤلۆڤدا تێلێگرامێکم بۆ نارد، تێیدا بێ ئەوەی بیری لێ بکەمەوە بۆم نووسی کە من لە شەخسی ئەودا خۆش بەختانە کەسێ بەدی دەکەم کە بۆهەتا هەتایە کۆتایی بە بابەتێکی پڕ لە نهێنی و ئاڵۆزی وەکو بابەتی «ڕۆح» بهێنێت، پاڤلۆڤ بە نامەیەک وەڵامی دامەوە، تێیدا زۆر بە نەزاکەت سوپاسی پیرۆزبایی کردنەکەی لێکردم، بەڵام ئاماژەی بۆ ئەوە

کردبوو کە «هێندەی پێوەندی بە ڕۆحەوە هەیە، با جارێ پەلە نەکەین و پێویستە تۆزێ چاوەڕێ بکەین بەر لەوەی هەوڵ بدەین شتێک بسەلمێنین...»

* * *

منیش دەمەوێ هەمان شت بڵێم: بە هەموو ئەوانە بڵێم کە پێیان وایە، ستانیسلاڤسکی، یان من ئاگاداری هەموو حەقیقەتە نهێنییەکانی داهێنانی کاری ئەکتەرین، بڕۆن دوای کارەکانی کونستەنتین سێرگێڤیچ (ستانیسلاڤسکی ف. ج) بکەون، ئەوجا بۆتان دەردەکەوێ کە چۆن بەردەوام سیستمەکەی خۆی ڕاست دەکردەوە. سەروەختێک گەیشتمە ئەو بڕوایەی کە ئەو پیاوە تاقیگا (مختبر)ێکی کیمیک و فیزیکە. هەڵبەتە ئەمە خۆی کارێکە تا بڵێی سەرەتاییە. لە بیۆمیکانیکدا توانیم تەنیا دوازدە – سێزدە بنەمای ڕاهێنانی ئەکتەر دەستنیشان بکەم، بەڵام ئەگەر سەرلەنوێ تاوتوویان بکەمەوە، ڕەنگە لە هەشت پتریان لێ نەهێڵمەوە.

* * *

ئەگەر کاتم هەبایە سەرلەنوێ بەهەندێک لە وتارەکانی ناو کتێبەکەم "دەربارەی شانۆ" دادەچوومەوە، نەک بۆ ئەوەی لە جەوهەرەوە بیانگۆڕم، بگرە بە نیازی ئەوەی لە تێرمینۆلۆگیای مودێرنیزمی سەرەتای سەدەی ڕابورد کە لەو سەردەمەدا مۆدە بوو ڕزگاریان بکەم، ئەم تێرمینۆلۆگیایە ئێستا ڕێگا نادات نرخیان بەشێوەی ڕاستەقینە بزانرێت.

* * *

وەک دەبینن خراپ نییە ئەگەر تۆزێ ئازارت هەبێ و لە سەرخۆ چاک بیتەوە، ئازارێک لە کاتی دەست بەتاڵیدا خۆتی پێوە خەریک بکەی. من ئێستاش دەبێ تەحەمولی گرفتەکانی داڕشتنەوە سەرنەکەوتووەکانی جارانی خۆم بکەم.

* * *

دانپیانانێکی تاڵ: ئێمەی شانۆکاران، لە مۆسکۆ بەشێوەیەکی پەرشوبڵاوی ئەوتۆ دەژین، هەروەک چەند دەیرێکی لە یەک دابڕاو، تەنانەت کە زۆر جار لە چاوپێکەوتنەکانماندا لەگەڵ یەکدیدا ئەفسانە دەدەین بە یەکدی. بۆ من ئاسانترە پێوەندی لەگەڵ گۆردن کرەیگ بکەم کە لە ئیتاڵیا دەژی لەوەی لەگەڵ ستانیسلاڤسکی کە لەو شەقامەی تەنیشتمان دەژیت.

* * *

جارێک لە ژیانمدا خۆم لە دووڕیانێکێ ئەوتۆدا بینی ئیدی ئەوەندەی نەمابوو ببم بە مۆسیقا – کەمانجەژەن. لە تەمەنی نۆزدە ساڵیمدا، بەر لەوەی لە زانکۆی مۆسکۆدا دەست بە خوێندن بکەم، ئۆرکێستێرێکی گەلێ مەزن هەبوو کە کۆنسێرتی گەورە گەورەی پێشکەش دەکرد. ئەو دەم من لە کۆلیژی یاسادا قوتابی بووم، بەڵام هەر وەکو شێت حەزم لە مۆسیقا دەکرد. نەک هەرئەوەندە، بگرە دەکرێ بڵێم مۆسیقام لە شانۆ پتر خۆش دەویست. خولیای کەمانجە بووم. جارێک پێشبڕکێیەک بۆ هەڵبژاردنی کەمانجەی دووەم ساز کرا کە جێگایەکەی بۆش بوو. من ئەم جێگایەم ڕوون دەبینی. بە جدی خۆم بۆ ئامادە کرد، یاسای ڕۆمانیم تووڕ هەڵدا و... بەڵام لە پێشبڕکێدا دەرنەچووم. بە نەهامەتییەوە بڕیارم دا بگەڕێمەوە سەر خوێندنی نواندن. ئینجا وەرگیرام. ئێستا بیردەکەمەوە: ئەگەر کەمانجەژەنی دووەم بایەم، ئەگەر هاتبا لە ئۆرکێسترای شانۆدا و لەژێر سەرپەرشتی بیندیرسکۆڤ، یان ڕاڤینسکۆڤ کارم کردبا ئێستا شەڕیان لە گەڵ ئەوان دەکرد وەک چۆن ئێستا لە گەڵ من دەکرێ، منیش بۆ خۆم جیقەجیقم بە کەمانجەکەم دەکرد و لە بەرخۆمەوە سووک سووک پێدەکەنیم.

* * *

لە ژیاننامەکەمدا کە ه.د ڤۆلکۆڤ بە وردی و بە دیقەت نووسیویەتی، لەگەڵ ئەوەشدا چەند کەلێنێک هەیە. بۆ نموونە، ئاماژەی بە ساتێکی گرنگی گەشەکردنی ژیانم نەکردووە، کاتێ کە لە مانگی مایسی ١٩٠٢ لە ئیتاڵیادا ئاشنای (پریشکی)یەکەی لێنین بووم هەروەها کتێبی (دەبێ چی بکرێ) کە ئەو دەم تازە لە هەندەران بڵاوکرابووەوە.

من ڕۆیشتم بۆ میلانۆ تاکو کاتیدرا و مۆزەخانەکان ببینم . بە درێژایی ڕۆژ بە شەقامەکاندا پیاسەم دەکرد و لە ئاپۆڕاو خەڵکی ئیتاڵی ورد دەبوومەوە، پاشان دەگەڕامەوە بۆ ئوتێلەکەم و نوقمی کتێب و ڕۆژنامە یاساغەکان دەبووم، بێ ئەندازە هەر دەمخوێندەوە و دەمخوێندەوە. ئەو دەمە سووکە مقۆمقۆیەک دەربارەی کێشەی نێوان لێنین و پلیخانۆڤ لە ئارادا بوو و هاوڕێیانم لە قوتابییە کۆچبەرەکان بێ پەروا موناقەشەی تاکتیکەکانی پارتی سۆسیال دیموکراتی ڕووسیایان دەکرد. زاراوەکانی بۆلشەڤیک و مێنشەڤیک هێشتا ئەگەر هەڵە نەبم، لە گۆڕێدا نەبوون، بەڵام جیاوازییەکە

ئێستا ئیدی هەستی پێ دەکرێ.

* * *

ئەگەر بتانەوێت ئەوەتان بۆ باس دەکەم، کە شۆڕش بەرپابوو چی هونەرمەندانی بە زەقی کرد بە دوو بەشەوە. شتێکی ساویلکانە و ڕووکەشانەیە ئەگەر پێتان وابێت، هەموو ئەو نووسەر و مۆسیقاژەن و هونەرمەندانەی کە کۆچیان کرد، تەنیا بیریان لای پارە لە دەست چووەکانی ناو بانکەکانیان بوو بێ، یان بیریان لای خانووە هاوینییە زەوتکراوەکانیان بووبێ. لە ڕاستیدا زۆرینەیان خاوەنی ئەم شتانە نەبوون. چالیاپین حەزی لە پارە دەکرد. هەموو کەسێ ئەمە دەزانێ، بەڵام ئەمە بۆ ئەو شتێکی سەرەکی نەبوو. شتی سەرەکی ئەوەبوو کە گۆرکی و مایکۆڤسکی و بریوسۆڤ و گەلێ کەسانی دی بەخۆشمەوە دەست بەجێ تێگەیشتین کە شۆڕش تەنیا ڕووخاندن نییە، بگرە دروستکردنیشە. ئەوانەی کە شۆڕشیان بەلاوە تەنیا ڕووخاندن بوو، پاشتر نەفرەتیان لە شۆڕش کرد. مایکۆڤسکی و من سەر بە دوو نەوەی جوداین، بەڵام شۆڕش بۆ هەردووکمان سەرلەنوێ لەدایکبوونەوە بوو.

* * *

لە ژیانمدا بەر لەهەر سەرکەوتنێکی نوێ پشووی تراژیدی ئەوتۆی پڕ لە دوودڵی و گومان هەبووە، کە تەواو ئەشکەنجەی داوم. هەندێ جار گەیشتوومەتە لێواری بێ ئومێدی. تەنیا دووانیان (گرنگترینیان) کە تێیاندا بێ دوودڵی بڕیاری چارەنووس ئاسام دا: کە تووشی نەهامەتییەکی دیکە ببم، ئێستا دەزانم کە دەبێ چاوەڕوانی پەرجوویەک بم، دەستی دۆستێک کە سڵاوم لێ دەکات. پاش داخستنی ستۆدیۆی پاڤارسکی، ئەوەبوو نامەیەکم لە کۆمیسارجێڤسکایا بۆ هات. کاتێ ئەوم بەجێهێشت، سەرەتا خۆم لە کۆڵانێکی داخراودا بینییەوە، ئینجا لە ناکاو نامەیەک لە تیلیاکۆڤسکییەوە کە لەسەر داوای گلۆڤین نووسیبووی. ئێستاش دوای داخستنی گوستیم تەلیفۆنێک لە کۆنستەتین سەرگێیڤیچەوە...

* * *

کە پایز درەختێک دەبینی لە گەڵاڕێزاندایە، ڕەنگە پێت وابێ کە دەمرێ، بەڵام درەختەکە نامرێ، بگرە خۆی ئامادە دەکا بۆ خۆنوێکردنەوە و گەشەکردن لە ئایندەدا. هیچ درەختێک نییە ساڵ دوازدەی مانگ لە پشکووتندابێ. هونەرمەندیش نییە بە کێشەو نشوستی و گوماندا ڕەت نەبێ. ئەی چی دەربارەی ئەو باخەوانانە دەڵێی کە پایزان ئەو دارانە دەبڕنەوە کە گەڵایان دەوەرێ؟ باشە پێویست نییە هونەرمەندان بەسەبر و بایەخەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکرێ، وەک چۆن بە سەبر و بایەخەوە مامەڵە لە گەڵ درەخت دەکرێ؟

* * *

بەدرێژایی تەمەنم بەختم لە مامۆستایاندا یار بووە. ستانیسلاڤسکی، ڤیدوتۆڤ، نێمیرۆڤیچ - دانچینکۆ، مامۆستایانی شانۆی ماڵی کۆن، چیخەڤ، گۆرکی، دالماتۆڤ، گۆلۆڤین، ڤارمالۆڤ، ساڤینا، بلوک، کۆمیسارجێڤساکایا - تا توانیم لەهەموویانەوە باشترین شت فێربووم. ئەگەر بتانەوێت، دەتوانم دەستەیەکی ناوی دیکەی بخەمە سەر. هەرگیز نابێت بە مامۆستا ئەگەر نەتوانی قوتابی بی. من تینوو و فوزولی بووم. یەک ئامۆژگاریتان دەکەم: فوزولی بن، شوکرانە بژێر بن. فێری سەرسامی و ئیعجاب بن.

* * *

ئێمە باشترین بینەری شانۆمان لە هەموو جیهاندا هەیە، ئەمە باوەڕی منە. هەروەها ئێمە باشترین خوێنەرمان هەیە. تەواو لەسەرووی ئەوەوەن لەگەڵ ئەوانەی ڕۆژئاوا بەراورد بکرێن، یان لەگەڵ ئێنتلجێنتسیا ڕووسیای جاران بەراورد بکرێن. باوەڕ دەکەن کە لەسەردەمی گەنجێتیمدا، ڕای گشتی ئێنتلجێنتسیا وا بوو کە بۆ نموونە، بۆبوریکین کە نووسەرێکی گەلێ لە بەلزاک جدیتر بوو؟ بەلزاکیش ئاوا وەکو پۆل دی کۆک تەماشا دەکرا، شپیلهاگینیان لە ستاندال گەلێ پێ بەرزتر بوو.

* * *

پێم وایە سەردەمی تەقینەوە گەورەکان لە هونەردا هێشتا بەسەر نەچووە، بەڵام فرمێسک بارووی ئەو تەقینەوەیە تەڕ دەکات، هەر بۆیە حەزم لە هونەری هەست بزوێن (سێنتیمینتال) نییە.

* * *

ئاگادار بن کاتێ کە بە زمانی میتافۆر (ئیستیعارە) لەگەڵ کەسانی سەرکێش دەدوێن! ئەوان هەموو شتێ بە حەرفی وەردەگرن و پاشان هیچ بوارێک بە ئێمە نادەن. جارێک کە گوتم وشە نەخشی سەر خامی جووڵەیە. ئەمە میتافۆرێکی ئاسایی بوو، لە وانەی کە مرۆڤ بە دەمیدا

دێ کـــاتێ کـــە لەگـــەڵ قـــوتابییـــاندا دەدوێ، بەڵام نیـازخراپەکـان بە شێـوەیەکی حەرفی لێی تێگەیشتن و ئێسـتـاش پاش دوو دەیە، هەر خەریکن بە شێـوەیەکی زانستی ئەو حیکمەتە ڕەت بکەنەوە کە من بێ مەبەست گوتومە.

بەهەمـان شێـوە، مـاوەیەکی زۆر بەر لە ئێسـتـا هەمـوو تاوانێک دەخـرایە ئەسـتـۆی گـۆردن گـریک، چونکە ئەکتەرانی لەگەڵ بووکەشووشەدا بەراورد کرد. گۆتیە (کە من خـۆشم ناوێ) گـوتوویەتی ئەکـتـەران دەبێ وەکـو یاریزانانی سەر گوریس بن. تۆ بڵێیی ئەمە ئەوە نەگەیەنێ کە گۆتیە ئامۆژگاری ئەو ئەکتەرانەی دەکرد کە هاملێت نمایش دەکەن و دەبێ وەکو ئەو یاریزانانە بن کە بە سەر گوریسدا ڕەت دەبن و دەڕۆن؟ بێگومـان نەء! ئەو تەنیـا دەیویست ئامۆژگاری ئەکـتەران بکا کە پێویسـتـە لەهەر جووڵەیەکدا لەسەر شانۆ بگەنە دیقەتێکی بێ هەڵە.

* * *

یاسای بنەڕەتی بیومیکانیک گەلێ ئاسانە: لە گشت جووڵەیەکماندا دەبێ هەمـوو لەشمان تێیدابەشدار بێت. لەمە بترازێ وردەکارییە، مەشقە، ئیتودەکانە. پێم بڵێن چی لەمـەدا خـەڵک نیگەران دەکـا، دەبێـتـە مـایەی ناڕەزایی، وەک کفر وایە، قبووڵ ناکرێت؟ دەشێ شتێک بێ کە لە کەسایەتی مندا هەبێ تەنانەت بچووکترین شت کە دووپات دەکەمەوە. من باوەڕم وایە کە ئەگەر سبەینێ ڕایبگەیەنم ڤۆڵگا دەڕژێتە ناو دەریای کاسپیانەوە، دوو سـبـەی داوام لێ دەکـەن دان بەو هەڵانەدا بنێم کـە لە قسەکانمدا هەبوون.

* * *

هیچ مـەرج نیـیە هونەرمـەند خـۆی بزانێ خـۆی کـێـیە، ڕیالیسـتـە، یان ڕۆمـانتـیکە، چونکە هەرکـەسێ ئەم چەمکانە بە جۆرێک تێدەگا. دەبێ جیـهانبینی تایبەتی خـۆت بهـێنیـتە ناو هونەرەوە. جا ئەو جـیـهـانبـینیـیە هەرچۆنێ بێ، پاش تۆ دێن و لە ڕەفـەیەکی دیاریکراوت دادەنێن. پتر لەوەش زۆر جار جێگۆڕکێت پێ دەکەن. بە نیـسبـەت ئێمـەوە، ئەم سیفـەتانە بێ ڕوونکردنەوە وەک خەڵات دەبەخشـرێن. کـاتێ کـە دەربارەی منیـان نووسی گوایە کە ئاخری بەرهەمێکی ڕیالستم دەرهێنا پێی شاد بووم، لە ڕاستیدا نەک لە بەر ئەوەی ئەمە ڕاستە، بەڵکو لەبەر ئەوەی تێگەیشـتم کـە دەیانەوێ پێـمـدا هەڵدەن. ئەمـە وەکو ئەوە وایە تۆ ژەنەراڵێکی سـوپای پیـادە بی و بەرزت کەنەوە بۆ ژەنەڕاڵێکی تەواو.

* * *

کـە لەگـەڵ ئەندامـانی ڕاپ ( یەکـێـتی نووسـەرانی پرۆلیـتاریی ڕووسیـا ) دا دەکەومە موجادەلەی ئەوەی کە سرووتی پایزی ئیگۆر ستراڤینسکی، کارێکی هونەریی مەزنە، هەمـوو جارێ وام بۆ دەرکـەوتووە کە ڕاستگۆ نین دەربارەی ئەو ڕاستییەی کە ئەم مۆسیقا سەرسوڕهێنەرە بەوان غەریبە و لێی تێناگەن.

* * *

کێ دەڵێ من پیـرم؟ حەز دەکـەم بڕۆم بۆ سۆڤ نارکـۆم (دەسـتـگای کـۆمـیـسـاری گـەل) و بڵـێم:خـۆ من لە تابووتێکی لە قوڕقوشم دروستکراو پاش تەداویکردنم لە هەندەران نەگەڕاومەتەوە، گـۆرانییـەکم ئەمڕۆ بۆ بچڕن ، لەوانەی کە لە پرسـەنامەدا دەگـوترێن. مایاکۆڤسکی لە پرسـەی خلێـبنیکۆڤـدا نووسی (نان بۆ ژیان! کـاغـەز بۆ ژیان!) بە من بێ ئەمەی بخەمە سەر: ڕێزیش بۆ ژیان!

* * *

پیـکاسـۆ بەڵێنی پێـدام ببێ بە سـینۆگـرافی (هاملێت)ەکەمان، کاتێ کاتی خۆی دێت. هەموو تەمەنم خەون بە هاملێتەوە دەبینم و هەموو جارێک لە بەر هەر هۆیەک بێ، دوای دەخـەم. بە ڕاشکاوی دەیڵـێم من تا ئێسـتـا لە خـەیاڵی خۆمدا چەند هاملێتێکم دەرهێناوە. بەڵێ خـۆتان ئەمـە دەزانن و پێشـتر بۆم باس کردوون... هاملێت دەبێ یەکەم بەرهەمی شانۆ نوێیـەکەمـان بێ. بە هاملێت نمایشی یەکەممان دەست پێ دەکەین! بە باشترین شانۆنامـەی جیـهان پەردە لە سەر شانۆکەمان لادەدەین. نوقڵانەی خێرە.

# گۆرانی و موزیکی ناوچەی کۆیە

وریا ئەحمەد

## مەلا ئەسعەدی کۆیی
## ١٨٩٠ - ١٩٥٨ز

ناوی تەواوی (مەلا ئەسعەدی کوڕی مەلا قادری کوڕی تەها سابلاغی)یە، سالّی (١٨٩٠) لە شاری کۆیە هاتووەتە دنیاوە، مەلا قادری باوکی لە مزگەوتی (مەحموود ئاغا) لە کۆیە، سوختەخانەی هەبووە، مەلا ئەسعەد و مەلا سەعیدی برای هەر لە منداڵییەوە بەیەکەوە گەورەبوونە، پاشان مەلا (سەعید) چووە بۆ شاری (سەردەشت)ی کوردستانی ڕۆژهەڵات و لەوێ ژنی هێناوەو ماوەتەوە. مەلا ئەسعەدیش هەر لە منداڵییەوە هەستی بە دەنگخۆشی خۆی کردووەو هەر بۆیەش دەستی بە گۆرانی گوتن کردووە، لە کۆیە هیچ بەزم و ئاهەنگ و مەولوود و شایی و بووک گواستنەوە و سەیرانێک نەبووە، چەهچەهەی دەنگی مەلا ئەسعەدی لێ نەهاتبێ، لەگەڵ دەنگخۆشانی هاوڕێی وەک: ڕەفیقی چارچاو و سمایلەخرە و هەندێ جاریش: (ئەحەی ناسر و عەجەم ئۆغلی) ئەو کاتانەی بە میوانی بۆ شاری کۆیە هاتوون، تا شەڕی یەکەمی جیهانی، سالّی (١٩١٦) کابرایەکی تورکمانی کوردیزان لە کۆیە بە (ئەفسەری تەجنید) دادەمەزرێت، ئەو زەلامە بە هیچ کلۆجێک هەستی هونەری لە دلّدا نەبووە، ڤینیشی لە دەنگی خۆش بووە، بۆیە فەرمانی گرتنی بۆ مەلا ئەسعەدی دەرکردووە، بەو نیازەی بیکات بە سەرباز! هەرچەندە مەلا ئەسعەد چاوێکی نەبووە و بەو هۆیەوە بۆ سەربازی نەشیاوە،



مەلا ئەسعەدی کۆیی

کەچی ئەو ئەفسەرە دڵ ڕەقە پێی دەڵێت: چونکە تۆ ئێواران لەم گرد و ئەو گرد قرەقرِ دەکەیت! دەبێ هەر ڕەوانەت کەم بۆ سەربازی؟ جا لەگەڵ دوو جەندرمەدا، ڕەوانەی (کەرکووک)ی دەکات، نزیکی ڕۆژئاوا دەبێت، کاتێک دەگەنە نزیکی کەرکووک، مەلا ئەسعەد بەبیری دێتەوە، کە دۆستێکی ئەفسەری کۆیی هەیە، ئەمڕۆ لە کەرکووکە، لەو ترسەی نەبادا هەر ئەم شەو بۆ ناوچە شەڕاوییەکانی بنێرن، بە بیانووی دەستنوێژ، لێیان دوور دەکەوێتەوە و خۆی دەدزێتەوە، ڕێگای کەرکووک دەگرێتەبەر و بۆ لای ئەفسەرە کۆییەکەی برادەری دەچێت، ئەو ئەفسەرە لە بنەماڵەی (قۆچ پاشا) بووە، ئەفسەرەکەی دۆستی پێی دەڵێ: بەیانی وەرە بۆ (قشڵە) لەوێ بە کەیفی تۆ دەکەین، بۆ بەیانی مەلا ئەسعەد وەک سەربازی بەردەستی خۆی دادەمەزرێنێت و پێی دەڵێ: ئیشی تۆ لای من هەر ئەوەیە ڕۆژانە دوو مەقام و گۆرانیم بۆ بڵێی، دوای ماوەیەک هەر بە یارمەتی ئەفسەری ناوبراو مەلا ئەسعەد ڕەوانەی لێژنەی پزیشکی دەکرێت و ئەوانیش بڕیاری بۆ دەدەن و لە سەربازی (چرووک)ی دەکەن، بۆیە بە دڵخۆشی بۆ کۆیە دەگەڕێتەوە، لێرە لە کۆیە بەشێکی خانووەکەی، بەکرێ دەدات بە (نەجیم ئومباشی) و بەشەکەی تریشی بۆ خۆی، ئومباشی کچێکی ناو (ئامینە)ی دەبێ و تیری جوانی ئامینە کار لە مەلا ئەسعەد دەکات و دەنگی خۆشی مەلا ئەسعەدیش کار لە کچەکە دەکات، بۆیە دڵ دەگۆڕنەوە و دەبن بە دڵدار و پەیمانداری یەکتری، چەندجارێک مەلا ئەسعەد بۆ خوازبێنی ئامین دەنێرێت، دایکی ڕازی و باوکی سەرسەخت دژی ئەم کارە دەوەستێت و دەڵێت: من کچی خۆم نادەم بە چاوەش؟ بۆیە ئەوەندەی تر ئەویندارى لە دڵی مەلادا کڵپە دەکات، بە جۆرێک هەر (غەزەل)ێکی، بخوێندبا بێ فرمێسک نەدەبوو، جاری وابووە لە تاوان لە هۆش خۆی چووەو بە بۆنی سەرپۆشی بۆنداری ئامینەی دڵداری بەهۆش دەهاتەوە، ماوەی دوو ساڵ بەم جۆرە تێ دەپەڕێ و لە ئەنجامدا، ئومباشی بە هۆی تکا و نزای خەڵکی و کچە و دایکی کچە، دواجار ئومباشی ڕازی دەبێت، بەڵام بە ماڵەوە دەگەڕێتەوە بۆ کەرکووک، کە هەر خەڵکی ئەوێش بووە، بەڵام مخابن مەلا ئەسعەد، تەنیا ساڵێک لەگەڵ ئامینێدا ژیانی دڵداری بەسەربرد، ژنە بەسەر منداڵەوە جوانەمەرگ بوو، مەلا ئەسعەدیش لە داخان، بەرەو (سەردەشت) سەری خۆی هەڵگرت، بۆ لای سەعیدی برای، دواجار لەوێش ژنێکی خواست، بەڵام دوای ماوەیەک ژنەی تەڵاق دا و سەردەشتی جێ هێشت، دیسانەوە بەرەو کۆیە بەڕێ دەکەوێت، لە ڕێی گەڕانەوەیدا چاوی بە بێوەژنێکی ناو ئامینە دەکەوێت، کە خەڵکی گەڕەکی (مەڵکەندی) شاری سلێمانی دەبێ، هەر بە ئارەزووی ئامینەی جوانەمەرگ، دەیخوازێ و بەیەکجاری بۆ کۆیە دەگەڕێنەوە. مەلا ئەسعەد گەلێک مەقام وغەزەلی کوردی و عەرەبی و فارسی و تەنانەت تورکیشی زانیوە، وەک مەقامی: (نەورۆز، شوور، ماهور، خورشیدی، دەشتی، دەرویشی، دیوان و ڕاست و بەیات و سەبا و قەزاز و ڕاک و موحەییەر و پێنج گا و سێگا و چارگا و دەستگا و حیجاز و مەنسوری و حەکیمی و ئۆرخا و کوردۆ)، ئەو مەقامانە و هی تریشی بە هۆنراوەی ئەو شاعیرانەوە گوتووە: نالی، کوردی، وەفایی، ئەختەر، حاجی کۆیی، حەریق، حافز و سەعدی شیرازی، خالد و نزیری و گەلێک هۆنراوەی فۆلکلۆری کوردیشی لەبەربووە، شایانی باسە مەلا ئەسعەد بۆ هەر مەقامە بەستەی تایبەتی خۆی هەبووە، بەدوایدا گوتوونی، زۆربەی کات مەلا ئەسعەد لەگەڵ تاقمێک لە دەنگخۆشانی کۆیەدا گۆرانی گوتووە: فەقێ حەمەدەکۆرە،

سیوه، قاله کەچەڵ، حەمەدەمینە گۆجە، عەبدوڵڵا خەفاف، لەتیف ئاغا و هی تر. ساڵی(١٩٥٥) چووە بۆ ئێزگەی کوردی لە (بەغدا) گۆرانی تۆماربکات، بەڵام لەبەر ئەوەی لەگەڵ موزیکدا زووتر گۆرانی نەگوتبوو، دەبوایە هەفتەیەک یان زیاتر لە بەغدا، بۆ (پرۆڤەکردن) بمێنێتەوە، چاوکزی لەلایەک و نەشارەزایی لەلایەکی تر، بوونە ڕێگر لەو کارە، بەڵام هەندێ گۆرانی و مەقامی لەکۆیە بۆ تۆمارکراوە، ئەویش بە یارمەتی یادی بەخێر (حەمە گەمحانی چایەچی) و موزیکی مامۆستا باکووری. مەلا ئەسعەد لە مانگی مایسی (١٩٥٨)دا، هەر لە کۆیە کۆچی دوایی کردووەو لەسەر داوای خۆی لە گۆڕستانی (سەید جامی) بەرانبەر تاتووکی قەڵاتان، کە شوێنی هەمیشەیی ئاهەنگ گێڕانی ڕۆژانی لاوێنی و بەهاری تەمەنی بووە بە خاک سپێردراوە.

مامۆستا باکووریش لەم بارەیەوە دەڵێت: لە منداڵییەوە و تا ئەمڕۆش هەستم کردووەو لە دواییشدا خوێندوومەتەوەو گوێم لە ڕای هونەرمەندان و شاعیرانی کۆیە بووە کە: گۆرانی و ئاواز و بەستە و مەقامەکانی کۆیە، جۆرە تایبەتمەندییەکی خۆیان هەیە! دواتر دەڵێت: کەواتە لێرەدا زۆر ئاشکرایە، کە کۆیە مەڵبەندی جۆرێک ئاوازە، جۆرێک مەقاماتە، کە گۆرانیبێژانی غەیرە کۆیی نایانزانن! بەڕای مامۆستا باکووری: هۆی ئەو تایبەتمەندییەی گۆرانی و ئاواز و مەقامەکانی کۆیە، دەگەڕێتەوە بۆ: دووری کۆیە لە شارەکانی دیکەی کوردستانی وەک: هەولێر، کەرکووک، دواتر سلێمانی، ئەویش بەهۆی ئەوەی لە کۆندا، جادەوبان نەبووە، کە پەیداش بووە، بێ کەڵک بووە، بە تایبەتی وەرزی زستانان، ڕێگەکان پەکیان کەوتووە، بەم هۆیەوە هاتوچۆ و هامووشۆی ئەو کاتەی خەڵکی کۆیە لەگەڵ چواردەوریدا، زۆر کەم بووە، بە تایبەتی زستانان، کە خەڵکی کۆیە شەش مانگ زەخیرە و کەرەستەی پێویستی وەرزی سەرماوسۆڵەیان دناوە، بەم جۆرە لە ناو شاردا تا بەهارێکی درەنگ خۆیان حەشاردا وە! هەر لە سەردەمێکی کۆنی کۆنەوە ئەمە حاڵی کۆیە بووە. ماڵە ئاغاکانیش بە تایبەتی ماڵی (مەلا حەوێز ئاغا) و (کاکە زیاد ئاغا) ، چونکە خاوەنی زەوق بوون، هەوەسیان بە گۆرانی و مەقامی ڕەسەنی کوردی دەهات، بە دەنگی گۆرانیبێژانی باش و دەنگخۆش و لێزانی وەک (سێوە) و (مەلائەسعەد) و (تایەر تۆفیق) و (ئەحمەدی حەمەمەلا)ەوە دەگوتران.

**مەلا ئەسعەد**

مامۆستا باکووری بەم جۆرە وەسفی(مەلا ئەسعەد)مان بۆ دەکات: پیاوێکی باڵا مام ناوەندی، جەستەیەکی لاواز، وەک دەڵێن: هەر ئێسک و پێست بوو، کەوایەکی درێژی لەبەردەکرد و چاکەتێکیش لە بانیا، جەمەدانیشی دەکردەسەر، بەڵام هەمیشە چاوی چەپی (چونکە عەیب داربووە) بە لچکێکی جەمەدانییەکەی، یا بە پەڕۆیەکی شاردۆتەوە، دەم و چاویشی هەر بەوجۆرە لاواز و چرچ و لۆچ و ئێسقان بوو، ئەمما دەنگی، نازانم چۆنی وەسف بکەم، قوڕگێکی ساف و دەنگێکی پیاوانەی پاکی هەبوو، لە هەمان کاتدا دەنگیشی زۆر شیرین بوو، ئەگەر لە مەجلیسی گوتنی ئەو پیاوە بوویتایە، حەزت دەکرد تا بەیانی بۆتی بڵێ و لێی تێر نەدەبوویت! دەنگی (ئۆکتاف) و نیو یا زیاتریشی تێپەڕ دەکرد، بەستەی کۆنی یەکجار زۆر دەزانی، ئەمە جگە لەوەی کە خۆی بە ئەسڵ، زۆرتر پسپۆڕی لە ستایشی ئایینی و خوێندنی مەولوودنامە و ئەوانەدا بووە، حەزیشی لە مەقامەکانی عیراقی و گۆتنی عەرەبی دەکرد، حەزی لە دەنگی (محەمەد عەبدولوەاب)ی گۆرانیبێژی ناوداری میسری دەکرد، ئەو کاتە لەسەر (قەوان) گوێمان بۆ دەدێرا، جارێ (گرامەفۆن) تەنیا لە ماڵە خواپێداوەکان و لە چایخانەکاندا هەبوو، بۆ نموونە چایخانەی (زرار) مامۆستا باکووری دواتر دەڵێت: جووڵانەوەی هونەری لە شاری کۆیەی زیندوو، لەوانەیە بگەڕێندرێتەوە بۆ (دوو سەدە) لەمەوپێش و ڕەنگە زیاتریش، تا چاخ و زەمانی شاعیر و مەقام شوناس و هونەرمەند، (ئەمین ئاغای کوڕی حاجی بەکر ئاغا)ی ناسراو بە (ئەختەر).

(مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا قادری کوڕی تەهای سابلاغی)بوو، ڕەحمەتی (تەها)ی باپیری مەلا ئەسعەد، لە سەردەمێکی ژیانیدا ڕووی کردۆتە شاری کۆیە، لێرە لە کۆیە قادری کوڕی لە دایک دەبێت و دەخرێتە سوختەخانە و خوێندنی قورئان و دیراساتی ئایینی، کاتێک هەموو ئەوانە بە سەرکەوتوویی تەواودەکات، بە مەلای مزگەوتی (مەحموود ئاغا) دادەنرێت، مەلا قادری باوکی مەلا ئەسعەد هەر لە کۆیە ژنێک دەخوازێت و ساڵی(١٨٩٠) ئەم مەلا ئەسعەدەیان لە دایک دەبێت و دوای ساڵێک کوڕێکی دیکەیان بە ناوی (سەعید) لە

دایک دەبێت، باوکیان هەردوو کوڕەکان دەخاتە بەر خوێندنی سوختەخانە و زۆریش لە گەڵیاندا خەریک دەبێت و بێ سوود دەبێت، باوکیان هەست دەکات، کوڕەکانی ناتوانن خوێندن تەواوبکەن و دەشزانێت، توندوتیژی بەکارهێنان لە کاتی وادا سوودی نییە، بۆیە وازیان لێ دەهێنێت، جا دوای ساڵێک هەردووکیان واز لە خوێندنی سوختەخانە دەهێنن، سەعیدیان کۆیە جێ دەهێڵێت و بەرەو (سەردەشت) دەگەڕێتەوە، لەوێ ژن دەهێنێت و دواتر نازناوی مەلایشی دەدرێتە پاڵ، هەرچی ئەسعەدی برای بوو، لە ماڵی باوکی مایەوە و خەڵکیش لەبەر خاتری باوکی، بە (مەلا ئەسعەد) بانگی دەکەن، تا ئەو ناوەی بە یەکجاری بەسەردا دەچەسپێ.

**مامۆستا کەریم شارەزاش لە گوتارێکدا لەژێر ناوونیشانی (کۆیە و ئاواز و گۆرانی کوردی لەنێوان مەلا ئەسعەد و سێوەدا) نووسیویەتی: (مەلا ئەسعەدی مەقامبێژی کورد):** مەلا ئەسعەد کوڕی مەلا قادری کوڕی تەهای سابڵاخی-یە و لە ساڵی (١٨٩٠)ی زاییندا، لە گەڕەکی (بایزاغا) لە شاری کۆیە لە دایک بووە، خوێندنی ئایینی لە مزگەوتەکانی ئەو شارەدا وەرگرتووە، هەرچەندە تەواویشی نەکردووە، بەڵام هەر لە زووەوە و لە سەردەمی باوکییەوە، بانگیان کردووە (مەلا ئەسعەد). تەها سابڵاخی باپیری لە مەهابادەوە ڕووی کردۆتە کۆیە و مەلا قادری باوکی لەم شارەدا لە دایک بووە، دوای تەواوکردنی خوێندنی ئایینی، بووە بە مەلای مزگەوتی مەحموود ئاغا، مەلا ئەسعەد کە دەبێتە لاوێکی هەرزەکار دەکەوێتە داوی عیشقی (ئامین) ناوێکی کچی (نەجم ئومباشی) کەرکووکی، کە ئەوسا لە کۆیە بوون و لە هەمان خانوودا کرێ نشینی مەلا قادری باوکی مەلا ئەسعەد بوون. بەهرەی هونەر و ئاواز و مەقامی کوردی لە لای مەلا ئەسعەدی عاشق، لە سەرچاوەی دیدە مەستەکانی (ئامین)ی ناسک و نازدارەوە سەری هەڵداوە، هەرچەندە دوای گەلێ پەڵپ و بیانوو، کۆسپ و تەگەرەی سەخت، (ئامین)ی پێ دەدرێ، بەڵام زۆر ناخایەنێ دوای ساڵێک (ئامین) بە سەر منداڵ بوونەوە دەچێت، دنیایەک خەم بۆ مەلا ئەسعەدی کۆست کەوتوو جێ دێڵێت، ئەم کارەساتە دڵتەزێنە، کارێکی تەواو دەکاتە سەر هەست و سۆزی مەلا ئەسعەدی گۆرانیبێژی عاشق و لەوساوە ئاواز و مەقامەکانی مۆرکێکی خەمناکی پڕ لە ئاهوناڵەی وەرگرتووە، دواتر ئەمە بۆتە خاسیەتێکی سەرەکی ئاواز و مەقامەکانی ئەم هونەرمەندە نەمرە. مەلا ئەسعەد دوای ئەو کۆستە گەورەیە، کۆیە جێ دێڵێ و ڕوودەکاتە کوردستانی ڕۆژهەڵات و دەچێتە (سەردەشت) بۆ لای (مەلا سەعید - ڕەعدی)شاعیری برای، ناوە ناوەش سەردانی (سابڵاخ)ی کردووە، لە ئەنجامی تێکەڵاو بوونی لەگەڵ فەقێ و مەلا و مەقامبێژانی ئەو مەڵبەندە، گۆرانییەکانی شێوەیەکی موکریانی وەرگرتووەوتەواوێکیش کەوتۆتە بەر کارتێکردنی ساز و ئاوازی فارسییەوە. پاش ماوەیەک غوربەتی بۆ شارەکەی کۆیەی زاینگەی هەڵدەستێ و لە ڕێگای گەڕانەوەدا، چاوی بە بێوەژنێکی خەڵکی سلێمانی گەڕەکی (مەڵکەندی) دەکەوێت، کە ناوی (ئامین) دەبێت بە یادی یەکەم دڵداری (ئامین کەرکووکی) دەیخوازێ و دەیهێنێتەوە بۆ کۆیە، تا ڕۆژی کۆچەکەی لە ساڵی (١٩٥٨)دا، لەگەڵیدا دەژیت.

**بەراوردێک لە نێوانی مەقامبێژانی کورد (مەلا ئەسعەد) و (سێوە)دا:**

مەلا ئەسعەد و سێوە دوو مەقامبێژی ناوداری کورد و دوو شۆڕەسواری هونەری ئاواز و گۆرانی گەلەکەمان بوون لە شاری کۆیە و هەردووکیان وەک دوو دیوی دراوێکی بە نرخی ناو گەنجینەی کەلەپووری نەتەوایەتیمان خۆیان نواندووە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین نیشانە و خاسیەتە هونەرییەکانی هەریەک لەوانە دەست نیشان بکەین، با لەمەودوا بەراوردییەکی ورد و لەسەرەخۆ لە نێوانی هونەری ئەم دوو هونەرمەندە و خاسیەتە سەرەکییەکانی هەریەک لەوانە بکەین:

(١) مەلا ئەسعەد دەنگێکی باریک و تیژ و بە تینی هەبوو، کەچی سێوە خاوەنی دەنگێکی قەبە و بینێکی درێژ و لەسەرەخۆ بوو.

(٢) مەلا ئەسعەد موسوڵمانێکی بەدین و لە خوێندنی مەلایەتیدا، چەند پلە و قۆناغێکی بڕیبوو، ستایش خوێنی ڕۆژانی هەینی مزگەوتی گەورەی کۆیە بوو، سێوەش دیانێکی دڵسۆزی ئایینەکەی خۆی بوو، لە خوێندنی ئایینیدا گەیشتبووە پلەی (شەماشە) و کاروباری (دێرە)کەی کۆیەی هەڵدەسووڕاند. دڵسۆزی ئەو دوو هونەرمەندە بۆ هونەری مەقام و ئاوازی کوردی، ئەم دوو مەقامبێژە ئایین جیاوازەی ئەوسای کۆمەڵگەی کوردەواری، گەیاندبووە یەک و ببوون بە دوو هاوڕێ و

دوو دۆستی گیانی و گەلێ جار لە مەجلیس و دانیشتنی تایبەتیدا، بە دوو قۆڵی گۆرانی و بەستەی هەمەجۆریان گوتووە و هەندێ لەو بەرهەمانەشیان لەسەر (شریت) تۆمارکراوە، ئێستا لە کۆیە لە لای گەلێ هونەرمەند دەست دەکەون.

(٣) لەبارەی ئاوازی مۆسیقاوە مەلا ئەسعەد گوێی موزیکی کەم هەست بوو! لە سەرەتاوە وا لێ ڕاهاتبوو کە بەبێ مۆسیقا گۆرانی بڵێ و کاتێ مۆسیقاشی بۆ لێ دەدرا، نەیدەتوانی خۆی بە پلەو چینەکانی ببەستێتەوە، کەچی سێوە بە ماوەیەکی کەم توانیویەتی خۆی بکات بە ئاشنای مۆسیقای ڕۆژهەڵاتی و ئاوازی ئامێرەکانی و توانی بە پرۆڤە کردنێکی کەم (٥) مەقامی خۆی لە ساڵی (١٩٥٢)دا، لە ئێزگەی کوردی بەغدا، لەسەر ئاوازی (کلارنێت)ی (قادر دیلان) و (عود)ی (ئەحمەد خەلیل) و (کەمانجە)ی (نازم نەعیم) تۆمار بکات، کەچی مەلا ئەسعەدی کۆیی ساڵی (١٩٥٥) بۆ هەمان ئێزگە چوو، لەبەر کەم شارەزایی لە مۆسیقا بۆی نەکرا چەند مەقامێکی خۆی تۆمار بکات.

(٤) سێوە دەیتوانی زۆربەی مەقامەکانی مەلا ئەسعەد بڵێت، وەک (دەخیلت بم لە عوشاقت مەرەنجە)ی لەمەڕ ئەختەر و (حەریقی ئاگری دووریم)ی (وەفایی) و (گوتم و گوتی) (هەوایی) شاعیر، بەڵام جارێک گوێمان لێ نەبوو مەلا ئەسعەد یەکێک لەو پێنج مەقامە تایبەتییانەی سێوە بڵێت!

(٥) مەلا ئەسعەد هەموو کەرەستەی مەقامەکانی شیعری هاوکێش و سەرواداری شاعیرە کلاسیکییەکانی کورد و فارس بوون، هەر لە شیعری (سەعدی و حافیزی شیرازی و قاسیدی کۆییەوە، بگرە تا دەگاتە شیعرەکانی نالی و کوردی و ئەختەر و وەفایی و حاجی قادری کۆیی و تاهیربەگی جاف و سافی هیرانی و بێخود و شاعیرانی دیکەمان، کەچی سێوە زۆربەی دەقی ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، لەسەر کێشی (بەند) گوتووە.

نموونەیەک لە مەقامەکانی (مەلا ئەسعەد):

**دەخیلت بم لە عوشاقت مەرەنجە دڵ و دینم فیدای ئەم لاروڵەنجە**

**لە دەوری عارزت کاکۆڵی پڕ چین دەڵێی ماری سیای ئێشکچی گەنجە**

**لە گورجستان و چین وەک تۆم نەدیوە لە ماچین پشکنیم تا موڵکی گەنجە**

**بەهایی خاڵی هیندووت هیندونەوبە فیدایی لەنجەکەت شیراز و تەنجە**

**هەتا وەک شیری دایکت لێ حەڵاڵ بێ، خەناوی کە بەخوێنم دەست و پەنجە**

**ئەوندەم خاک بەسەرداکرد لە هیجرت زەمین دووی بوو بەتۆز ئێستاکە پێنجە**

**تەماشاکە سەراپا ماهم (ئەختەر) هەمووعیشوە و فریب و ناز و غەنجە**

مەلا ئەسعەد بە دەیان ئاواز و مەقامی کوردی ڕەسەنی گوتووە، ئەو مەقامانەی کە لە (فارسی)یەوە وەری گرتوون، تاموبۆ و بەرگێکی کوردی بەبەردا هەڵکێشاون، گەلێ مەقامی فارسی وەک: (هەمە چین چین شکەن شکەن)ی لەشاری کۆیە بڵاوکردووەتەوە و مۆرکێکی کوردی پێ بەخشیوە، مەلا ئەسعەدی هونەرمەندمان سەرکەوتووترین مەقامبێژی مەولوودی ئەم شارە بووە، گەلێ شیعری وەک (مەتڵەعی سوبحی سەعادەت)ی بێخودی لەو ئاهەنگانەدا گوتووە و گۆی هونەری خۆی بردووەتەوە.


**سەرچاوەکان:**

**(١) گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٥٨)ی کانوونی یەکەمی ساڵی (١٩٧٩)، نووسینی: (جەلال جۆبار و مەرێین سلێوە).**

**(٢) بەشی دووەمی کتێبی (گۆرانیبێژە نەمرەکان) نووسینی: مامۆستا باکووری.**

**(٣) کەریم شارەزا، گۆڤاری ڕۆژی کوردستان ژمارە (٥٧) ساڵی (١٩٨٠).**

# گۆرانی سێ قۆڵی لە دەڤەری هەوراماندا

**(٢ - ٢)**

**دارا محەمەد عوسمان**
**(سلێمانی)**

١٥- جۆرێکی تر لەو ئاوازانەی کە بەسێ قـۆڵی، یان کۆرس دەوترێن، باسی گۆرانی دوو قـۆڵی و سێ قۆڵیمان کـرد. ئێـسـتـا هەندێ ئاوازی تایبـەتی هەن، بە کـۆرس دەوترێن، یان سـتـرانبـێـژەکـە، وەک داری پیـرەدار چۆن نەمـامی نوێ لەدەوروبەری شین دەبن، گۆرانیـبـێـژەکە کـە دێرێک لە ئاوازەکە دەڵێت و بە شوێنیدا کورگەل بەیەک دەنگ، بەدەنگێکی [تیـژ و گـڕ] سـەربەندی ئاوازەکـە دەڵێنەوە. ئەمـەش یەکێکە لە تایبـەتمەندییەکـانی ئاوازی دەڤەری هەورامانی ئاهورامەزدایی. بۆ نموونە گۆرانی [بە تۆری کر بە تۆرای] ئەم گۆرانیـیە بەم شێـوەیە دەوترێت، کۆرس دەڵێت:

**بەتۆری کر بە تۆرای**
**دادە لەسەر چی تۆرای؟**

ئینجا گۆرانیبێژ دەڵێت:

**«کەرە ئابانە تەماشەت کەرو**
**نەکای داخەکان قیامەت بەروو»**

هەندێکیـان بەدەنگی بەرز و هەندێکیـان لەسـەرخـۆ دەڵێن؛ (بە تۆری کر بە تۆرای- دادە لەسەرچی تۆرای؟)

دیسان گۆرانبێژ کۆپلەیەکی تر دەڵێت!

**(کەرە ئابانە دەرەبییەن پۆڕ**
**گونات درۆشیۆ وێنەی چرا تۆڕ)**

ئینجا گـۆرانیـبـێـژ و کـۆرس، پێکەوە هەر هەمـوویان دەڵێن: (بە تۆری کر بە تۆرای- دادە لەسەرچی تۆرای؟)

ئەم گۆرانییە تایبەتە بە بووک بردن، کاتێک لەبەردەمی ماڵی بووکدا، کورگەل هەموویان کۆ دەبنەوە چاوەڕوانی

بووک دەکەن تا لە ماڵی بووکێ بهێننە دەرەوە و سواری ئەسپی دەکەن و یەکێک لە ماڵی بووکێ دەستی ڕاستی و یەکێک لە ماڵی زاوا دەستی چەپی دەگرن تا سواری دەکەن و ئیدی بەدەم ڕێگەوە گۆرانیبێژە میللییەکان گۆرانی جۆراوجۆر دەڵێن.

١٦- گۆرانی گنری بارەکڵەدای! ئەم گۆرانییانە، کاتێک بەرهەمی (توو) لەکۆتایی مانگی بەهاردا پێ دەگات، کوڕگەلی ئاوایی، هەر ڕۆژەی تەڵان بە تەڵان باغی ماڵێک لە گوند پاکژ دەکەنەوە، ئەم کارەش، کچان گسکی درێژ دەگرن بەدەستەوە، ئەو گسکانەش لە لق و پۆپی داری (بەڵاڵووک، یان داری تەنگەز، یان داری تەڕینە، گسکەکانیان لێ دروست دەکەن، ئینجا دارێکی درێژ بەگسکەکانەوە دەبەستن بۆ ئەوەی ئەوانەی گسکی بن دارتووەکان دەدەن پشتیان نەکۆمێتەوە، بەخێراتر گسکی بنی دارتووەکان بدەن. هەروەها کوڕانیش [بێڵ و خاکەناز و پاچ و زەنگەن] دەگرن بە دەستەوە، بەو جۆرە هاوکاری یەکدی دەکەن، بۆ ماوەی دوو کاتژمێر باخەکە پاکژ دەکەنەوە.

محەمەدئەمین هەورامانی لە (زاری زمانی کوردی لە ترازووی بەراورددا) دەفەرمووێت «لەناوچەی هەورامان- دا، گەل کردن باوە - (گەل) واتای هاریکاری کردن دەدات بەکۆمەڵ بۆ نموونە ئەمڕۆ ڕۆژی پاک کردنەوەی ناو باخە بەکۆمەڵ خێزانی چەند ماڵێ هورووژم دەبەنە سەر ئەو باخە و بە چەند سەعاتێ پاکی دەکەنەوە. ئەمڕۆ لەوێ، سبەینێ لە باغێکی کەو بەو جۆرە). (هەورامانی) فرە بە جوانی باسی ئەم بۆچوونەی کردووە.

ئەم کارەش تەنیا بۆ باغی توو نییە، بگرە ئەو پاک کردنەوە بۆ باغی گوێز و باغی هەنار و هەنجیر دەست دەدات. ئەو کوڕ و کچەش بەرگ و پۆشاکی ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگ دەپۆشن و دوای داماڵینی ئەو جلوبەرگانەی کە بۆ کارەکە لەبەریان کردووە، ئینجا ئەو جلوبەرگە ڕەنگاو ڕەنگانە لە پریاسکەکانیان دەردەهێنن و جلەکانیان لەبەر دەکەن و چین، چین دەست دەکەن بەهەڵپەرکێی جۆراوجۆر، ئینجا پشوویەک دەدەن و دوای ئەوە دەست بەنان خواردن دەکەن. ئینجا دەست دەکەنەوە بەهەڵپەڕکێ و گۆرانی وتن وەک:

**«١- خەجێ ئامان خەجێ، دادە خەجیجە**
**یارم پەروەردەی کۆسەی هەجیجە**
**٢- خەجێ ئامان خەجێ بەگڵە ژاڵە بی**
**دایم لە سنعی چواردە ساڵە بی**
**٣- ئاخنج و منجە گردم بەدڵا**
**ڕۆتت وەک سۆنە قامەتن گوڵا**
**٤- خەجێ گیانم خەجێ پاڵی داوەسۆ بە جێوە**
**دەخوایا بمکەی بە سیوێ بچمە باخڵ خەجێوە»**

ئەمە و چەند نموونەیەکی تری گۆرانی دەڵێن وەک: (کاڵە بەی کاڵێ، هۆرە هۆرە، کەنیشکە و کاڵەکەم، وەی وەی- باڵا بەرز، بەرزی کاڵە بەرزی، سەوزەی کاڵەبەی، هەناری- گوڵ هەناری، باوانم باوانم، کەنیلە، دیسان دووبارە.....)، یان گۆرانی دەربیی، تا خۆرئاوا دەبێت و هەریەکەیان بەرەو ماڵی خۆی دەڕوات. شایانی باسە هەورامان دەڤەرێکی فرە سەختە کە دەڵێن: ها من مانگە و دوانزە مانگەیەنە). وەک هەورامانی دەڵێت: (مەبەستی لێرەدا خۆ تەرخان کردنە لەهاویندا، تەنیا بۆ بژێوی ژیان- ڕزق و ڕۆزی کۆکردنەوە بۆ زستانە دووروودرێژەکە...) شایانی باسە ئەو کیژانەی کە بەشداری گزیبارە کڵەدان دەکەن، ئەوانیش گۆرانی دەڵێن، ئەو گۆرانییانەش تایبەتن بە ئافرەتان.

**«١- لاوە لاوەکە، ئازیزم لاوە**
**بۆ سەرو سەرەیم ئازیزم لاوە**
**٢- لایێ کەرەوە چەنیم کەرە دەنگ**
**زان و منو تۆکەیا بییەن جەنگ**
**٣- شەرتەم کەردێنە تا ڕۆی قیامەت**
**ئارەزووم کەردەن بەوەۆ یانەکەت**
**٤- مەتەرسوو مروو بنیاما تەرمێ**
**نەک بۆما مەنۆ شین و یۆی کەرمێ»**

وەرە سەر سەرینم ئازیزم لاوە، لاوە لاوە کە ئازیزم لاوە تەماشا بکەو لەگەڵ مندا دەنگ بکە و بزانە دڵبەرەکەت بوویەتی جەنگ و هەرا شەرتێکم کردووە تا ڕۆژی قیامەت، هەموو کات ئارەزوو دەکەم بێمە ماڵەکەت، دەترسم بمرم بمانخەنە دارتەرمێکەوە، نەک یەکێکمان بمێنێت شینی ئەوی ترمان بکات، ئەم جۆرە چیرۆکە کە لە ئاوازی لاوە لاوەکەدا دەردەکەوێ عیشق و ئەڤینی بەسۆزی دوو خۆشەویست دیاری دەکات. بەتایبەتی ئەڤینەکە لەلایەن کیژۆڵەکەوەیە، چونکە گۆرانییەکە تایبەتە بەکیژان. ئەو وشانەش کە لە گۆرانییەکەدا بەکارهێنراون هەموویان وشەی سادەن لەدێرە هۆزانەکان

بەسانایی لەبەر دەکرێن. ئەوەش وا دەکات، ئەو هۆزانە لەناو خەڵکیدا زۆر زوو بڵاو دەبنەوە، ناوەڕۆکی گۆرانی هەورامان، هەر لە دێرە هۆزانێکدا وێنەیەکی جیاواز و واتایەکی تەواو دەدات بەدەستەوە. دێری دووەمی، یان دێری سێیەمی هۆزانەکە، واتایەکی دی دەدات، نەبەستراوە بە ئاوازەکەوە، بەڵام هونەرمەند دەتوانێ ئەو دێرە فۆلکلۆرییانە یەک بخات بەشێوەی داستانی، هەریەکە لەو دێرە هۆزانانە دەتوانرێت بۆ سەر بەند بەکاربهێنرێت بەبێ ئەوەی واتای هۆزانی دوایی تێک بچێت بەم شێوەیە:

**«١- قەزات لەماڵم تۆ بۆ وا مەلوولی**
**ئاگرم تێبەربوو بۆ وا زەلیلی**
**٢- من تەژنەم نیا هەر ئاو ئاومەن**
**پەی دووری باڵات گلاراومەن**
**٣- ئینە خەیلێوەن، ئینە دەمێوەن**
**دڵەکەم چەمەڕوان واشە چەمێوەن**
**٤- ئینە دووری تۆن دانش وەکەلەم**
**چوون سۆنەی سەر ئاو عاشق بە مەلەم**
**٥- قەزات جەماڵم واشەی سەر لانە**
**چەرخ و چەم شیرین خاڵ دانە دانە»**

واتە دەردت لەماڵم بۆوا مەلوولی؟ بۆ وا کز و کڵۆڵی، ئاگرم تێ بەر بوو بۆ وا زەلیلی؟ من تینووم نییە هەر ئاو ئاومە بۆ دووری باڵات، گلاراومە، ئەمە ساتێکە ئەمە دەمێکە دڵە کەم چاوەڕوان واشە چاوێکە، واتە چاو جوانێکە ،ئەمە دووری تۆیە، ماوەیەکی زۆر داویەتی لەکەللەم، وەک سۆنەی سەر ئاو عاشق بەمەلەم، دەردت لەماڵم واشەی سەر لانە چەرخ و چاو نەخشین خاڵ، دانە، دانە. ئەمە هەر لەنموونەکانی گۆرانی گزیبارەکڵەیە ئەگەر لەسەر ئەم بابەتەی بەشی شازدەیەم بنووسم، دەگاتە نامیلکەیەک، ئەم بابەتە، کە باس لە گۆرانی سێ قۆڵییە، بەڵام ئێمە دەبێت ئاگامان لەجۆری گۆرانی بێت بەتایبەتی ئەو گۆرانییانەی، کە لە دەڤەرەکانی دی کوردستاندا هەن. هەر لە (سیاچەمانەوە، دەرەبی هۆرە، لاوک حەیران] ئەم جۆرە ئاوازە بەرزە چڕ و گۆرانییانە موڵکی نەتەوەکەمانە. لە گۆڤاری ڕامان، ژمارە(٥)دا، بیژەن کامگار دەفەرموویت «ئەو گۆرانییانەی ئێمە بەتایبەتی مۆسیقای فۆلکلۆری ئێمە وەکو شوێنەوارێکی فەرهەنگییە...» کەواتە پێشخستنی فەرهەنگی دەڤەری ئەوەیە دەوڵەمەندی دەڤەرەکان پەرەیان پێدەدرێت. دیسان دەفەرموویت: کەسێک کە ئاوازێک ئیجرا دەکا لە ڕادەی توانای خۆیدا بێت هەوڵ بدات ئەسڵەکە بهێڵێتەوە و هیچ دەسکارییەکی نەکات...»

واتە دەستکاری نەکردنی هەر گۆرانییەک و هێشتنەوەی ڕۆحی گۆرانییەکە، وەک خۆی پێشکەش بکات، بەڵام دانانی مۆسیقای سەردەم لە بارەی میلۆدییەکەوە پێش دەخات هەروەکو ئاماژەم پێ دا، نابێت بەهیچ شێوەیەک دەستکاری بکرێت.

١٧- هەرچەندە گۆرانی سێ قۆڵی لەسەری بنووسرێت، بیری گۆرانی فراوان دەبێت، جۆرێکی گۆرانی لە گۆرانی سێ قۆڵیدا ئەو ئاوازەیە، کاتێک (لۆکەنەکان) دەچن بۆ سەرجاری (لۆکە) بۆ بڕینی (لۆکە) کاتێک کرێکارەکان دەست دەکەن بە کەندنی لۆکە، ئەم کارەش هەر بە هەرەوەزی دەبێت. چەند کرێکارێک، یان وەرزێرێک ئیشەکە تەواو دەکەن، دوایی تەواوکردنی لۆکە، کرێکارەکان گلێر دەبنەوە لەسەر (ئاخر مەلۆی) لۆکە و دواجار بەیەک دەنگ هاوار دەکەن، ئینجا دەست دەکەن بەگۆرانی وتن بەکۆرس، بەڵام یەکێک، یان دووانیان دێرە هۆزانەکان دەڵێن و ئەوانیش بەشوێنیدا سەربەندی گۆرانییەکە دەڵێنەوە. ئەمەش خۆشی و شادی ئەوە دەگەیەنێت، کە ئیشەکەیان بەسەرکەوتوویی ئەنجام داوە. لەکتێبی فۆلکلۆری کوردیدا، دکتۆر عیزەدین دەفەرموویت: «لە گۆرانی ئیش کردن لەسەرەتادا وشە و مۆسیقا لە یەک جیا نەبوون. هەندێ جار فەرمان و داواکردنی دەردەخست، پاشان کەوتنە دەرخستنی بیرو هەستی ئاڵۆز و گرانتر، کە پێوەندییان بەم، یان ئەو جۆری کارەوە و بەزەوقی کۆمەڵایەتی خەڵکەوە هەبێت». لەگەڵ ئەو گۆرانییانەدا جار جار شمشاڵ ژەنیش لەگەڵ گۆرانیبێژەکاندا نۆبەت بڕیەک دەکات. بۆ ئەوەی ئاهەنگەکە زیاتر ڕازاوەتر بێت شمشاڵ ژەنیش دەقی ئەو گۆرانییە دژەنێ، کە گۆرانیبێژەکان دەیڵێن. بۆ نموونە گۆرانی (لێم یاخی)یە ئەم ئاوازە یەکێکە لە گۆرانییە ڕەسەنەکانی هەورامان. ئەمەش گۆرانییەکەیە:

**«١- لێم یاخی ئامان لێم یاخی**
**گەردن سوورە گوڵی باخی**
**٢- چوار وەرزەی وەشا سەر بنیەینە گێڵ**
**وەهار جە کرن پاییز جە سەرێڵ**

**٣- تۆیی تو خوا تۆ شای داڵەهۆ!**
**یان داوا کە باوێت هۆرزە بۆ**
**٤- لێم یاخی ئامان لێم یاخی**
**گەردن شێلانەی باخی**
**٥- بۆرێ لامەوە دەمۆدڵوەشی**
**دەردە و تۆمەنە ماچاش نەوەشی**
**٦- لێم یاخی ئامان لێم یاخی**
**گەردن سوورە گوڵەی باخی**
**گەردن شێلانەی باخی...»**

واتە ئازیزەکەم لێم یاخی بووە، نازانم هۆکەی چییە؟

ئازیزەکەم گەردنی وەک سوورەگوڵی نێو باخانە، هەر هەمووی چوار وەرزە خۆشە لەگەڕاندا بین، بەهار لەهاوینە هەواری کرن پاییزان لە هاوینە هەواری سەرپێڵی زەهاو، داڵەهۆش ئەو شاخەیە کە بەرانبەر شاهۆیە بۆ داواکردنی یار بۆ کێوی داڵەهۆ هیوا و ئامانجە، ئەگەر مردین با هەردووکمان لەیەک دارەمەیتا بین بۆ ئەوەی هیچ کاممان مەرگی یەکدی نەبینین. دیارە ئەم گۆرانییە کە ئاوازێکی کۆنە هەروەها لە دوای هەموو هەر مانێک خۆشی دێت.. ئەم گۆرانییە هەندێ جار هەڵپەڕکێی «چەپێ» لەگەڵدایە.

گۆرانییەکی دی ئەو گۆرانییەیە، کە بە سێ قۆڵی فرە شێوازێکی سەرکەوتوو دەوترێت، ئەویش ئاوازی (هەوری لەمل)ە ئەم ئاوازە بەدەنگی سترانبێژان لەساڵەکانی (١٩٦٠) وتراوە. ئەویش بەدەنگی هونەرمەندان (عوسمان کێمەنەیی و عەلی گوڵپی و حەمەحسێن کێمنەییە)، کە لە ئەرشیفی خۆمدا پارێزراوە. هونەر لەگەڵ خاکدا، لەگەڵ بوونی مرۆڤدا لەدایک بووە. کەواتە ئەگەر عیشق نەبێت، هیچ شتێک بەجوانی نابێت. کەواتە هونەری گۆرانی لەسەرچاوەی عیشقی خاوێنەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمەش گۆرانی (هەوری لەمل)ە:

**١- هەوری لەمل کەتان لە کوڵ لیرە لەگەردەن**
**چەند کەس وەکو من باوانم پەی تۆ مەردەن**
**٢- هەواران وەشا دەرەی چەم و دۆڵ**
**پەی تۆ مەکیلۆ جەملەی ئەشکە هۆڵ**
**٣- هەوری لەمل مشکی لەکۆڵ وەختە بۆت بمرم**
**جەژنی نەورۆزە ئازیزم دامنەت دەگرم**
**٤- هەوری ڕەنگاو ڕەنگ چەتفە لە شانی**
**یەک یەک ڕمز بییەن چوون ستارخانی**
**٥- وستەنت گەردەن هەوری دوولانە**
**شێخت «کەردەن شێخ و مەلا» دیوانە**
**٦- هەوری پێچاوپێچ مێمن شل و مل**
**هەیاسە و زنجیر هەوری خاڵ لەمل.**

سرکەیی لەکۆڵی کەتان لەکۆڵی لیرە لەگەردن، چەند کەس وەکو من ئازیز بۆ تۆ مردووە، هەورامان خۆشە چەم و دۆڵ، بۆ تۆ دەگەڕێم لەملەی ئەشکە هۆڵ، هەوری مشکی لەکۆڵی، وەختە بۆت بمرم لە ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا دامنەت دەگرم.

هەوری ڕەنگاوڕەنگ ڕەفتە لە شانی یەک یەک ڕیز بووە چوون ستار خانی سرکەیی دوولانە لەملت ئاڵاندووە باشم یا مەلات دیوانە کردووە. پشتێن شل و مل هەوری لەمل، هەیاسە و زنجیر، هەوری خاڵ لەمل. ئەم گۆرانییە چووەتە خانەی لاواندنەوە و وەسف و عیشقی خاوێن. هەندێ لەم ئاوازانە دەچنە خانەی گفتوگۆوە. دکتۆر عیزەدین دەفەرموێت؛ «لە ڕووی سوژێت (موضوع- باس)ەوە چەند ڕەگەزێکی تایبەتی ئەبێتە خاسیەتی گۆرانی ناو خەڵک و بەرهەمی خەڵک، بەڵام سوژێت، لەم گۆرانییانەدا هەمیشە سادەیە ئاڵۆز نییە» هەڵبەتە زمانی گۆرانی دەبێت سادە و ساکار بێت و هەستی ناسک لەگەڵ جوانی و وێنەی جۆراوجۆر لە ئاوازی گۆرانی هەوراماندا، شیرین و جوانی پاییز لە وشە و ڕستەکانی دێرە هۆزانەکاندا، زاخاوی دڵ و دەروون هەست و سۆزی ئەو هۆزانانە دیاری دەکات. هەمان سەرچاوەی پێشوو دەفەرموێت: «گۆرانی شێوەیەکی کۆنی فۆلکلۆرە، بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی نووسین و خوێندەواریدا، لەناو زۆر میللەتدا وردە، وردە گۆرانی نووسراو پەیدا ئەبێت، کە دانەرەکەی دیارە. ئەم گۆرانییانەش لەزۆر خاسیەتدا لەڕووی فۆرم و ناوەرۆکەوە لە گۆرانی خەڵک زۆر جیا نین». بەپێی ئەم وتەیە، وا دەردەکەوێت، کە شێوازی نووسینی نۆتەش لەگەڵ پەیدابوونی نووسیندا نۆتەش هاتە کایەی باسەکەوە، گۆرانی لەوە پێش هەبووە، کەواتە نەوە بۆ نەوە سینگ بەسینگ ئەو بوارە پارێزگاری کراوە. تا نووسین هاتە مەیدانەوە. بناغەی پەیدابوونی گۆرانی خواست و ویستەکانی خۆی لەگەڵ هەوڵ و کۆشش دێت.

لەو ڕۆژەوە- تا ئەمڕۆ چەندین پێشکەوتنی بە خۆوە بینیوە هەر لە سەرچاوەی پێشوودا دەفەرموێت «گۆرانی

کوردی وەک هەندێ لە داستان و بەیتەکاندا دیمەنی جلوبەرگی (سەردەم)ی خۆی نەخشە ئەکێشێ، باسی وشەی (شەدە) و (لار) و پشتێن و دەسماڵ و ڕانک و جۆغە و...» دەکات، ئەمەش چەند دیمەنێکی، یان چەند وێنەی ئەو بەیتانەیە کە ئەو وشانەیان تێدایە، وەک:

**«سەر بەکڵا و زەڕ مل بە ئیلانچی**
**سەر و ڕۆحەکەیم هەرچی تۆماچی»**

کڵاو زەڕ: ئەو کڵاوە پڕ زێڕ و زیوەیە، کە جاران خانمانی هەورامان لەسەریان دەکرد و خۆیان دەڕازاندەوە بەمێخەک و سمڵ و بۆنی خەنەی ڕەنگاو ڕەنگ بەتایبەتی لەکاتی بووک بردندا.

**«پووشینت بەستەن ئەبرۆ وێنەی کانی**
**موبارەکت بۆ چوون بەگزادەی جاف»**

ئەمە و چەندان هۆزانی دی هەن لەبارەی ئەو پۆشاک و شت و مەکانەوە، ئیمە نابێت هەرگیز ڕابردووی خۆمان پشت گوێ بخەین، چونکە داهاتوومان ڕۆشن نابێت. لە گۆڤاری «ڕامان»ی ژمارە (٥٢)دا، لالۆ ڕەنجدەر دەفەرمووێت «با لە خۆمان بپرسین چی بووین؟ لەکوێوە هاتووین سەرچاوەمان لەکوێوە هاتووە؟ ئەگەر ئەم پرسیارانەمان لەخۆمان نەکرد، هەموو ئەو بۆچوونانەمان سەبارەت بەمۆسیقا بەکرچ و کاڵی دەمێنێتەوە. کەواتە سەرلێشیواویش بۆداهاتوو بۆ نەوەی داهاتووش دروست دەکەین» ڕەسووڵ هەمزاتوف قسەیەکی هەیە دەڵێ «ئەوەی گوللە بە ڕابردووەوە دەنێ، داهاتوو تۆپی پێوە دەنێت».

ئەم وتەیە ئاماژەی بەڕابردوو و داهاتوو داوە، فرە بە چاکی بۆی چووە. ئێمە خاوەنی هونەرێکی یەکجار بەر بڵاوین پێویستمان بە توێژینەوەی مەیدانی هەیە. ئەمانە هەر پرسیارن، تا ئێستا بەشێکی کەم لەو پرسیارانە وەڵام دراونەتەوە.

١٨- ئایا گۆرانی سێ قۆڵی بە هۆزانی سەربەست، یان پەخشانە شیعر دەوترێن؟ بەڕای خۆم بەهیچ شێوەیەک گۆرانی دوو قۆڵی، یان سێ قۆڵی بەپەخشانە شیعر ناوترێن هونەرمەندی گۆرانیبێژ ناتوانێت بەسەر ئاوازەکەدا زاڵ بێت، ئەمەش ئەوەمان بۆ دیاری دەکات، تا هۆزانی پەنجە وەستا بێت بۆ گۆرانی سێ قۆڵی، ئەوە ئەو بوارە دەست نادات، بەڵام ئەگەر گۆرانیبێژەکە پەخشانە شیعرێک هەڵبژێرێ، دەبێ گۆرانیبێژی دووەم پارچە پەخشانێکی دیکە هەڵبژێرێ، گۆرانیبێژی سێیەم هەروەها ئەمەش لەکۆتایی کۆپلەکاندا یەک ناگرنەوە، بەڵام ئەگەر مۆسیقاژەن بەجیا، یان بەشێوەی دابەش دابەش نۆتەی بۆ دابنێ، هەرسێ گۆرانیبێژەکە بەشداری بکەن ئەمە وەکو ئەوە وایە سێ گۆرانی جیاواز بن و گۆرانیبێژەکان بیانچڕن. ئەم بیرۆکەیەش ناچێتە خانەبەندی گۆرانی دوو قۆڵییەوە، نەخوازەڵڵا سێ قۆڵی ئەمەش بۆ تۆمار و کلیپ ڤیدیۆ کارێکی زۆر سانانییە، ئەمەش دەستخەتێکی مامۆستا عوسمان هەورامی لەبارەی پەخشانە شیعرەوە بەم شێوەیە دەفەرمووێت:

**«ئەگەر کەسێو**
**پەی نەژادی بەکوڵ پەرسۆ**
**شەیدایو پەی زێدی دێرین**
**با رووە کەرونە دامەنو**
**«گودێ»ی فرە سەرکەش و بەرین**
**«هەشتیانە»نە**
**کابە و مراد و ویش وینۆ**
**چا بەهەشتە فراوانەنە**
**فریشتەکا عەرشی باڵاو**
**پەشتاو پەشتی پیرۆز دونۆ**
**هەناسەی شادی هۆر کێشۆ**
**جە سەر چەمەی نەمری نۆشۆ...»**

ئەم پەخشانە شیعرە هەرگیز بە ئاوازی سێ قۆڵی ناوترێت، بەڵام من خۆم کردوومە بە ئاوازێک، بە مۆسیقای نوێ بەماندووبوونێکی زۆر سەخت. هەر لە هەمان دەستخەتدا دەفەرمووێت:

**«سەراپا ئی هۆرامانە**
**باخو بەهەشتیا، کۆسارا**
**ئی دەڤەرە فراوانە**
**قەڵای سەرکەش و پەناگەو**
**قولە و مای هەزار هەزارا،**
**سەرانسەر و هۆرامانی**
**ناستەنشا دژمن پابنیۆ**
**سەر زەمین و عەشق و جوانی،**
**گونا و گوڵخونچەی نەژاکیان،**
**بەتین و دڵ تواناو گیان**
**چوون بینایی خاس پاریزیان...»**

سەرپاکی ئەم هەورامانە باخی بەهەشت و نزارە ئەم

دەڤەرە فراوانە،
قەلاّی سەرکەش و پەناگای لووتکە کێوی هەزار بە هەزارە، گرد و هەورامانی
نەیانهێشتووە دوژمن پێ بنێتە سەر زەوی جوان لووتی گوڵخونچە، دەستی لێ نەدراوە،
بەهێزی دڵ بەتوانای گیانیان.
واتە وەکو چاو ئەو وڵاتەیان پارێزگاری کردووە، مامۆستا عوسمان یەکەم کەسە کە لە دەڤەری هەورامانی دەلالدا هۆزانی سەربەستی داناوە، ئەویش لەساڵی ١٩٧٨دا لەشاری تەوێڵەی ئازیز کە زێدی ئەم هۆزانڤانەیە، بەڵام ئێستا بە دەیان هۆزانڤانی تێدایە، کە هۆزان بەم شێوەیە دەنووسن.

**سەرچاوەکان:**

**(١) عەلائەدین سوجادی، لەدەقەکانی ئەدەبی کوردیدا، ساڵی ١٩٧٨، چاپی یەکەم، بەغدا.**

**(٢) مەلا عەبدولکەریمی مودەریس، دیوانی مەولەوی، ساڵی ١٩٦١، چاپی یەکەم- بەغدا.**

**(٣) صدیق صەفی زادە، دیوانی بێسارانی، ساڵی ١٣٨١ هەتاوی، چاپی یەکەم، کوردستان، سنە.**

**(٤) جەلیل عەباسی، ئاڤێستا، گاتاکان، ساڵی ٢٠٠٣، چاپی یەکەم، هەولێر.**

**(٥) دکتۆر عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی، ساڵی ١٩٧٠ز، چاپی یەکەم، بەغدا.**

**(٦) حەمەی حەمەباقی، مێژووی مۆسیقای کوردی، ساڵی ١٩٩٦، چاپی یەکەم، ئێران.**

**(٧) محەمەد ئەمین هەورامانی، زاری زمانی کوردی، لە ترازووی بەراورددا، چاپی یەکەم، ساڵی ١٩٨١، بەغدا.**

**(٨) بێژەن کامگار، گۆڤاری (ڕامان) ژمارە (٥٢) ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر.**

**(٩) لالۆ ڕەنجدەر (گۆڤاری رامان) ژمارە(٥٢)دا، ساڵی ٢٠٠٠، هەولێر.**

**(١٠) مامۆستا عوسمان هەورامی دەستخەت، ساڵی ٢٠٠٣.**

**(١١) دارا محەمەد عوسمان، دەستخەت.**

**(١٢) دارا محەمەد عوسمان، فۆلکلۆری هەورامان چاپ نەکراوە.**

# کێوی پێنجەم و چاوەکانی ئیزابیل

هاشم سەڕاج

شۆڕە سوارانی ڕووناکی ئەو هێزانەن کە نوورێکی گەورەو تیشکگەلێک لەگەڵ خۆیاندا دێنن، «پاشان یان پیرەپیاوەکە خەڵکی «سالم»... لە «کیمیاگەر»دا بە «سانتیاگۆ»ی گوت: هەمیشە ئەوەت لەبیربێ کە هەموو شتەکان لە ڕاستیدا هەریەک شتن».. ئەو بیری کردەوە «دنیا بەزیاتر لە زمانێک قسە دەکا».. دەیزانی «کە هەرشتێکی سەر ئەو زەوییە داستان و مێژووی سەرجەم شتەکانی دیکە دەگێڕێتەوە» لە ڕاستیدا شتەکان لەخۆوە هیچ بە ئێمە ناڵێن، بەڵکو ئەوە مرۆڤەکانن کە دەبێ تێیانەوە ڕامێنن و پێیاندا بچنە نێو ڕۆحی گەردوون..



بچۆ خزمەت ئەو دەستەی هەموو شتەکانی نووسیون «شامەلیکسدق»ی «سالم» هەمیسان بە «سانتیاگۆ»ی گوت «ئەوکاتەی شتێکت دەوێت، هەموو بوون دەست دەدەنە دەستی یەکتر، تا لە پێناو بەدەستهێنانی ئەو شتەدا کۆمەکت بکەن».. وێڕای ئەفسانە تایبەتی و تاقەکەسییەکەی خۆت و گەنجینەی ڕۆحی و تەریقەتی مەعنەوی لە «مەکتوب»دا.. لە سەرەتای ساڵی ٨٧٠ی بەر لە زایین، دوو پیاو کە لە جلعاد لە گەورێکدا حەشاردرابوون هەموو ساتێک چاوەڕوانی مردن بوون.

دەبوایە لەم دوو هەڵبژاردنە یەکێکیان هەڵبژێرن، یان ستایشی «بەعل» خوای فینیقیەکان، یان مردن.. «ئیزابیل»ی ژنی ئاخابی پاشای جوولەکە بەهەر ڕێگەیەک بوایە سەری ئەوی دەویست... [لاوی] هیچی نەوت لەو خەیاڵەدابوو کە ئایا بچێتە سەر ئایینی بەعلپەرستی، یان لە پێناو خودادا بمرێت، لاوی پێی باشتربوو بمرێت، کاهن دەیزانی.. کە «ئیلیا» پێغەمبەرە «پیاوێکی مەعنەوی» کەسێک کە بەقسەی خوایی تەسامی

و بالآبوونی بەدەست هێناوە، ئیلیا وەک پەیامبەرێکی دارتاش دڵ و دەروونی بارستێکە لە سۆزو دلۆڤانی و عیشق و لێبووردن هاوکات ڕۆحی کوانوویەکە لە پشکۆکانی ئێستێتیک، ئیلیا لەسەرتاپای ژیانیدا جوانی وەک شازادە «ئیزابیل»ی نەدیوە، شازادەیەک بەو شێوەیە شەپۆل شەپۆل نووری جوانی لەو ڕۆخ و ڕوخسارەی دابڕژێت.. ئافرەتێکی ئەسمەری چاوسەوز، ئیلیا تا دوایین چرکەساتی گەڕانەوەی بۆ خاکی ئاخاب، بەردەوام لەگەڵ جوانییەکەی «ئیزابیل»دا دەژیت، شازادەیەک کە هەمیشە هەڕەشەی کوشتنی دەکات، پاشا بایەخێکی ئەوتۆی بەقسەکەی ئەو نەدەدا، بەڵام ئیزابیل کە لە تەنیشت ئاخابەوە بوو و بەوردی گوێی بۆ قسەکانی ئیلیا هەڵخستبوو، کەوتە پرسینی پرسیار گەلێکی زۆر و زەوەند- ئیلیا دەربارەی خەیاڵ، سەرئێشەکەی، هەستکردن بەوەستانی کات لەکاتی گوێهەڵخستن بۆ فریشتە، قسەی بۆکرد، ئەوخاتوونە یەکێک بوو لەو جوانترین ژنانەی کە تا ئەوکاتە بینیبووی، بە پرچێکی ڕەشەوە کە تا کەمەری بەژن و باڵا ڕێکوپێکەکەی بەریدابۆوە، چاوە سەوزەکانی، کە لە دەموچاوە تاریکەکەیدا دەدرەوشایەوە، بە ڕوخساری ئیلیاوە دوورابوو، نەیدەتوانی مانای ئەوانە تێبگات، هەروەها نەیدەتوانی تێبگات قسەکانی چ کاریگەرییەکییان بەجێ هێشتووە. لەکاتێکدا لەو باوەڕەدابوو پەیامەکەی ئەنجامداوەو دەتوانێت بگەڕێتەوە بۆسەر کارەکەی لە دارتاشخانەکەیدا، ئەوێی بەجێ هێشت، لە ڕێگە، بە هەموو شۆڕوشۆق و گەرمی بیست و سێساڵەی تەمەنییەوە، ئارەزووی ئیزابیلی کردو لە خواوەندی پرسی، ئایا لە داهاتوودا دەتوانێت لە لبناندا ژنێک بدۆزێتەوە، چونکە ئەوان بەخۆیان و پێستی ڕەش و چاوی سەوزو پڕ لە ڕەمزو ڕازیانەوە بەڕاستی جوان بوون. لەبەر ئەمەشە ئەو هەستە جوانشوناسییەی کە ئاوێتەیە بە غەمگینی تادوایین چرکەساتی زیندەگی دەسبەرداری نابێت، دوورنییە- ئیلیا- لە جیهانی بەرفراوان و خەتەرناکی داهێناندا هێمای گەشەی شالیسێکی ڕۆحانی بێت و بەڕۆیشتنی زەمەن گوزارشت لە ئەفسانەی تاقەکەسی و خۆدۆزینەوەو تەریقەتی مەعنەوی بکات.. هەر بۆیەش لە کۆتاییدا ناوی خۆی بە «ئازادی» نێوزەد دەکات.

کێوی پێنجەم کارکردنە لەسەر بابەتگەلێکی ئاوێتەو جیاواز، کارکردنێک بەشەپۆلێکی شیعرگەرایی و ئیقاعێکی هێمن و ڕۆحانی تژی لە چرکەساتی درامای شاراوە.

بابەتگەلێک سەربەو توخم و ڕەگەز و ناو و شوێن و مێژوو، ئایین و کەسایەتیانە.. مێژووی دێرین، میتۆلۆژیا، ئایین، کتێبە پیرۆزەکان، خوداوەندانی فینیقیا، بەعل، تەورات و یەهوە، سەربازەکانی ئیزابیل و ئاخاب، جلعاد، عاردی کەنعان، خاکی سامرە، حرفە، سیدۆن و سورو جوبیل، شاری ئەکبەر، ئاگری فەلەک، نووسینی بابلی، حاڵەتەکانی موسا، شا سلێمان، ڕووباری کریت، شەڕوشاڵاوەکانی ئاشوور، یەکتاپەرستی و وەسەن و بەعلپەرستی، تراژیدیای جەنگ و ئاشووب و لەنێوچوونی مرۆڤگەل و خاپوورکردنی شارو دووبارە بونیادنانەوەی، پەیام و سرووش، پەرجوو و بێباکی و جەربەزەیی، عیشق و سۆزو ئێستێتیک، نووسراوەو مەکتوب، گەیشتن بەسوارانی ڕووناکی، دۆگماو تاکڕەهەندی لەبیرکردنەوەدا، میهری خوداو موقەدەر، بڕواهێنان بە ئازادی ڕەهاو جوانی شالیسی دڵی بوونەوەرێکی هۆشمەند، بەشێوەیەکی بەردەوام بە ئازارو ئەشکەنجەو هەستێکی غەمباری ئێستێکی ڕێگا دوورو درێژەکانی گەشەو پەرەسەندن و بالآبوون دەبڕێت [ترس تا ئەو شوێنەیە کە موقەدەر دەست پێدەکات، لەوەبەدوا، مانای خۆی لەدەست دەدا، تەنیا شتێکیش کە بۆمان دەمێنێتەوە ئومێدی ئەوەیە کە بڕیاری دروستمان داوە] ئەو تەنیا لەگەڵ فریشتەی خۆیدا قسەی دەکردو ئامۆژگاریگەلێکی دەربارەی ژیانی خۆی دەبیست جارجارە بەڕێزەوە سەیری ئەو پێغەمبەرانەی تری دەکرد کە بە بەرگی لە کەوڵ دروستکراو و حەمایلی لە چەرم دروستکراوەوە بە کووچەو کۆڵانەکانی جلعاددا تێدەپەڕێت و بانگیان هەڵدەخست کە «خوا ئەوانی هەڵبژاردووە تا ڕێپیشاندەری خەڵکی هەڵبژاردەبن». ئیلیا هەرگیز نەیدەتوانی لە ڕێی سەماو قامچی لە خۆدانەوە، ئەوکارە باوو بڵاوەی لەنێو کەسانێکدا کە «لەلایەن دەنگی خواوەندی گەورەوە

باڵاییـــان بەدەست هێناوە جــەزبە بیگرێت، چونکە لە ئازار دەترسـا، هەروەها هەرگـــیـــز نەیدەتوانی لە کـــووچە و کـــۆڵانەکـانی جلعـــاددا بگەڕێت تا بەســـەر بەرزییـــەوە شوێنەواری ئەو برین و زامانە نمایش بکات کـــە لە حـــاڵەتی نەشـــوەدا دروست ببـوون، چونکە لە ڕادەبەدەر شـەرمن بوو».. تێکسـتی کـێـوی پێنجــەم خـــاوەندی بونیـــادێکی پاپیرۆسـیـیـە و تێـیـدا تەوژمـێک بابەتگەلی جـــیـــاجـــیـــای سەربەسەرچاوەکانی عیشق و سۆز و حـەسرەت و جوانی و مـەکـتـوب و غـــەمگینی بە نەغـــمـــەگـــەلێکی لاهووتی و شـــەیداییـــەوە ڕوو لە مـــیـــحـــرابی ئەڤـینی باڵا دەکـەن و هاوکات گوێ بۆ مۆسیقا تەلیسماوی و خۆشنوودییەکانی ژیان هەڵدەخەن و ئاوازێکی خـەفـەکـراوی قـەدەری هەمـشـە پێـمـان دەڵێت: زیندەگی خۆشـتـرو جوانـترە لە مـەرگ.. بەڵام ڕووداو و مـەرگـەساتەکـانی مـرۆڤ بەدەرنین لە چرکـــەســـاتەکـــانی نووسـراوە، خـوداش هەڵبـژاردەکـانی خـــۆی بەخــــەم و خـــەفـــەت و چەرمـەسـەرییـەکـان تاقی دەکـاتەوە [پەنجەی سـەربازەکـە ژێکەی بەردا، تیـرەکـە ئاسـمـانی بڕی، ویژەویژە بە تەنیـشـت گـوێی ڕاسـتی ئیلیـادا تێپـەڕی تا لە زەوییە خۆڵاوییەکەی پشـــتـــەوەیدا خـــۆی ون بکات، ســـەربازەکـــە دووبارە کـــەوانەکـــەی پڕکـــردەوەو جـــارێکی تر مـــشـــتی لێگرتەوە، بەڵام لەبری بەرەڵاکـردنی تیـــرەکـــە، چاوانی بە ڕوخـــســـاری ئیلیـاوە مۆلەق مـا، وتی: من لەناو هەمـــوو لەشکرەکـەی شـا ئاخـابدا گەورەترین تیرهاوێژم، حەوت ساڵە تیرم ڕێی هەڵە نەکردووە].. ئیلیا لە یەکـــەمین چرکـەی دیداریدا جـوانی ئیزابیل بەشێوەیەکی وا ترسناک کار لە دڵ و دەروونی دەکـــــات و باوەڕ بەوە دەهێنێت کـــە جـوانی هەردەم و هەمـــیـــشـــە هەڵگری هێـزو زەبرێکی نادیار و نەزانراوی ئیکسـیـرییـەو مرۆڤ لە خشتە دەبا، یەکسەر بیری لە شـــا سلێـــمـــان و داوود کـــردەوە، هەروەها دانیـشتوانی خاکی ئاخاب کـــــە چلۆن بەهۆی دەســـــەڵاتی شـــازادەیەک و شـــەیدایی شـاهێک ڕوویان لە بەعلپـەرسـتی کـردووە... هاوکات بونیادی پاپیرۆسی تێکست بە ئاوازێکی غــــەمگینی تەنزیلی مــــاناو دەلالەتگەلێکی جـــیـــاواز هەڵدەدات کـــــە بەشـــێـــوازێکی بـرووسکـەیی ئامـــــاژە بە ئـازارو وەســـوەســـەکـــانی [مـــەســـیح] و خـەسـڵـەتی شـەکـەتی و ڕەنجـبـە خـەسـاری [یۆحنای مـەعـمـەدان] دەدرێت.. چونکە مـــرۆڤ بەرهەمی نوتفـەیەکی کەم و بێ بەهاو بایەخە، دوور نەبوو ئەو نوتفەیە لە چرکەیەکی لەززەتاویدا بە لاسکە گـولێک، یان دڕکـەزی و ئافـتـاوەیەک دابکرابایە، کـەواتە سـەیر نیـیـە ئەگـەر لە دواین ترۆپکی گـــەشـــەو پەرەســـەندنی شالیسی دڵ و هۆش و زەیندا، لەبەر چەند هۆکارێکی بێ بایەخ سەرپاکی هەوڵ و کـــۆشش و بەهاو جـــوانی و جوامێرییەکانی مرۆڤ بشێوێنرێن و بێکەڵک و هیچ و کەمبایەخ بکرێن بۆیە تـێـکست بەشـــێـــوەیەکی ناڕاســـتـــەوخـــۆ گلەوگـــازندەکـــان ئاراسـتـەی ڕۆحی ڕەها دەکات کە لە ســـەخت و دژوارترین ســـاتەوەخـــتی بووندا بەتەنیـــا جـێی دەهێـڵـێت و فـریای ناکـەوێت، کەواتە ئیلیـا بڕوا بەوە دەهێنێت کەتەنیا [میهری باڵا] ڕووگەی عیشق و سەرزەنشت کردنە، بوونەوەرێک کە بەرهەمی دەرەنجامی کـــردەیەکی بێ مـــوبالای لەززەتی سێکساوی بێت. کەی ڕەوایە داوای میـهرو بەینەت و بوێری لێ بکرێت- ئیلیـا وتی [من بەندایەتی خـوایەکم کـردووە کـە ئێـسـتـا لەبەردەسـتی دووژمنەکـــانمدا بەتەنیـــا جـــێم دەهێـڵـێت] ئیلیـا لەگـەڵ تیـشکە ئەڤـــینیـــیـــەکـــانی ڕەها و پرشنگە جوانەکانی -ئیـزابیل- کـە ڕۆنەقی نەخشی خودایین، دەژیت و مانەندی مـــەعـــمـــەدان دەیەوێت گـــەشـــەو بەردەوامی بەســـــوارانی ڕووناکـی بدات، گـــیـــانیش وەکـــو ڕووبارو گژوگـیـا، پێـویسـتی بەجـۆرێکی تری باران هەیە، هیـوا، باوەڕ، هۆیەک بۆ ژیان، کـــاتێ هۆکـــارەکـــان وەگــەڕ ناخـرێن، هەمـوو شـتـێک لە ڕۆحـدا دەمـرێت، تەنانەت ئەگـەر جـەسـتـەش درێژە بەژیان بـدات، خەڵکی دەتوانن بڵـێین «لێـرە لەناو ئەم جـەسـتـەیەدا ڕۆژێک مـرۆڤـێک هەبووە»، چونکە ئیلیـا لە ڕێگەی عـیـشق و هەسـتی جـــوانی و ئەشکەنجـــەو ئازارەوە گـەیشـتـۆتە ئەو پەڕی خۆ دۆزینەوەی خود و شالیسی دڵی بۆتە بارستێک لە ئەڤین و هەسـتـە خـەتەرناکـەکـانی غــەمگینی.. «من تێگەیشـــتـــووم ڕۆحێک لە بوونمدا نیشتەجێیە زۆر لەوە باشـتـرەکـە تا ئێـسـتـا بیـرم لێ دەکـردەوە» بەڵام توحـفـەی جـوانی هەڕەشـەی مـەرگ و لەنێـو بردنی لێ کـردووە... «من پێـغـەمـبەری خـوام، ئیزابیل فەرمانی مـردنی هەمـوو ئەو کـەسانەی دەرکـردووە کـە خـواکـانی فـــینیــقی ناپەرستن».. ئیلیـــا وەک ڕۆحـــێکی غــــەمگین و بوێر توانی

لەبەرانبەر خوداوەندی بەعل دەنگ هەڵبڕێت..

کەناری ڕووباری کرێت مەفتەنی نیگاو سرووش و ڕاقەو ئارامیبەخشی دڵ و ڕۆحی ئیلیایە، لەوێ لە نهێنییەکانی خیلقەتی خوا ڕادەمێنێ و میهر بە «نیگا»ی دڵ پێی دەڵێ: برۆ بەرەو خاکی «سامرەی صرفە».. دیدەنی ئەو بێوە ژنە بکە کە میهرو جوانییەکانی «ئیزابیل»ی تێدا ڕسکاوە، لەوێ لەشاری «ئەکبەر»دا ڕووبەڕووی شەڕانگێزترین کاهینێکی مەزن بیێتەوە، کە خاوەندی توندڕەوترین فیکرێکی تاکڕەهەندو دۆگمای کاولکارییە ئیلیا وەڵامی دایەوە [ئەو پیاوەم کە گەیشتووە بە ئارامی، دەتوانم لە بیاباندا بژیم، خواردن بۆ خۆم دابین بکەم و لە ئەندێشەی جوان و بێکۆتایی خیلقەتی خوداییدا نوقم بم]... گەشتە عیشقی و لاهووتییەکەی ئیلیا بۆ شاری «ئەکبەر» بەتەواوکەری هەوڵ و کۆششە ڕۆحانییەکەی «یوحنای مەعمەدان» دادەنرێت..

ژنە گوتی [جوان دەزانم بەعل لە لووتکەی کێوی پێنجەمدا دەژی] ئیلیا وتی [لە ماڵەکەتدا جێم بکەرەوە، چونکە لە وڵاتەکەی خۆمدا بەدوامدا دەگەڕێن] کاهینی مەزن پێی وت: «وا دیارە ژنێک لە سیدۆن لە خواکەی تۆ بەهێزترە، ئەو توانی میحرابێک بۆ بەعل دروست بکات و ئێستا کاهینە کۆنەکان لەبەردەمیا کڕنۆش دەبەن».. «ئیلیا» وەڵامی دایەوە «هەموو شتێک بەو شێوەیە ڕوودەدات کە خوا لە چارەی نووسیوە..

ساتگەلێک هەن کە چەندین تاقیکردنەوەی دژوار لە ژیانماندا ڕوودەدەن و ناتوانین خۆمانیان لێ لابدەین بەڵام بێگومان بوونیان هۆیەکی هەیە»

بە گەیشتنی «ئیلیا» بۆ «ئەکبەر» و نەخۆشکەوتنی کوڕی بێوەژن.. کردەی نووسین بەشێوەیەکی ترسناک گوزارشت لە بوون و هەڵکەوتنە خەتەرناکەکەی داهێنان دەکات کە سەرپاکی بۆندو پێوەندییە ئاڵۆزئاڵۆزە ترادیسیۆنییەکان لەبەرانبەر تراژیدیای مەرگی کوڕەو ئامادەیی «ئیلیا» ڕوو لە داپچڕان و هەڵوەشانەوە دەکەن.. وەکو شانۆی توندوتیژی- ئارتۆ- گەیشتنی ئەو بۆ شاری ئەکبەر سەرەتا چوون بەرپابوونی پەتای «تاعوون» سەرجەم بوونەوەرو شتگەلەکان بە ڕوویدا دەتەقنەوە، پاشان هێدی هێدی دوای زیندووکردنەوەی کوڕە وەک خۆشەویستترین پەیامبەرێک سوژدەی بۆ دەبەن، [هەموو پاش نیوەڕۆیەک لە دامێنی کێوی پێنجەمدا کۆدەبوونەوەو قوربانییان دەدا تا کوڕێژگە ڕۆحی دەرنەچێت].. ئیلیا «هاواری دەکرد» لەبەرچی منت بۆ ئەم کارە هەڵبژاردووە، خودایە» ئیلیا زۆرجار ڕۆڵی کەسایەتی «موسا» دەگێڕێت بەتایبەتی لە بناری کێوی «طور»دا،.. کە دەگاتە بناری کێوی پیرۆز.. لە پڕ ڕووناهی ئاگری عەرشی بۆ دادەبەزێت.. [ئیلیا کەوتە سەر ئەژنۆو سوژدەی برد] لەم بەشەدا توخمی درامایەکی شاراوە هێدی هێدی سەرهەڵدەداو لەگەڵ چرکەی پەرجووی زیندووکردنەوەی کوڕە دڵ و دەروونی خوێنەر دەپرووکێنێت، چونکە تێکست بە ستایلێکی شیعری و ئیقاعگەلێکی لاهووتی تژی لە سۆزو دلۆڤانی و عیشق و ئێستێتیک و سەفا بابەت و ڕووداوەکان دەخاتە ڕوو، کردەی نووسین لەم ڕۆمانەدا گەشت و سەفەری خودە ڕووەو دەڤەرە ڕووناک و ئاڵۆزەکانی ڕۆح و گەیشتن بەو شوێنە سەخت و دژوارانەی کە تێیدا ئینسان هەست بە ئارامی و بەخشندەیی و ئاسوودەیی دەکات، بەڵام خود هەردەم و هەمیشە لەبەرانبەر بوون و گەردووندا هەڵگری خەسڵەتگەلێک گومان و نیگەرانییە «هەر کەسێک گومان لە خۆی نەکات، کەسێکی شیاونییە، چونکە ئەگەر شک لە توانای خۆی نەکات، دوچاری گوناه و لەخۆ باییبوون دەبێت».. هاواری کرد «فریشەی خواوەند لە کوێیت؟»

کوڕە پرسی «بۆچی هەموو لێرەن؟»

ژنە لەکاتی قسەکردندا کەوتە سەر ئەژنۆو بەدەنگێکی بەرز وتی: «بەم کارە تێگەیشتم کە تۆ پیاوی خوایت: هەقیقەتی خواوەند لە قسەکانی تۆوە دێت»

ژنە بەسەربازەکانی وت «ئەم پیاوە بەربدەن، ئەم پیاوە بەسەر ئەو بەڵایە زاڵ بوو کە بەسەرما هات»

ئیلیا وتی: «هەستن خوا بپەرستن، من تەنیا یەکێکم لە بەندەکانی ئەو، ڕەنگە نەشیاوترینیشیان بم» ئیلیا وتی: «گەڕاندنەوەی مردوویەک بۆ ژیان چ سوودێکی هەیە، ئەگەر کەسێک باوەڕی بەسەرچاوەی توانایەکی ئاواهی نەبێت»، «دەمەو ئێوارە گەڕایەوە بۆ ماڵی بێوەژنەکە، منداڵەکە لە دەرەوە سەرقاڵی یاری بوو، ئیلیا هەستی بەمنەتباری دەکرد

کە ئامرازی موعجیزەی خواوەندبووە»... ئەو دەیزانی ئەکبەر لەشەڕدا لەناو دەچێت.. ئیلیا بەردەوام بڕوای بەبیرو بۆچوون و باوەڕی جیاواز هەیەو هەوڵ دەدات لە شاری ئەکبەردا ئەلفبای بابلی گەشە بکاو پەرە بسێنێت، تا خەڵکانێک بتوانن لە ڕێگەی ئەم پیت و زمانەوە تراژیدیای مرۆڤایەتی لەسەر ڕووتەختی تابلۆ قوڕینەکاندا تۆماربکەن و زەینی کۆمەڵگاش بەشێوەیەک ئاوەڵا بێت بتوانێت لەگەڵ بیروڕای جیاواز و ئایینی جیاوازدا بژیت، هەروەها بەهرەدارانی ئەکبەر بتوانن چرکە ساتە هەنووکەییەکانی خۆیان بنووسنەوەو.. ئاگری خودو دەروون ڕووەو پیت و پاپیرۆسەکان بەتاڵ بکەن، ئیلیا هێمای یاخیترین داهێنەرێکی هەست ئێستێتیکییە بۆیە لەشاری ئەکبەر و خاکی شا ئاخابیشدا سەرجەم دۆگماو ئوسولییەکان دژایەتی دەکەن و نایانەوێ چوارچێوە ترادیسۆنییەکان بەزێنێت، لەسەرووی هەمووشیان کاهینی مەزن کە توندڕەوترین بەعلپەرستێک و لەبەر خاتری بیروباوەڕە دۆگماکەی خۆی سەرپاکی خەڵکی بێ گوناهی ئەکبەر دەکاتە سوتووی جەنگ و ئاشووب «ئیلیا» هاوکات هەستێکی ئاگرینی ئێستێتیکی سەراپای ڕۆح و دەروونی دەپڕووکێنێت، ئەو جوانییەکانی ئیزابیل لە ڕۆح و ڕوخساری بێوەژنەکەدا دەدۆزێتەوە.

ئیلیا پرسی [کێوی پێنجەم دەبینیت؟ ئەگەرچی وەک کێوە، بەڵام لەهەر لایەکەوە کە سەیری دەکەیت جیاواز دەردەکەوێت، سەبارەت بە هەموو بوونەوەرەکانیش بەهەمان شێوەیە: ڕوخسارە جیاوازەکانی خوای تاک و تەنیان،.. ژنە بۆ شیوخواردن چاوەڕوانی ئەوبوو، زۆر سەیر بوو، شووشەیەک شەراب لەسەر مێزەکە بوو، ژنە وتی «خەڵکی بۆ شادمانی تۆ دیارییان ناردووە، دەمەوێت لەبەر ئەو ڕەفتارەم کە بێبەزەییانە بەرامبەر تۆ جووڵامەوە داوای لێبوردن بکەم»..

ئیلیا سەرسوڕماوانە پرسی [کام ڕەفتاری بێبەزەییانە؟ نازانیت هەموو شتێک بەشێکە لە نەخشەی خواوەند؟]

ژنە دووجامی پڕکرد لە شەراب، بە سڵامەتی خۆر، کە لە ئاوابووندا بوو، بە سڵامەتی ئەستێرەکانی ئاسمان، خواردیانەوە ئیلیا هەستی کردبوو کە ئەو ژنە چاوەسەوزەکانی ئیزابیلی هەیە، بەڵام بەدرەوشانەوەیەکی جیاواز.

[چاوانی ژنە غەم دایگرت، بەڵێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دەڕوات»... ئیلیا لە یەکەمین دیداری «ئیزابیل»ەوە دەیزانی «ئەڤین» ترسناکترین ئاگریکەو بەشێنەیی دڵ و دەروونی ئەڤیندار دەسووتێنێت، ئاگرێک پەیوەستە بە ڕۆح و ڕوخساری جوانییەوە، جوانی خەتەرناکترین دەروازەی ڕاڤەکردنی ئەڤینە، توحفەیەکی ئاڵۆزی پیرۆز، ئەڤیندار لە بەرانبەریدا بەبڵێسە ئەفیونییەکان ڕووەو وڕێنەو شێتی ڕادەماڵدرێت و پرشنگی چاوە سەوزەکانی ئیزابیل ڕەهەندەی کێو و کەناری «ڕووباری کرین»ی دەکات، ئیلیا [ئەیزانی ئەوین چییە، پاشای ئیسرائیلی بینیبوو کە لەبەر خاتری ئیزابیل، شازادەی سیدۆن، کە دڵی داگیرکردبوو، وازی لە خواوەند هێنابوو، لە حەدیسدا هاتبوو کە شا سلێمان لەبەر خاتری ژنە بێگانەیەک ئەوەندەی نەمابوو سەڵتەنەتەکەی لە دەست بدات، شاداوود یەکێ لە باشترین هاوڕێکانی کوشتبوو، چونکە حەزی لە هاوسەرەکەی کردبوو، فەلەستیان، لەبەرخاتری دەلیلە، سامسۆنی خستە زیندان و چاوەکانی هەڵکۆڵی بوو].. ئیلیا دەیگوت: [خواوەند لەهەر تەمەنێکی ژیانی مرۆڤدا خولیاگەلێکی تایبەت بەو سەردەمەی بە ئەمانەت داناوە] ئەو بەردەوام لەگەڵ هەستی جوانیناسی و هزری جیاواز و بڕوا هێنان بە گۆڕان و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی مرۆڤ و پەرەسەندنی ئەلفبای نووسیندایە..

ژنە پرسی «ئایا خواوەند لەنێو وشەکاندا ون دەبێت» لێرە گوفتارێکی «ابن عربي»م بە بیردادێ کاتێ دەربارەی زەمەنی کتێبە پیرۆزەکان دەدوێت و دەڵێ خودا لە ئەزەلەوە لەنێو وشەو کۆنتێکستی زماندا تەجەللا دەکات.. ئیلیا «لەناو وشەکاندا بەردەوام دەبێت، بەڵام هەرکەسە لە بەرانبەر ئەوەی کە دەینووسێت بەرپرس دەبێت».. ژنە تابلۆیەکی قوڕینی دەرهێنا شتێکی لەسەر وێنە کێشرابوو.. ئیلیا... واتای ئەوە چییە... وشەی- ئەوینە- بەڵام ئەم وشەیە ترسێکی قووڵ لە بووندا دروست دەکات، بەر لەوەی لەسەر تابلۆ بیکێشیت، چاوەکانت گەواهی بوون کە لەسەر دڵی من نووسرابوو.. ئیلیا دەیگوت «هەر بەڵایەک بێتە خوارێ، دواجار نامێنێت، ئەمەیە شانازییەکان و کارەساتەکانی دنیا» بەڵام کاهینی

مەزن پێیوایە ئەلفبا هەڕەشەیەکە بۆ خواکان.. ئیلیا دەیگوت.. «تۆ نازانیت لەچی دەدوێیت، کارەساتێک بوونی نییە، تەنیا موقەدەر هەیە، هەر شتێک هۆکاری بوونی خۆی هەیە، هێندە بەسە ئەوەی کە کاتییە لەوەی کە نەمرە جیای بکەیتەوە» ئیلیا هەوڵی دەدا بە هەر شێوەیەک بێت کار لەبیرو بۆچوونی هەریەک لە کاهینی مەزن و فەرمانڕەوا بکات و تا شاری «ئەکبەر» نەکەوێتە بەر هێرش و شاڵاوە جەرگبڕەکانی لەشکری ئاشوور.. دەیزانی بەرپابوونی جەنگ و ئاشووب لەبەرژەوەندی خەڵکی سادەو بێ گوناهدانییەو جەنگ جوانییەکانی ژیان دەشێوێنێ و کۆمەڵگای «ئەکبەر»یش لەنێو تراژیدیاو مەرگەساتدا دەپڕووکێنێت، ئیلیا دەیگوت «خودایە، یارمەتیم بدە، هەروەک چۆن خۆرت وەستان تا لە گۆڕەپانی شەڕدا یارمەتی [یوشەع] بدەیت، کات بوەستێنە با فەرمانڕەوا لە هەڵەکەی ئاگادار بکەمەوە».. ئیلیا لە شاری ئەکبەردا شێت و شەیدا و هۆگر و هەڵوەدای چاوە سەوزەکانی ژنێکە، سەرپاکی خۆشی و ئاسوودەییەکانی ژیان و ئارامی و جوانییەکانی شازادە ئیزابیل لەودا دەدۆزێتەوە ژنێک بوون بەو هەموو شۆخ و شەنگی و فراوانییەی خۆی بەبێ عیشق و ئەڤینی ئەو، تێکڕای ماناو دەلالەکانی لەدەست دەدات، بەڵام جەنگ بەرپابوو، ئەی خودا جەنگاوەرانی ئەکبەر چ دەکەن، چلۆن لە بەرانبەر لەشکری بێ شوماری ئاشووردا داکۆکی لە میهرو پیرۆزییەکانی شار دەکەن..

ئیلیا دەیگوت «لە خۆشەویستی ژنێکدا، خۆشەویستی هەموو بوونەوەرەکانم ناسیوە، پێویستیم پێیەتی، دەزانم خوا لە بیری ناچێت کە من یەکێکم لە ئامرازەکانی ئەو، ڕەنگە لاوازترینی ئەو ئامرازانە بم کە هەڵبژێردراوە، خودایە کۆمەکم بکە، چونکە ناچارم لە گەرمەی شەڕدا ئارام بم».... ئاسمان لە بڵێسەی ئاگردا زەرد داگەڕابوو.

ئیلیا دەیگوت: «خوایە گیان، هەر چیت دەوێت بەسەر منیدا بێنە، چونکە من ژیان و مردنی خۆم بۆ تۆ تەرخان کردووە، بەڵام ژنە ڕزگار بکە کە پەنایدام».. ئیلیا لەنێو یادەوەرییەکاندا دەتلایەوەو بیری لە چرکە لەززەتدارەکانی ژیان، دەکردەوە... «بەپێی نەریتی پێغەمبەران، کە لە منداڵییەوە پێی ئاشنا ببوو، هەر کاتێ بیری لە بێوەژنەکە دەکردەوە، قامچی لەخۆی دەدا، پشتی بریندار بوو و بۆ ماوەی دوو ڕۆژ لە تاوتوندی تاکەی وڕێنەی دەکرد، کاتێ کە بە ئاگاهاتەوە، یەکەمین شتێک کە بینی ڕوخساری ژنە بوو، ئەو بە مەرهەم و ڕۆنی زەیتوون برینەکانی چەورکردبوو، لەبەر ئەوەی لەوە لاوازتر بوو بتوانێت بە پلیکانەکاندا بێتە خوارەوە، ژنە خواردنەکەی بۆ دەبردە ژوورەکەی».. ئیلیا.. لەگەڵ یادەوەرییەکان دادەگیرسا.... «هەموو شەوێک هەرسێکیان پێکەوە شیویان دەخوارد، هەر بەو جۆرە خواوەند بەڵێنی دابوو لە خواردنی ناو کەنووەکەو ڕۆنی ناو دیزەکە کەم نەبۆوە» لەکاتی نانخواردندا بەدەگمەن قسەیان دەکرد، هەرچەندە شەوێکیان کوڕێژگە پرسی «پێغەمبەر چییە؟»

– پێغەمبەر ئەو کەسەیە گوێ بۆ ئەو دەنگە هەڵدەخات کە لە منداڵیدا دەیبیست و هێشتا باوەڕی پێیانە، بەم شێوەیە دەتوانێت بیرکردنەوەی فریشتەکان بزانێت. کوڕێژگە وتی «بەڵێ، دەزانم دەربارەی چی دەدوێیت، من چەند هاوڕێیەکم هەیە کە هیچ کەسێکی تر ناتوانێت بیانبینێت، هەرگیز لەبیریان مەکە، تەنانەت ئەگەر گەورەکانیش ئەو کارە بە نەفامی بزانن، لەو حاڵەتەدا هەمیشە بەویستی خوا کاردەکەیت».. کوڕە وتی: «من وەکو فاڵگرەوەکانی بابل ئایندە دەبینم» پێغەمبەران ئایندە نابینن، ئەوان تەنیا ئەو قسانەی خواوەند دەگێڕنەوە کە لە ئێستادا بۆیان دەنێردرێت، هەر لەبەر ئەوەیە من لێرەم و نازانم کەی بۆ وڵاتەکەم دەگەڕێمەوە، تا پێویست نەبێ پێم نالێن» چاوانی ژنە غەم دایگرت، بەڵێ ڕۆژێک لە ڕۆژان ئەو دەڕوات.... ئیتر تا دێ هۆش و زەین و دڵ و دەروونی کوڕە ڕوو لە گەشەو باڵا بوون دەکات کوڕە وەکو [مەسیح] لە تەک [یوحنای مەعمەدان] دایە مەبەست و ئامانجی سەرەکی ئەوەیە بیگەیەنێتە ئاستی ڕۆحانیەتی سوارانی ڕووناکی، بەتایبەتی ئەوکاتەی بەکێوی پێنجەمدا هەڵدەگەڕێن، لەویا هێند بە وردی لە بوونەوەرو خەڵقەندەکانی خودا ڕادەمێنن، کێوی پێنجەم بەو هەموو تەم ومژە ئەفسانەییەی لای خەڵکی ئەکبەر مەفتەنی خواوەندانی فینیقیان و شوێنی پیرۆزی میحرابگەی «بەعل»ە.

بەڵام لەلای کوڕە دەبێتە زێدی یەکتاپەرستی، هەڵبەتە دوای

تێپەڕبوونی بە چەندین وێسگەی پڕ مەرگەساتی شەڕ و ئاشووبە کاولکارییەکانی شاری ئەکبەر و دووبارە ئاودانکردنەوەو بنیادنانەوەی شارو فێربوونی ئەلفبای بابلی و دابڕانی یەکجارەکی لە دایک و سووتاندنی تەرمگەل و پاراستنی ژیانی مرۆڤانی تر لە پەتای تاعوون... کوڕە تا دێ لە ڕێگەی ئەزموونەکانی ژیان و چرکە ڕۆحانیەکانی ئیلیاوە- ڕوو لەگەشەو بالآبوون دەکات... بەڵام ئیلیا وەک مرۆڤێکی ئارام و ڕۆحانی جارجارە خودێکی دوودڵ و نیگەرانەو دەیەوێ بە خەسڵەتە توندوتیژییەکانی «تەورات»... سەبرو ئۆقرە گرتنەکانی -ئەیوب- تێک بشکێنێت و بەرانبەر میهری بالآ مۆرکی یاخیبوون دەربڕێت.. بەتایبەتی دوای مەرگەساتی ئەکبەرو کوژرانی ژنەو پاککردنەوەی شار لە ئاسەواری سوتووی تەرمە سووتێنراوەکان.

ئیلیا لەنێو جەرگەی شەڕدا بە چرکەیەکی ئاڵۆزی نوستالژی تێدەپەڕێت. «ئیلیا بریسکەی شمشێرگەلێکی بینی کە لە کالآنەکانیان دەرکێشرابوون، یەکێ لە جەنگاوەرەکان دەستی ڕاستی زامارکرد، ئیلیا چاوی نووقاند، سەرتاپای ژیانی لە کەمتر لە چرکەیەکدا هاتە پێش چاوی، جارێکی تر لە کووچەو کۆڵانەکانی ئەو شارەی لێی لە دایک ببوو یاری دەکرد، بۆ یەکەمین جار دەچوو بۆ ئۆرشەلیم، بۆنی دارە بڕاوەکانی نێودوکانی دارتاشییەکەی هەڵدەمشت، لە فراوانی دەریاو ئەو جلانەی خەڵکی شارە گەورەکانی کەناری دەریا لەبەریان دەکرد، سەرسام دەبوو»

لە لایەکی تر، ئەگەرچی کاهینی مەزن لەبەرپاکردنی جەنگ و دایساندنی فتیلی شەڕدا ڕۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت کەچی لە دوایین چرکەی گیانە لآشدا لە هەڵوێست و کردەوەی خۆی پاشگەز نابێتەوە [کوڕێژگە بەسەر کەسێکدا خزاو قیژاندی کاهینی مەزن بوو، دەست و قاچەکانی بڕابوونەوە، بەڵام هێشتا زیندوو بوو، چاوەکانی بڕیبووە بەرزایی کێوی پێنجەم بە دەنگێکی پڕ لە ئازار، بەڵام بە هێمنیەوە، وتی «وەک دەبینی خواکانی فینیقی لەشەڕی ئاسمانیدا سەرکەوتن»..

خوێن لە دەمییەوە قوڵپی دا، ئیلیا وەڵامیدایەوە «ڕێگە بە کۆتایی بە ئازارەکەت بهێنم»

– ئازار، بە بەراورد لەگەڵ چێژی ئەوەی ئەرکی خۆمم ئەنجامداوە، مانایەکی نییە.

– ئەرکی تۆ لە ناوبردنی شارێک بوو بە خەڵکە خواپەرستەکەیەوە؟- شار نامرێت، تەنیا دانیشتوانەکەی و ئەو بیروباوەڕانەی لە مێشکیاندایە لە نێودەچن، ڕۆژێک کەسانی تر دێن بۆ ئەکبەر، ئاو دەخۆنەوە و کاهینە نوێکان ئەو بەردەی کە بنیادنەرەکەی لە جێی خۆی دایناوە سافی دەکەن و چاودێری دەکەن.. ئێستا جێم بهێڵە، ئازارەکەی من بەم زووانە کۆتایی دێت، لە کاتێکدا بێ هیواییەکەی تۆ تا کۆتایی تەمەنت بەردەوام دەبێت ئیلیا لەبیرولێکدانەوەکانیدا خەریکە سەرچاوە جێگیر و نەگۆڕ و سەقامگیرەکان تێک بشکێنێت و ڕووەو وڵاتی یۆنان بڕوات... «خودایە، ئەمە شەڕی نێوان ئاشووری و فینقییەکان نەبوو، بەڵکو شەڕی نێوان من و تۆ بوو، تۆ ئەو ژنەی خۆشم ویست و ئەوشارەی کە گرتمیە خۆی لەناوبرد» کوڕەی فێرە ئەلفباکردو لەسەر تابلۆی قوڕین مێژووی ئەکبەری نووسیوە، ئێمە بیرەوەری ئەکبەر لەسەر مادەیەک دەپارێزین کە ئاگر نایسووتێنێت..

– وابکە، بەڵام لە هەمووی گرنگتر، لە دڵتدا بینووسە! «لەوێ ئەوانە نەدەسووتێن و نە لەناو دەچن بۆ هەر کوێیەکیش بڕۆیت لەگەڵ خۆتدا دەیانبەیت»

– کوڕە وتی «ئایا من جەنگاوەری ڕووناکیم»

– کوڕە وتی «تۆ لێرە نامێنیت»

وتی «تۆ فێربوویت ویستی خوا بخوێنیتەوە، کەواتە قسەیەک بۆ وتن نەماوەتەوە».

**ناوی کتێب: کێوی پێنجەم**

**بابەت: ڕۆمان**

**نووسینی: پاولۆکویلۆ**

**وەرگێڕانی: یاسین عومەر**

**زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم کتێبی سەردەم ژمارە «٢٦٢» ساڵی ٢٠٠٤**

# گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی

**مەغدید حاجی**




لە ژێر ئەم ناوونیشانەی سەرەوە ساڵی ٢٠٠٦ مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی) کتێبێکی قەبارە (٢١٤) لاپەڕەیی لە چاپخانەی شڤانی سلێمانی بە چاپ گەیاندووە. ئەم کتێبە بیریتییە لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بەراوردکاری. ئەم لێکۆڵینەوە دەگمەن و فراوانە بریتییە لە پێشەکییەک و سێ بەش. لە بەشی یەکەمدا لە سەربوردێکی ئەدەبی بەراوردکاریدا، نووسەر باسی لە ئەدەبی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی و کوردی کردووە. لە سێیەمین بەشدا باس لە وەرگێڕان کراوە.

نووسەر زۆر بایەخی بە پەراوێزی بەشەکان داوە و جگە لە ئاماژەکردن بۆ سەرچاوەکان، لە پەراوێزەکاندا بە کورتی ژیانی زۆر شاعیر و بوێژی بیانی خراونەتە ڕوو، هەروەها لە پەراوێزەکاندا هەندێ دیاردەی ئەدەبی خستۆتە ڕوو.

بۆ یەکەمین جار لە ساڵی ١٩٧٦ ئەم لێکۆڵینەوەیە لە لایەن نووسەر بە دوو بەش بە ناوونیشانی (گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی) لە گۆڤاری (ڕۆژی کوردستان) بلاوکراوەتەوە. دیارە ئەمە بەر کوڵێک بووە بۆ کارێکی گەورەتر، بۆ لێکۆڵینەوەیەکی بەربلاوتر و دانانی کتێبێکی سەربەخۆ و تایبەت سەبارەت بەم لایەنە گرنگەی مێژووی ئەدەبی کوردیمان.

دیارە شاعیرێکی ناوداری وەکو (گۆران) هەڵدەگرێ بە دەیان باس و لێکۆڵینەوەی ئەدەبی لە بارەوە بنووسرێت و زیاتر بە نەوەی ئێستا بناسرێت و وەکو قوتابخانەیەکی ئەدەبی نوێخواز باشتر سوودی لێ ببینرێت. مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی)ش یەکێکە لەو توێژەرانەی کە کاری وا گرنگ و بەسوودی لێدەوەشێتەوە و ئەرکێکی ئەدەبی گرنگی جێبەجێ کردووە ئەویش دانانی ئەم کتێبەیە کە ئێستا ئێمە لەم وتارەماندا گەشتێکی بەناودا دەکەین و ئەم نووسینەی ئێمەش بە هیچ شێوەیەک نابێتە بەدیلی خوێندنەوەی کتێبەکە.

### گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی

مامۆستا عومەر مارف بەرزنجی لە پێشەکی کتێبەکەیدا بەم شێوەیە پێناسەی (گۆران)ی شاعیری کردووە: «گۆران وەک شاعیرێکی باڵا و دەنگێکی دڵێری ئازادیخوازان و شەیدا و تامەزرۆی سروشت و ڕەنگ و جوانی، دیاردەیەکی ناوازە و ڕەزا سووکی

سەدەی بیستەمە بۆ ئەم نەتەوە دێرینەی ڕۆژهەڵات. شاعیری هیچ دەستە و تاقم و بەرەیەکی تایبەتی نییە، نەک سامانێکی بە نرخی سەرتاپا نەتەوەییە بە تەنیا، بەڵکو موڵکی هەموو مرۆڤایەتییە. بەرهەمی ڕەنگین و بەخششی بەردەوام و خەباتی نەپساوە هەڵوێستی بوێرانەی بە درێژایی تەمەن، نموونەی لووتکەیەکی گەردن کەشی ئەوتۆیە کە بە ڕوو سوورییەوە دەچێتە ڕیزی (مایاکوفسکی و پوشکین و ئاراگۆن و بۆدلێر و نیرۆدا و نازم حیکمەت و حافز و جەواهیری و سەیاب و شیللی و کیتس و بایرۆن و وردز وۆرس).(١)

بێگومان بەرهەمی ئەو شاعیرانەی لە سەرەوە ناویان هاتووە تاکو ئێستا وەرگێڕ دراونەتە سەر سەدان زمانی گەلانی دنیا و لەوانەیە بە سەدان نامەی ئەکادیمییان لەبارەوە نووسرابێت، بەڵام (گۆران)ی کورد، بەهۆی بارودۆخ و ژیانی پڕ لە ئازار و ژێر دەستەیی و ناڵەباری نەتەوەکەی، بەهۆی نەبوونی قەوارەی سەربەخۆی کوردستان، تاکو ئێستا نەک هەر بەرهەمەکانی، شیعرە نایابەکانی، ئەزموونە تازەگەرییەکەی بۆ سەر زمانەکانی دنیا وەرنەگێڕدراون و لەوانەیە زۆربەی شاعیر و ڕۆشنبیر و خوێندەوارانی گەلانی دراوسێشمان وەکو عەرەب و فارس و تورک شارەزاییان لەسەر ئەم شاعیرە گەورەیەی کورد نەبێت کە لووتکەیەکە لە لووتکەکانی ئەدەبی هاوچەرخ. بۆیە نووسینی باسێکی سەربەخۆ لەلایەن خاوەن قەڵەمێکی بەتوانای وەکو (عومەر مارف بەرزنجی) لەسەر ئەدەب و شیعری (گۆران) جێگای بایەخ و پێزانینە، بەڵام خۆزگە نووسەرە عەرەبی زان و ئینگلیزی زان و تورکی زانەکانمان تاکو ئێستا چەندین باس و لێکۆڵینەوەیان بنووسیبایە و لە وڵاتانی دراوسێ و جیهان بڵاوبکرابوونایەوە. تاکو ئێستا وەزارەتی ڕۆشنبیریش لە هەرێمی کوردستان، یان دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی تر هەنگاوی پێویستی لەم جۆرەیان نەهاویشتووە!

لە یەکەمین باسی بەشی یەکەمی کتێبی (گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی) سەربوردێکی ئەدەبی بەراوردکاری، خراوەتە ڕوو، بێگومان «ئەدەبی بەراوردکاری لقێکی گرنگی مێژووی ئەدەبە و وەک زاراوەیەک ((لە ڕووی زانستییەوە بۆ جۆرە لێکۆڵینەوەیەکی ئەدەبی بەکاردێ کە ئیشی دۆزینەوە و ساغکردنەوە و ڕوونکردنەوەی کاریگەری نێوان ئەو ئەدەبانەیە کە کاریان لەیەک کردووە و سوودیان بەیەک گەیاندووە)) نووسەر ئەم پێناسەیەی لە کتێبی ئەدەبی بەراوردکاری (د. عەزیز گەردی) وەرگرتووە.

هەر لەم بەشەدا جگە لە شیکردنەوەی ئەدەبی بەراورکاری باسی لە مێژووی ئەدەبی بەراوردکاری کردووە و چەند نموونەیەکیشی لە ئەدەبی بەراورکاری هێناوەتەوە. هەر لە بەشی (ئەدەبی بەراوردکاری)دا نووسەر باسی لە ئەدەبی ئینگلیزی، عەرەبی، تورکی، کوردی کردووە، کە هەریەکێک لە ئەدەبی ئەم گەلانە لەژێر کاریگەری ئەدەبی بیانیدا، بەهۆی کار لەیەککردن و سوود لەیەکتر وەرگرتن و وێکچوون و وەرگێڕانەوە زیاتر گەشەی کردووە و دەوڵەمەند بووە، بۆ نموونە شاعیرێکی گەورەی وەکو (بەدر شاکر سەیاب)ی عەرەبی عێراقی لەژێر کاریگەری شاعیرە ناودارەکانی وەکو (ئیلیەت، کیتس، بایرۆن، شیللی، وردز وۆرس، ئەدیث ستویل) دەبینین، بەڵام سەیاب خۆیشی پێدزکەی ئەم ڕاستییەی نەکردووە و وتوویەتی «لە سەرەتای ژیانی ئەدەبیمدا شاعیرانی وەک شیللی، کیتس، ئیلیەت، ستۆیل سەرنجیان ڕاکێشاوم و کاریگەرییان بە شیعرەکانمەوە دیارن و لەم ڕێگەیەشەوە کەرەستەکانی ڕۆشنبیری و ئەفسانە و میتۆلۆژیام ئاوێتەی کارەکانم کردووە». (٢)

نموونەیەکی زیندووی ئەم بۆچوونانە ئەوەیە، هەروەکو کاک (عومەر مارف بەرزنجی) لە کتێبەکەیدا نووسیویەتی؛ کە (سەیاب) لە شیعری (من رؤیا فوکای) دا بە ئاشکرا شوێن پێی -ئیلیەت-ی هەڵگرتووە لە (وێرانە خاک The waste Land) دا و هەوڵیشی داوە هەندێ لەو وەرگرتنانە بگۆڕێ بۆ وێنە کەسایەتی (فردیناند) کە ڕەمزی دووەمی بڕگەی یەکەمە، ئیلیەت دایناوە بۆ بووژاندنەوەی ژیان لە دوای مردن، بەڵام (سەیاب) کردوویەتی بە ڕەمزێک بۆ شێواندنی کەسایەتی باوک لە ئایینی مەسیحیدا. نەک هەر ئەمەش بەڵکو سەیاب لەم شیعرەدا پارچەیەکی (ستویل)ی وەرگرتووە و بە وەرگێڕانێکی حەرفی بڵاوی کردووەتەوە.

لەلایەکی ترەوە شیعرەکانی

(المومس العمياء) و (حفار القبور) ڕاست و ڕەوان ڕێچکەی -تراژیدیا-ی شکسپیریان گرتووە. ئەمە جگە لە شاعیری ڕۆمانسی ئینگلیزی وردز وۆرس (١٧٧٠- ١٨٥٠) کە بەردەوام جێی سەرسامی و چێژ وەرگرتنی سەیاب بووە و تەنانەت لە ژیانیدا (پێنج شیعری نازداری خۆی پێشکەش بە گیانی پاکی (وۆردز وۆرس) کردووە. بەڵام سەیاب لە هەموو شاعیرێکی بیانی زیاتر گرفتاری بیر و خەیاڵ و وێنەی هونەری و شێوازی ژنە شاعیری هاوچەرخی ئینگلیز (ئەدیث سیتویل Adith Sitwell -١٨٨٧- ١٩٦٤) بووە (٣).

لە بەشی دووەمی کتێبەکەیدا نووسەر هاتۆتە سەر بابەتی (گۆران و ئەدبی ئینگلیزی) کە مەبەستی سەرەکی نووسەر ئەم بەشەیانە و دیارە بە هەردوو بەشی یەکەم و سێیەم قەبارەی کتێبەکەی گەورەتر کردووە، ئەگەرچی هەردوو بەشەکەش لە سوود و چێژ وەرگرتن لێیان خوێنەر بێبەش ناکەن. «گۆران لە سەرەتاوە سەرەتاتکێی لەگەڵ بابەت و ڕێبازە باوەکانی ئەدەبی ئینگلیزیدا کردووە و بە چەشنی عاشقێکی داهێنان و تازەگەرێتی بەدوای نهێنییەکانی ئەدەبی جیهانیدا کیۆماڵی کردووە و مەبەستیشی بووە کە بۆ تاقیکردنەوەی شیعری سوودیان لێوەربگرێ. ئەگەر بە چاوی مەبەستەوە لاپەڕەی شیعرەکانی (گۆران)ی گەورە هەڵدەینەوە بە تایبەتی ئەو شیعرانەی کە سەرتۆپی تازەگەرێتی و هەموو سیفەتە گەشاوەکانی (خەیاڵ) و (جوانی) و ڕازاوەیی سروشت و ئافرەت و فەلسەفەی ژیان و تەوژمی سۆزێکی بێسنووریان لەخۆ گرتووە، هەر زوو چمکی ئەو ڕاستییە دەگرین کە جیهانی بەرینی شیعرەکانی گۆران و ڕوانین و هەڵسوکەوتی لەگەڵ ڕوخسار و مانا و فەلسەفەی شیعردا، هەمان جیهانی بەرینی ئەدەبی ڕۆمانسی ئینگلیزییەوە و چەندین خاڵی هاوبەشیان لەنێواندا دروست بووە و شاعیرە (ڕۆمانسی) و (میتافیزیک) ییەکانی ئەدەبی ئینگلیزی ڕۆڵێکی ئێجگار گەورەیان لە ژیان و ڕەوتی شیعر و کار و بەرهەمی ئەم هەڵکەوتووەی ئەدەبی کوردیدا بینیوە.

تەنانەت گۆران لە شیعرێکدا دەڵێ:

**دیوانەکەی برۆنس کە نەغمەی شیعری**
**ئەڵێی کچە پێئەکەنێ یا ئەگری**

لە لایەکی ترەوە هەر شاعیرە ڕۆمانسییەکانی ئینگلیزبوون کە سەرنجی -گۆران-یان بۆ ئەوە ڕاکێشا کە سروشت دەشێ بکرێتە ناوەرۆکێکی نوێی بە نرخ و سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندی شیعر و لەتێکەڵکردنی ئیحای هۆنراوەکانی ئەو شاعیرانە و هەستە پەنگ خواردووەکانی و بیرەوەرییەکانی خۆی بۆی لوا بەرهەمێکی بەنرخ پێشکەش بکات، لەلایەکی تریشەوە -گۆران- کەڵکێکی باشی لە شاعیرە -میتافیزیک-یەکان وەرگرتووە بەتایبەتی لەلایەنی فۆرمەوە کە بەکارهێنانی ستانزا Stanza واتا پارچە شیعر، هەروەها ئەو ئاڵوگۆڕ و پاش و پێشخستنەی قافیەش کە بەکاری دێنێت لەوانەوە فێری بووە. وەزنەکانیشیان یەکسەر وەزنی پەنجە -هجا-ی خۆمانە کە -مەولەوی-ش بەکاری هێناوە، ئەمەش وای لە گۆران کردووە کە هەوڵ بدات بۆ ژیاندنەوە و بەکارهێنانێکی بەربڵاوی ئەو وەزنانە.

گۆران-ی مەزن هەرگیز بە دیار پەری شیعرەوە دۆش دانەماوە، کاتێ بابەتێکی دڵگیری خوێندبێتەوە و سەرنجی ڕاکێشا بێت، یەکسەر بە شیعر، یان بە پەخشان کردوویەتی بە کوردی و چووەتە خانەی وەرگێڕانێکی هونەرییەوە.

دیارە گۆران-ی شاعیر دەسەڵاتی بەسەر زمان و هزر و وەرگێڕاندا هەمیشە بەدوای شیعری جوان، وشەی جوان، هەستی جوان و داڕشتنی جواندا گەڕاوە لە ئەدەبیاتی گەلاندا، بەتایبەتی لە ئەدەبی ئینگلیزدا، جا چ ڕاستەوخۆ دەقە ئینگلیزییەکانی خوێندبێتنەوە، یان لە ڕێگەی وەرگێڕانە تورکییەکاندا بۆ شیعری ئینگلیزی زیاتری ئاشنایەتی لەگەڵ شیعر و ئەدەبیاتی ئینگلیزی پەیدا کردبێت.

لە ئەنجامی ئەو تێکەڵاوییەی گۆران لەگەڵ شیعری ئینگلیزیدا هەیبووە، بەهرە و توانا و وەستایی گۆران لە شیعری کوردیدا و ئەو شۆڕشەی لەناو شیعری کوردیدا بەرپای کردووە، بەشێک لە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئەزموونە گرنگەی شاعیران لە بواری سوود وەرگرتنی لە ئەدەبیاتی زیندووی بێگانە بە تایبەتی ئەدەبیاتی تورکی و فارسی و ئینگلیزی.

لە باسەکانی دووەم، سێیەم، چوارەم، پێنجەم و شەشەمی بەشی دووەمی کتێبەکەیدا مامۆستا

(عومەر مارف بەرزنجی) بە هێنانەوەی نموونەی شیعری بەراورد لە نێوان:

١- (گوڵی لاولاوی گۆران و گوڵە نێرگزەکانی ڕۆبرت هێرک)

٢- (شیعری -بۆ بولبول-ی گۆران و -کلاوکوڕە-ی شیللی)

٣- (گوڵی خوێناوی -گۆران و - بولبول و گوڵ-ی ئۆسکار وایلد)

٤- (شیعری- گیان-ی گۆران و شیعری -ژیان-ی بارباوڵد)

٥- (گەشت لە هەورامان-ی گۆران و -دێی وێران-ی گۆڵد سمث) دەکات.

لە بەشی سێیەمی کتێبی (گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی) سەرەتا باس لە (ڕێچکە و هونەری وەرگێڕان) کراوە، دواتر نووسەر دوو دەقی وەرگێردراوی ئەدەبی ئینگلیزی لە لایەن (گۆران)ەوە تۆمارکردووە، دەقی یەکەم شیعرێکی (وڵکۆکس)ە و دەقی دووەمیش شیعرێکی (کیتس)ە

(کیتس Keats ١٧٩٥-١٨٢١) شاعیرێکی بەناوبانگ و پایەبەرزی ئەدەبی ئینگلیزییە، شیعرەکانی بوونەتە قیبلەنمای زۆربەی شاعیرانی جیهان.

(گۆران)یش شیعرێکی کیتسی بە ناوونیشانی (بۆ پێشوونیانی شیعر) وەرگێڕاوە و لە دیوانە چاپکراوەکەشیدا نییە:

**ئەی بەستە بێژەکانی هەست و مەستی**
**لەسەر زەوی گیانێکتان بەجێهێشتووە**
**ئاخۆ لە بەرزی ئاسمانیش گیانێکتان هەیە؟**
**لەو قەڵەم ڕەویشدا ژیانێکی**
**جیاوازی تریش ئەژین ئاخۆ؟**
**بەڵێ ئەژین! ئەو ژیانەشتان دەست لەملانە**
**لەگەڵ شەپۆلەکانی دەوری مانگ و ڕۆژ و**
**لەگەڵ خوڕەی ئاوی سەرچاوە وێڵەکان**
**لەگەڵ ئەو داستانە داخانەی کەناڵەی برووسکە**
**ئەیان گێڕێتەوە**
**لەگەڵ چپە و سرک و هوڕی سەرپەلی درەختەکانی عەرش**
**بەڵێ گیانێکی تریشیان لەسەر چیمەنە نەرم و شلەکەی**
**(ئیلیزیۆم) (٤) پاڵی لێدراوەتەوە**
**گۆشتی بەرخە مامز نێچیری دەستی (دیانا) خۆراکیەتی**
**گوڵاڵە شینەی جوان لەبەدەمیا خێوەتی هەڵداوە**
**کام (ئیلیزیۆم)؟**
**ئەو شوێنە کە بەیبوونی بۆن خۆشترە لە گوڵەباخ**
**گوڵەباخیش بەرامەیەکی لێ هەڵدەستێ**
**کە ڕووی زەوی بەخۆیەوە نەدیوە هەرگیز**
**ئەو شوێنەی کە بولبولێ دەنگێکی لێ هەڵسێ**
**خۆش وکەم خایەن، ئاوازەیەک بەرز ئەکاتەوە**
**ئاسمانییە(٥).**

لەبارەی باسەکەی مامۆستا (عومەر مارف بەرزنجی) نووسراوە: «گرنگی باسەکەی کاک عومەر لەوەدایە کە ڕێچکەیەکی زانستی گرتووە، هەوڵێکی زانستیانەی لە بواری ئەدەبی بەراوردکاری و باسێکی بەکەڵکە، بەتایبەتی پاش ئیشارەتکردن بۆ کاریگەری ئەدەبی ئینگلیزی لەسەر گۆران و سەلماندنی ئەو پێوەندی و کاریگەرییە بە بەڵگەی پتەو، هاتووە هەندێ نموونەی شیعری گۆران و شاعیرە ئینگلیزەکانی بەراوردکردووە و ڕادەی کارتێکردنەکەی دەرخستووە (٦)»

«لەوانەیە باسەکەی «عومەر مەعروف بەرزنجی» فراوانترین کارێ تا ئێستا دەربارەی کاریگەری ئەدەبی ئینگلیزی لەسەر گۆران نووسرابێ و نووسەر لە زۆربەی سەرنجەکانیدا ئەوەندە ڕاست بۆ مەسەلەکە چووە کە وامان لێبکات بڵێین هیچ شتێکی تری وا نەماوە لەم بابەتەوە بوترێ (٧)»

**پەراوێز و سەرچاوە:**

**(١) عومەر مەعروف بەرزنجی، گۆران و ئەدەبی ئینگلیزی، لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکارییە، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٦، ل ٩.**

**(٢) هەمان سەرچاوەی سەرەوە، ل ٣٧.**

**(٣) هەمان سەرچاوە.**

**(٤) ئیلیزیۆم: لە ئەفسانەی یۆنانی کۆندا جێگەی بەهەشت دەگرێتەوە. هەمان سەرچاوە، ل ١٦٢.**

**(٥) هەمان سەرچاوە.**

**(٦) د. عەزیز گەردی، کتێبی (ئەدەبی بەراوردکاری) ساڵی / ١٩٧٨.**

**(٧) دکتۆر عەبدوڵلا دەباغ، گۆڤاری ڕۆشنبیری نوێ، ژ: ١١٨ حوزەیرانی/ ١٩٨٨.**

# نامەیەکی ڕیلکە بۆ شاعیرێکی گەنج

ڕاینەر مارییە ڕیلکە
لە ئەڵمانییەوە: باهۆز مستەفا

**پاریس ١٩٠٣/٢/١٧**

**بۆ زۆر بەڕێز فرانس خافێر کاپووس**

نامەکەت بەر لە چەند ڕۆژێک گەیشتە دەستم. من دەمەوێت سوپاست بکەم بۆ ئەم خۆشەویستییە گەورەیە و دڵسۆزییەت.

من ناتوانم زیاتر بچمە ناو بەیتە شیعرییەکانت. بەم شێوازە، لە هەموو ڕەخنە و ئامانجەکان دوور دەکەومەوە. بە بێ هیچ مرۆڤ زۆر کەم دەتوانێت دەست لە کارێکی هونەری بدات، لەوەی وشەی ڕەخنەیی بەکاربێنێت، چونکە لەم حاڵەتە زۆر، یان کەم تووشی تێک نەگەیشتن دێت. شتەکان هەمووی ئەوەندە بە ئاسانی ناگوترێن و دەستی لێنادرێت، وەک لەوەی مرۆڤ زۆرکات دەیەوێت باوەڕت پێ بێنێت، زۆربەی حاڵەت، یان بار ناتوانرێت دەرببڕدرێت، گۆشەگیری تەواو لە ژوورێک، کە قەت وشەیەک نەهاتۆتە ناویەوە، دەرنەبڕدراوترە لە هەموو هونەرێک و نهێنی ئەم بوونە. ئەو ژیانە و ژیانی ئێمەش بەردەوام دەبێتە ڕابردوو. ئەگەر من ئەم تێبینیانەت بۆ بنێرم، دەتوانم تەنیا ئەوەت پێ بڵێم، کە بەیتە شیعرییەکانت شێوازێکی تایبەت بەخۆیان نییە، بەڵام شتێکی ئارام و داخراوی خودییە. بە ئاشکراتر هەست دەکەم لە دوا شیعر (ڕۆحی من) دەتەوێت بەرەو وشە و ستایلی خۆت بێت، هەروەها لە شیعرە جوانەکەی (بۆ لیۆپاردی) شێوازێک گەشەدەکات کە نزیکە لە دەقە گەورەو بێ هاوتاکان، لەگەڵ ئەوەش شیعرەکان هێشتا بۆ خۆیان سەربەخۆ نین، هەتا دوا شیعر و ئەوەی (بۆ لیۆپاردی)یش بە هەمان شێوە. ئەم نامە جوانەی لەگەڵ شیعرەکان ڕەوانەت کردبوو، کارێکی چاک بوو، ڕوونکردنەوەیەکی باش بوو بۆ ئەو بۆشاییانەی لە کاتی

خوێندنەوەی بەیتە شیعرەکان هەستم پێدەکرد. تۆ پرسیار دەکەیت، ئایا بەیتە شیعرەکانت باشن، تۆ پرسیار لە من دەکەیت، پێشتریش تۆ پرسیارت لە کەسانیتر کردبوو، شیعرەکانت بۆ گۆڤارەکان ڕەوانە کردبوو، شیعرەکانت لەگەڵ شیعری تر بەراورد دەکەیت، تۆ خۆت نا ئارام دەکەیت ئەگەر سەرنووسەری گۆڤارێک، یان ڕۆژنامەیەک بەرهەمەکەت بە نەشیاو دابنێت. ئێستا تۆ ڕێگەت بە من داوە کە چەند شتێکت پێ بڵێم. من تکات لێدەکەم کە دەستبەرداری هەموو ئەمانە بیت. تۆ تەماشای دەرەوە دەکەیت. پێش هەموو شتێک ئێستا نابێت ئەمە بکەیت. هیچ کەس ناتوانێت یارمەتی تۆ بدات و ڕێگەی باشت نیشان بدات، تاکە چارەسەر بۆ ئەم مەبەستە ئەوەیە بچیتە نێو قووڵایی ناخت، لەو بنەمایە بکۆڵەرەوە و بگەڕێ کە ناوی نووسینە، خۆت تاقی بکەرەوە، ئایا ئەو لە قووڵترین بەشی دڵی تۆ هەیە و ڕەگی داکوتاوە، باوەڕ بەوە بکە کە تۆ دەمریت، ئەگەر ئەو لە نووسین ڕەفزی تۆی کردەوە. بەر لە هەموویان لە ئارامترین کاتژمێری شەو پرسیار لەخۆت بکە: من پێویستە بنووسم؟ بە دوای وەڵام بە قووڵایی ناختدا بچۆرە خوارێ، ئەگەر ئەم ڕووخسەتەت پێدرا و ئەگەر توانیت بە شەیداییەوە بڵێیت (من پێویستە) بتوانم ڕووبەڕووی ئەم پرسیارە جدییە ببمەوە، ئەوکات ژیانت لەسەر ئەم پێویستییە ڕێک بخە، دەبێت ژیانت بگونجێت و کاتە کەمەکانت بکەیتە هێماو بروانامەی زەحمەتییەکانت، ئەوجا خۆت لە سروشت نزیک بکەرەوە. پاشان تۆ هەوڵبدە، وەکو یەکەم مرۆڤ قسە بکەیت، کە تۆ چی دەبینیت، چۆن دەژیت و خۆشەویستی دەکەیت، دەدۆڕێیت و ون دەبیت، شیعری خۆشەویستی مەنووسە، بگەڕێوە سەر فۆرمێکی نووسراو و ئاسایی کە هەیە، ئەمانە زۆر قورسن، بەڵام ئەمە دروستکردنی هێزێکی گەورەیە بۆ فرێدانی شتەکانی خۆت، ڕێکخستن و گواستنەوەی شتە باش و ڕازاوەکانی تۆیە، بۆیە بەر لە هەموو شتێک خۆت لەو کاریگەرانە ڕزگارکە کە شتە کۆنەکانی خۆت پێشکەش دەکات. وەسفی غەمەکانی خۆت و هیواکانت و ئەو خەیاڵانەی دێن و دەڕۆن و ئەو جوانییەی بڕوات پێی هەیە بکە، وەسفی هەموو شتەکان بە خۆشییەوە، بە ئارامییەوە، بەوپەڕی سەفاوە بکە.

بۆ ئەوەی قووڵ بیت هەموو ئەمانە وەک شتەکانی دەوروبەرت بەکاربێنە، وێنەکانی خەیاڵت و ئەو شتانەی بیرەوەریت لەگەڵیاندا هەیە. ئەگەر ڕۆژگار تۆی بە هەژاری نیشان دا، گلەیی لەو ڕۆژگارە مەکە، گلەیی لە خۆت بکە، بە خۆت بڵێ کە تۆ نەبوویتە بە شاعیرێکی ڕاستەقینە، بانگهێشتی خەزێنەی شیعریت بکە، ئەو کات بۆ مرۆڤی داهێنەر هەژاری بوونی نییە و شوێنیش جێگای گرینگی دان نییە. ئەگەر تۆ خۆت لە بەندیخانە بوای، دیوارەکان نەیان دەهێشت هیچ دەنگێکی ئەم جیهانە بگاتە نێو هەست و مێشکت، ئەوکات ناچار دەبوویت تەنیا بۆ شتەکانی سەردەمی منداڵیت و ئەو خەزێنە پڕ بەهاو بە نرخە شاهەنشایانەی کۆشکی زێڕینی بیرەوەرییەکانت بگەڕێیتەوە؟ هەستت بگوێزەوە بۆ ئەوێ و ڕابمێنە، هەوڵبدە شتە سەرنجڕاکێش و خنکێنراوەکانی ڕابردووت دەربهێنیتەوە. کەسیەتیت سەقامگیر دەبێت و گۆشەگیرییەکەت فراوان و گەورەتر دەبێت، دەبێتە خانوویەکی ئارام و ڕووناک، غەڵبەغەڵب و هەرای ئەوانی تر لە دوورەوە تێدەپەڕن.

ئەگەر لە نێو ئەم گۆڕان و چوونە خوارەوەیە بۆ نێو ناخ و دنیای تایبەتی خۆت دەقێک بەرهەم هات، ئەوە پێویست بەوە ناکات بیر لەوە بکەیتەوە لە کەسێک بپرسیت ئایا شیعرەکانت باش و جوانن، یان هەوڵبدەیت سەرنجی گۆڤارەکان بۆ کارەکەت ڕابکێشیت، چونکە تۆ دەتوانیت لە نێو سروشتە خۆشەویستەکەی خۆت، پارچەیەک و دەنگێکی ژیانی خۆت ببینی. کارێکی هونەری باشە، ئەگەر لە کاتێکی پێویست دورستکرابێت.

لەم ستایل و شێوازە یەک بنەما هەیە، ئەویش ئەوەیە جگە لەوەی نێو ناخت شتێکی تر نییە. لەبەر ئەمە هاوڕێ: من هیچ ئامۆژگاری دیکەم لەوە زیاتر بۆ تۆ لەلا نییە، کە بە ناخی خۆتدا بچیتە خوارێ و بە قووڵی لە نێو سەرچاوەکانی ژیانی خۆت تاقی بکەیتەوە، لەم سەرچاوانەوە دەتوانیت وەڵامی پرسیارەکانی خۆت بدۆزییەوە، ئایا تۆ دەتوانیت ئەمە بکەیت؟ ئاوها بکە وەکو ئەوەی کە هەیە و وەک خۆی وەریگرە بەبێ ئەوەی دەست نیشانی بکەیت. لەوانەیە لەوەوە بەدیارکەوێت، کە تۆ بانگکراویت بۆ ئەوەی ببیتە هونەرمەند، بۆیە هێز و گەورەیی بخەرە سەر شانی خۆت بە بێ ئەوەی پرسیار لەو پاداشتە بکەیت کە بە هۆیەوە بۆت دێت.

داهێنان جیهانێکە بۆ خۆی و دەبێت هەموو شتێک لە ناوە خۆی و لە ناوسروشتە گرێدراوەکەی خۆیەوە بدۆزرێتەوە، بەڵام لەوانەشە پێویست نەکات تۆ گۆشەگیر بیت و بەناخی خۆتدا بچیتە خوارێ، دەتوانی

دەستبەرداری هەموو ئەمانە بیت و تەنازول لە شاعیریەتیت بکەیت! «ئەوەندە بەسە - وەک دەڵێن - مرۆڤ ئەو هەستەی هەبێت کە بەبی نووسینیش دەتوانێت ژیان بکا، نەک ئیتر تەواو ناتوانێت بەردەوام بێت» لەبەر ئەوە ئەم بیرکردنەوە و چوونە خوارەوەیەی داوام لێکردی دەکرێت بە خۆڕا نەبێت، بەڵکو ژیانی تۆ دەبێت لە هەموو حاڵەتێک لێرەوە ڕێگەیەکی تایبەت بەخۆی بدۆزێتەوە، کە باش و دەوڵەمەند بێت. لەوانەشە ماوەیەکی زۆری بوێت، من هیوای زیاترت بۆ دەخوازم لەوەی کە دەتوانم بیلێم.

ئەوەی پێویستە من پێتی بلێم؟ لەلای من هەموو شتێک لەسەر حەقیقەتی خۆی دیار دەکەوێت و دەنگی خۆی هەیە. دوا ئامۆژگاریم ئەوەیە کە بە ئارامی و جدی لە نێو بەرەوپێش چوونەکانی خۆت گەورەبیت و دەتوانی خۆت هیچ دڵتەنگ نەکەیت، وەک ئەوەی کە تۆ تەماشای دەرەوە دەکەیت و چاوەڕوانی وەڵامی پرسیارەکانت دەکەیت، ئەو پرسیارانەی کە تەنیا هەستی ناوەوەت لە بێدەنگترین کاتژمێر لەوانەیە بتوانێت وەڵامت بداتەوە.

ئەوە بۆ من خۆشییەک بوو کە لە نێو نووسینەکەت ناوی بەڕێز پرۆفیسۆر (هۆراچێک)م دۆزییەوە، من ئەم پێزانین و زانستە بەرزە بە هەند وەردەگرم، ئەم ڕێزە گەورە و سوپاسگوزارییەی ئەم هەموو ساڵەی دوایی و ئەگەر توانیت ئەم سەرنجانەی من بەو بلێیی ئەوە زۆر باشە، کە ئەو هێشتان سوپاسی منی کردووە، من دەتوانم ئەمە بخەملێنم.

هەندێک لەم بەیتە شیعرانەی بەخۆشییەوە گومانم لێیان نەبوو و لە هەمان کاتدا بۆ تۆی ڕەوانە دەکەمەوە و جارێکی دیکەش سوپاست دەکەمەوە بۆ ئەو گەورەیی و دڵسۆزییەی کە پێتان بەخشیوم و بووە هۆی ورووژاندنم لە نێو ناوەرۆکی ڕۆشنبیریمەوە کە بە شایانەوە بە دوای گەڕام و هەستێکی تەواو نامۆی لەلا دروست کردم.

**سەرچاوە:**

**Rainer Maria Rilke**
**Briefe an einen**
**Jungen Dichter**
**Briefe an eine**
**Junge Frau**
**Verlag AG Zurich, 2006**




# ئاسانباوەڕی

**سەلاح حەسەن پاڵەوان**
**(هۆڵەندا)**



ئەوەی دەمەوێ لێرەدا بیخەمە ڕوو، تێرمێکە تا ئەم ساتەش لەنێو بنیاد و کایەی ڕۆشنبیری ئێمەدا جێگایەکی نییە، بەڵام ئەو زاراوەیە کەم تا زۆر لە نێو قوتابخانە دەروونییەکاندا خراوەتە ڕوو، ئەم زاراوەیە هەوڵێکە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی مامەڵەکردنی کەسی ئاسایی لە لایەک و ڕۆشنبیر لەلایەکی دیکەوە لەگەڵ ئەو بابەتە ئەدەبی و فیکرییانەی دەخرێنە ڕوو، یان چۆنیەتی مامەڵەکردنی لەگەڵ هەر مەسەلەیەک لە بواری بیر و ئەندێشە و داهێناندا و شاندانە بەر هەر بارێک و سەنگێک بە مەبەستی قاڵبوون و تێگەیشتن لێی.

یەکێک لە گرینگترین کێشەکانی ڕۆشنبیری ئێمە بڕوابوونە بەو تێزانەی جێگیربوون و ئەو تێزانەی بوون بە باو و ئەوانەشی زەمەنێکە لەنێو ڕۆشنبیرێماندا ئەمبەر و ئەوبەر دەکەن و بەکاردەهێنرێن، هەروەها گرفتێکی دیکەش کە لە هەموویان گرنگترە، باوەڕبوونە بە هێز و توانای ڕۆشنبیری و تواناکانی داهێنانمان لە سەرچاوەی بیروڕایەکی ڕەها و پەتییەوە، واتە بێگومان بوون لە هەر تێکستێک کە دێتە کایەوە، یەقینی و ناگومانی لە بەرهەمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییەکان، سەرەڕای ئەوەش پێداگرتن لەسەر بەردەوامی ئەو میتۆدانە و ڕێگا نەدان بە هەڵوەشاندنەوەیان.

بۆ قووڵبوونەوە لەو گرفتە سەختانە پێویستمان بە شیکردنەوەی هەموو بنیادی ڕۆشنبیریمان هەیە، من پێم وایە ئەوەشی وای کردووە ڕۆشنبیری ئێمە لە قەیراندا بژی بوونی چەمکێکی (ئاسان باوەڕییە)، ئەم چەمکە چەمکێک نییە هەروا خۆم لە گیرفانی خۆمەوە هێنابێتم، بەڵکو ئەم چەمکە بۆ یەکەمین جار لەلایەن «ڕیتچارد سویپین بورن»ەوە بەکارهاتووە، ئایا دەکرێ دەربارەی ئەو ئەزموونانەی خۆمان دووچاری هەڵە نەبین کاتێک ڕوو دەکەینە واژەی ئاسانباوەڕی. ئەم واژەیە ئەوە دەگەیەنێ کە بێ لێکدانەوە و شیکردنەوە و هەڵسەنگاندن هەموو کارێک و نووسین و بەرهەمێکی ڕۆشنبیریمان پێ باش بێت و بێ لێکدانەوە بە ئاسانی باوەڕ بە هەر کار و بەرهەمێک بێنین و بە پێشڕەو و نموونەی باڵا و مەزنی بزانین، نەک ئەوەش وردبین نەبین لە هەڵبژاردن و بڕواکانمان.

ڕۆشنبیری ئێمە دووچاری شێوەیەک لە ناباوەڕی بووە، نا باوەڕی لەگەڵ خودی چەمکەکانی خۆی، لەبەر ئەوەی زۆربەی چەمکەکان لەنێو بنیادی ڕۆشنبیری کوردیدا پەنابەرن، کەسی پەنابەریش زەینێکی شڵەژاو و ژیانێکی ناجێگیری هەیە، ئەمەش بۆ خۆی کاریگەری بەسەر هەموو مەوداکانی دیکەوە بەجێ دێڵێت، باوەڕبوون و بە بوون و نەبوونی هەر سەرەتایەک بۆ دەست پێکردن، شێوەیەک لە ناجێگیری دروست دەکات، بە درێژایی پێوەندییە ڕۆشنبیرییەکانی ئێمە جۆرێک لە نابڕوایی هەبووە، نابڕوایی بەرانبەر بەو شتانەی دەوترێ و دەنووسرێت، بۆیە دەبینین باوەڕکردنەکانیش لەنێوان باوەڕی ڕەها و ناباوەڕی ڕەهادا دەسووڕێنەوە.ئاسانباوەڕی واتە بە ئاسانی باوەڕ بە هەر ڕووداوێک، یان چەمکێک، یان گفتوگۆیەک بکەین کە دێتە نێو کایەکانی ڕۆشنبیریمانەوە، ئەمەش بۆ خۆی لەچەند کانیاوێکەوە سەرچاوە دەگرێت، ئەویش کانیاوی بوونی مرۆڤە نەخوێندەوارەکانە «لێرەدا نەخوێندەوار ئەوانە نین تەلیسمی وشە ناشکێنن، بەڵکو ئەوانەن کە ئاماری خوێندنەوە ڕۆشنبیرییەکانیان کزە و زەین کورتیان لەو ئاستەدایە کە بە هەموو شتێک دەڵێن دەستخۆش» ، بوونی سستی و لاوازی لەو هێزانەی کە پێوەندییەکان دەجووڵێننەوە، لە بابەتی هێزی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری. بۆ کۆمەڵناس بوونی ئاسانباوەڕی تەنیا یەک سەرچاوەی نییە، بەڵکو بوونی کۆمەڵێ هۆکارە، ئەو هۆکارانەش پێکەوە دەبنە هۆی خولقاندنی هۆکارە گەورەکانی تری سایکۆلۆژی و ئەبستمۆلۆژی.

بوونی کۆمەڵگایەکی ئاسانباوەڕ، بوونی قەیرانی مەزنی کۆمەڵایەتییە، بوونی شڵەژانی کولتووری و فیکرییە، بوونی هەموو ناڕێکیوپێکییەکە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی، بنیادنانی ڕۆشنبیری و کەلەپوورێکی لاواز و سست و کەسەکانیش دەبنە خاوەن پاشەکەوتێکی زەینی و فیکری هەژار و ئیفلیج و کەمئەندام و هەناسە کورت. ئەمانەش لەگەڵ خۆیاندا لێکنەگەیشتن دروست دەکەن، بەرهەم و شاکاری پڕ توانا ون دەبێت و داهێنانەکان لە شوێنی خۆیاندا دەکوژێنەوە و شاکارەکان دەکەونە ژێر گڵ و هەرچی پێوەندییە دەگۆڕێت و لەسەر ئاستی هوتاف و فووتێکردن ناو و ناوەکان دەردەکەون، مەیدان دەبێتە مەیدانی گرووپ و گرووپکاری و هێز و تواناش بۆ ئەوانە دەبێت کە هێزەکانی ناڕۆشنبیری لە پشتییەوەن نەک هێزی ڕۆشنبیری و داهێنان.